له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# نـــــــویژە سوننەتەكان

## پێناسەیان ، جۆریان ، فەزڵیان

نوسینی

شێخ محمد بن عمر بن سالم بـازمول

*************

وەرگێڕانی

پشتیوان حسن كرم

پێداچوونەوە و پێشەكی بۆ نوسینی

مامۆستا خلیل أحمد

------------------------------------------------------------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحیم

# پێشەکی بەڕێز مامۆستا خلیل أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على محمد وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين**

**أمّا بعد :**

**ئاشکرایە لای هەموو موسڵمانێك نوێژە سوننەتەکان پلەو پایەیەکی گەورە و مەزنیان هەیە چونکە نوێژ یەکەم شتێکە لە ڕۆژی دواییدا بەندە لەسەری موحاسەبە دەکرێت ، جا ئەگەر بەتەواوی بینرا و هەبوو ئەوە بە فەزڵ و بەخششی خودا کەسەکە ڕزگاری دەبێت ، وە ئەگەر کەموکوڕی لە نوێژە فەرزەکاندا هەبوو ، ئەوە لە نوێژە سوننەتەکانی بۆی پڕدەکرێتەوە .**

**کەوابوو گرنگترین شتێك لە دوای نوێژە فەرزەکان مرۆڤی موسڵمان داکۆکی لەسەر بکات بریتیە لە نوێژە سوننەتەکان و نوێژی وتر .**

**هەروەها گرنگی دا بەخشوع لە نوێژەکاندا .**

جا ئەم کتێبە کە لەلایەن مامۆستای بەڕێزمان شێخ (محمد بن عمر البازمول) نوسراوە یەکێکە لەو کتێبە بەنرخانەی کە بە شێوازی ورد باسی نوێژە سوننەتەکانی کردووە ، وە برای بەڕێزمان مامۆستا (پشتیوان حسن) ئەرکی وەرگێڕانی لە ئەستۆ گرتووە ، و دوای پێداچونەوەم بینیم زۆر بە جوانی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی .

لە کۆتاییدا داواکارم لە پەروەردگاری مەزن هەموو لایەکمان سوودمەند بکات بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە بەنرخە ، و وامان لێ بکات گرنگییەکی زیاتر بدەین بە نوێژە سوننەتەکان ، وە خوای گەورە پاداشتی نوسەر و وەرگێڕ و هەموو خوێنەرانی بداتەوە . آمین

**خليل أحمد**

کەلار

١٣ی ربيع الأول ١٤٤٠ هـ

## پێشەکی وەرگێـڕ

إن الحمد لله، نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل، و من يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله صلى الله عليه وآله وصحبه وسلم تسليماً كثيراً.

ئەگەر کەمێك تێڕامان بکەین لە ماهیەتی ژیانی مرۆڤ، بەوەی کە ئایا ژیان لە چی پێك دێت؟ دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە کاتەکانی ژیانی مرۆڤی موسڵمان پێك دێت لەچەند بۆنە و وێستگەیەك کە هەندێکی دووبارە دەبنەوەو هەندێکیشی دووبارە نابنەوە. ئەگەر پۆلێنکاریەك بکەین بۆ ژیان ئەوا دەڵێین: تۆ هەمیشە لەماڵەوەی یان لەمزگەوت یاخود لەسەفەردای.

جا ئەگەر لەماڵەوەی ئەوا کە دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵ یان دەردەچیت یان دەخەویت و شەوت بەسەردا دێت تا پێش فەجر و دواتر کەکاتی چێشتەنگاو دێت، ئەگەریش لە مزگەوتی ئەوا بۆی دەڕۆیت و کەچوویتە ناوی نێوان بانگ و قامەتت هەیە و پێش وپاش نوێژە فەرزەکەت هەیە و

ئیتر ئەمە جگە لە نوێـژی هـەینی و خـۆر و مـانگ گـیران و جەژنـەکان، ئەگەریش لەسەفەردایت لـە حـەج و عـومرە بەهـەمان شـێوە و لـەکاتی گەڕانەوەتدا لەسەفەر وێستگەیەکی ترت هەیە کە لادانـە لـە مزگـەوت و ئەنجام دانی دوو رکعات نوێژە.

جیا لەوانەی باسکران، کۆمەڵە شتێکی تر هەن پەیوەندیان بەشـوێنەوە نیە وەکو ئەو کاتەی دەتەوێ کارێکی ئەنجام بدەیت یان ژیانی هاوسـەرگیری پێك بهێنیت،  یان ئەو کاتەی کە نەفس و شەیتان زاڵن و تاوانێك دەکەیت و دەتەوێ پاك ببیتەوە.

هەموو ئەوانەی کە باسـکران بـریتین لـە خـودی ژیـان و تـەواوی ئـەو حاڵەتانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا هەریەکە و نوێژێکی سوننەتی بۆ هەیـە و بە عیبادەت بۆت هەژمار دەکرێت.

کەواتە هەموو ساتەکانی ژیانت پەیوەست کراوە بە باشترین کـردەوەوە کـە نوێژە و بگرە تا ئەو ساتەوەختەی کە بـۆ یـەکجاری ماڵئـاوایی دەکـەیت و

جەنازەکەت ئامادە دەکرێت ئالەوێیشدا نوێژێکی ترت لەسەر دەکرێ ئینجا بەڕێ دەخرێیت بۆ گۆڕستان.

**خوێنەری بەڕێز:** ئەگەر سەرنج بدەین لە مەبەستی ئەو نوێژانەی کە بۆچی شەرعێنراون؟ بە سانایییەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە تەنها و تەنها بۆ بەرژەوەندی دین ودونیای تۆیە. دەبینین هەندێکیان خۆی لە دوعاوپاڕانەوەدا دەبینێتەوە وەکو نوێژی إستیخارە و خۆرومانگ گیران و وشکەساڵی و نوێژی جەنازە و هەندێکیشیان بۆ پاراستننتە لە دروست بوونی کێشەو ناکۆکی و ڕوودانی حاڵەتی نەخوازراو، وەکو نوێژی پێش دەرچوون لەماڵ و گەڕانەوە بۆ ماڵ و گەڕانەوە لەسەفەر و هەندێکیشیان خواپەرستیەکی پوختە وەکو پاش وپێشی نوێژە فەرزەکان و تەواف و هتد.

ئەمە جگە لەوەی کە ئەگەر هاتوو تۆ هەستایت بە ئەنجامدانی ئەم جۆرە نوێژانە و ڕەنگی دایەوە لە ژیانتدا وبەردەوام بوویت لەسەریان ئەوا لە دوارۆژدا کەموکورتی و ناتەواوی نوێژە فەرزەکانتی پێ پڕدەکرێتەوە(وەکو باسی دێت) و هەروەها بەردەوام لە نزیك بوونەوەدایت بۆ بەرەو لای خوای

میهرەبان – سبحانه وتعالى – و بەدەست هێنانی چەندین خەڵات وەکو لەم فەرموودەیەدا ئاماژەیان بۆ کراوە با بەوردی بیخوێنینەوە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى قَالَ: .... وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ وَلَئِنِ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ ...". رَوَاهُ البُخَارِيّ، (صَحِيحٌ): مشكاة المصابيح: ٢٢٦٦.

واتە: لە أبی هورەیرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " خوای گەورە فەرموویەتی: .... بەردەوام بەندەکەم لێم نزیک دەبێتەوە بە ئەنجام دانی سوننەتەکان هەتا ئەو کاتەی کە خۆشم دەوێت، وە ئەگەر خۆشیشم ویست ئەوا دەبم بەو گوێیەی کە پێی دەبیستێت و ئەو چاوەی پێی دەبینێت و ئەو دەستەی پێی لێ دەدات و ئەو قاچەی پێی ڕێ دەکات و

ئەگەر داوام لیٚ بکات پێی دەبەخشم و ئەگەریش پەنام پیٚ بگرێت پەنای دەدەم.

واتە : ئەو عەبدە کە گەیشتە پلەی (خۆشەویستی خوا) ئەوا هەندە خوا دەناسێت و هەست بە ئاگا لیٚبوون و ئامادە بوونی خوا دەکات تا دەگاتە پلەی (ئیحسان) وە کە گەیشتە ئەم پلەیە ئەوا ئەو ئەندامانەی تەنها لەو کردارانەدا بەکاردێنێت کە خوا پیٚی خۆشە .

کەوابوو ئەگەر تۆ نەوەك هەر نوێژە سوننەتەکان بەڵکو ئەوەی پێت کرا لەسوننەت جیٚ بەجێی بکەیت ئەوا تەواوی ئەندامەکانی جەستەت دەبنە جێگای ڕەزامەندی خوای گەورە و ناهێڵێت تووشی تاوان و سەرپێچی ببیت و دەتپارێزێت و لەهەڵە وکەموکورتیشت خۆش دەبێت هەتا دەتخاتە بەهەشتەوە....

پشتیوان حەسەن کەرەم

٢٦/١٠/٢٠١٨ کەلار

## پێشەکی نوسەر

إن الحمد لله ؛ نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا ، من يهده الله ؛ فلا مضل له ، ومن يضلل ؛ فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

أما بعد :

لەبەر ئەوەی نوێژە سوننەتەکان لە رێباز و رێچکەی پێغەمبەری خوان ﷺ کە خوای پەروەردگار سەبارەت بەو فەرموویەتی : ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُواْ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ ﴾ [الأحزاب] .

واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا چاکترین نمونەی تەواو و رێك وپێك هەیە تا چاوی لێ بکەن و شوێنی بکەون بەتایبەت بۆ

ئەو کەسانەی ڕەزامەندی خوایان مەبەستە و سەرفرازی قیامەت ئاواتیانە، هەمیشەو بەردەوام یادی خوا بەزۆری دەکەن و زمانیان پاراوە بە یادی ئەو. وە هەروەها لەبەر ئەوەی دەستکەوتن و زانینی حوکم و شێواز و چۆنێتی ئەو نوێژە سوننەتانەش لە کتێبەکانی فەرمووودەدا پێویستی بە هەوڵ و کات هەیە، بۆیە بینیم بەرژەوەندی لەوەدایە کە لەوبواردەدا کۆکاریەك بکەم و ئەوەی کە صحیح و تەواوە کۆی بکەمەوە لەگەڵ لێدوانێکی کورت و پوخت سەبارەت بە فیقهی فەرموودەکە. ئەوەش لە پێناو نزیك کردنەوەی ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ لە خۆم و تەواوی موسڵمانان و ئاسانکاریەکیش بۆ بەجوانی ئەنجام دانیان لە هەمان کاتدا.

لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەشدا ڕەچاوی کورتی وپوختیەکی بێ کەموکوڕیم کردووە و دوورکەوتوومەتەوە لە درێژدادڕی و زۆرلەسەرچوون، و زۆرجار بە ئاماژەیەك ئەوەی پێویستە گەیاندوومە لەبری گوزارشتێکی درێژ.

وأسأل الله بأن له الحمد لا إله إلا هو الحنان المنان بديع السماوات و الأرض ذو الجلال والإكرام : أن يتقبل عملي خالصاً لوجهه الكريم ، و أن يرزقني القبول في الدنيا و الآخرة؛ إنه سميع مجيب .

وصل اللهم على محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

**مەککە ٢٢ی ڕەمەزانی ساڵی ١٤١٣ی کۆچی**

محمد بن عمر بازمول

# پێشەکی چاپی دووەم

الحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالَمِينَ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى أَشْرَفِ الأَنْبِيَاءِ وَالمُرْسَلِينَ سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ.

أَمَّا بَعْدُ:

ئەمەی بەردەستت بریتیە لە چاپی دووەمی کتێبی: (بُغْيَة المُتَطَوِّعِ فِي صَلَاة التَّطَوُّع)، کە تیێدا ئەوەی بۆم کرابێت و پێی زانیبێتم هەستاوم بە ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپەمەنی و پاڵفتەکردنی هەندێ بابەت و خستنەسەری هەندێك زیادەش بۆ سەرکتێبەکە[١].

أَسْأَلُ اللهَ بِأَنَّ لَهُ الحَمْدَ، لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ، المَنَّانُ، بَدِيعُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ أَنْ يَرْزُقَنِيَ القَبُولَ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ، وَأَنْ يَتَقَبَّلَ جَمِيعَ عَمَلِي خَالِصًا لِوَجْهِهِ الكَرِيمِ إِنَّهُ سَمِيعٌ مُجِيبٌ.

**نووسینی:** مُحَمَّدُ بْنُ عُمَرَ بْنِ سَالِمٍ بَازْمُول

مَكَّةَ المُكَرَّمَة / ص. ب : ٧٢٦٩

---

(١) لەو زیادەیەش بریتیە لە زیادکردنی دوو جۆری تری نوێژی سوننەت کە ئەوانیش: "**نوێژی هاوسەرگیری پێکەوە ئەوساتەی بۆیەکەم جار دەگەن بەیەك لەشەوی زاوایەتیدا, و هەروەها نوێژ لە دۆڵی عەقیقدا**" بینیم ئەو دوو نوێژەش دەچێتە ژێرباری مەرجی ئەم کتێبەوە, وە فەزڵی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك برا لە دەوڵەتی ئیماراتی دۆست, خوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوە.

# نوێژە سوننەتەکان

## پێناسەیان، جۆریان، فەزڵیان

ئەم باسەش لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

(١-١) پێناسەی نوێژە سوننەتەکان.

(١-٢) جۆرەکانی نوێژە سوننەتەکان

(١-٣) فەزڵی نوێژە سوننەتەکان.

## ( ١-١ ) پێناسەی نوێــژە سوننەتەکان ( الصلوات التطوع )

**نوێژە سوننەتەکان:** ووشەیەکی لێکدراوی بۆ زیادکراوە، وە ئەو ناوانەش کە لێکدراون سەرەتا هەریەکە و بەدانە دەناسێنرێت پاشان پێکەوە پێناسەیەکی بۆ دادەڕێژرێت.

(الصلوات) وشەیەکی کۆیە و تاکەکەی بریتیە لە وشەی (صلاة) .

ئەویش لە زماندا واتە : دوعاو پاڕانەوە.[١]

**لە شەرعیشدا بریتیە لە:** چەند گوفتار و کردارێك، پاکێتی و دەستنوێژ دەستپێکیانە، بە ووتنی یەکەم الله اکبر لە گوفتار و کرداری تر حەرام دەبێت، وە بە سەلام دانەوە حەڵاڵ دەبێت و لەو عیبادەتە دەردەچیت.

وە (التطوع) **لە زماندا واتە:** تەکلیف کردن لە عیبادەتدا، یان خۆبەخش کردن بۆ ئەنجامدانی خێرێك کە لازم نیە لەسەرت بیکەیت، یان ئەو زیادەیەی کە لازم نیە.

---

(١) "معجم مقاييس اللغة" (٣/٣٠٠)، "مفردات الراغب" (ص٢٨٥).

وە وشەی (تطوع) تەنها لە بواری خێر وچاکەدا بەکاردێت[١].

**وە لە شەرعدا:** بریتیە لەزیادەی سەر واجب کە حەقی ئیسلامە، ئیتر ئەو زیادەیە واجب بێت یان نا.

وە لەبەر ئەوەی نوێژە واجبەکان کە حەقی ئیسلامە پێك دێن لە پێنج نوێژەکەی شەو ورۆژ کە بەیانی و نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشان.

وە لەبەر ئەوەی تەتەوعیش ئەوەیە کە زیادکراوە لەسەر فەرز، ئیتر ( ئەو زیادکراوە ) واجب بێت یاخود نا.

جا بۆیە "صلوات التطوع" ئەو نوێژە زیادانەن کە لەسەر پێنج فەرزەکەی نوێژن، ئیتر ئەو نوێژە زیادکراوانە واجب بن یان نا.

هەر بۆیە هەموو نوێژێك کە شەرعی و ڕێگەپێدراوبێت لە ئیسلامدا و زیادبێت لەسەر پێنج فەرزەکەی نوێژی شەو و ڕۆژ ئەوا ناوی (صلوات التطوع) دەیگرێتەوە.

---

(١) "معجم مقاييس اللغة" (٣/٤٣١)، "مفردات الراغب" (ص٣١٠).

وە إن شاء اللّٰە ئەوە شاراوە نیە لەسەرت کە هیچ دژەوانەییەك نیە لەسەر ئەوەی کە هەندێك لەم نوێژانە (جگە لە پێنج فەرزەکە) حوکمی وجوبیان هەیە واتە واجبە، لەگەڵ ئەوەی لە ژێر چەمکی (صلوات التطوع)یش دایە. ئەوەش لەبەر ئەوەی واجبێتیەکەی لەبەر خودی خۆی نیە واتە زاتی نیە ولەبەر شتێکی تری جگە لەخۆیەتی، وە ئەو حوکمانەی لەسەر بونیاد نانرێت کەلەسەر پێنج فەرزەکە بونیاد نراون، وەکو واجبێتی هەریەك لە پێنج فەرزەی نوێژ لەسەر تاك تاکی هەموو موسڵمانان لە شوێنی خۆیاندا بن یان لە سەفەردا بن، چونکە واجبێتی ئەم پێنج فەرزە حەقی ئیسلامە، بەڵام جگە لەو پێنج فەرزە ئەگەریش واجب بن ئەوا واجبێتیەکەیان بەهۆکاری جیاوازە وەکو: چوونە ناو مزگەوت و ویستی دانیشتن تێیدا، ئەوە هۆکارە بۆ واجبێتی نوێژی "تحية المسجد" ، وە

**هه‌روه‌ها واجبێتی وه‌فاكردن به‌ نه‌زره‌وه‌ هۆكاره‌ بۆ واجبێتی نوێژی نه‌زركراو، به‌م شێوه‌یه‌.[1]**

---

(١) **به‌م شێوه‌یه‌ ئه‌وه‌ ده‌زانرێت كه‌ ئه‌وه‌ی ئه‌م فه‌رمووده‌یه‌:** عن طلحة بن عبيد الله ؛ قال : جاء رجل إلى رسول الله صلى الله عليه و سلم من أهل نجد ، ثائر الرأس ، يسمع دوي صوته ولا يفقه ما يقول ، حتى دنا ، فإذا هو يسأل عن الإسلام ؟ فقال رسول الله ﷺ: " خمس صلوات في اليوم والليلة " فقال : هل علي غيرها؟ قال: " لا ، إلا أن تطوع" ... الحديث . أخرجه البخاري في (كتاب الإيمان ، باب الزكاة من الإسلام ، حديث رقم ٤٦ )،وأطرافه من البخاري تحت الأرقام التالية:( ١٨٩١ ، ٢٦٧٨ ، ٦٩٥٦).

**ده‌كاته‌ به‌ڵگه‌ بۆ سه‌لماندنی ئه‌وه‌ی كه‌ جگه‌ له‌ پێنج فه‌رزه‌كه‌ی نوێژ هیچ نوێژێكی تر واجب نیه‌ ئه‌وا نه‌پێیكاوه‌, ئه‌وه‌ش له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كابرای ده‌شته‌كی هاتووه‌ پرسیار له‌و حه‌قه‌ی ئیسلام بكات كه‌له‌سه‌ریه‌تی, بۆیه‌ ئه‌مه‌ نه‌فی واجب بوونی نوێژی تر ناگه‌یه‌نێ, چونكه‌ واجب بوونی پێنج فه‌رزه‌كه‌ی نوێژ به‌هۆكاری تایبه‌ت بوونه‌. ئه‌مه‌ش چه‌ند باسێكی تێدایه‌, له‌وانه‌:**

- **له‌ فه‌رمووده‌كه‌ ده‌ڵێت** :" خمس صلوات في اليوم والليلة" ؛ **ماناكه‌ی واته‌: ئه‌وه‌ی فه‌رزه‌ له‌سه‌ر موسڵمان له‌هه‌موو شه‌و ورۆژێكدا كه‌ پێنج فه‌رزه‌, نه‌وه‌ك ئه‌وه‌ی زیاده‌ له‌سه‌ری, ئه‌مه‌ش مانای نه‌فی كردنی واجب بونی نوێژی تری ناگه‌یه‌نێ, وه‌كو نوێژی** تحية المسجد **به‌نموونه‌, چونكه‌ ئه‌م نوێژه‌ تایبه‌ت نیه‌ به‌ شه‌و و رۆژه‌وه‌, به‌ڵكو هۆكارێكی تایبه‌تی هه‌یه‌, هه‌روه‌ها نوێژی نه‌زر, جا ئه‌مانه‌ له‌و نوێژانه‌ نین كه‌ خوا فه‌رزی كردوون, به‌ڵكو ده‌چێته‌ ژێر ناوی ته‌ته‌وع كه‌ مرۆڤ له‌سه‌ر خۆی واجبی ده‌كات, و خوای گه‌وره‌ش ئیلزامی ده‌كات به‌وه‌ی كه‌ كه‌سه‌كه‌ خۆی ئیلزامی كردووه‌ له‌سه‌ر خۆی.** "المختار من كنوز السنة " ( ص٣٢٦) .=

= **تەواوی فەرموودەکە پشتگیرە بۆ ئەم مانایەیە کە دەڵێت:**" صيام رمضان" قال: هل علي غيره ؟ قال: " لا ؛ إلا أن تطوع" وذكر له الزكاة ، فقال: هل علي غيرها ؟ قال : لا ؛ إلا أن تطوع".

**وە ئەهلی عیلم کۆڕان لەسەر واجبێتی ڕۆژوی کەفارات ئەگەر دیاری کرا لەسەر موسڵمان, وە هەروەها سەبارەت بە حەجیش وەکو دەفەرموێت:** { فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ } ، **وە ڕۆژوی نەزر و ڕۆژوی کەسوکاری مردوو, وەکو لە فەرموودەدا دەفەرموێت:** "من مات وعليه صوم؛ صام عنه وليه ..." متفق عليه (انظر جامع الأصول ٦/٤١٧) .

**هەروەها یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە تەنها زەکات واجب نیە لە ماڵی موسڵماندا, بەڵکو واجبی مالی تر هەیە وەکو : نەفەقەدانی ئەوەی نەفەقەی لەسەر ئەمە واجبە, وە هەروەها ئەوەی واجب دەبێت لەسەر بەندە بەهۆی کەفاراتەوە و جینایات و نەزر و هتد, وە ئەو وتەیەی زانایان کە دەڵێت:** "ليس في المال حق سوى الزكاة" ؛ **واتە: لە ماڵ وساماندا هیچ حەقێکی واجب نیە بەهۆی خودی ماڵەکەوە تەنها زەکات نەبێت, بەڵام واجبی تر هەیە لەماڵدا بەبێ هۆکاری خودی ماڵەکە, وەکو باسی لێوەکرا, وەکو واجبێتی دانەوەی قەرز و پێدانی خوێنبایی کوشتنی هەڵە بۆ بکوژ و هتد.** الإيمان لابن تيمية (ص ٢٩٨ - ٢٩٩).

- **وە قسەی کابرای دەشتەکی لە کۆتایی فەرموودەکەوە لەبوخاری بە ژمارە ١٨٩١ دا هاتووە زیاتر ئەم مانایە ڕوونتر دەکاتەوە کە دەڵێت:** والذي أكرمك بالحق ؛ لا أتطوع شيئاً ، ولا أنقص مما فرض الله علي شيئاً . فقال الرسول صلى الله عليه و سلم : " أفلح إن صدق (أو : دخل الجنة إن صدق)" ، وفي رواية : والله ؛ لا أزيد على هذا ولا أنقص . فقال رسول الله صلى الله عليه و سلم :" أفلح إن صدق ".

**کە ڕووکەشی قسەکەی ئەوە دەگەیەنێت مەبەستی ئەوەیە : من جگە لە فەرزەکان هیچ زیادەیەك ناکەم و هیچیشی لێ کەم ناکەم, بۆیە هیچ نوێژێکی زیادە ناخەمە سەر پێنج**

فەرزەکەی نوێژ وە هیچ مانگێکی زیادە لە رۆژو گرتن ناخەمە سەر مانگی رەمەزان .... بەم شێوەیە.

ئاماژەی تیدایە کە مەبەستەکە ئەوە بێت, بەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەرفەرازی و خۆشبەختی ئەو کەسەی پەیوەست کردووە بە ڕاستگۆیەتی و صیدقی لە زیادنەکردن و= =کەمنەکردنی لەو عیبادەتانەدا, جا چۆن دەبێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ شاهێدی سەرفەرازی و کامەرانی بۆ دەدات لەسەر زیادنەکردنی بۆ سەر ئەو پێنج فەرزە نوێژە ئەگەر مەبەست لەو زیادەیەبێت کە واجب نیە؟ وە ناشوترێت: کە سەرفەرازی بۆ سەلماندووە بە ئەنجامدانی ئەوەی لەسەریەتی, وە ئەوەی تێدا نیە کە ئەگەر ئەو کەسە هەستا بە ئەنجامدانی زیاد لەوانەش کە لەسەریەتی ئەوا سەرفەراز نابێت. دەڵێم: شتی وا نابێ بووترێت, چونکە ئەوە پێچەوانەی رواڵەت و رووکەشی دەقەکەیە, بەتایبەت لەگەڵ ئەو بڕگەیەی کە دەفەرموێت: " إن صدق" لەگەڵ بوونی ئەو مانایەی کە باسم کرد, بۆیە پێویست بەو زۆرلەخۆکردنە ناکات.

پاشان چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ دانی پێدا دەنێت و لێی بێدەنگ دەبێت لەسەر ئەو سوێندخواردنەی کە خێری زیادە نەکات و بڵێت: " والله لا أزيد..."؟!

ولينظر :" نيل الأوطار" (٣/٨٣-٨٤)، و "كتاب الإيمان" لابن تيمية (ص ٢٩٧-٣٠٠).

جا ئەگەر وترا: عوبادەی کوری صامت کاتێك پێی وترا: فلانەکەس دەڵێت: نوێژی ویتر واجبە, ئەویش لە وەڵامدا وتویەتی: خوای گەورە پێنج نوێژی فەرز کردووە. ئەوە وەڵامێکە کە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ ئەوانەی کە فەرموودەی کابرای دەشتەکی دەکەنە بەڵگە بۆ واجب نەبوونی هیچ نوێژێکی تر جگە لە پێنج نوێژە فەرزەکە.

**وەڵام:** ئەو قسەیەی عوبادەی پێچەوانەی ئەو باس و قسەیە نیە کە پێشتر باسم کرد, چونکە عوبادە لەباسی مافی نوێژی ویتردا وتویەتی, وەکو ئەوەی بڵێت: واجبی سەرشانی موسڵمان لە

# ( ٢ - ١ ) جـۆرەکانی نوێژی سوننەت

## سوننەت دوو جۆرە:

---

شەورۆژێکدا کە مافی ئیسلامە بریتیە لە پێنج فەرزەی نوێژ, وە ئەگەر وترا ویتر واجبە, ئەوا واجبەکان دەبنە شەش نوێژ, وە ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە خوا واجبی کردووە لەسەر بەندەکانی لە نوێژی شەو و رۆژدا. وبالله التوفيق.

**سوودێك:** لەم فەرموودەیەوە سوودی ئەوە وەردەگرین کە ووشەی (تطوع) تێدا بە مانای زیادە بەکارهێنراوە, ئیتر واجب بێت یان سوننەت, نابینی کە کابرا دەڵێت :" والذي أكرمك بالحق ؛ لا أتطوع شيئاً ، ولا أنقص مما فرض الله علي شيئاً " ، ئەگەر سەرنج بدەیت دوو وشەی لەبەرانبەر= =یەکتردا بەکارهێنا کە ئەوانیش وشەی " التطوع والنقص"، وە ئەم مانایەش لە ریوایەتەکەی تردا زیاتر دەسەلمێنرێت کە دەڵێت:" والله ؛ لا أزيد على هذا ولا أنقص".

وە لەم پەرتووکەدا وشەی تەتەوع بەم مانایە بەکارهاتووە, زیادەی رەها, ئیتر واجب بێت یان واجب نەبێت.

لەژێر رۆشنایی ئەوەی رابورد ئەو نهێنیە تێدەگەین کە ئەوانەی فەرموودەی ئەحکام و هی تریان داناوە ناونیشانێکیان داناوە وەکو: (باب صلاة التطوع)، پاشان خۆیشیان دان بە واجبێتی هەندێك لەو نوێژانەدا دەنێن, ئەوەش ئەوە دەردەخات کە ئەوان بەمانای زیادە لە وشەی تەتەوع تێگەیشتوون, ئیتر واجب بێت یان نا, وە بەمانای ئەو زیادەیە تێنەگەیشتوون کە لازم نیە وەکو بنچینەی لە زمانەوانیدا وەهایە.

لەسەر ئەو زانیاریانەش, وشەی تەتەوع لەشەرعدا بە فراوانتر لەماناکەی خۆی هاتووە بە پێچەوانەی جگە لە خۆی, وەکو وشەی "حەج وصەلات"والله أعلم .

**یه‌كه‌م:** سوننه‌تی ڕه‌ها، ئه‌م جۆره‌یان ئه‌و سوننه‌ته‌یه‌ كه‌ شه‌رعدانه‌ر هیچ حه‌د و سنوورێكی بۆ دیاری نه‌كردووه‌.

**بۆ نموونه:** صه‌ده‌قه‌ی سوننه‌ت، بۆت هه‌یه‌ هه‌رچه‌ند ده‌ته‌وێ خێر بكه‌یت له‌ پێناوی خوادا، ئه‌گه‌ر له‌ته‌ خورمایه‌كیش بێت، یاخود بۆت هه‌یه‌ نوێژ بكه‌یت له‌ شه‌ودا یان له‌ رۆژدا دوو ركعات دوو ركعات.

به‌ڵام له‌م جۆره‌ سوننه‌ته‌دا نابێت به‌رده‌وام بیت له‌سه‌ری وه‌كو به‌رده‌وامی سوننه‌ته‌ ره‌واتبه‌كان، وه‌ هه‌روه‌ها سه‌رنه‌كێشێ بۆ بیدعه‌ یان لێكچوون و خۆشوبهاندن به‌ بیدعه‌چیان.

**دووه‌م:** سوننه‌تی سنووردار یان وابه‌سته‌، ئه‌مه‌ش ئه‌و جۆره‌ سوننه‌ته‌یه‌ كه‌ حه‌د وسنورێكی بۆ دانراوه‌ له‌ شه‌رعدا.

**بۆ نمونه:** كه‌سێك ده‌یه‌وێت نوێژی سوننه‌تی به‌یانی بكات، دروست نیه‌ بۆی مه‌گه‌ر دوو ركعات پێش نوێژی به‌یانی و دوای هاتنی كاتی نوێژه‌ فه‌رزه‌كه‌ و به‌نیه‌تی سوننه‌تی به‌یانی نه‌بێت.

هەروەها بۆ نمونە: ئەوەی دەیەوێ نوێژی خۆرگیران یان مانگ گیران بکات، دروست نیە بۆی مەگەر بەو شێوەیەی کە لەشەرعدا هاتووە، بەهەمان شێوە نوێژی دوو جەژنەکە... جگە لەوانیش لەو سوننەتانەی کە شەرع صیفەت و شێوازێکی تایبەتی بۆ داناوە ولەکاتێکی دیاری کراودا.

وە بابەتی ئەم پەرتووکەش بریتیە لە جۆری دووەمی سوننەت کە پێی دەوترێت: " التطوع المقيد " .

## (٣-١) فەزڵی نوێژە سوننەتەکان

سەبارەت بە فەزڵی ئەم جۆرە نوێژە فەرموودەی زۆر هاتووە، لەوانە:

أ) عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه و سلم :" إن أول ما يحاسب الناس به يوم القيامة من أعمالهم [1] الصلاة" . قال: " يقول ربنا جل وعز لملائكته – وهو أعلم –: انظروا في صلاة عبدي ؛ أتمها

(١) واتە: ئەوەی پەیوەستە بە مافی خواوە." دليل الفالحين" (٣/٥٨٠).

**أم نقصها[١]؟ فإن كانت تامة ؛ كتبت له تامة ، و إن كان انتقص منها شيئاً ، قال : انظروا ؛ هل لعبدي من تطوعٍ؟ فإن كان له تطوع ؛ قال: أتموا لعبدي**

---

(١) قال ابن العربي في " عارضة الأحوذي" (٢/٢٠٧) : " **ئەوە هەڵدەگرێت کە لەناتەواوی ژمارەی نوێژە فەرزەکانی بۆ پڕدەکەنەوە بە زیادەی نوێژە سوننەتەکانی, وە ئەوەش هەڵدەگرێت کە ئەوەی لە خشوع ناتەواوی هەیە بۆی پڕبکەنەوە.**

**وە احتمالی یەکەم بەلای منەوە روونترە, لەبەر ئەو بڕگەیەی فەرموودەکە کە دەڵێت:** " ثم الزكاة كذلك وسائر الأعمال" ، **لە زەکاتدا یان فەرز یان زیادە هەیە, هەروەکو چۆن فەرزی زەکات بە زیادەکەی تەواودەکرێت, بەهەمان شێوە نوێژیش وەهایە, بەڕاستی فەزڵی خوا فراوانە و وەعدیشی بەجێهێنراوە و بڕیاریشی گشتی و تەواوە.**

قال العراقي فيما نقله عنه في "تحفة الأحوذي" (١/٣١٨) :" **هەڵدەگرێ مەبەست پێی ئەوەبێت کە کەموکورتی کردووە لە سونەن و شێوازی مەشروعی نوێژ کە تێیدایە وەکو خشوع و زیکرەکان و دوعاوپاڕانەوەکان, پاداشتی ئەمانەی کە لەنوێژە سوننەتەکانیدا کردوویەتی لە تەواوکردنی نوێژە فەرزەکانیدا دەستی دەکەوێت هەرچەندە ئەمانەی لەفەرزەکانیدا نەکردبێت.**

**ئەوەش هەڵدەگرێ کە مەبەست لێی کەموکورتی کردن بێت لە فەرز و مەرجەکانی نوێژدا.**

**ئەوەش هەڵدەگرێ کە مەبەست لێی ئەو نوێژە فەرزانە بێت کە هەرنەیکردووە و ئەنجامی نەداون, بۆی قەرەبوو دەکرێتەوە بە نوێژە سوننەتەکان, وە خوای گەورە سوننەتە تەواوەکان وەردەگرێت لەبری نوێژە فەرزەکان.**

**فريضته من تطوعه ، ثم تؤخذ الأعمال على ذاكم" أخرجه أحمد وأصحاب السنن الأربعة.[1]**

**واتە: لە ئەبوهورەیرەوە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: یەکەم شتێك لە ڕۆژی دواییدا کە خەڵکی لەسەری لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت لەکردەوەکانیان بریتیە لە نوێژ، فەرمووی: " پەروەردگارمان ﷻ – کە خۆی زاناترە - بەفریشتەکانی دەڵێت: سەیری نوێژی بەندەکەم بکەن ئایا بەتەواوی کردوویەتی یاخود**

---

(١) **حديث صحيح لغيره .**

أخرجه أحمد في "المسند" (٢/٢٩٠) ، وابن المبارك في "الزهد" (٩١٥) ، و أبو داود في (كتاب الصلاة ، باب قول النبي صلى الله عليه و سلم :"كل صلاة لا يتمها صاحبها تتم من تطوعه"، حديث رقم ٨٦٤/١ / ٣٢٢-عون) واللفظ له ، والنسائي في (كتاب الصلاة ، باب المحاسبة على الصلاة ، (٢٣٢/١)، والترمذي في (كتاب الصلاة ، باب ما جاء أن أول ما يحاسب به العبد يوم القيامة الصلاة ، حديث رقم ٤١٣، ٣١٨/١ – تحفة) وقال الترمذي :" حسن غريب من هذا الوجه" ، وأخرجه الحاكم في "المستدرك" (٢٦٢/١) ، وقال : "صحيح الإسناد" .

والحديث حسنه البغوي في " شرح السنة" (١٥٩/٤)، وصححه محقق "شرح السنة" وكذا صححه الألباني في "صحيح سنن ابن ماجه" (٢٤٠/١)، وفي " صحيح سنن الترمذي" (١٣٠/١)، وفي "صحيح سنن النسائي" (١٠١/١) ، وفي "صحيح سنن أبي داود" (١٦٣/١).

کەموکورتی لیٚ کردووە، جا ئەگەر تەواو وکاملٚ بیٚت، ئەوا بەتەواوەتی بۆی دەنووسریٚت، وە ئەگەریش کەموکورتیەکی لیٚ کردبیٚت، دەڵیٚت: سەیربکەن، ئایا بەندەکەم نویٚژی سوننەتی هەیە؟ جا ئەگەر هەیبوویٚت، دەڵیٚت: کەموکورتی نویٚژە فەرزەکانی بە نویٚژە سوننەتەکانی پڕبکەنەوە،" پاشان کردەوەکان بەو شیٚوەیە دەبریٚن.

ئەم فەرموودەیە حیکمەتیٚك دەردەخات لە حیکمەتەکانی بوون و مەشروعیەتی نویٚژی سوننەت.

**ب) عن ربيعة بن كعب بن مالك الأسلمي ؛ قال: كنت أبيت مع رسول الله صلى الله عليه وسلم ، فأتيته بوضوئه وحاجته ، فقال لي :"سل" . فقلت: أسألك مرافقتك في الجنة. قال :" أو غير ذلك؟". قلت : هو ذاك! قال: " فأعني على نفسك بكثرة السجود"**. أخرجه مسلم وأصحاب السنن[1].

**واته: لە ڕەبیعەی کوڕی کەعبی کوڕی مالکی ئەسلەمیەوە دەڵێت: جارێکیان لەلای پێغەمبەری خوادا ﷺ خەوتم، ئاوی دەستنوێژ و پێویستیەکانیم بۆی برد و ئەویش فەرمووی: " داوا بکە" منیش ووتم: داوای ئەوە دەکەم لەگەڵ تۆدا بم**

---

(١)**حديث صحيح**: أخرجه ابن المبارك فِي الزهد (١٠٦، ١٢٣٦)، وأخرجه مسلم فِي صحيحه كتاب الصلاة، باب فضل السجود والحث عليه، حديث رقم (٤٨٩) واللفظ له، والنسائي فِي كتاب الإمامة، باب فضل السجود (٢/٢٢٧)، والترمذي فِي أبواب الدعوات، باب منه، ما جاء فِي الدعاء إذا انتبه من الليل، حديث رقم (٣٤١٦) (٤/٢٣٤- تحفة) مقتصرًا على طرف منه دون محل الشاهد، وأبو داود فِي كتاب الصلاة، باب وقت قيام النَّبِي ﷺ من الليل، حديث رقم (١٣٢٠) (١/٥٠٧- عون) وابن ماجه فِي كتاب الدعاء، باب ما يدعو به إذا انتبه من الليل (٣٨٧٩) أخرج طرفًا منه دون محل الشاهد.

وليس لربيعة بن كعب فِي الكتب الستة سوى هذا الحديث. انظر: تحفة الأشراف (٣/١٦٨).

(٩) **مەبەست لەسجود لێرەدا** نوێژە سونەتەکانە،چونکە سوژدە بەبێ نوێژو هۆکار، هان لەسەر دراونیە بەتەنها.

لەبەهەشتدا، ئەویش فەرمووی: جگە لەوە، منیش ووتم: هەر ئەو داوایەم هەیە، ئەویش فەرمووی: دەی کەواتە خۆت ڕابهێنە لەسەر زۆر سوجدە بردن.

ج) عن معدان بن أبي طلحة اليعمري ؛ قال : لقيت ثوبان مولى رسول الله صلى الله عليه وسلم ، فقلت : أخبرني بعمل أعمله يدخلني الله به الجنة (أو قال: قلت : بأحب الأعمال إلى الله )؟ فسكت ، ثم سألته ؟ فسكت ، ثم سألته الثالثة ؟ فقال: سألت عن ذلك رسول الله صلى الله عليه و سلم ، فقال: " عليك بكثرة السجود لله[٩] ؛ فإنك لا تسجد لله سجدة ؛ إلا رفعك الله بها درجة ، وحط بها عنك خطيئة" .

---

[٩] **مەبەست لەسجود لێرەدا** نوێژە سونەتەکانە،چونکە سوژدە بەبێ نوێژو هۆکار، هان لەسەر دراونیە بەتەنها.

هەر چەندە سوژدە بەفەرزیش دەوترێ، بەڵام ئەنجام دانی فەرزەکان واجبە لەسەر هەموو موسڵمانان، بەڵکو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ڕێنمایی کردوە بۆشتێکی تایبەت و تا داواکەی بەدی بێت.

هەر بۆیە ابن حجر فەرمودەی ربیعەی کوڕی مالکی هێناوە لەبابی نوێژە سونەتەکان لە کتێبی (بلوغ المرام)

**ئەگەر بپرسی نهێنی ناولێنانی نوێژ بە سوژدە چیە؟**

**قال معدان: ثم لقيت أبا الدرداء ، فسألته ؟ فقال لي مثل ما قال لي ثوبان.**[١٠]

---

**وەڵام:** چونكه سوژده لەهەموو ڕوكنەكانی تر زیاتر بەندایەتی تیّدا دەردەبڕیّ و نەفس دەشكیّنیّ وملكەچی دەكات، چونكه خواپەرستی تەواو لەخۆشەویستی تەواو وملكەچی پیّك دیّت، جا بۆیه هەر نەفسیّك خۆی بشكیّنیّت وملكەچ بیّ بۆ خوا ئەوا شایەنی ڕەحمەتە، هەربۆیە لە فەرمودەداهاتووە :

عن أَبِي هريرة ﷺ: قال رسول الله ﷺ : " **أقرب ما يكون العبد من ربه وهو ساجد؛ فأكثروا الدعاء**". أخرجه مسلم فِي كتاب الصلاة، باب ما يقال فِي الركوع والسجود، حديث رقم (٤٨٢)

واته : نزیكترین حاڵەتی بەندە لە پەروەردگاریەوە ئەو كاتەیە كە لە سوژدەدایە،جا بۆیە زۆردوعای تیّدا بكەن .

(١٠) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم فِي كتاب الصلاة، باب فضل السجود والحث عليه، حديث رقم (٤٨٨) واللفظ له، والنسائي فِي كتاب الإمام، باب ثواب من سجد لله سجدة (٢/٢٢٨)، وابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة، والسنة فيها، باب ما جاء فِي كثرة السجود، حديث رقم (١٤٢٣)، والترمذي فِي كتاب الصلاة، باب ما جاء فِي كثرة الركوع والسجود، حديث رقم (٣٨٨) (١/٣٠٠– تحفة).

(١٠) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم فِي كتاب الصلاة، باب فضل السجود والحث عليه، حديث رقم (٤٨٨) واللفظ له، والنسائي فِي كتاب الإمام، باب ثواب من سجد لله سجدة (٢/٢٢٨)، وابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة، والسنة فيها، باب ما جاء فِي كثرة السجود، حديث رقم (١٤٢٣)، والترمذي فِي كتاب الصلاة، باب ما جاء فِي كثرة الركوع والسجود، حديث رقم (٣٨٨) (١/٣٠٠– تحفة).

**تنبيه**: هذا الحديث عزاه المباركفوري فِي (تحفة الأحوذي) (١/٣٠٠) لأَبِي داود، ولَمَ أجده، ولَمَ يعزه إليه فِي (تحفة الأشراف) (٢/١٤٠)، وكذا لَمَ يشر فِي (ذخائر المواريث) إلَى أَبِي داود فيمن أخرجه.

واتە: لە مەعدانی کوڕی أبی تەلحەی یەعمورییەوە دەڵێت: گەیشتم بە ثوبانی خزمەتکاری پێغەمبەری خوا ﷺ و پێم ووت: کردەوەیەکم پێ بڵێ ئەنجامی بدەم خوای گەورە بەهۆیەوە بمخاتە بەهەشتەوە، " یان دەڵێت: ووتم خۆشەویستترین کردەوە بەلای خواوە"، ئەویش بێدەنگ بوو، دووبارە لێیم پرسیەوە هەر بێدەنگ بوو، بۆ جاری سێهەم لێیم پرسیەوە، ئەویش ووتی: منیش پرسیاری ئەوەم لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد ئەویش فەرمووی: زۆر سوجدە ببە، چونکە هەر سوجدەیەك دەبەیت بۆ خوا ئیلا خوای گەورە پلەیەك بەرزت دەکاتەوەو تاوانێکیشت لەسەر دەسڕێتەوە.

مەعدان دەڵێت: پاشان گەیشتم بە ئەبودەرداء و هەمان پرسیارم لێ کرد و ئەویش هەمان قسەکەی ثەوبانی پێ ووتم.

وە ئەو دوو فەرموودەیەش بەڵگەن لەسەر فەزڵ و چاکێتی زۆر ئەنجامدانی نوێژی سوننەت.

# سوننەتە جەختلەسەرکراوەکان

## (السنن الرواتب)

### فەزڵیان، شێوازیان، حوکمەکانیان

مەبەست لە سوننەتە جەختلەسەرکراوەکان: ئەو نوێژانەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ کردوونی یان هانی ئەنجامدانی داون لەگەڵ پێنج فەرزەکەی نوێژدا، لە پێشیەوە یان لە پاشیەوە.

**ئەم باسەش ئەم بەشانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**

(١-٢) فەزڵی سوننەتە جەختلەسەرکراوەکان.

(٢-٢) شێواز و حوکمەکانیان.

ڕوونکردنەوەی ئەو باسەش بەم شێوەیەیە کە دێت:

## ( ١ – ٢ ) فەزڵی سوننەتە جەختلەسەرکراوەکان

سەبارەت بە فەزڵی ئەم جۆرە سوننەتە چەندین فەرموودە هاتـــوون: لەو فەرموودانە هەیانە باسی فەزڵی ئەم سوننەتە دەکات بە گشتی و هەشیانە باسی تاك تاکی ئەو جۆرە نوێژە دەکات، لەوانە:

أ) ما جاء عن أم حبيبة زوج النبي صلى الله عليه و سلم ؛ أنها قالت : سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول :" ما من عبد مسلم يصلي لله كل يوم ثنتي عشرة ركعة تطوعاً[١] غير فريضة ؛ إلا بنى الله له بيتاً في الجنة (أو : إلا بنى له بيت في الجنة)". أخرجه مسلم.

---

([١]) ئەم ركعاتانەش تەفسیركراوە بە "أربع ركعات قبل الظهر..." ؛ وەكو پاش كەمێكی تر لە ریوایەتی النسائي والترمذي دا دێت .

هەرچەندە هەندێك لە راڤەكاران وای بۆچوون كە ئەم تەفسیرە قسەی هاوەڵەكە بێت لـە فەرموودەكەدا, بەڵام ئەم بانگەشەیە هیچ بەڵگەیەكی صحیحی لەسەر نیە, وە لە ئەصلدا وەهایە كە ئەوەی ریوایـەت كـرا لـە فـەرموودەدا لـە فەرموودەكەیـە, وە تـەنها بـوونی ڕاجیاوازی بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی كـە ئـەو زیادەیـە قسـەی هـاوەڵان بێـت, بۆیـە ئـەم

**واته: له ئوم حه‌بیبه‌ی خێزانی پێغه‌مبه‌ری خواوه ﷺ كه ده‌ڵێت: بیستم له پێغه‌مبه‌ری خواوه ﷺ فه‌رمووی: " هیچ به‌نده‌یه‌كی موسڵمان نیه كه هه‌موو رۆژێك دوازده ركعاتی سوننه‌ت نه‌ك فه‌رز نوێژ بۆ خوا بكات ئیلا خوای گه‌وره ماڵێكی بۆ بونیاد ده‌نێت له به‌هه‌شتدا ( یان ماڵێكی له به‌هه‌شتدا بۆ بونیاد ده‌نرێت)".**

وفي رواية للترمذي والنسائي فسر هذه الركعات :" **أربع ركعات قبل الظهر ، وركعتين بعد الظهر، وركعتين بعد المغرب ، وركعتين بعد العشاء ، وركعتين قبل الفجر**"[1].

---

**ڕاجیاوازیه لێره‌دا زیانی نیه, چونكه پاڵپشت و به‌ڵگه‌ی تر هه‌ن له‌سه‌ر په‌سه‌ند كردن و قبوڵ بوونی ئه‌م زیاده‌یه جا ئاگادار به!**

([1]) **حديث صحيح .**

أخرجه مسلم في (كتاب صلاة المسافرين ، باب فضل السنن الراتبة قبل الفرائض وبعدهن وبيان عددهن، حديث رقم ٧٢٨) واللفظ له ، وأخرجه الدارمي في "سننه" (٣٣٥/١)، وأبو داود في (كتاب الصلاة ، باب تفريع أبواب التطوع وركعات السنة ، حديث رقم ١٢٥٠، ٤٨٦/١-عون) ؛ جميعهم بدون هذه الرواية المفسرة.

واته له ريوايەتی ترمذي والنسائي دا ئەو دوازده ركعاته بەم شێوەیه ڕوون کراوەتەوه که بریتین له: " چوار ڕکعات پێش نیوەڕۆ، دوو ڕکعات پاش نیوەڕۆ، وه دوو ڕکعات پاش مەغریب، وه دوو ڕکعات پاش عیشا، وه دوو ڕکعات پێش بەیانی".

**منیش دەڵێم (نوسەر) :**

ئەم فەرموودەیه بەڵگەیه لەسەر سوننەتێتی بەردەوام بوون لەسەر ئەنجام دانی ئەو دوازده ڕکعاته سوونەته هەموو رۆژێك.

---

وأخرج الحديث بها : النسائي في (قيام الليل ، باب ثواب من صلى في اليوم والليلة ثنتي عشرة ركعة، ٢٦٢/٣)، والترمذي في (كتاب الصلاة ، باب ما جاء فيمن صلى في يوم وليلة ثنتي عشرة ركعة ، حديث رقم ٤١٥، ٣١٩/١-تحفة) ، والحاكم (٣١١/١) وصححه على شرط مسلم وفي السند من لم يخرج له مسلم! وصححه ابن حبان (٦١٤-موارد).

تنبيه : جاء في رواية :" وركعتين قبل العصر"؛ مكان قوله :" وركعتين بعد العشاء" ، والمحفوظ ما أثبته ، والرواية الأخرى – أعني : " وركعتين قبل العصر" – شاذة.

وە ئەوەی پارێزگاری لەو سوننەتانە بکات ئەوا ئەو فەزڵە دەیگرێتەوە کە لە فەرموودەکەدا باس کراوە، چونکە لەرۆژێکدا دوازدە ڕکعات نوێژی کردووە.

جا لەم فەرموودەیەدا فەزڵی پارێزگاری وبەردەوام بوونی تێدایە لەسەر سوننەتە جەخت لەسەرکراوەکان بە گشتی و ئەو سوننەتانەی لە فەرموودەکەدا هاتوون بەتایبەتی، واللە أعلم.

وە گوفتار و کرداری پێغەمبەری خوا ﷺ کۆبووەتەوە ویەکی گرتووە لەسەر ئەنجامدانی سوننەتە جەخت لەسەر کراوەکان و ئەوە سەلمێنراوە لێیەوە.

ب) عن ابن عمر رضي الله عنهما ؛ قال:" حفِظْتُ من النبيِّ ﷺ عشْرَ ركعاتٍ : ركعتينِ قبلَ الظهرِ، وركعتينِ بعدَها، وركعتينِ بعدَ المغربِ في بيتِه، وركعتينِ بعدَ العشاءِ في بيتِه، وركعتينِ قبلَ صلاةِ الصبحِ، كانتْ ساعةً لا يُدخَلُ على النبيِّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم فيها . حدثتْني حفصةُ: أنه كان إذا أذَّن المؤذِّنُ، وطلَع الفجرُ، صلَّى ركعتينِ ." صحيح البخاري ١١٨٠

واتە: لە ابن عومەرەوە ڕەزای خوایان لێ بێت، دەڵێت: " دە رکعاتم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەرگرتوە و پاراستووە کە ئەنجامیان دەدەم : دوو رکعات پێش نیوەڕۆ، وە دوو رکعات لە پاشیەوە، وە دوو رکعات لە پاش مەغریب لە ماڵدا دەیکرد، وە دوو رکعات لە پاش عیشاوە لە ماڵدا دەیکرد، وە دوو رکعات پێش بەیانی، ئەوە ساتێك بوو کە نەدەچووە لای پێغەمبەری خوا ﷺ تێیدا، حەفصە بۆی گێڕامەوە کە کاتێك بانگدەر بانگی دەدا و فەجر دەردەکەوت، دوو ڕکعات نوێژی دەکرد.

وفي رواية للبخاري ولمسلم نحوها زيادة :" وسجدتين بعد الجمعة".

واتە: لە ریوایەتی بوخاری و موسلیمدا هاوشێوەی ئەوە هاتووە لەگەڵ زیادەی: " دوو سوجدە (دوو رکعات) لە پاش نوێژی هەینیەوە".

وفي مسلم :" فأما المغرب والعشاء والجمعة ؛ فصليت مع النبي صلى الله عليه و سلم في بيته ".

**واتە: لە موسلمدا بەم شێوەیە هاتووە: " (سوننەتی) مەغریب و عیشا و هەینی، لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ لەماڵەوەیدا ئەنجامم دا".**

**وفي رواية الترمذي : " حفظت عن رسول الله صلى الله عليه و سلم عشر ركعات يصليها بالليل والنهار"[١]**

---

(١) **حديث صحيح .**

أخرجه البخاري في مواضع في "كتاب التهجد ، باب الركعتين قبل الظهر ، حديث رقم ١١٨٠) واللفظ له، وفيه في ( باب التطوع بعد المكتوبة ، حديث رقم ١١٧٢) والزيادة منه ، وفيه في (باب ما جاء في التطوع مثنى مثنى ، حديث رقم ١١٦٥)وفي (كتاب الجمعة ، باب الصلاة بعد الجمعة، حديث رقم ٩٣٧) ، وأخرجه مسلم في (كتاب صلاة المسافرين ، باب فضل السنن الراتبة قبل الفرائض وبعدهن وبيان عددهن ، حديث رقم ٧٢٩) ، وأخرجه الترمذي في (كتاب الصلاة باب ما جاء أنه يصليهما في البيت ، حديث رقم ٤٣٤، ١/٣٣٠-تحفة)، وأخرجه مالك "موطأ محمد" (٢٩٦) ، وزاد :"كان لا يصلي بعد الجمعة في المسجد حتى ينصرف فيسجد سجدتين" ، "موطأ الليثي" (١/١٨٠-تنوير) ، والطحاوي في "شرح معاني الآثار" (١/٣٣٦)، والدارمي (١/١٢٥٢، ١/٤٨٦-عون) ؛ بنحو ما في "موطأ محمد" وأخرجه النسائي في (كتاب الإقامة ، باب الصلاة بعد الظهر ، ٢/١١٩) ، وانظر : " جامع الأصول" (٦/٤).

واتە : لە ریوایەتی الترمذي دا بەم شێوەیە هاتووە : " لە پێغەمبەری خواوە ﷺ پارێزگاریم لە (دە) رکعات کردووە کە لە شەو رۆژدا ئەنجامیانی دەدا".

## (٢-٢) شێوازی سوننەتە جەختلەسەرکراوەکان و حوکمەکانیان

ئەم بەشە ڕوونکردنەوەی سوننەتە جەخت لەسەرکراوەکان لەخۆدەگرێت بۆ هەر نوێژێك لە پێنج نوێژە فەرزەکە، ئەوەش لە میانەی پێنج باسدا، بۆ هەر نوێژێکی فەرز باسێکی سەربەخۆ هەیە کە پەیوەستە بە سوننەتەکەیەوە، کەلە ژێریەوە ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن پێیەوە دانراون و خراونەتە پێش چاو.

# ( ١ - ٢ - ٢ ) سوننەتی نوێژی بەیانی

ئەم بابەتانەی خوارەوە پەیوەندیان بەم سوننەتەوە هەیە:

یەکەم: حوکمەکەی.

دووەم: شێواز و فەزڵەکەی.

سێیەم: بە سووك ئەنجامدانی ( کورت کردنەوەی).

چوارەم: ئەوەی تێیدا دەخوێنرێت.

پێنجەم: ڕاکشان لە پاش ئەنجامدانیەوە.

شەشەم: ئەوەی لەدەستی بچێت.

## یەکەم: حوکمەکەی :

سوننەتی بەیانی لەو سوننەتانەیە کە زۆرترین جەختی لەسەرکراوە، وە پێغەمبەری خوا ﷺ هەمیشە دەیکرد و هەرگیز وازی لێ نەدەهێنا لە شوێنی خۆیدا بویایە یان لە سەفەردا.

لە پێغەمبەرەوە ﷺ بە صحیحی نەهاتووە کە بەڵگەبێت لەسەر واجبێتی ئەم نوێژە.[1]

وە بەڵگەش لەسەر ئەنجامدانی سوننەتی بەیانی لەسەفەردا لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەم ریوایەتەیە:

ثبت عن أبي مريم ؛ قال :" كنا مع رسول الله صلى الله عليه و سلم في سفر، فأسرينا ليلة ، فلما كان في وجه الصبح ؛ نزل رسول الله صلى الله عليه و سلم فنام ونام الناس ، فلم نستيقظ إلا بالشمس قد طلعت علينا ،

---

(١) أما حديث أبي هريرة مرفوعاً :" لا تدعوها وإن طردتكم الخيل" (يعني: سنة الفجر) ؛ فإنه حديث ضعيف.أخرجه أبو داود (١/٤٨٧–عون)، والطحاوي في "شرح معاني الآثار" (١/٢٩٩) ، وفي سنده عندهما عبدالرحمن بن إسحاق المدني ؛ ضعيف، وابن سيلان ؛ مجهول الحال . وبالله التوفيق .

فأمر رسول الله صلى الله عليه و سلم المؤذن فأذن ، ثم صلى الركعتين قبل الفجر ، ثم أمره فأقام ، فصلى بالناس ، ثم حدثنا بما هو كائن حتى تقوم الساعة"[١].

واتە: لە ئەبی مەریەمەوە هاتووە کە وتویەتی: " لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بووین لە سەفەرێکدا، بەشەو ڕێمان کرد هەتا بەرەبەیان و دواتر پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزی و خەوت و خەڵکیش خەوتن، ئیتر

---

(١) حديث صحيح لغيره.

أخرجه النسائي في (كتاب المواقيت ، باب كيف يقضي الفائت من الصلاة ، صحيح سنن النسائي باختصار السند حديث رقم ٦٠٥، ١/١٣٣).

والحديث ورد بمعناه عند مسلم في "صحيحه" (حديث رقم ٦٨٠) عن أبي هريرة ، وله شواهد كثيرة عند أبي داود في (كتاب الصلاة ، باب في من نام عن الصلاة أو نسيها ، صحيح سنن أبي داود باختصار السند، ١/٨٨-٩٠).

**ابن قيم الجوزي دەڵێت: یەکێك لە ڕێچکە و ڕێبازەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەفەردا ئەوە بووە کە تەنها جەختی لەسەر نوێژە فەرزەکان دەکردەوە, وە لێیەوە نەهاتووە کە نوێژی سوننەتی پێش وپاشی فەرزەکانی کردبێت, مەگەر ویتر و سوننەتی بەیانی نەبێت, ئەو دوو نوێژەش هەرگیز دەستبەرداریان نەبووە نەلە شوێنی خۆی و نەلە سەفەریشدا.** " زاد المعاد" (١/٤٧٣).

بەخەبەر نەهاتینەوە هەتا خۆر هەڵهات بەسەرماندا، جا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە بانگدەر کرد بانگی داو دوو رکعاتی سوننەتی بەیانی کرد و پاشان فەرمانی پێ کرد قامەتی کرد بۆ نوێژ و نوێژی بۆ خەڵکی کرد، لەپاشان هەرچی ڕوودەدات هەتا ڕۆژی دوایی باسی بۆ کردین.

ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ سوننەتی بەیانی لەگەڵ نوێژی بەیانیدا دەکرد لەسەفەردا.

هەروەکو چۆن بەڵگەشە لەسەر دروستێتی ئەنجامدانی ئەو سوننەتە لەکاتی لەدەست چوونی نوێژی بەیانی لەکاتی خۆیدا، لەوکاتەشدا سوننەتی بەیانی دەکرێت و پاشان نوێژی بەیانی، وەکو ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی دا.

### دووەم: شێواز و فەزڵەکەی:

سوننەتی بەیانی دوو رکعاتە، لە پێش نوێژی بەیانیەوە ئەنجام دەدرێت، چەندین فەرموودە هاتوون سەبارەت بە فەزڵی ئەم نوێژە، لەوانە:

أ) عن عائشة عن النبي صلى الله عليه و سلم ؛ قال: " ركعتا الفجرِ خيرٌ من الدُّنيا وما فيها [لهما أحب إلي من الدنيا جميعاً]" . أخرجه مسلم.[1]

واتە: لە دایکە عائشەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: " دوو ڕکاتی سوننەتی بەیانی خێرترە لەدنیاو هەرچیش لەدنیادایە"(ئەو دوو رکعاتە لە هەموو دونیا خۆشەویستترە بەلامەوە).

ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی و فەزڵی ئەو دوو رکعاتە و هاندانیشی تێدایە بۆ ئەنجامدانی.

ب) عن عائشة رضي الله عنها ؛ قالت : " لم يكنِ النبيُّ ﷺ على شيءٍ من النوافِلِ، أشدَّ منه تعاهُدًا على ركعتَيِ الفجرِ .". أخرجه الشيخان[2].

---

(١) حديث صحيح .

أخرجه مسلم في (كتاب صلاة المسافرين وقصرها ، باب استحباب ركعتي سنة الفجر والحث عليهما وتخفيفهما عليهما وبيان ما يستحب أن يقرأ فيهما ، حديث رقم ٧٢٥) والزيادة له ، وأخرجه الترمذي في (كتاب الصلاة ، باب ما جاء في ركعتي الفجر من الفضل ، حديث رقم ٤١٦، ١/٣٢٠- تحفة) ، والنسائي في (كتاب قيام الليل وتطوع النهار ، ٣/٢٥٢) ، والحاكم (١/٣٠٧).

(٢) حديث صحيح .

**واتە: لە دایکە عائیشەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر هیچ سوننەتێك ئەوەندەی دوو رکعاتی سوننەتی بەیانی پەیوەست نەبووە، و هەمیشە دەیکردن.**

**واتە: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر پارێزگاری کردن لەسەر ئەو دوو رکعاتە.**

**لەم نوێژە سوننەتەدا گوفتار و کرداری پێغەمبەری خوا ﷺ یەکی گرتووە و تێیدا کۆبوەتەوە، کە بە قسە هانی موسڵمانان دەدات لەسەری و خۆیشی ﷺ بەردەوام بووە لەسەری و ئەنجامی داون.**

---

أخرجه البخاري في (كتاب التهجد ، باب تعاهد ركعتي الفجر ومن سماها تطوعاً ، حديث رقم ١١٦٩)، ومسلم في (كتاب صلاة المسافرين وقصرها ، باب استحباب ركعتي سنة الفجر والحث عليهما وتخفيفهما والمحافظة عليهما وبيان ما يستحب أن يقرأ فيهما ، حديث رقم ٧٢٤).

ج) **وعنها رضي الله عنها ؛ قالت : " إن النبي صلى الله عليه و سلم كان لا يدع أربعاً قبل الظهر ، وركعتين قبل [الصبح] الغداة"** . أخرجه البخاري والنسائي[1]

**واتە: لە دایکە عائیشەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز وازی نەهێناوە لە ئەنجامدانی چوار رکعاتی پێش نیوەڕۆ و دوو رکعاتی پێش نوێژی بەیانی.**

**وە ئەم فەرموودانە بەڵگەن لەسەر ئەو دوو رکعاتە سوننەتە و بەوەی کە جەخت لەسەرکراوترین سوننەتە.**

---

([1]) **حديث صحيح** .

أخرجه البخاري في (كتاب التهجد ، باب الركعتين قبل الظهر ، حديث رقم ١١٨٢) واللفظ له ، والنسائي في (كتاب قيام الليل وتطوع النهار ، باب المحافظة على الركعتين قبل الفجر ، ٢٥٢/٣) والزيادة له ، وأخرجه أبو داود في (كتاب الصلاة ، باب تفريع أبواب التطوع وركعات السنة ، حديث رقم ١٢٥٣) ، والدارمي (٣٣٥/١).

## سێیەم: کورت کردنەوەی:

لە ڕێچکەو ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ ئەوەبووە کە ئەو دوو رکعاتەی کورت ئەنجام داوەو درێژی نەکردۆتەوە بە زۆر قورئان خوێندن تێیدا، وە ئەو فەرموودانەی کە بەڵگەن لەسەر ئەوە، وەکو:

أ) ما جاء عن أم المؤمنين حفصة ؛ قالت :" أنَّ رسولَ اللهِ ﷺ كان، إذا سكت المُؤَذِّنُ من الأذانِ لصلاةِ الصُّبحِ، وبدا الصبحُ، ركع ركعتَينِ خفيفتَينِ، قبل أن تُقامَ الصلاةُ ". أخرجه الشيخان[1]

واتە: لە دایکی باوەڕدارانەوە حەفصەوە هاتووە کە دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ هەرکە بانگبێژ لە بانگەکەی دەبووەوە بۆ نوێژی

---

(١) حديث صحيح .

أخرجه البخاري في (كتاب الأذان ، باب الأذان بعد الفجر ، حديث رقم ٦١٨) ومسلم في (كتاب صلاة المسافرين وقصرها ، باب استحباب ركعتي سنة الفجر والحث عليهما وتخفيفهما والمحافظة عليهما وبيان ما يستحب أن يقرأ فيهما ، حديث رقم ٧٢٣) واللفظ له .

بەیانی و فەجر دەردەکەوت، دوو رکعاتی سووکی دەکرد پێش ئەوەی قامەت بکرێت بۆ نوێژی بەیانی".

ب) عن عائشة ؛ قالت: " كان النبيُّ ﷺ يُخَفِّفُ الركعتَينِ اللتَينِ قبلَ صلاةِ الصبحِ، حتى إني لأقولُ: هل قرَأ بأمِّ الكتابِ ؟". أخرجه الشيخان [١].

واتە: لە عائیشەوە دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو دوو رکعاتەی پێش نوێژی بەیانی بەسووك دەکرد، بەشێوەیەك بوو کە من دەمگوت: ئایا فاتیحەی خوێند؟ ".

ئەم دوو فەرموودەیەش بەڵگەن لەسەر مەشروعیەتی بە سووك ئەنجامدانی سوننەتی بەیانی.

---

(١) حديث صحيح .

أخرجه البخاري في (كتاب التهجد، باب ما يقرأ في ركعتي الفجر، حديث رقم ١١٧١)، وأخرجه مسلم في (كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب استحباب ركعتي سنة الفجر والحث عليهما وتخفيفهما والمحافظة عليهما وبيان ما يستحب أن يقرأ فيهما، حديث رقم ٧٢٤) واللفظ للبخاري .

هەندێك لە ئەهلی عیلم فەرمووده‌کەی عائیشە دەکەن بەبەڵگە بۆ دروستێتی خوێندنی تەنها سورەتی فاتیحە لە سوننەتی بەیانیدا، بەڵام لەڕاستیدا لە فەرموودەکەدا هیچ بەڵگەو ئاماژەیەك بۆ ئەوە نیە، بەڵکو ئەوەی کە تێیدایە بریتیە لە هەست کردن بەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو دوو رکعاتەی کورت کردۆتەوە، وە ئەم بابەتەی کە دێت دواتر پشتگیری و پاڵپشتی ئەم بۆچوونەیە.

## چوارەم: ئەوەی تێیدا دەخوێنرێت لە قورئان:

أ) عن أبي هريرة رضي الله عنه :" أن رسول الله صلى الله عليه و سلم قرأ في ركعتَي الفجرِ : {قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ} و{قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ} " [١].

---

([١]) حديث صحيح .

أخرجه مسلم في (كتاب صلاة المسافرين وقصرها ، باب استحباب ركعتي سنة الفجر والحث عليهما وتخفيفهما والمحافظة عليهما وبيان ما يستحب أن يقرأ فيهما ، حديث رقم ٧٢٦).

**واتە: لە ئەبوهورەیرەوە** ﵁ **: " پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوو رکعاتی سوننەتی بەیانیدا هەردوو سورەتی: {قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ} و{قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ} ی دەخوێند** ".

**ب) عن ابن عباس رضي الله عنهما : " أنَّ رسولَ اللهِ ﷺ كان يقرأ في ركعتي الفجرِ: في الأولى منهما: { قُولُوا آمَنَّا بِاللهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا}** (الآية التي في البقرة – ١٣٦) .. **وفي الآخرةِ منهما: { آمَنَّا بِاللهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ}** (آل عمران :٥٢) . ".

**واتە: لە ابن عباسەوە** رضي الله عنهما**: " پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوو رکعاتی سوننەتی بەیانیدا: لە رکعاتی یەکەمدا ئەم ئایەتەی دەخوێند: { قُولُوا آمَنَّا بِاللهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا} ، وە لە رکعاتی دووەمدا ئەم ئایەتەی دەخوێند: { آمَنَّا بِاللهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ}** [آل عمران :٥٢]".

وفي رواية :" **كان رسول اللهِ ﷺ يقرأ في ركعتي الفجرِ: { قُولُوا آمَنَّا بِاللهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا}** (البقرة – ١٣٦) .. والتي في آل عمران : **{ آمَنَّا بِاللهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ}** (آل عمران :٥٢) . ".

كان رسول الله صلى الله عليه و سلم يقرأ في ركعتي الفجر : {قولوا آمنا بالله وما أنزل إلينا} (البقرة : ١٣٦)، والتي في آل عمران : { تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ } (آل عمران : ٦٤)" [١]

وه له ریوایه‌تێکی تردا هاتووه که پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ له دوو رکعاتی سوننه‌تی به‌یانیدا ئایه‌تی: {قولوا آمنا بالله وما أنزل إلينا} [البقرة : ١٣٦]، و ئایه‌تی : والتي في آل عمران : { تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ } [آل عمران : ٦٤]" خوێندووه[٢]

---

(١) **حديث صحيح** .أخرجه مسلم في الموضع السابق (حديث رقم ٧٢٧).

**فائدة** : في حديث ابن عباس : جواز الاكتفاء بالآية في الركعة ، وجواز القراءة من وسط السورة ، وجواز أن تسمى السورة دون ذكر لفظ (سورة)، فيقال : الآية التي في البقرة ، أو التي في النساء... وهكذا .

(٢) **حديث صحيح** .أخرجه مسلم في الموضع السابق (حديث رقم ٧٢٧).

*** سوودێك: له فه‌رمووده‌كه‌ى ابن عباسه‌وه چه‌ند سوودێك وه‌رده‌گرين وه‌كو: دروسته له ركعاتێكدا ته‌نها يه‌ك ئايه‌ت بخوێنرێت, وه دروسته له ناوه‌ڕاستى سوره‌ته‌كه‌وه بخوێنرێت, وه دروسته ناوى سوره‌تێك بهێنێت به‌بێ ووتنى وشه‌ى (سوره‌ت), ده‌وترێت: ئه‌و ئايه‌ته‌ى له به‌قه‌ره‌دايه, يان ئه‌و ئايه‌ته‌ى له نيسائدايه... به‌و شێوه‌يه.**

واتە: ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن لەسەر سوننەتێتی خوێندنی هەردوو سورەتی {قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ} لە ڕکاتی یەکەمدا ، و سورەتی {قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ} لە ڕکاتی دووەمدا لە سوننەتی بەیانیدا، بەهەمان شێوە بەڵگەشە بۆ سوننەتێتی خوێندنی ئەو دوو ئایەتەی کە ئاماژەیان بۆ کرا لە سورەتی بەقەرە و ئالی عیمران .

جا بۆیە موسڵمان وا باشترە هەندێك جار ئەم ئایەتانە بخوێنێت و هەندێك جاریش ئەو دوو سورەتە کورتەی کەباسکرا بۆ جێبەجێکردنی سوننەتەکە.[١]

---

(١) لابن القيم في "زاد المعاد" (١/٣١٦- ٣١٨) تقرير بديع في حكمة قراءة سورتي الإخلاص في راتبة الفجر؛ فانظره .

## پێنجەم: ڕاکشان لە پاش ئەنجامدانی سوننەتەکە:

**سوننەتە بۆ موسڵمان کە ئەو دوو رکعاتە سوننەتە لەماڵەوە دەکات کەمێك ڕابکشێت بەلای ڕاستیدا، ئەوەش لەبەر ئەو فەرموودانەی هاتوون وەك:**

**أ) عن أبي هريرة ؛ قال رسول الله صلى الله عليه و سلم :" إذا صلَّى أحدُكم ركعتَي الفجرِ ، فلْيضطجِعْ على شقه الأيمنِ ".** أخرجه الترمذي.[1]

**واتە: لە ئەبوهورەیرەوە دەڵێت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ئەگەر یەکێك لە ئێوە دوو رکعاتی سوننەتی بەیانی کرد با کەمێك بەلای ڕاستیدا ڕابکشێت".**

---

(١) **حديث صحيح .**

أخرجه الترمذي في (كتاب الصلاة ، باب ما جاء في الاضطجاع بعد ركعتي الفجر، حديث رقم ٤٢٠) ، وقال :"حديث حسن غريب من هذا الوجه" ، وأخرجه أبو داود في (كتاب الصلاة، باب الاضطجاع بعدها، حديث رقم ١٢٦١) ، وصححه ابن خزيمة (١١٢٠) ، وابن حبان (٦١٢–موارد ، ٢٢٠/٦، حديث رقم ٢٤٦٨– الإحسان)، وصححه النووي في "شرح مسلم" (١٩/٦) وفي "رياض الصالحين" ، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" ، والأرنؤوط في تحقيقه لـ "الإحسان".

**ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر مەشروعیەتی ڕاكشان لە دوای ئەنجامدانی سوننەتی بەیانی، وە دەلالەتی ئەوەشی تێدایە كە واجب بێت چونكە ئەوە فەرمانی پێغەمبەرە ﷺ [1]، بەڵام ئەم فەرموودەیەی كە دێت دواتر لە واجبەوە دەیگۆڕێت بۆ سوننەت:**

**ب) عن عائشة :" أن النبي صلى الله عليه و سلم كان إذا صلى سنة الفجر ، فإن كنت مستيقظة ؛ حدثني ، و إلا ؛ اضطجع حتى يؤذن بالصلاة".** أخرجه البخاري[2].

**واتە: لە عائیشەوە: " پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك كە دوو ركعاتی سوننەتی بەیانی دەكرد، ئەگەر من بەخەبەر بوومایە ئەوا قسەی بۆ دەكردم و ئەگەرنا، ئەوا ڕادەكشا هەتا قامەت دەكرا بۆ نوێژ".**

---

(١) وقال به : ابن حزم في "المحلى" (٣/١٩٦)، والشوكاني في "نيل الأوطار" (٣/٢٩).

(٢) **حديث صحيح.**

أخرجه البخاري في (كتاب التهجد ، باب من تحدث بعد الركعتين ولم يضطجع ، حديث رقم (١١٦١).

ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێك جار بەلای ڕاستدا ڕانەدەکشا لەدوای ئەنجامدانی سوننەتی بەیانیەوە، جا ئەگەر واجب بووایە ئەوا وازی لێ نەدەهێنا.

وە بانگەشەی ئەوەش بکرێ کە ئەوە تایبەتە بە پێغەمبەرەوە ﷺ یان جگە لەو بانگەشەیە ئەوا بەبەڵگە نەبێت جێگیرنابێت و ناسەلمێنرێت، چونکە لە بنچینەدا بۆ گشتیە، وە هەروەها کردەوەکردن بە هەموو ئەوانەی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتوون لە پێشترە لەوەی کردەوە بەهەندێك بکرێت و واز لە هەندێك بهێنرێت.

فەرموودەکەش بەڵگەیە لەسەر مەشروعیەتی ڕاکشان بەلای ڕاستدا.

جا ئایا ئەو کارە لەماڵەوە دەکرێت یان لە مزگەوتدا؟

فەرموودەکەی ئەبوهورەیرە ڕەهایە، ، ئەگەر سوننەتەکە لە مزگەوت بکرێت ئەوا لە مزگەوت ڕادەکشێت، وەئەگەریش لە ماڵ بکرێ ئەوا

لەماڵەوە ڕادەکشێت، بەڵام لە پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانەوە رضي الله عنهم ئەوە نەهاتووە کە ئەو کارەیان کردبێت[١].

## شەشەم: ئەوەی ئەو دوو رکعاتەی لەدەست بچێت:

ڕێگەدراوە بۆ کەسێك کە سوننەتی بەیانی لەدەست دەچێت بەوەی کە دوای ئەنجامدانی نوێژی بەیانی ئەو دوو ڕکعات سوننەتە بکاتەوە ڕاستەوخۆ یاخود دوای هەڵهاتنی خۆر، وە باشتر وایە دوای هەڵهاتنی خۆر بیکاتەوە.

---

(١) **پێشەوا ئەلبانی دەڵێت:** " بەڵام نازانین کە یەکێك لە هاوەڵان ئەو کارەی کردبێت – ڕاکشان دوای سوننەت – لە مزگەوت, بەڵکو هەندێکیان ئینکاریان کردووە, جا بۆیە تەنها ڕاکشان لە ماڵەوە دەمێنێتەوە هەروەکو چۆن ئەوە سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ ". "صلاة التراويح" (ص ٩٠).

**منیش دەڵێم** (نوسەر): کار بەو شێوازەیە کە پێشەوا ئەلبانی دەیڵێت خوا بیپارێزێت, بەهەمان شێوە ئەگەر سوننەتی بەیانی لەدەست چوو ئەوا دوای ئەنجامدانی نوێژی بەیانی دەیکات, وە ڕاناکشێت بەلای ڕاستیدا لەبەر ئەوەی نەهاتووە, چونکە ئەوە تێدەگەین لە فەرموودەکەی ئەبوهورەیرەوە کە ڕاکشان بەلای ڕاستدا دوای سوننەتی بەیانی و پێش نوێژی فەرزی بەیانی دەبێت, نەوەك بەڕەهایی. والله أعلم.

**عن أبي هريرة رضي الله عنه : قال رسول الله صلى الله عليه و سلم :" من لم يصل ركعتي الفجر ؛ فليصلهما بعد ما تطلع الشمس"**. أخرجه الترمذي.[1]

**واتە: لە ئەبوهورەیرەوە ﵁: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " ئەوەی دوو رکعاتی سوننەتی بەیانی نەکرد، با دوای هەڵهاتنی خۆر بیانکاتەوە".**

**منیش دەڵێم:** رووکەشی فەرموودەکە ئەوەی تێدایە کە واجبە کەسێك ئەو سوننەتەی لەدەست بچێت ئەوا لە پاش هەڵهاتنی خۆر بیانکاتەوە، بەڵام ئەم واجبێتیە دەگۆڕێت بۆ سوننەت بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە:

**عن قيس بن قهد** (بالقاف المفتوحة وسكون فدال مهملة)[2] **رضي الله عنه ؛ أنه صلى مع رسول الله صلى الله عليه و سلم الصبح ، ولم يكن ركع ركعتي**

---

(١) **حديث صحيح .**

أخرجه الترمذي في (كتاب الصلاة، باب ما جاء في إعادتهما بعد طلوع الشمس ، حديث رقم ٤٢٤) ، وصححه الحاكم (١/٢٧٤)، وابن خزيمة (١١١٧) ، وابن حبان (٤/٢٢٤، حديث رقم ٢٤٧٢- الإحسان)، وصححه محققه ، وصححه الألباني في " صحيح سنن الترمذي" (١/١٣٣).

(٢) انظر :" المغني في ضبط أسماء الرجال" (ص٢٠٦).

**الفجر ، فلما سلم رسول الله صلى الله عليه و سلم؛ سلم معه ، ثم قام فركع ركعتي الفجر ، ورسول الله صلى الله عليه وسلم ينظر إليه ، فلم ينكر ذلك عليه** ". أخرجه الترمذي وابن حبان.[1]

**واته: له قەیسی کوڕی قەهدەوه ﵁ كه ئەم هاوەڵه بەڕێزه لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ نوێژی بەیانی كردووه و بەبێ ئەوەی سوننەتەكەی كردبێت، جا كاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ سەلام دەداتەوه ئەمیش لەگەڵیدا سەلام دەداتەوه و پاشان هەڵدەسێت دوو ركعاته سوننەتەكەی بەیانی**

---

(١) **حديث حسن لغيره .**

أخرجه الترمذي في (كتاب الصلاة ، باب ما جاء فيمن تفوته الركعتان قبل الفجر يصليهما بعد صلاة الصبح، حديث رقم ٤٢٢، ١/٣٢٤-تحفة) ، و أبو داود في (كتاب الصلاة ، باب من فاتته حتى يقضيها ، حديث رقم ١٢٦٧) ، وصححه الحاكم (١/٢٧٤) ، وابن خزيمة (١١١٦) ، وابن حبان (٦٢٤-موارد) ، (٤/٢٢٢، حديث رقم ٢٤٧١- الإحسان) ، والحديث صححه العلامة أحمد شاكر في تحقيقه لـ "سنن الترمذي" (٢/٢٨٦) ، والألباني في "صحيح سنن الترمذي " (١/١٣٣).

* **سوودێك: له فەرمووده‌كەدا دروستێتی قەزاكردنەوەی تێدایە تەنانەت لەو كاتانەی كه نەهی لەسەره نوێژی تێدا بكرێت.**

دەکات و لەوکاتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ تەماشای دەکات و ئینکاری لێ ناکات.

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر دروستێتی بەقەزا دانەوەی سوننەتی بەیانی لەپاش ئەنجامدانی فەرزەکە بۆ کەسێك کە سوننەتەکەی نەکردبێت.

# (٢-٢-٢) سوننەتی نوێژی نیوەڕۆ

ئەم بابەتانەی خوارەوە پەیوەندیان بەم سوننەتەوە هەیە:

یەکەم: حوکمەکەی .

دووەم: شێواز و فەزڵەکەی.

سێیەم: ئەوەی چوار رکعاتەکەی پێش نیوەڕۆی لەدەست چوو

چوارەم: ئەوەی دوو رکعاتی پاش نیوەڕۆی لەدەست بچێت.

## یه‌كه‌م: حوكمه‌كه‌ی:

سوننه‌تی نیوه‌ڕۆ له‌و سوننه‌تانه‌یه كه پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ به‌رده‌وام بووه له‌سه‌ری به كردار و گوفتار.

به‌ڵام به‌ڵگه نه‌هاتووه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه واجب بێت.

## دووه‌م: شێواز و فه‌زڵه‌كه‌ی:

سوننه‌تی نیوه‌ڕۆ: یان ئه‌وه‌تا چوار ركعات پێش نیوه‌ڕۆ بكات و چوار ركعاتیش له پاش نیوه‌ڕۆ، یان چوار ركعات پێش نیوه‌ڕۆ و دوانیش له پاشیه‌وه، یان دوو ركعات پێش نیوه‌ڕۆ و دوانیش له پاشیه‌وه، هه‌ركام له‌وانه موسڵمان ئه‌نجامی بدات به‌نیه‌تی سوننه‌تی نیوه‌ڕۆوه ئه‌وا له‌سه‌ری ده‌كه‌وێت و ئه‌و سوننه‌ته‌ی ئه‌نجام داوه.

به‌ڵگه‌ش له‌سه‌ر مه‌شروعیه‌تی ئه‌و شێوازانه ئه‌م فه‌رموودانه‌ی خواره‌وه‌یه:

**أ) عن أم حبيبة ، قالت : سمعت رسول الله صلى الله عليه و سلم يقول : " من حافظ على أربع ركعات قبل الظهر وأربع بعدها ، حرمه الله على النار"** . أخرجه الترمذي وابن ماجه[1]

**واته: له‌ ئوم حه‌بیبه‌وه‌ ده‌ڵێت: بیستم له‌ پێغه‌مبه‌ری خواوه‌ ﷺ كه‌ ده‌یفه‌رموو: " هه‌ركه‌سێك پارێزگاری بكات له‌ چوار ركعات پێش نیوه‌ڕۆ و چوار ركعاتیش له‌ پاشیه‌وه‌ ئه‌وا خوای گه‌وره‌ حه‌رامی ده‌كات له‌سه‌ر ئاگر كه‌ بیسوتێنێت.**

---

(1) **حديث صحيح .**

أخرجه الترمذي في (كتاب الصلاة ، باب منه آخر حديث رقم ٤٢٨)، وقال : "حديث حسن صحيح غريب من هذا الوجه"، وأخرجه ابن ماجه في (كتاب الصلاة والسنة فيها ، باب ما جاء فيمن صلى قبل الظهر أربعاً وبعدها أربعاً ، حديث رقم ١١٦٠) ؛ بلفظ :" من صلى قبل الظهر ... " ، وأخرجه أبو داود في (كتاب الصلاة ، باب الأربع قبل الظهر وبعدها ، حديث رقم ١٢٦٩) ، والنسائي في (كتاب قيام الليل وتطوع النهار، باب ثواب من صلى في اليوم والليلة ثنتي عشرة ركعة سوى المكتوبة وذكر اختلاف الناقلين فيه لخبر أم حبيبة في ذلك والاختلاف على عطاء ، ٣/٢٦٥).

والحديث صححه الألباني في "صحيح سنن ابن ماجه" (١/١٩١)، وصححه محقق "جامع الأصول " (٦/٢٤).

= وانظر حديثاً آخر في فضل هذه الركعات في " السلسلة الصحيحة " (حديث رقم ١٤٣١).

**ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر سوننەتێتی چوار رکعات پێش نیوەڕۆ و چواریش لە پاشیەوە و بەردەوام بوون لەسەری.**

**ب) عن عبد الله بن شقيق ؛ قال: سألت عائشة عن صلاة رسول الله صلى الله عليه و سلم عن تطوعه ؟ فقالت : كان يصلي في بيتي قبل الظهر أربعاً ، ثم يخرج فيصلي بالناس ، ثم يدخل فيصلي ركعتين، وكان يصلي بالناس المغرب ، ثم يدخل فيصلي ركعتين ، ويصلي بالناس العشاء ، ويدخل بيتي فيصلي ركعتين ، وكان يصلي من الليل تسع ركعات فيهن الوتر ، وكان يصلي ليلاً طويلاً قائماً وليلاً طويلاً قاعداً ، وكان إذا قرأ وهو قائم؛ ركع وسجد وهو قائم ، و إذا قرأ قاعداً ؛ ركع وسجد وهو قاعد ، وكان إذا طلع الفجر ؛ صلى ركعتين"**. أخرجه مسلم.[1]

---

(1) **حديث صحيح .**

أخرجه مسلم في (كتاب صلاة المسافرين وقصرها ، باب جواز النافلة قائماً وقاعداً وفعل بعض الركعة قائماً وبعضها قاعداً ، حديث رقم ٧٣٠).

واتە: لە عبداللە ی کوڕی شەقیقەوە، دەڵێت: پرسیارم لە عائیشە کرد سەبارەت بە نوێژ و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ؟ ئەویش ووتی: لە ماڵی مندا پێش نیوەڕۆ چوار رکعاتی دەکرد، پاشان دەردەچوو نوێژی بۆ خەڵکی دەکرد، پاشان دەگەڕایەوە دەهاتە ژوورەوە دوو رکعاتی دەکرد، وە نوێژی مەغریبی بە خەڵکی دەکرد، پاشان دەگەڕایەوە و دەهاتە ژوورەوە دوو رکعاتی دەکرد، وە نوێژی عیشای بەخەڵکی دەکرد، و دەهاتە ماڵی من و دوو رکعاتی دەکرد، وە شەویش نۆ رکعات نوێژی دەکرد بە ویتـــرەوە، وە جاری وا هەبوو شەوێکی درێژ بە وەستانەوە نوێژی دەکرد و جاری واش هەبوو شەوێکی درێژ بە دانیشتنەوە نوێژی دەکرد، وە ئەو هەرکاتێك بە وەستانەوە قورئانەکەی بخوێندایە ئەوا هەر بەپێوە رکوع و سوجدەی دەبرد، وە ئەگەریش بەدانیشتنەوە قورئانەکەی بخوێندایە ئەوا بە دانیشتنیشەوە رکوع و سوجدەکەی دەبرد، وە ئەگەریش فەجر دەربکەوتایە دوو رکعاتی دەکرد.

**منیش دەڵێم: فەرموودەكە بەڵگەیە لەسەر دروستێتی چوار ركعات پێش نیوەڕۆ و دووانیش لە پاشیەوە.**

**لە رووكەشدا وا دیارە كە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو چوار ركعاتەی پێكەوە كردووە بە دوو تەحیات و بەبێ سەلامدانەوە، وەكو نوێژی چوار ركعاتی، بۆیە ئەمە دەبێتە تایبەت لە گشتێتی ئەو فەرموودەیەی كە دەڵێت: "صلاة الليل والنهار مثنى مثنى" [١]. واتە: نوێژی شەو ورۆژ دوو دووە.**

**أبو عیسى الترمذي دەڵێت: " كاركردن بەمە پەسەندە بەلای زۆرێك لە ئەهلی عیلمەوە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ و لەپاش ئەوانیش، ئەوە هەڵدەبژێرن كە موسڵمان چوار ركعات بكات پێش نیوەڕۆ، وە ئەوە ووتەی**

---

(١) **حديث صحيح ، عن ابن عمر**

أخرجه النسائي في (كتاب قيام الليل وتطوع النهار ، باب كيف صلاة الليل، ٢٢٧/٣)، وقال النسائي :"هذا الحديث عندي خطأ" . أهـ – يعني : بزيادة لفظة : "النهار"–، وأخرجه ابن ماجه في (كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها ، باب ما جاء في صلاة الليل والنهار مثنى مثنى ، حديث رقم ١٣٢٢).

والحديث صححه الألباني في "صحيح سنن ابن ماجه" (٢٢١/١) ، و "صحيح سنن النسائي" (٣٦٦/١).

سوفیانی سەوری وابن المبارك و إسحاق و ئەهلی کوفەیە، وە هەندێکی تریان ووتویانە: نوێژی شەو ورۆژ دوو دووە، وای دەبینن دوو رکعات بەجیا بکرێت، ئەوەش ووتەی شافعی و ئەحمەدە". "سنن الترمذي" (٢٨٩/٢-٢٩٠).

ج) پێشتر لەباسی سوننەتی رەواتبدا باسی فەرموودەکەی ئوم حەبیبە کرا کەوا وتوویەتی: لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە کە فەرموویەتی: " هیچ بەندەیەکی موسڵمان نیە کە هەموو رۆژێك دوازدە رکعاتی سوننەت نەك فەرز نوێژ بۆ خوا بکات ئیلا خوای گەورە ماڵێکی بۆ بونیاد دەنێت لە بەهەشتدا ( یان ماڵێکی لە بەهەشتدا بۆ بونیاد دەنرێت)".

د) وە فەرموودەکەی عائیشەش رضي الله عنها پێشتر باسی لێوەکرا کەوا وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ چوار رکعاتی پێش نیوەڕۆی واز لێ نەدەهێناو هەمیشە دەیکردن".

**هـ) بەهەمان شێوە فەرموودەکەی ابن عمر رضي الله عنهما کە دەڵێت: " دە رکعاتم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەرگرتووە و پارێزگاریان لێ دەکەم هەمیشە ئەوانیش: دوو رکعات پێش نیوەڕۆ، دوو رکعات لە پاشیەوە ....".**

## سێ یەم: ئەوەی چوار رکعاتی پێش نیوەڕۆی لەدەست بچێت:

**لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتووە کە ئەگەر چوار رکعاتی پێش نیوەڕۆی نەکردایە ولەدەستی بچوایە، ئەوا لە پاش نیوەڕۆ دەیکردنەوە.**

**لە عائیشەوە دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر چوار رکعاتی پێش نیوەڕۆی نەکردایە ئەوا لە پاش نیوەڕۆ دەیکردنەوە".** أخرجه الترمذي وابن ماجه.[1]

---

(١) **حديث حسن .**

أخرجه الترمذي في (كتاب الصلاة باب منه آخر ، حديث رقم ٤٢٦، ١/٣٢٧-تحفة) ، وقال :" حسن غريب"، واللفظ له ، وأخرجه ابن ماجه في (كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها ، باب من فاتته الأربع قبل الظهر، حديث رقم ١١٥٨) بلفظ : " إذا فاتته الأربع قبل الظهر ؛ صلاهن بعد الركعتين بعد الظهر"، وهذا اللفظ منكر، والمعروف باللفظ الذي أثبته ، كما حققه الألباني في "تمام المنة" (صلى

ئه‌م فه‌رمووده‌یه‌ش به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌ی تێدایه‌ كه‌ هه‌ركه‌سێك چوار ركعاتی پێش نیوه‌ڕۆی له‌ده‌ست بچێت ئه‌وا ده‌توانێت به‌ ڕه‌هایی له‌دوای نوێژی نیوه‌ڕۆ بیانكاته‌وه.[1]

## چواره‌م: ئه‌وه‌ی دوو ركعاتی پاش نیـوه‌ڕۆی له‌ده‌ست بچێـــت:

عن كريب مولى ابن عباس وعبد الرحمن بن أزهر والمسور بن مخرمة أرسلوه إلى عائشة زوج النبي صلى الله عليه و سلم ، فقالوا : اقرأ عليها السلام منا جميعاً ، وسلها عن الركعتين بعد [صلاة] العصر ، وقل : إنا أخبرنا أنك تصلينهما ، وقد بلغنا أن رسول الله صلى الله عليه و سلم نهى عنهما (قال ابن عباس : وكنت أضرب مع عمر بن الخطاب الناس عليها)؟

---

الله عليه و سلم٢٤١). والحديث باللفظ الذي أوردته صححه الألباني في "صحيح سنن الترمذي" (١٣٤/١) ، وضعفه في ضعيف ابن ماجه بالرواية المنكرة .

(١) ئه‌مه‌ له‌كاتێكدا ئه‌گه‌ر ئه‌و ریوایه‌ته‌ صحیح بێت كه‌ به‌م له‌فزه‌ هاتووه‌ :"... صلاهن بعد الركعتين بعد الظهر" ؛ ئه‌مه‌ش ڕێگه‌پێدراوه‌, به‌ڵام ئه‌وه‌ی ده‌رده‌كه‌وێت له‌مه‌وه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ مونكه‌ره‌, هه‌ربۆیه‌ له‌دوای نوێژی نیوه‌ڕۆ ده‌توانێت بیانكاته‌وه‌ به‌ڕه‌هایی وه‌كو شیخ ئـه‌لبانی لـه‌ "تمام المنة" (ص٢٤١) وتوویه‌تی.

**قال كريب : فدخلت عليها وبلغتها ما أرسلوني به ، فقالت : سل أم سلمة . فخرجت إليهم ، فأخبرتهم بقولها ، فردوني إلى أم سلمة بمثل ما أرسلوني به إلى عائشة ، فقالت أم سلمة: سمعت رسول الله صلى الله عليه و سلم ينهى عنهما ، ثم رأيته يصليهما ، أما حين صلاهما ؛ فإنه صلى العصر ، ثم دخل وعندي نسوة من بني حرام من الأنصار ، فصلاهما فأرسلت إليه الجارية ، فقلت : قومي بجنبه ، فقولي له : تقول أم سلمة : يا رسول الله صلى الله عليه و سلم ! إني أسمعك تنهى عن هاتين الركعتين ، وأراك تصليهما " فإن أشار بيده ؛ فاستأخري عنه. قال: ففعلت الجارية ، فأشار بيده ، فاستأخرت عنه ، فلما انصرف؛ قال :"يا بنت أبي أمية ! سألت عن الركعتين بعد العصر؟ إنه أتاني ناس من عبد القيس بالإسلام من قومهم ، فشغلوني عن الركعتين اللتين بعد الظهر ، فهما هاتان ".** أخرجه الشيخان.[١]

---

(١) **حديث صحيح .**

أخرجه البخاري في (كتاب السهو ، باب إذا كلم وهو يصلي فأشار بيده واستمع، حديث رقم ١٢٣٣) والزيادة له ، وأخرجه في (كتاب المغازي ، باب وفد عن القيس ، حديث رقم ٤٣٧٠) ،

واتە: لە کورەیبی (مولى ) بەندەی ئازادکراوی ابن عباسەوە و عبدالرحمنی کوڕی ئەزهەر و میسوەری کوڕی مەخرەمەوە کە کورەیبیان ناردووە بۆ لای عائیشەی خێزانی پێغەمبەری خوا ﷺ و پێیان ووت: سەلامی ئێمەی پێ بگەیەنەو پرسیاری دوو رکعاتی دوای عەصری لێ بکە و بڵێ: ئێمە هەواڵمان پێ گەیشتووە کە تۆ ئەو دوو رکعاتە دەکەیت، لەکاتێکدا پێمان گەیشتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێ کردووە، (ابن عباس دەڵێت: من لەگەڵ عومەردا لەخەڵکمان دەدا لەسەری) کورەیب دەڵێت: منیش چوومە ژورەوە بۆ لای و ئەوەی بە منیان وتبوو پێم ڕاگەیاند، ئەویش ووتی: پرسیار لە ئوم سەلەمە بکە، منیش چوومەوە بۆ

---

وأخرجه مسلم في (كتاب صلاة المسافرين وقصرها ، باب معرفة الركعتين اللتين كان يصليهما النبي صلى الله عليه و سلم بعد العصر، حديث رقم ٨٣٤) واللفظ له .

وأخرجه الطحاوي في "شرح معاني الآثار" (٣٠٦/١) بزيادة عن أم سلمة ؛ أنها قالت للرسول : أفنقضيهما إذا فاتتا؟ قال : "لا" وهذه الزيادة معلولة ؛ لأن الحفاظ رووا هذا الحديث بدونها ، وثبت عن السيدة عائشة أنها كانت تصليهما كما في الحديث نفسه ، فلو كانت هذه الزيادة ثابتة ؛ لعلمتها ، وهي التي أرسلت كريباً إلى أم سلمة ، ومن أجل هذه الزيادة أورد الألباني هذه الرواية في (سلسلة الأحاديث الضعيفة ، حديث رقم ٩٤٦)، حاكماً بنكارتها .

لایان و قسەکەی عائیشەم پێ ووتن و ئەوانیش منیان نارد بۆ لای ئوم سەلەمە بۆ هەمان مەبەست، ئوم سەلەمەیش ووتی: بیستم لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە نەهی لەو دوو رکعاتە کرد و پاشان بینیم کە ئەنجامی دان، بەڵام کاتێك کردی نوێژی عەصری کردبوو، پاشان هاتە ژوررەوە بۆ لای من کە لەوکاتەدا کۆمەڵێك ئافرەتی بەنی حرام لە ئەنصار لای من بوون، ئەوەبوو دوو رکعاتەکەی کرد و منیش جاریەکەم نارد بۆ لای و پێم ووت: لەتەنیشتی بووەستە وپێی بڵێ: ئوم سەلەمە دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من لەخۆتم بیستووە کە نەهیت لەو دوورکعاتە کردووە و کەچی وا ئێستا دەبینم دەیانکەیت؟ ئەگەر بەدەستی ئاماژەی کرد ئەوا تۆزێك بوەستە چاوەڕێ بکە، جاریەکەش رۆیشت و پرسیارەکەی کرد و ئەویش بەدەستی ئاماژەیەکی کردو ئەویش چاوەڕێی کرد هەتا لێ بوویەوە، ئەوجا فەرمووی:" ئەی کچی بەنی ئومەیە! دەربارەی ئەو دوو رکعاتە پرسیار دەکەیت کە پاش نوێژی عەصر کردم؟ ئەوە کۆمەڵێك خەڵکی هۆزی عبدالقیس هاتن بۆ لام بۆ موسڵمان بوونی هەندێك لە

قەومەکەیان، بۆیە سەرقاڵیان کردم لەوەی لە کاتی خۆیدا بیکەم، ئەم دوو رکعاتە ئەو دوو رکعاتە بوو".

**منیش دەڵێم:** فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر دروستێتی قەزا کردنەوەی سوننەتی دوای نیوەڕۆ ئەگەر لەکاتی خۆیدا نەکران.

**ئەگەر ووترا:** لە فەرموودەکە هاتووە کە ئوم سەلەمە دەڵێت: " ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ! لەخۆتم بیستووە کە نەهیت لێ کردووە کەچی وا دەبینم ئەو دوو رکعاتە دەکەیت" ئەمەش نەهی دەگەیەنێت لەو دوو رکعاتە.

**وەڵام:** ئەوەی دیارە لە فەرموودەکەدا ئەوەیە کە نەهیەکە لەو دوو رکعاتەی دوای عەصر بۆ کەسێکە کە لەسەری بەردەوام بێت و وا گومان ببات کە سوننەتە[1]، ئایا نابینی لە هەمان فەرموودەدا هاتووە کە دایکە

---

(١) بەردەوام بوونی پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر ئەنجامدانی ئەو دوو رکعاتە ئەوە لە تایبەتمەندی پێغەمبەرە ﷺ , چونکە دایکە عائیشە دەڵێت: " ...... پێغەمبەری خوا ﷺ

**عائیشە ئەو دوو ركعاتەی كردووە،" سەلامی ئێمەی پێ بگەیەنەو پرسیاری دوو ركعاتی دوای عەصری لێ بكە و بڵێ: ئێمە هەواڵمان پێ گەیشتووە كە تۆ ئەو دوو ركعاتە دەكەیت... ئەویش دەینێرێت بۆ لای ئوم سەلەمە" جا ئەگەر بەڕەهایی نەهی لێ كرابێت ئەوا دایكە عائیشە ئەو دوو ركعاتەی نەدەكرد.** واللە أعلم .

**شیكردنەوەیەكی تریش بۆ ئەم باسە هەیە، ئەویش بریتیە لەوەی كە نەهیەكە لەو دوو ركعاتەی دوای عەصر بۆ كەسێكە كە هەستێت بە كردنی ئەو نوێژەو خۆریش لە ئاسمان نەبێت بەدرەوشاوەیی، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی كردووە لەوەی لە دوای عەصرەوە نوێژ بكرێت مەگەر خۆر بەرزبێت، هەربۆیە كاتێك كە پێغەمبەری خوا ﷺ وەڵامی ئوم سەلەمە دەداتەوە ئەوەشی بۆ ڕوون دەكاتەوە كە هۆكاری كردنی ئەو دوو ركعاتە (لەم كاتەدا) بەهۆی سەرقاڵیەوە بووە (لە دوای نیوەڕۆدا) و ئەو**

---

**ئەگەر نوێژێكی بكردایە ئەوا لەسەری بەردەوام دەبوو".** أخرجه مسلم في (كتاب صلاة المسافرين وقصرها ، باب معرفة الركعتين اللتين كان يصليهما النبي بعد العصر ، حديث رقم ٨٣٥).

دوو رکعاتەش دوو رکعاتەکەی دوای نیوەڕۆیە، وە فەرموودەکەش بەڵگەی تێدایە لەسەر قەزاکردنەوەی سوننەتی دوای نیوەڕۆ بۆ کاتی نەهیش.

وە ریوایەت بە صحیحی هاتووە کە ئاماژە بۆ ئەمە دەکات، وەکو ئەوەی ابن عباس کە دەڵێت: " من لەگەڵ عومەری کوڕی خەتتابدا لەخەڵکمان دەدا لەسەری". واتە: عومەر نەهی کردووە لە خەڵکی وڕێگری لێ کردوون لەوەی کە لەپاش عەصرەوە نوێژ بکەن بەڕەهایی، وە واش دیارە کە ئەم هەواڵە بە دایکە عائیشە گەیشتووە و ئەویش ووتویەتی: " عومەر وەهمی کردووە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی کەسێك بەئەنقەست بگەڕێت بەدوای خۆرهەڵاتن و ئاوابووندا تا نوێژ بکرێت".

لە ریوایەتێکی تردا هەر لە دایکە عائیشەوە هاتووە کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز دوو ڕکعاتەکەی دوای عەصری واز لێ نەهێناوە، وە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لَا تَتَحَرُّوا طُلُوعَ الشَّمْسِ وَلَا غُرُوبَهَا فَتُصَلُّوا عِنْدَ ذَلِكَ). رَوَاهُ مُسْلِمٌ[1].واتە: مەگەڕێن بەدوای

(1) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب لا تتحروا بصلاتكم

**کاتی خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابووندا تا لەو کاتەدا نوێژ بکەن.**

**ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نوێژکردن لەکاتی خۆرئاوابووندا نەهی لەسەرە، وە قسەکەش ئەوەی تێدایە کە نوێژکردن لەدوای عەصرەوە لەکاتێکدا خۆر بەرز ودرەوشاوەبێت ئەوا ناچێتە ژێر ئەم نەهیەوە، وە ئەم بۆچوونەش وەکو خۆی لە ریوایەتدا هاتووە لە فەرموودەکەی عەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە بە مەرفوعی کە دەڵێت: «نَهَى عَنِ الصَّلَاةِ بَعْدَ العَصْرِ؛ إِلَّا وَالشَّمْسُ مُرْتَفِعَةٌ».** أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ، وَالنَّسَائِيُّ، وَفِي رِوَايَةٍ لِأَحْمَدَ: **«لَا تُصَلُّوا بَعْدَ العَصْرِ؛ إِلَّا أَنْ تُصَلُّوا وَالشَّمْسُ مُرْتَفِعَةٌ»[1].**

---

طلوع الشمس ولا غروبَها، حديث رقم (٨٣٣).

([1]) **حديث صحيح**: أخرجه أحمد فِي (المسند) (١/١٣٠)، وأبو داود فِي كتاب الصلاة، باب من رخص فيهما إذا كانت الشمس مرتفعة، حديث رقم (١٢٧٤)، واللفظ له، وأخرجه النسائي فِي كتاب المواقيت، باب الرخصة فِي الصلاة بعد العصر (٢/٢٨٠).

والحديث توسع فِي تخريجه والكلام على فقهه العلامة الألباني فِي (سلسلة الأحاديث الصحيحة) حديث رقم (٢٠٠)، وأورد ما يشبه له عن أنس تحت رقم (٣١٤)، وليُنظر للاستزادة: (المحلى) (٢/٢٦٤-٢٧٥).

**تنبيه:** وقع خطأ فِي (السلسلة) عند الإحالة إلَى رقم الشاهد: (٣٠٨)، وصوابه: (٣١٤).

واتە: نەهی کردووە لەوەی لە دوای عەصرەوە نوێژ بکرێت مەگەر خۆر بەرز ودرەوشاوە بێت. لە ریوایەتی ئەحمەددا بەم شێوەیە هاتووە: " لە دوای عەصرەوە نوێژ مەکەن مەگەر خۆر بەرز و درەوشاوە بێت".

# ( ٣-٢-٢ ) سوننەتی نوێژی عەصر

ئەم بابەتانەی خوارەوە پەیوەندیان بەم سوننەتەوە هەیە:

یەکەم: حوکمەکەی.

دووەم: فەزڵەکەی.

سێیەم: سیفەت و شێوازەکەی.

## یەکەم: حوکمەکەی:

سوننەتی عەصر لە سوننەتە ڕەواتبەکانە[١]، کە پێغەمبەری خوا ﷺ هانی موسڵمانانی داوە لەسەر ئەنجام دانی وەکو چۆن خۆی ئەنجامی داوە، بۆیە بەردەوام بوون لەسەری لە کارە سوننەت و چاکەکانە.

## دووەم: فەزڵــەکەی:

سەبارەت بە فەزڵی سوننەتی عەصر ئەم فەرموودەیەی خوارەوە هاتووە:

عَنِ ابْنِ عُمَرَ؛ قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «رَحِمَ اللهُ امْرَأً صَلَّى قَبْلَ العَصْرِ

---

(١) دانانی ئەم سوننەتە لە سوننەتە ڕەواتبەکان ڕای پەسەند و قبوڵکراوە, وە ئەم بۆچوونەش هەڵبژاردەی أَبِي الخطاب الكلوذانِي" وەکو هاتووە لە (المغني) لابن قدامة (٢/١٢٥)، کە ئەمە یەکێکە لەو بابەتانەی کە ابی خەتتاب بە جیاو تەنها باسی کردووە وەکو هاتووە لە, (ذيل طبقات الحنابلة) (١/١٢٠).

ونقل فيها مجد الدين أبو البركات بن تيمية فِي (المحرر) (١/٨٨) وجهين للحنابلة.

وصرح الشيرازي من الشافعية فِي (المهذب) بأن أربع ركعات قبل العصر من السنن الراتبة مع الفريضة، وأن ذلك هو الأكمل، ووافقه النووي فِي (المجموع شرح المهذب) (٤/٨).

**أَرْبَعًا)**. أَخْرَجَهُ أَحْمَدُ، وَالتِّرْمِذِيُّ، وَأَبُو دَاوُدَ[1].

**واتە: لە ابن عومەرەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ڕەحمەتی خوا لەسەر ئەو کەسە بێت کە پێش عەصر چوار ڕکعات نوێژ دەکات.**

**فەرموودەکە ئاماژەی تێدایە بۆ سوننەتێتی ئەم چوار ڕکعاتە نوێژە**

(١) **حديث حسن**: أخرجه أحمد في (المسند) (٢٠٣/٤)، وأخرجه الترمذي في كتاب الصلاة، باب ما جاء في الأربع قبل العصر، حديث رقم (٤٣٠، ٣٢٩/١-تحفة)، وأبو داود في كتاب الصلاة، باب الصلاة قبل العصر، حديث رقم (١٢٧١،١/٤٩٠-عون)، وصححه ابن خزيمة (١١٩٣)، وابن حبان (٦١٦- موارد) (٢٠٦/٦، رقم ٢٤٥٣-الإحسان) والحديث قال عنه الترمذي: (حسن غريب). اهـ.

والحديث حسنه الألباني في (صحيح سنن أبي داود) (٢٣٧/١)، ومُحقق (جامع الأصول) (٢٦/٦)، ومحقق (الإحسان) (٢٠٦/٦).

**دەڵێم (نوسەر) : نەپێیکاوە ئەوەی ڕەخنە لەم فەرموودەیە دەگرێت بەوەی کە ریوایەتەکەی ابن عومەر باسی ئەم چوار رکعاتەی تێدا نیە لەو فەرموودەیەی پێشوو کە دەڵێت: (حفظت عن رسول الله ﷺ عشر رکعات ...). چونکە ابن عومەر تەنها هەواڵی ئەوەی داوە کە وەری گرتووە لە کرداری پێغەمبەری خواوە ﷺ و جگە لەوە هەواڵی نەداوە, بۆیە هیچ دژەوانەو پێچەوانەییەك نیە لەنێوان ئەو دوو هەواڵەدا هەروەکو ابن القیم باسی کردووە لە** (زاد المعاد) (٣١٢/١).

وبەڵکو پارێزگاری لێ کردنی وبەردەوام بوون لەسەری، بە ئومێدی ئەوەی دوعاکەی پێغەمبەری خوا ﷺ بیگرێتەوە.

## سێیەم: شێواز و سیفەتەکەی:

سوننەتی عەصر بریتیە لە چوار رکعات کە پێکەوە دەکرێت بە دوو تەحیات وەکو نوێژە چواریەکان، و لە کۆتاییەوە سەلام دەدرێتەوە وپێش نوێژی عەصر دەکرێت.

عَنْ عَاصِمِ بْنِ ضَمْرَةَ السَّلُولِيِّ؛ قَالَ: سَأَلْنَا عَلِيًّا عَنْ تَطَوُّعِ رَسُولِ اللهِ ﷺ بِالنَّهَارِ؟ فَقَالَ: إِنَّكُمْ لَا تُطِيقُونَهُ. فَقُلْنَا: أَخْبِرْنَا بِهِ؛ نَأْخُذُ مِنْهُ مَا اسْتَطَعْنَا. قَالَ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِذَا صَلَّى الفَجْرَ؛ يُمْهِلُ، حَتَّى إِذَا كَانَتِ الشَّمْسُ مِنْ هَاهُنَا -يَعْنِي: مِنْ قِبَلِ المَشْرِقِ- بِمِقْدَارِهَا مِنْ صَلَاةِ العَصْرِ مِنْ هَاهُنَا -يَعْنِي: مِنْ قِبَلِ المَغْرِبِ-؛ قَامَ فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ يُمْهِلُ حَتَّى إِذَا كَانَتِ الشَّمْسُ مِنْ هَاهُنَا -يَعْنِي: مِنْ قِبَلِ المَشْرِقِ- مِقْدَارُهَا مِنْ صَلَاةِ الظُّهْرِ مِنْ هَاهُنَا؛ قَامَ فَصَلَّى أَرْبَعًا، وَأَرْبَعًا قَبْلَ الظُّهْرِ إِذَا زَالَتِ الشَّمْسُ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَهَا، وَأَرْبَعًا قَبْلَ العَصْرِ، يَفْصِلُ بَيْنَ كُلِّ رَكْعَتَيْنِ بِالتَّسْلِيمِ عَلَى المَلَائِكَةِ المُقَرَّبِينَ وَالنَّبِيِّينَ

وَمَنْ تَبِعَهُمْ مِنَ المُسْلِمِينَ وَالمُؤْمِنِينَ. قَالَ عَلِيٌّ: فَتِلْكَ سِتُّ عَشْرَةَ رَكْعَةً تَطَوُّعِ رَسُولِ اللهِ ﷺ بِالنَّهَارِ، وَقَلَّ مَنْ يُدَاوِمُ عَلَيْهَا». أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ، وَابْنُ مَاجَهْ.

قال أحمد الشاكر : إسناده صحيح

واتە: لە عاصمی کوڕی زەمرەی سەلولیەوە دەڵێت: پرسیارمان لە عەلی کرد سەبارەت بە نوێژە سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژدا؟ ئەویش ووتی: ئێوە ناتوانن وەکو ئەو ئەنجامیان بدەن، ئێمەش ووتمان: پێمانی ڕابگەیەنە ئێمە بە گوێرەی توانای خۆمان ئەنجامی دەدەین، ئەویش ووتی: " پێغەمبەری خوا ﷺ کە نوێژی بەیانی بکردایە، چاوەڕێی دەکرد هەتا خۆر لەلای خۆرهەڵاتەوە بەرز دەبوویەوە بە ئەندازەی بەرزی خۆر لە خۆرئاواوە لەکاتی عەصردا، ئەوجا هەڵدەستا و دوو رکعات نوێژی دەکرد، پاشان چاوەڕێی دەکرد هەتا خۆر بەرز دەبوویەوە لە خۆرهەڵاتەوە بە ئەندازەی بەرزی لەکاتی نیوەڕۆدا، ئەوجا هەڵدەستا و چوار رکعات نوێژی دەکرد، و چوار رکعاتیشی پێش نیوەڕۆ دەکرد کە خۆر لایدایە لە ناوەڕاستی ئاسمان و دوو رکعاتیشی دوای نیوەڕۆ دەکرد، وە چوار رکعاتیشی پێش

عەصر دەکرد و لە نێوان هەردوو رکعاتێکدا سەلامی دەکرد لە فریشتە نزیکەکان و پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیان لە بڕواداران و موسڵمانان (واتە تەحیاتی دەخوێند) عەلی دەڵێت: ئەوەی کە باسم کرد بریتیە لە شازدە رکعاتی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بە رۆژ، وە کەم کەس هەیە بەردەوام بێت لەسەری" .

وَفِي رِوَايَةٍ لِلنَّسَائِيِّ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُصَلِّي حِينَ تَزِيغُ الشَّمْسُ رَكْعَتَيْنِ، وَقَبْلَ نِصْفِ النَّهَارِ أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ، يَجْعَلُ التَّسْلِيمَ فِي آخِرِهِ»[١].

---

(١) **حديث حسن**: أخرجه الترمذي فِي كتاب الصلاة، باب ما جاء فِي الأربع قبل الظهر، حديث رقم (٤٢٤) مقتصرًا على ما يتعلق براتبة الظهر، وأخرجه فِي باب ما جاء فِي الأربع قبل العصر، حديث رقم (٤٢٩) مقتصرًا على راتبة العصر، وأخرجه فِي باب كيف كان تطوع النَّبِي ﷺ بالنهار، حديث رقم (٥٩٨) وأورده تامًّا، وأخرجه النسائي فِي كتاب الإمامة، باب الصلاة قبل العصر وذكر اختلاف الناقلين عن أبِي إسحاق فِي ذلك (٢/١١٩-١٢٠)، وأخرجه ابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها، باب ما جاء فيما يستحب من التطوع بالنهار، حديث رقم (١١٦١) واللفظ له، وأخرجه الترمذي فِي (الشمائل) مختصر الألباني، حديث رقم (٢٤٣).

والحديث؛ حسنه الألبانِي فِي (سلسلة الأحاديث الصحيحة) رقم (٢٣٧)، وحسنه محقق (جامع الأصول) (٨/٦).

واتە: لە ریوایەتی (النسائي) دا هاتووە: " پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك كە خۆر لاردەبویەوە دوو ركعات نوێژی دەكرد و پێش نیوەبوونی رۆژیش چوار ركعاتی دەكرد و سەلام دانەوەی دەخستە كۆتاییەوە".

ئەبو عیسای ترمزی دەڵێت: " فەرموودەكەی عەلی حەسەنە، وە اسحاقی كوڕی ابراهیم ئەوەی هەڵبژاردووە كە چوار ركعاتە سوننەتەكەی پێش عەصر لەیەكتری جیانەكرێنەوە بە سەلامدانەوە و ئەم فەرموودەیەی كردۆتە بەڵگە بۆ خۆی، وە اسحاق دەڵێت: ووتەی: (أَنَّهُ يَفْصِلُ بَيْنَهُنَّ بِالتَّسْلِيمِ) واتە بە خوێندنی تەحیات دوو ركعاتەكەی لەیەك جیا دەكردەوە نەوەك سەلامدانەوە. بەڵام شافعی و أحمد وای دەبینن كە نوێژی سوننەتی شەو ورۆژ دوو ركعاتە و ئەوە هەڵدەبژێرن كە چوار ركعاتەكەی پێش عەصر لەیەكتر جیابكرێنەوە.[١]

دەڵێم: لە روالەتدا وا دیارە كە حەق لای قسەكەی اسحاقی كوری ابراهیمە و ریواتەكەی النسائیش پاڵپشتیێتی كە دەڵێت: «يَجْعَلُ التَّسْلِيمَ فِي

---

([١]) (سنن الترمذي) (٢/٢٩٤-٢٩٥- شاكر).

آخِرِهِ»[1].

ئەوەش پەسەندە کە ئەگەر مەبەست بە لەم قسەیە کە دەڵێت: «يَفْصِلُ بَيْنَ كُلِّ رَكْعَتَيْنِ بِالتَّسْلِيمِ عَلَى المَلَائِكَةِ المُقَرَّبِينَ وَالنَّبِيِّينَ وَالمُرْسَلِينَ ...». بریتی بێت لە سەلام دانەوەی دەرچوون لە نوێژ، ئەوا پێویستی دەکرد نوێژخوێن نیەتی ئەوەی هەبێت، کە ئەمەش لەشەرعدا نەهاتووە، بۆیە ئەو قسەیە مانای ئەوە نیە و بەڵکو واتە خوێندنی تەحیات، بەتایبەتیش بە مەرفوعی هاتووە کە تەحیات سەلامی تێدایە لەسەر هەموو بەندەیەکی چاك لە ئاسمان و زەویدا.

هەر بۆیە، ئەم سوننەتەی پێش عەصر تایبەت کراوە لە گشتێتی ئەو فەرموودیەی کە دەفەرموێت: «صَلَاةُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارُ مَثْنَى مَثْنَى»[2].

وە فەرموودەکە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم چوار رکعاتەی پێش عەصری کردووە، هەربۆیە دانانی ئەم چوار رکعاتە لە

---

(1) (حاشية السندي على النسائي) (٢/١٢٠)، و(السلسلة الصحيحة) حديث رقم (٢٣٧).

(2) سبق تخريج هذا الحديث فِي المسألة الثانية من مسائل راتبة الظهر.

**سوننەتە ڕەواتبەکان ڕاوبۆچونی پەسەندو حەقە إن شاءالله لەبەر ئەوەی سەلمێنراوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بە کردار و گوفتار.** وَبِاللهِ التَّوْفِيقِ.

# ( ٤ – ٢ – ٢ ) سوننەتی نوێژی مەغریب

ئەم بابەتانەی خوارەوە پەیوەندیان بەم سوننەتەوە هەیە:

یەکەم: حوکمەکەی.

دووەم: سیفەت و فەزڵەکەی.

سێیەم: جەخت کردنەوە لە ئەنجامدانی لە ماڵەوەدا.

## یەکەم: حوکمەکەی:

سوننەتی مەغریب یەکێکە لە سوننەتە جەخت لەسەرکراوەکان کە پێویستە موسڵمان پارێزگاری لێ بکات، وە ئەم سوننەتە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ سەلمێنراوە بە کردار و گوفتار.

## دووەم: سیفەت و فەزڵەکەی:

سوننەتی مەغریب دوو رکعاتە، کە پاش نوێژی مەغریب ئەنجام دەدرێت، وەکو پێشتر دەقی لەسەر باس کرا:

حَدِيثُ أُمِّ حَبِيبَةَ؛ قَالَتْ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: «مَا مِنْ عَبْدٍ مُسْلِمٍ يُصَلِّي للهِ كُلَّ يَوْمٍ ثِنْتَي عَشْرَةَ رَكْعَةَ تَطَوُّعًا غَيْرَ فَرِيضَةٍ؛ إِلَّا بَنَى اللهُ لَهُ بَيْتًا فِي الجَنَّةِ –أَوْ: إِلَّا بُنِيَ لَهُ بَيْتٌ فِي الجَنَّةِ– [أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ قَبْلَ الظُّهْرِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ الظُّهْرِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ المَغْرِبِ...]».

فەرموودەکەی ام حبیبە کە دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرمووی: " هەر موسڵمانێك هەموو رۆژێك دوازدە رکعاتی سوننەت

بکات نەوەك فەرز ئەوا خوای گەورە ماڵێکی لەبەهەشت بۆ دروست دەکات یان ماڵێکی لەبەهەشت بۆ دروست دەکرێت- { چوار رکعات پێش نیوەرۆ، دوو رکعات دوای نیوەڕۆ، وە دوورکعات دوای مەغریب...} .

وَحَدِيثُ ابْنِ عُمَرَ ﵄؛ قَالَ: «حَفِظْتُ مِنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ عَشْرَ رَكَعَاتٍ: رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ الظُّهْرِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَهَا، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ المَغْرِبِ فِي بَيْتِهِ ...».

واتە: فەرموودەکەی ابن عومەر ﵄ کە دەڵێت: "دە رکعاتم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەرگرتوە و پاراستووە کە ئەنجامیان دەدەم ئەوانیش بریتین لە: دوو رکعات پێش نیوەڕۆ، وە دوو رکعات لە پاشیەوە، دوو رکعات لە دوای مەغریبەوە کە لە ماڵەوە دەیکرد...".

وَحَدِيثُ عَبْدِ اللهِ بْنِ شَقِيقٍ؛ قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ عَنْ صَلَاةِ رَسُولِ اللهِ ﷺ، عَنْ تَطَوُّعِهِ؟ فَقَالَتْ: «كَانَ يُصَلِّي فِي بَيْتِي قَبْلَ الظُّهْرِ أَرْبَعًا، ثُمَّ يَخْرُجُ فَيُصَلِّي بِالنَّاسِ، ثُمَّ يَدْخُلُ فَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ، وَكَانَ يُصَلِّي بِالنَّاسِ المَغْرِبَ، ثُمَّ يَدْخُلُ فَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ ...

واتە: هەروەها فەرموودەی عبداللە ی کوڕی شەقیق، کە دەڵێت:

پرسیارم لە عائیشە کرد سەبارەت بە نوێژی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەویش ووتی:" لەماڵی مندا پێش نیوەڕۆ چوار رکعاتی دەکرد، پاشان دەردەچوو نوێژی بەخەڵکی دەکرد و دواتر دەهاتە ژورەوە دوو رکعاتی دەکرد، ئینجا نوێژی مەغریبی بۆ خەڵکی دەکرد و پاشان دەهاتە ژورەوە دوو رکعاتی دەکرد...".

## سێیەم: جەخت کردنەوە لە ئەنجام دانی لە ماڵەوەدا:

یەکێك لە رێچکە و رێبازەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەبووە کە نوێژە سوننەتەکانی لەماڵدا دەکرد مەگەر لەبەر هۆکارێك نەبووایە، وە هەروەها فەرموودە هاتووە لێیەوە ﷺ کە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە نوێژی سوننەتی مەغریبی لەماڵەوە ئەنجام داوە.

عَنْ مَحْمُودِ بْنِ لبيد؛ قَالَ: أَتَى رَسُولُ اللهِ ﷺ بَنِي عَبْدَ الأَشْهَلِ، فَصَلَّى بِهِمُ المَغْرِبَ، فَلَمَّا سَلَّمَ؛ قَالَ: «ارْكَعُوا هَاتَيْنِ الرَّكْعَتَيْنِ فِي بُيُوتِكُمْ». أَخْرَجَهُ أَحْمَدُ، وَصَحَّحَهُ ابْنُ خُزَيْمَةَ(١).

---

(١) **حديث حسن**: أخرجه أحمد فِي (المسند) (٥/٤٢٨)، وابن خزيمة (١٢٠٠).

واتە: لە محمودی کوڕی لەبیدەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ ناو بنی ئەشهەل و نوێژی مەغریبی پێیان کرد، کە سەلامی دایەوە، فەرمووی: " ئەم دوو رکعاتە بخەنە ماڵەکانتان".

عَنْ كَعْبِ بْنِ عُجْرَةٍ؛ قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللهِ ﷺ صَلَاةَ المَغْرِبِ فِي مَسْجِدِ بَنِي عَبْدِ الأَشْهَلِ، فَلَمَّا صَلَّى؛ قَامَ نَاسٌ يَتَنَفَّلُونَ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «عَلَيْكُمْ بِهَذِهِ الصَّلَاةِ فِي البُيُوتِ». أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ، وَالنَّسَائِيُّ(١).

واتە: لە کەعبی کوڕی عوجرەوە: دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی مەغریبی لە مزگەوتی بەنی ئەشهەل کرد، کە سەلامی دایەوە، خەڵکی هەستان و نوێژی سوننەتیان کرد، پێغەمبەری خوایش ﷺ

---

والحديث حسنه الألباني فِي تعليقه على ابن خزيمة (٢٠٩/١)، وقوّاه مُحققا (زاد المعاد) (٣١٣/١).

(١) **حديث حسن لغيره**: أخرجه النسائي فِي كتاب قيام الليل، وتطوع النهار، باب الحث على الصلاة فِي البيوت والفضل فِي ذلك (١٩٨/٣) واللفظ له، وأخرجه أبو داود فِي كتاب الصلاة، باب ركعتي المغرب أين تصليان، حديث رقم (١٣٠٠).

والحديث حسنه الألباني فِي (صحيح سنن أبِي داود) (٢٤١/١)، وحسنه لغيره مُحققا (زاد المعاد) (٣١٤/١).

**فەرمووی: " ئەم نوێژەتان لە ماڵەکانتان ئەنجام بدەن".**

*** دەڵێم: ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن بۆ سوننەتێتی ئەنجامدانی نوێژی مەغریب لە ماڵەوەدا. [1].**

---

(١) بزانە کە رواڵەتی فەرمانەکە لەم دوو فەرموودەیەدا دەخوازێت کە واجب بێت لەماڵەوە ئەو نوێژە سوننەتە بکرێت, بەڵام ئەمانەی خوارەوە لە حوکمی واجبێتی دەری دەکات:

**لەوانە:** لە بنچینەدا راتبەی مەغریب خۆی سوننەتە نەوەك واجب, جا چۆن دەبێت فەرع واجب بێت و ئەصل سوننەت بێت؟!

**لەوانە:** عبدالله ی کوڕی احمدی کوڕی حەنبەل لە دوای هێنانی فەرموودەکەی محمودی کوڕی لەبید ی پێشوو لە "موسنەد"دا (٥/٤٢٨) , دەڵێت: بەباوکمم – احمد ی کوڕی حنبل- ووت: پیاوێك دەڵێت: هەرکەسێك دوو رکعاتە سوننەتەکەی مەغریب لە مزگەوت بکات ئەوا لەسەری ناکەوێت هەتا لە ماڵەوە نەیکات, چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئەمە نوێژی ماڵەوەیە. ئەویش ووتی: کێ ئەمەی وتوە؟ ووتم: محمدی کوڕی عبدالرحمن: ئەویش ووتی: چەند شتێکی باش وچاکی ووتوە! ".

**دەڵێم:** ابو حفص – البرمکی یان العکبری نازانم کامیان – لەلێدوانیدا بۆ ئەم قسەیەی ئەحمەد کە ابن القیم الجوزی هێناویەتی لە ( زاد المعاد)دا (١/٣١٣)؛ دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە ئەم نوێژە لە ماڵەوە بکرێت, وە المروزی دەڵێت:

ئەوەی دوو رکعاتە سوننەتەکەی دوای مەغریب لە مزگەوت بکات ئەوا سەرپێچیکارە؟ احمدی کوری حنبل ووتی: ئەمە ناناسم! منیش ووتم: لە ئەبی سەورەوە دەگێڕێتەوە کە ووتویەتی: ئەو کەسە سەرپێچیکارە . ئەویش ووتی: پێدەچێت چووبێت بۆ ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی: (اجعلوها في بيوتكم). ابو حفص دەڵێت: ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر نوێژی فەرز لە ماڵەوە بکات و واز لە مزگەوت بهێنێت, ئەوا لەسەری دەکەوێت, ئەوەش سوننەتە".

ابن القیم دوا بەدوای ئەوە دەڵێت: " لای ئەحمەد رحمه الله، ئەوە مەبەست نیە بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە نوێژە سوننەتەکان شوێن و جەماعەتی دیاری کراویان بۆ دیاری و دەستنیشان نەکراوە, بۆیە دروستە لەماڵەوە یان لە مزگەوت ئەنجام بدرێن".

دەڵێم: یەکێکی تر لەو بەڵگانە ئەوەیە کە ابن خزیمە ئاماژەی بۆ دەکات لەکاتێکدا لە ژێر فەرموودەکەی محمودی کوڕی لەبید بابێك دەکاتەوەو دەڵێــت: (باب: الأمر بأن يركع الركعتين بعد المغرب في البيوت بلفظ: (أمر). هەندێك کەس کە قووڵ نەبوونەتەوە لەزانستدا وای بۆ دەچن کە ئەوەی ئەم دوو رکعاتە سوننەتە لە مزگەوت بکات ئەوا سەرپێچیکارە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە کەلەماڵەوە بکرێت, پاشان دوای ئەوە بابێکی تری داناوە دەڵێت: (باب: ذكر الخبر المفسر لأمر النبي ﷺ بأن تصلى الركعتان بعد المغرب في البيوت، وە بەڵگەش بۆ ئەوەی کە ئەم فەرمانە بۆ سوننەتە نەوەك بۆ واجب, ئەوەیە کە نوێژی سوننەت لە ماڵەوە باشتر و خێرترە وەکو لەوەی لە مزگەوت بکرێت. وە فەرموودەکەشی بەم مانایەوە هێناوەتەوە. (صحيح ابن خزيمة) (٢/٢٠٩-٢١٠).

# سوونەتی عیشا ( ٥-٢-٢ )

دوو بابەت پەیوەندی بەم باسەوە هەیە:

یەکەم: حوکمەکەی.

دووەم: سیفەت و فەزڵەکەی.

**یەکەم: حوکمەکەی:** سوننەتی عیشا یەکێکە لە سوننەتە ڕەواتبەکان، کە نوێژێکە سوونەتە موسڵمان پارێزگاری لێ بکات، لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی ئەم سوننەتە سەلمێنراوەو جێگیرە لە کرداری پێغەمبەری خوادا ﷺ هەروەکو لەڕووی گوفتاریشەوە هانی موسڵمانانی داوە لەسەری.

**دووەم: سیفەت و فەزڵەکەی:** پێشتر باسی فەرموودەکەی ابن عومەر کرا کە وتوویەتی: "دە ڕکعاتم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ پاراستووە کە ئەنجامیان دەدەم ئەوانیش بریتین لە....وە دوو ڕکعات لە دوای عیشا لە ماڵەوە".

هەروەها ئاماژەش بۆ فەرموودەکەی عبداللە ی کوڕی شەقیق کرا کە وتی: پرسیارم لە عائیشە کرد سەبارەت بە نوێژی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەویش لەوەڵامدا وتی:" .... نوێژی عیشای بەخەڵکی دەکرد، پاشان دەهاتە ژورەوە بۆ ماڵی من و دوو ڕکعاتی دەکرد".

فەرموودەکەی ام حبیبە کە دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرمووی: " هەر موسڵمانێك هەموو ڕۆژێك دوازدە ڕکعاتی سوننەت بکات نەوەك فەرز ئەوا خوای گەورە ماڵێکی لەبەهەشت بۆ دروست دەکات

یان ماڵێکی لەبەهەشت بۆ دروست دەکرێت{... وە دوو رکعات لە پاش عیشا...}. * **دەڵێم:** ئەم فەرموودانە بەڵگەی ئەوەیان تێدایە کە سوننەتی عیشا دوو رکعاتە و لە دوای نوێژی عیشاوە دەکرێت.

# شەو نوێژ و ویــتــر

**ئەم باسە ئەم بەشانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:**

**(٣-١) فەزڵیان.**

**(٣-٢) حوکمی شەونوێژ و ویتر.**

**(٣-٣) سەرەتای کاتی شەونوێژ و ویتر و دوا کاتی.**

**(٣-٤) ژمارەی رکعاتەکانی شەونوێژ و ویتر و شێوازەکەی.**

**(٣-٥) ئەوەی دەخوێنرێت لە ویتردا.**

**(٣-٦) قنوت لە ویتردا: حوکمەکەی، شوێنەکەی، شێوازەکەی.**

**(٣-٧) ئەوەی خەوت و ویتری نەکرد یان بیری چوویەوە.**

**(٣-٨) مەشروعیەتی شەونوێژ بە جەماعەت لە رەمەزاندا.**

**(٣-٩) دوو ویــتــر لە شەوێکدا نابێت.**

# شەو نوێژ و ویـــتــر

## ( ١ - ٣ ) فەزڵیان

سەبارەت بە فەزڵی شەونوێژ و ویتر چەندین فەرموودە هاتوون، ئەم چەند فەرموودەیەی خوارەوەی لێ باس دەکەم:

أ- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁؛ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «أَفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ رَمَضَانَ شَهْرُ اللهِ الْمُحَرَّمُ، وَأَفْضَلُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الفَرِيضَةِ صَلَاةُ اللَّيْلِ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[1].

واتە: لە ئەبوهورەیرەوە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " باشترین ڕۆژو لە دوای ڕەمەزان بریتیە لە مانگی خوا کە موحەڕەمە، وە باشترین نوێژ لە دوای فەرزەکان بریتیە لە شەونوێژ".

ب- عَنْ أَبِي أُمَامَةَ البَاهِلِيِّ، عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ؛ قَالَ: «عَلَيْكُمْ بِقِيَامِ اللَّيْلِ؛ فَإِنَّهُ دَأْبُ الصَّالِحِينَ قَبْلَكُمْ، وَهُوَ قُرْبَةٌ لَكُمْ إِلَى رَبِّكُمْ، وَمُكَفِّرَةٌ

---

([1]) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في(صحيحه) في كتاب الصيام، رقم (١١٦٣).

**لِلسَّيِّئَاتِ، وَمَنْهَاةٌ عَنِ الإِثْمِ».** رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ، وَالحَاكِمُ[1].

**واتە: لە ئەبو ئومامەی باهلیەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: " شەونوێژ بکەن، چونکە ئەوە خونەریتی پیاوچاکانی پێشتانە، وە نزیك بوونەوەیە بۆتان بۆ لای پەروەردگارتان، وە هۆکاری سڕینەوەی تاوانە و ڕێگریشە لە کردنی گوناه و سەرپێچی".**

**ج- عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ العَاصِ؛ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «إِنَّ اللهَ زَادَكُمْ صَلَاةً؛ فَحَافِظُوا عَلَيْهَا، وَهِيَ الوِتْرُ».** أَخْرَجَهُ أَحْمَدُ، وَابْنُ أَبِي شَيْبَةَ[2].

**واتە: لە عبداللە ی کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: خوای گەورە نوێژێکی بۆ زیاد کردوون،**

---

(1) **حديث حسن**: أخرجه الترمذي فِي كتاب الدعوات، باب فِي دعاء النَّبِي ﷺ، حديث رقم (٣٥٤٩) معلقًا طرف سنده، وأخرجه الحاكم فِي (المستدرك) (١/٣٠٨)، واللفظ له، ومن طريقه البيهقي فِي (السنن الكبرى) (٢/٥٠٢)، والحديث حسنه الألبانِي فِي (إرواء الغليل) (٢/ ١٩٩-٢٠٢).

(2) **حديث حسن لغيره**: أخرجه أحمد في (المسند) (٢/٢٠٦، ٢٠٨)، وابن أَبِي شيبة فِي (المصنف) (٢/٢٩٧)، والحديث صححه الألبانِي في (إرواء الغليل) (٢/١٥٩).

ئێوەش پارێزگاری لێ بکەن و ئەنجامی بدەن ئەویش بریتیە لە نوێژی ویتــر.

* **دەڵێم:** ئەو فەرموودانەی پێشوو بەڵگەن لەسەر چاکێتی وفەزڵی شەونوێژ و سوننەتێتی بەردەوام بوون لەسەر نوێژی ویتر.

## ( ٢-٣ ) حوکمی شەونوێژ و ویتــر

**شەونوێژ سوننەتێکی خۆشویستراوە، وە ویترکردنیش لەکۆتاییەوە سوننەتێکی جەخت لەسەرکراوە، ئەوەش لەبەر هەبوونی بەڵگە لەسەری و لەو فەرموودانەش ئەمانەی خوارەوە:**

**أ- عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ؛ قَالَ: «اجْعَلُوا آخِرَ صَلَاتِكُمْ بِاللَّيْلِ وِتْرًا».** مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ[1].

---

([1]) **حديث صحيح:** أخرجه البخاري في كتاب الوتر، باب ليجعل آخر صلاته وترًا، حديث رقم (٩٩٨)، وأخرجه مسلم في كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب صلاة الليل مثنى مثنى، والوتر ركعة من آخر الليل، حديث رقم (٧٥١).

**سوودێك: ابن الدقيق العيد وەکو لێدوانێك لەسەر ئەم فەرموودەیە دەڵێت:** " ئەوەی پێی وایە کە ویتر واجبە ئەم فەرموودەیە دەکات بەبەڵگە, جا ئەگەر وای بینی کە ویتر واجبە لەبەر ئەوەی

**لە عبداللە ی کوڕی عومەرەوە، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: " کۆتا نوێژتان لەشەودا بکەن بە نوێژی ویتر".**

**ب- عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ بُرَيْدَةَ، عَنْ أَبِيهِ؛ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: «الوِتْرُ حَقٌّ».** أَخْرَجَهُ أَحْمَدُ، وَأَبُو دَاوُدَ[1].

---

**کۆتا نوێژی شەوە, ئەوا نزیکە, وە ناشزانم کەس وای وتبێت".** (إحكام الأحكام) (٢/٨٤).

**دەڵێم: ابن تیمیە دەڵێت: " ویتر واجبە لەسەر کەسێك کە شەوهەستێت بۆ نوێژ, ئەوەش مەزهەبی هەندێك لەوانەیە کە واجبی دەکەن بە ڕەهایی".** (الاختيارات الفقهية) (ص٦٤).

**دەڵێم(نوسەر): وتەی ڕاست و پەسەند ئەوەیە کە ویتر واجب نیە, وەکو کەمێکی تر بەڵگە لەسەر ئەوە دێت لەسەرەوە.**

**وە ابن تیمیە لە** (مجموع الفتاوى) (٢٣/٨٨)**- دا دەڵێت: " ویتر سوننەتی موئەکەدەیە بە بەیەکدەنگی موسڵمانان, وە ئەوەش سوور وبەردەوام بێت لەسەر نەکردن و وازلێ هێنانی ئەوا شایەتی دانی وەرناگیرێت". ئەوەش ڕاست و پەسەندە.**

(١) **حديث حسن لغيره:** أخرجه أحمد فِي (المسند) (٤/٢٧٤- الفتح الرباني)، وأبو داود فِي كتاب الصلاة، باب فيمن لَمْ يوتر، حديث رقم (١٤١٩)، والحاكم فِي (المستدرك) (١/٣٠٥)، وقال الحاكم: (هذا حديث صحيح، وأبو المنيب العتكي مروزي ثقة يجمع حديثه، ولَمْ يخرجاه) اهـ.

**قلت:** والذي يظهر في حال أبي المنيب -أحد رواة الحديث- أنه يقبل في المتابعات والشواهد، وقد جاء لِهذا المقطع ما يشهد له، أما بقية الحديث -وهو: (فمن لم يوتر؛ فليس منا)-؛ فلا يرتقي إلَى الحسن؛ لعدم وجود ما يشهد لَها، ولذلك ضعَّف الألبانِي هذا الحديث لِهذه الزيادة فِي تحقيقه (للمشكاة)

واته‌: له‌ عبدالله‌ ی كوڕی بوره‌یده‌وه‌ ئه‌ویش له‌ باوكیه‌وه‌ ده‌ڵێت: گوێم له‌ پێغه‌مبه‌ری خوا بوو ﷺ كه‌ ده‌یفه‌رموو: " نوێژی ویتر حه‌قه‌".

ج- عَنْ أَبِي أَيُّوبَ الأَنْصَارِيِّ؛ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «الوِتْرُ حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ، فَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يُوتِرَ بِخَمْسٍ، فَلْيَفْعَلْ، وَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يُوتِرَ بِثَلَاثٍ؛ فَلْيَفْعَلْ، وَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يُوتِرَ بِوَاحِدَةٍ؛ فَلْيَفْعَلْ».

واته‌: له‌ ئه‌بو ئه‌یوبی ئه‌نصاریه‌وه‌ كه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی: " ویتر حه‌قه‌ له‌سه‌ر هه‌موو موسڵمانێك، جا ئه‌وه‌ی پێی خۆشه‌ ویتره‌كه‌ی پێنج ركعات بێت، ئه‌وا با بیكات، وه‌ ئه‌وه‌ش پێی خۆشه‌ ویتره‌كه‌ی سێ ركعات بێت، ئه‌وا با بیكات، وه‌ئه‌وه‌ش پێی خۆشه‌ ویتره‌كه‌ی

---

(٣٩٩/١)، ثُمَّ يَسَّر الله لي الوقوف فِي (مصنف ابن أَبِي شيبة) (٢٩٧/٢) على شاهد له:

**قال ابن أَبِي شيبة:** حدثنا وكيع، عن خليل بن مرة، عن معاوية بن مرة، عن أَبِي هريرة؛ قال رسول الله ﷺ: (من لَمْ يوتر فليس منا).

**قلت:** وخليل ضعيف يصلح للاعتبار -إن شاء الله-؛ فهو شاهد لحديث أَبِي المنيب يُرقيه إِلَى مرتبة الحسن لغيره فِي المقطع الثانِي؛ فالحمد لله على توفيقه.

ومِمَّا يشهد للمقطع الذي أوردته فِي الأصل الحديث التالِي.

یەك ركعات بێت، ئەوا بابیكات".

له ریوایەتێكی تردا: «الوِتْرُ حَقٌّ، فَمَنْ شَاءَ أَوْتَرَ بِسَبْعٍ، وَمَنْ شَاءَ أَوْتَرَ بِخَمْسٍ، وَمَنْ شَاءَ أَوْتَرَ بِثَلَاثٍ، وَمَنْ شَاءَ أَوْتَرَ بِوَاحِدَةٍ، وَمَنْ شَاءَ أَوْمَأَ إِيْمَاءً»(١).

واتە: " ویتر حەقە، ئەوەی دەیەوێت با ویترەكەی حەوت ركعات بێت، ئەوەشی دەیەوێت با ویترەكەی پێنج ركعات بێت، وە ئەوەشی دەیەوێت با ویترەكەی سێ ركعات بێت، وەئەوەشی دەیەوێت با ویترەكەی یەك ركعات بێت، ئەوەشی دەیەوێت با ئاماژە بكات".

* دەڵێم: ئەم فەرموودانە بەڵگەن لەسەر پێداگری و جەختكردنەوە

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه أبو داود فِي كتاب الصلاة، باب كم الوتر؟ حديث رقم (١٤٢١، ١/٥٣٤- عون) واللفظ له، وأخرجه النسائي فِي كتاب قيام الليل، وتطوع النهار، باب ذكر الاختلاف على الزهري فِي حديث أَبِي أيوب فِي الوتر (٢٣٨/٣-٢٣٩) والرواية له، وابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة، باب ما جاء فِي الوتر بثلاث وخمس وسبع وتسع، حديث رقم (١١٩٠)، والطحاوي فِي (شرح معانِي الآثار) (٢٩١/١)، وصححه ابن حبان (١٦٧/٦، ١٧٠-١٧١، حديث رقم ٢٤٠٧، ٢٤١٠، ٢٤١١- الإحسان)، والحاكم فِي (مستدركه) (٣٠٢/١).

لەسەر سوننەتێتی شەونوێژ و ویــــتــر، بەڵکو لەوەش زیاتر هەست بە واجبێتی ویتر دەکرێت تێیاندا ، ئیتر بە ڕەهایی بێت یاخود بۆ کەسێك کە هەستێت بۆ شەونوێژ.

**بەڵام چەند ئەسەرێك هاتوون بەڵگەی ئەوەن کە شەونوێژ و ویتر حەتمی نین و واجب نیە، لەوانە:**

**عَنْ عَلِيٍّ ﷺ؛ قَالَ: «الوِتْرُ لَيْسَ بِحَتْمٍ كَهَيْئَةِ المَكْتُوبَةِ، وَلَكِنَّهُ سُنَّةٌ سَنَّهَا رَسُولُ اللهِ ﷺ».** أَخْرَجَهُ النَّسَائِيُّ[1].

**لە عەلیەوە رضي الله عنه دەڵێت: " ویــتــر حەتمی نیە وەکو نوێژی فەرز، بەڵکو سوننەتێکە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە سوننەتی داناوە".**

*** دەڵێم: ئەمە ڕاشکاوە لەوەی ویتر واجب نیە، وە هیچ**

(1) **أثر حسن:** أخرجه ابن أبِي شيبة فِي (المصنف) (٢/٢٩٦)، وعبد الرزاق فِي (المصنف) (٣/٣-رقم ٤٥٦٩)، والنسائي فِي كتاب قيام الليل، وتطوع النهار، باب الأمر بالوتر (٣/٢٢٩) واللفظ له، وأخرجه الترمذي فِي كتاب الصلاة، باب ما جاء أن الوتر ليس بحتم، وقال الترمذي: (حديث حسن) وصححه الألبانِي فِي (صحيح سنن النسائي) (١/٣٦٨).

ڕاجیاوازیەکیش نابینم لە نێو هاوەڵاندا لەسەر ئەوە، جا بۆیە ئەو قسەیەی پێشەوا عەلی حوکمی اجماعی سکوتی هەیە.[1]

عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ العَاصِ رضي الله عنهما؛ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «يَا عَبْدَ اللهِ! لَا تَكُنْ مِثْلَ فُلَانٍ، كَانَ يَقُومُ مِنَ اللَّيْلِ، فَتَرَكَ قِيَامَ اللَّيْلِ». أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ[2].

لە عبداللە ی کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: " ئەی عبداللە ! وەکو فلانە کەس مەبە، کە شەو هەڵدەستا بۆ شەونوێژ و کەچی دواتر وازی لێ هێناو نەیکرد".

ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە کە شەونوێژ واجب نیە، چونکە ئەگەر

---

(١) پاشان بینیم ابن رجب لە (شرح البخاري) دا کە دەستنوسە هێشتا لە باسی ویتردا لەکاتی ڕاڤەی فەرموودەی یەکەمدا لێی دەڵێت: " گێڕراوەتەوە لە أبی أیوبەوە کە ویتر واجبە, وە لە موعازیشەوە بەڵام بە مونقەتیعی".

دەڵێم: ئەو ریوایەتەی أبی أیوبم نەدۆزیەوە. وانظر: (معجم فقه السلف) (١٨٦/٢).

(٢) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي كتاب التهجد، باب ما يكره من ترك قيام الليل لمن كان يقومه، حديث رقم (١١٥٢) واللفظ له، ومسلم فِي كتاب الصيام، باب النهي عن صوم الدهر، حديث رقم (١١٥٩).

واجب بوایە ئەوا ئەو کەسەی کە وازی لیٚ هیٚناوە زەم و سەرزەنشت دەکرا بەزۆری و بەو ئەندازەیە لیٚی بیٚدەنگ نەدەبوو.(١)

عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ؛ قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ طَرَقَهُ وَفَاطِمَةَ بِنْتَ النَّبِيِّ عليها السلام لَيْلَةً، فَقَالَ: «أَلَا تُصَلِّيَانِ؟. فَقُلْت: يَا رَسُولَ اللهِ! أَنْفُسَنَا بِيَدِ اللهِ، فَإِذَا شَاءَ أَنْ يَبْعَثَنَا؛ بَعَثَنَا. فَانْصَرَفَ حِينَ قُلْتُ ذَلِكَ، وَلَمْ يَرْجِعْ إِلَيَّ شَيْئًا، ثُمَّ سَمِعْتُهُ وَهُوَ مُوَلٍّ يَضْرِبُ فَخْذَهُ وَهُوَ يَقُولُ: وَكَانَ الإِنْسَانُ أَكْثَرَ شَيءٍ جَدَلًا». مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ(٢).

واتە: لە عەلی کوڕی ابی تالیبەوە، دەڵێـت: شەوێکیان پیٚغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ لای من و فاتیمەی کچی و فەرمووی: " ئایا شەونوێژ ناکەن؟" منیش ووتم: ئەی پیٚغەمبەری خوا ﷺ ڕۆح و گیانمان بەدەستی

---

(١) انظر: (فتح الباري) (٣/٣٨).

(٢) حديث صحيح: أخرجه البخاري فِي كتاب التهجد، باب تحريض النَّبِي ﷺ على صلاة الليل والنوافل من غير إيجاب، حديث رقم (١١٢٧) واللفظ له، وله عنده مواضع أخرى تحت الأرقام التالية: (٤٧٢٤، ٧٣٤٧، ٧٤٦٥)، وأخرجه مسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب ما ورد فيمن نام الليل أجمع حَتَّى أصبح، حديث رقم (٧٧٥).

**خوایە، ئەگەر ویستی لێ بوایە ئەوا خەبەرمان دەبوویەوە، هەرکە وام ووت ڕۆیشت و هیچ قسەیەکی تری نەکرد و گوێم لێ بوو دەیدا بەسەر ڕانیدا و دەیووت: وَكَانَ الإِنْسَانُ أَكْثَرَ شَيءٍ جَدَلًا).**(سورة الكهف : ٥٤)

* **دەڵێم: ئەگەر شەونوێژ واجب بوایە، ئەوا بیانوەکەی بەو شێوەیە وەرنەدەگرت تەنها بەو قسەیە،** وَاللهُ أَعْلَمُ[١].

**عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ رضي الله عنها: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ صَلَّى ذَاتَ لَيْلَةٍ فِي المَسْجِدِ، فَصَلَّى بِصَلَاتِهِ نَاسٌ، ثُمَّ صَلَّى مِنَ القَابِلَةِ، فَكَثُرَ النَّاسُ، ثُمَّ اجْتَمَعُوا مِنَ اللَّيْلَةِ الثَّالِثَةِ أَوِ الرَّابِعَةِ، فَلَمْ يَخْرُجْ إِلَيْهِمْ رَسُولُ اللهِ ﷺ ، فَلَمَّا أَصْبَحَ؛ قَالَ: «قَدْ رَأَيْتُ الَّذِي صَنَعْتُمْ، وَلَمْ يَمْنَعْنِي مِنَ الخُرُوجِ إِلَيْكُمْ؛ إِلَّا أَنِّي خَشِيتُ أَنْ تُفْرَضَ عَلَيْكُمْ، وَذَلِكَ فِي رَمَضَان».** مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ[٢].

---

(١) انظر: (فتح الباري) (٣/١١).

قلت: وقد بوب عليه البخاري: (باب: تحريض النَّبِي ﷺ على قيام الليل والنوافل من غير إيجاب).

(٢)**حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي كتاب التهجد، باب تحريض النَّبِي ﷺ على قيام الليل والنوافل، حديث رقم (١١٢٩)، وطرفه تحت رقم (٢٠١٢)، واللفظ له، وأخرجه مسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها،باب الترغيب فِي قيام رمضان وهو التراويح،حديث رقم(٧٦١)،والرواية المشار إليها له.

**واتە: لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ﵂ ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ شەوێکیان لە مزگەوتدا نوێژی کرد و خەڵکیش بە نوێژەکەی ئەو نوێژیان کرد، پاشان بۆ شەوی داهاتوو خەڵکی زۆرتر بوون، پاشان بۆ شەوی سێ یەم و چوارەم خەڵکی کۆبوونەوە، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ دەرنەچوو بۆ لایان، جا کە ڕۆژ بوویەوە فەرمووی: " ئەوەی ئەنجامتان دا بینیم، وە هیچ ڕێگریەك لەبەردەممدا نەبوو کە بێم بۆ لاتان، تەنها ئەوە نەبێت کە ترسی ئەوەم هەبوو فەرز بێت لەسەرتان، ئەوەش لە ڕەمەزاندا بوو".**

وَفِي رِوَايَةٍ: «... **مَا زَالَ بِكُمْ صَنِيعُكُمْ حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ سَيُكْتَبُ عَلَيْكُمْ؛ فَعَلَيْكُمْ بِالصَّلَاةِ فِي بُيُوتِكُمْ؛ فَإِنَّ خَيْرَ صَلَاةِ الْمَرْءِ فِي بَيْتِهِ؛ إِلَّا الصَّلَاةُ الْمَكْتُوبَةُ**». أَخْرَجَهَا مُسْلِمٌ عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ[١].

**واتە: لە ڕیوایەتێکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: ".... لەبەر**

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب استحباب صلاة النافلة في بيته وجوازها في المسجد، تحت رقم (٧٨١).

سووربونتان لەسەر ئەنجامدانی تەراویح بە جەماعەت ترسی ئەوەم هەبوو کە فەرز بێت لەسەرتان، جا لەسەرتانە کە نوێژەکانتان لە ماڵەکانتان بکەن، چونکە خێرترین نوێژی کەسێك ئەوەیە کە لە ماڵەکەیدا بیکات، جگە لە نوێژە فەرزەکان نەبێت".

* **دەڵێم:** ئەم فەرموودەیە ئاماژە وبەڵگەی روون ودیاری تێدایە لەسەر واجب نەبوونی شەونوێژ، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕاشکاوی ئەوەی فەرمووە کە ئەم جۆرە نوێژە لەو نوێژانەیە کەلەماڵەوەدا دەکرێت و واجب نیە، ئەوەش لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ترسی ئەوەی هەبوو کە واجب بێت لەسەریان کە تەراویح لە مزگەوت بە جەماعەت بکەن لە رەمەزاندا، جا ئەوەش بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە ئەم جۆرە نوێژە بە جەماعەت واجب نیە نەلە رەمەزان و نەلە جگە رەمەزاندا و بەتاکیش بەهەمان شێوە.(١)

عَنِ ابْنِ عُمَرَ؛ قَالَ: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُصَلِّي فِي السَّفَرِ عَلَى رَاحِلَتِهِ حَيْثُ

(١) وانظر: (فتح الباري) (١/١٤)

تَوَجَّهَتْ بِهِ يُومِئُ إِيمَاءً صَلَاةَ اللَّيْلِ إِلَّا الفَرَائِضَ، وَيُوتِرُ عَلَى رَاحِلَتِهِ». أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ[1].

واتە: لە ابن عومەرەوە، دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەفەردا لەسەر ئاژەڵەکەی نوێژی دەکرد ڕووی لەهەرکوێ بکردایە وبەسەری ئاماژەی دەکرد بۆ شەونوێژ جگە لە نوێژە فەرزەکان نەبێت، و وە ویتریشی لەسەر ئاژەڵەکەی دەکرد".

**دەڵێم:** بەپێی بەدواداچوون ئەوە دەرکەوتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی فەرزی لەسەر ئاژەڵ نەکردوە، جا ئەنجامدانی شەونوێژ و ویتر لەسەر ئاژەڵەکەیەوە لەو سوننەتانەیە کە حەتمی نیە وەکو نوێژە فەرزەکان.[2]

یەکێکی تر لە بەڵگەکانی واجب نەبوونی شەونوێژ و ویتر ئەو فەرموودەیەیە کە پێشتر باس کرا لە ئەبوهورەیرەوە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " باشترین رۆژو لە دوای رەمەزان

---

([1]) **حديث صحيح:** أخرجه البخاري في كتاب الوتر،باب الوتر في السفر، حديث رقم (١٠٠٠).

([2]) وانظر : (فتح الباري) (٢/٤٨٩).

بریتیه لە مانگی خوا کە موحەڕەمە، وە باشترین نوێژ لە دوای فەرزەکان بریتیە لە شەونوێژ". أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[١].

واتە: ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە شەونوێژ واجب نیە، چونکە بەراوردی کردووە لەنێوان شەونوێژ و هەموو نوێژەکانی تری جگە لە فەرزەکان، وە بەراوردی چاکێتی کردووە لەنێوان ڕۆژوگرتنی مانگی موحەرەم وشەونوێژ، جا هەروەکو چۆن ڕۆژوگرتنی مانگی موحەرەم واجب نیە، بەهەمان شێوەش شەونوێژ واجب نیە. وَاللهُ أَعْلَمُ.

* **جا پوختەی قسە ئەوەیە** : کۆی هەموو ئەم دەقانە ئاماژە و بەڵگەن بۆ واجب نەبوونی شەونوێژ و ویتر، جا ئەوە خاڵێکی گرنگ و بەهێزە بۆ لابردنی ئەو هەستەی کە دروست دەبێت سەبارەت بە واجب بوونی ویتر لە میانەی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی هەندێك لەو فەرموودانەدا، بۆیە حوکمەکەی لە واجبەوە دەگۆڕێت بۆ سوننەت. وَاللهُ أَعْلَمُ.

---

(١) سبق تخريجه فِي الفصل الأول من هذا الباب (١-٣).

ئەوەی زیاتر پاڵپشتی ئەم واجب نەبوونە ئەوەیە کە دایکە عائیشە رضي الله عنها باسی دەکات سەبارەت بەوەی کە شەونوێژ سەرەتا فەرزبووە، پاشان خوای گەورە ئاسانکاری دابەزاند لە کۆتایی سورەتی موزەمیل، بەوهۆیەوە شەونوێژ بوو بە سوننەت لەپاش ئەوەی فەرز بوو.[١]

## (٣-٣) سەرەتا و کۆتایی کاتی شەونوێژ و ویتر

(١) حديث صحيح. سيأتي نصه وتخريجه .

**ئەگەر وترا:** شەونوێژ و ویتر جیاوازە و یەك شت نیە.

**وەلاّم:** ئەوەی کە دەقەکان بەڵگەکان لەسەری ئەوەیە کە شەونوێژ و ویــتــر یەکێکە و بە (شەفع وویتر ) گوزارشتی لێکراوە.

**لە** (سنن الترمذي) **دا هاتووە (٢/٣٢٠-٣٢١): (اسحاقی کوڕی راهەوەی دەڵێت: واتای ئەوەی کە گێرراوەتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بەوەی کە سیازدە رکعاتی بە ویتر دەکرد, ئەوەیە کە : سیازدە رکعاتی دەکرد لەگەڵ ویــتــردا, بۆیە شەونوێژ دراوەتە پاڵ ویــتــر وە فەرموودەیەکیشی لەو بارەیەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێراوەتەوە لە رێگەی دایکە عائیشەوە, وە بەڵگەکەی ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (أوتروا يا أهل القرآن!). واتە: مەبەست لێی شەونوێژە, وە دەڵێت: لەڕاستیدا شەونوێژ لەسەر ئەهلی قورئانە.**

سەرەتای كاتی شەونوێژ و ویتــر بریتیە لە دوای نوێژی عیشا، وە كۆتایی كاتەكەشی بریتیە لە دەركەوتنی فەجـر، وە ئەمانەی خوارەوە بەڵگەن لەسەری:

أ- عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا؛ قَالَتْ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُصَلِّي فِيمَا بَيْنَ أَنْ يَفْرُغَ مِنْ صَلَاةِ العِشَاءِ -وَهِيَ: الَّتِي يَدْعُو النَّاسُ: العَتْمَةَ- إِلَى الفَجْرِ إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً، يُسَلِّمُ بَيْنَ كُلِّ رَكْعَتَيْنِ، وَيُوتِرُ بِوَاحِدَةٍ، فَإِذَا سَكَتَ المُؤَذِّنُ مِنْ صَلَاةِ الفَجْرِ، وَتَبَيَّنَ لَهُ الفَجْرُ، وَجَاءَهُ المُؤَذِّنُ؛ قَامَ، فَرَكَعَ رَكْعَتَيْنِ خَفِيفَتَيْنِ، ثُمَّ اضْطَجَعَ عَلَى شِقِّهِ الأَيْمَنِ، حَتَّى يَأْتِيَهُ المُؤَذِّنُ لِلْإِقَامَةِ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ(١).

واتە: لە عائیشەوە رَضِيَ اللهُ عَنْهَا ، دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ لە نێوان تەواوبونی نوێژی عیشاو فەجردا یازدە ركعات نوێژی دەكرد، وە لە نێوان هەر دوو ركعاتێكدا سەلامی دەدایەوە، و بەیەك ركعاتیش ویتری دەكرد، وە

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب صلاة الليل وعدد ركعات النَّبِي ﷺ في الليل، وأن الوتر ركعة، وأن الركعة صلاة صحيحة، حديث رقم (٧٣٦) وأصل الحديث في (البخاري). انظر: (جامع الأصول) (٦/٩١-٩٦).

کە بانگدەر بێدەنگ دەبوو لە بانگی بەیانی و دڵنیادەبوو لەدەرکەوتنی فەجر و بانگدەر دەهات بۆ لای و هەڵدەستا و دوو رکعاتی سووکی دەکرد وپاشان بەلای ڕاستیدا ڕادەکشا هەتا بانگدەر دەهات بۆ قامەت کردن.

ب- وَعَنْ أَبِي بُصْرَةَ الغِفَارِيِّ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «إِنَّ اللهَ زَادَكُمْ صَلَاةً، وَهِيَ الوِتْرُ؛ فَصَلُّوهَا فِيمَا بَيْنَ صَلَاةِ العِشَاءِ إِلَى صَلَاةِ الفَجْرِ». أَخْرَجَهُ أَحْمَدُ(١).

واتە: لە ابی بوصرەی غیفاریەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " خوای گەورە نوێژێکی بۆ زیاد کردوون، کە ئەویش ویترە، لە نێوان نوێژی عیشا و نوێژی بەیانیدا ئەنجامی بدەن.

* **دەڵێم:** ئەو دوو فەرموودەیە زۆر ڕوونن سەبارەت بەوەی کە شەونوێژ و ویتر کاتەکەیان لە پاش نوێژی عیشاوە دەست پێدەکات هەتا دەرکەوتنی فەجر.

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه أحمد في (المسند) (٦/٧، ٣٩٧)، وصححه الألباني في (السلسلة الصحيحة) حديث رقم (١٠٨).

وە ئەم فەرموودەیەش زیاتر دڵنیایی دەدات لەسەرئەوەی کە کۆتا کاتی بریتیە لە فەجـر، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویێت: «فَإِذَا خَشِيَ أَحَدُكُمُ الصُّبْحَ؛ صَلَّى رَكْعَةً وَاحِدَةً تُوتِرُ لَهُ مَا قَدْ صَلَّى»[١].

واتە: ئەگەر ترسان لەوەی بەیانیتان بەسەردا بێت ئەوا با بەیەك رکعات ویتر بکات چونکە دەبێتە ویتری ئەو شەونوێژەی کە کردوویەتی.

**ابن نصـر دەڵێت:** ئەوەی کە ئەهلی عیلم لەسەری کۆکن ئەوەیە کە: نێوان نوێژی عیشا و دەرکەوتنی فەجـر بریتیە لە کاتی نوێژی ویتـر، لەدوای ئەوەوە ڕاجیاوازیان هەیە هەتا ئەنجام دانی نوێژی بەیانی، وە لە پێغەمبەری خوایشەوە ﷺ گێڕراوەتەوە کە فەرمانی بە کردنی نوێژی ویتـر کردووە پێش دەرکەوتنی فەجر.[٢]

* **دەڵێم:** باشتر وایە بۆ ئەو کەسەی کە لەکۆتایی شەودا هەڵناسێت لەسەرەتای کاتەکەیەوە (واتە دوای عیشا) ویترەکەی بکات، وە ئەوەشی

---

(١) سيأتِي تخريج هذا الحديث بعد قليل.

(٢) (مختصر قيام الليل) (ص١١٩).

متمانەی بەخۆی هەیە ئەوا باشتر وایە ویترەکەی دوابخات بۆ کۆتایی شەو، ئەوەش لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە هاتووە لە جابرەوە کە دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مَنْ خَافَ أَلَّا يَقُومَ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ؛ فَلْيُوتِرْ أَوَّلَهُ، وَمَنْ طَمَعَ أَنْ يَقُومَ آخِرَهُ؛ فَلْيُوتِرْ آخِرَ اللَّيْلِ؛ فَإِنَّ صَلَاةَ آخِرَ اللَّيْلِ مَشْهُودَةٌ، وَذَلِكَ أَفْضَلُ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ(١).واتە: ئەوەی ترسی ئەوەی هەبوو کە کۆتایی شەو هەڵنەسێت وبەخەبەر نایەت ئەوا با ویترەکەی لەسەرەتاوە بکات، وە ئەوەشی تەماحی ئەوەی هەبوو کە هەڵدەسێت و بەخەبەردێت لەشەودا ئەوا با ویترەکەی دوابخات ولەکۆتاییدا بیکات.

## ( ٣-٤ ) ژمارەی رکعاتەکانی شەونوێژ و ویتر و چۆنیەتیەکەی

شەونوێژ و ویتر یازدە رکعاتە، وە پێغەمبەری خوا ﷺ لەوە زیادی نەکردووە، وە بە شێوازی جۆراوجۆر لێیەوە هاتووە، وە موسڵمان بە هەرکام لەو شێوازانە ئەنجامی بدات ئاساییە و ئەم شێوازانەش ئەمانەی خوارەوەیە:

* (١-٤-٣) شەونوێژ دوو رکعات دوو رکعات دەکرێت و ویتریش

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب من خاف ألاَّ يقوم من آخر الليل فليوتر أوله، حديث رقم (٧٥٥).

**بەتاك:**

**عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ؛ أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللهِ ﷺ عَنْ صَلَاةِ اللَّيْلِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «صَلَاةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا خَشِيَ أَحَدُكُمُ الصُّبْحَ؛ صَلَّى رَكْعَةً وَاحِدَةً تُوتِرُ لَهُ مَا قَدْ صَلَّى».** وَفِي رِوَايَةٍ : «**قَامَ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ! كَيْفَ صَلَاةُ اللَّيْلِ؟**». أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[1].

**واتە: لە عبداللّٰە ی کوڕی عومەرەوە، پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا کرد ﷺ سەبارەت بە شەونوێژ؟ پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی: شەونوێژ دوو دوو دەکرێت، وە ئەگەر یەکێکتان ترسی خۆر هەڵاتنی هەبوو ئەوا یەك رکعاتی ویتــر دەکات و ئەوە دەبێتە ویتری ئەو شەونوێژەی کە کردوویەتی. لە ریوایەتێکی تردا : " پیاوێك هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ شەونوێژ چون دەکرێت؟".**

---

(١) **حديث صحيح:** أخرجه البخاري فِي كتاب الوتر، باب ما جاء فِي الوتر، حديث رقم (٩٩٠) واللفظ له، والرواية المشار إليها أخرجها فِي كتاب الصلاة، باب الحلق فِي المسجد، حديث رقم (٤٧٣) بنحوه، ولفظها لمسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب صلاة الليل مثنى مثنى، والوتر ركعة من آخر الليل، حديث رقم (٧٤٩).

* **دەڵێم:** فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شەونوێژ بە دوو دوو دەکرێت.

وە ویتــر لە کۆتایی شەونوێژدا دەکرێت.

وە ویتر بەیەك رکعاتی تەنها و جیا لەوەی پێش خۆی مەشروعە.

هەندێکیان ئەم فەرموودەیە دەکەن بەبەڵگە بۆ بەجیادانانی دوو رکعات دوو رکعات ئەنجامدانی شەونوێژ، چونکە ئەوە رووکەشی دەقەکەیە و بەهۆی حەصرکردنی موبتەدای لە خەبەرەکەدا.

وە زۆرینەی زانایان ئەو فەرموودەیە لەسەر ئەوە لێکدەدەنەوە کە بۆ دەرختن وڕاگەیاندنی ئەو شتەی کەباشترە بۆ نوێژخوێن لەبەر ئەوەی پێچەوانەی ئەو کارە بەصحیحی هاتووە لە کرداری پێغەمبەری خواوە ﷺ ، وەکو کەمێکی تر باسی دێت.

وە لە فەرموودەکەدا ئەوە دیاری نەکراوە لە وەڵامەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرمویت: " صَلَاةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى "؛ مەبەست لێی

باشترین بێت، بەڵکو هەڵدەگرێت ئەوە بۆ ڕێنمایی وڕێپیشاندان بێت بۆ ئەوەی کە سووك و ئاسانە، چونکە سەلامدانەوە لەنێوان هەموو دوو رکعاتێکدا ئاسانترە بۆ نوێژخوێن لەوەی کە چوار رکعات یان زیاتر پێکەوە بکات، لەبەر ئەوەی دوو رکعات دوورکعات کردن پشوودانی تێدایە و دەرفەتی ئەوە دەبێت کە ئەگەر کارێکی گرنگ هاتە پێش ئەنجامی بدەیت لەنێوانیاندا، وە ئەگەر چوار رکعات پێکەوەکردن تەنها بۆ پیشاندانی ئەوە بێت کە دروست و جائیزە ئەوا بەردەوام نەدەبوو لەسەری پێغەمبەری خوا ﷺ ، وە ئەوەش ئەوکارە تایبەت دەکات بە پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەوا روونکردنەوەی لەسەرە بیدات، وە پێکەوە نوێژکردنی لێوە هاتووە وەکو چۆن بەجیا نوێژکردنی (دوو دوو) لێیەوە هاتووە. [1]

هەندێك ئەم فەرموودەیەیان کردۆتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە شەونوێژ سنووری نیە و چەند رکعات لەتواناتدا هەیە دەتوانی ئەنجامی بدەیت، لەڕاستیدا ئەم بۆچوونەش چەند سەرنجێکی لەچەند ڕوویەکەوە،

---

(١) (فتح الباري) (٤٧٩/٢).

لەوانە:

**ڕووی یەکەم:** ئەوەی کە سەلمێنراوەو هاتووە لە کرداری پێغەمبەری خواوە ﷺ سەبارەت بە شەونوێژ و ویتــر ئەوەیە کە یازدە رکعات زیاتری نەکردووە.

**ڕووی دووەم:** ریوایەتێکی ئەم فەرموودەیە هاتووە کە راڤە و شیکاری دەکات، ئەویش ئەو ریوایەتەی پێشووە کە ئاماژەی بۆکرا، وە بوخاری هێناویەتی وبەم شێوەیە: «أَنَّ رَجُلًا جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ وَهُوَ يَخْطِبُ، فَقَالَ: كَيْفَ صَلَاةُ اللَّيْلِ؟ فَقَالَ: مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا خَشِيتَ الصُّبْحَ؛ فَأَوْتِرْ بِوَاحِدَةٍ؛ تُوتِرُ لَكَ مَا قَدْ صَلَّيْتَ»[1]، واتە: "پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ کەلەو کاتەدا ووتاری دەدا، وتی : شەونوێژ چۆن دەکرێت؟ ئەویش فەرمووی: دوو دوو دەکرێت و ئەگەریش ترسی لەدەست چونی نوێژی بەیانیت هەبوو ئەوا یەك رکعات ویتر بکە چونکە دەبێتە ویتری ئەو نوێژەی کە کردووتە".

---

(١) أخرجها : البخاري فِي كتاب الصلاة، باب الحلق فِي المسجد، حديث رقم (٤٧٣).

وە ئەم ریوایەتە کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " دوو دوو" مەبەستی ڕوونکردنەوەی چۆنێتی شەونوێژە نەوەك ئاشکراکردنی چەندێتی و ژمارەی رکعاتەکان، بەڵکو مەبەستەکە بریتیە لە ڕوونکردنەوەی پێکەوە (چوار رکعات) نوێژکردن یاخود جیاکردنەوەی رکعاتەکان لەیەکتری بە سەلامدانەوە، جا بۆیە شەونوێژ بە دوو دوو دەکرێت، وە ڕوونکردنەوەو راڤەکردنی فەرموودە بە فەرموودە لە پێشترە. [1]

**ڕووی سێیەم:** ئەو بڕگەیەی فەرموودەکە کە دەڵێت: " مَثْنَى مَثْنَى " پیشاندانی صیفە و چۆنێتیە نەوەك ژمارە، واتە: شەونوێژ بە دوورکعات دوو رکعات ئەنجام بدە، بەبێ پیشاندانی ژمارە، جا لەوە تێبگە، ئەمەش وەکو ئەو ئایەتە وەهایە کەخوا گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ﴾ [النساء:٣][2].

(١) (فتح الباري) (٢/٤٧٨-٤٧٩).

(٢) انظر: (تفسير الزجاج) (٢/١٠)، (تفسير القرطبي) (٥/١٨)، و(شرح قطر الندى) (ص٣١٦)،

* ( ٢ – ٤ – ٣ ) ویتــر کردن بەیەك رکعات:

ئەنجامدانی ویتر بەیەك رکعات مەشروع و رێگەپێدراوە، وە ئەمانەی خوارەوەش بەڵگەن لەسەر ئەوە:

أ– مَا سَبَقَ مِنْ قَوْلِهِ ﷺ: «صَلَاةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا خَشِيتَ الصُّبْحَ؛ فَأَوْتِرْ بِرَكْعَةٍ».

واتە: شەونوێژ دوو دوو دەکرێت، وە ئەگەر ترسی لەدەست چونی نوێژی بەیانیت هەبوو ئەوا یەك رکعات ویتــر بکە.

ب– مَا سَبَقَ مِنْ حَدِيثِ أَبِي أَيُّوبَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «الوِتْرُ حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ، فَمَنْ شَاءَ أَوْتَرَ بِسَبْعٍ، وَمَنْ شَاءَ أَوْتَرَ بِخَمْسٍ، وَمَنْ شَاءَ بِثَلَاثٍ، وَمَنْ شَاءَ أَوْتَرَ بِوَاحِدَةٍ، فَمَنْ غُلِبَ؛ فَلْيُومِئْ إِيْمَاءً».

واتە: لە ئەبو ئەیوبی ئەنصاریەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ویتــر حەقە لەسەر هەموو موسڵمانێك، جا ئەوەی پێی

---

في موانع الصرف – العلة الخامسة.

خۆشە ویترەکەی پێنج رکعات بێت، ئەوا با بیکات، وە ئەوەش پێی خۆشە ویترەکەی سێ رکعات بێت، ئەوا با بیکات، وەئەوەش پێی خۆشە ویترەکەی یەك رکعات بێت، ئەوا بابیکات، ئەوەشی خەو بەسەریدا زاڵ بوو ئەوا با تەنها بە ئاماژە کردن بیکات".

ج- عَنِ ابْنِ عُمَرَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ: «الوِتْرُ رَكْعَةٌ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[١].

واتە: لە ابن عومەرەوە، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: " ویتـر رکعاتێکە لە کۆتایی شەوەوە".

## * (٣-٤-٣) ویتــرکردن بە سێ رکعات:

رێگەدراوە کە نوێژی ویتر بە سێ رکعات ئەنجام بدرێت، وە بۆت هەیە

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب صلاة الليل مثنى مثنى، والوتر ركعة من آخر الليل، حديث رقم (٧٥٢).

بە دوو شێواز ئەنجامی بدەیت، جا ئەوەی بۆت ئاسانە ئەوا لەسەرت دەکەوێت وپاداشتت هەیە، شێوازەکانیش ئەمانەی خوارەوەیە:

**یەکەم:** ئەوەیە کە دوو رکعات بە جیابکەیت و سەلام بدەیتەوە، پاشان یەك رکعات بەتەنها بکەیت.

**دووەم:** ئەوەیە کە هەرسێ رکعاتەکە بەسەریەکەوەو پێکەوە بکەیت و لەکۆتاییەوە دابنیشیت بۆ خوێندنی تەحیات.

لِمَا ثَبَتَ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «لَا تُوتِرُوا بِثَلَاثٍ تُشْبِهُوا بِصَلَاةِ المَغْرِبِ، وَلَكِنْ أَوْتِرُوا بِخَمْسٍ، أَوْ بِسَبْعٍ، أَوْ بِتِسْعٍ، أَوْ بِإِحْدَى عَشْرَةَ». أَخْرَجَهُ الحَاكِمُ(١). واتە: ئەوەش لەبەر ئەوەی سابت بووە لە ابوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " نوێژی ویتر بە سێ رکعات مەکەن کە لەنوێژی مەغریب بچێت، بەڵکو دەتوانن پێنج رکعات ویتر بکەن، یان حەوت یان نۆ یاخود یازدە رکعات".

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه الحاكم فِي (المستدرك) (١/٣١٤) وصححه على شرطهما، والطحاوي فِي (شرح معاني الآثار) (١/٢٩٢)، وصححه الألباني فِي (صلاة التراويح) (ص:٨٥).

وە هەروەها سابت بووە هەرسێ رکعاتەکەی ویتر پێکەوە بکرێت و لەکۆتاییدا یەك تەحیات بخوێنرێت، وەکو لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە هاتووە کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی ویتردا لە رکعاتی یەکەمدا ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾ [الأعلى:١]، ی دەخوێند و لە رکعاتی دووەمدا ﴿قُلۡ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَـٰفِرُونَ﴾ [الكافرون:١]، دەخوێند و لە رکعاتی سێیەمیشدا ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ [الإخلاص:١]. دەخوێند وە لەکۆتاییەوە نەبێت سەلامی نەدەدایەوە. أَخْرَجَهُ النَّسَائِيُّ[1].

وە هەروەها لە دایکە عائیشەوە هاتووە دیسان کە پێغەمبەری خوا ﷺ سێ رکعاتەکەی ویتـری پێکەوە دەکرد و لە کۆتاییەوە نەبێت سەلامی نەدەدایەوە. أَخْرَجَهُ الحَاكِمُ[2].وَعَنْ بَعْضِ الصَّحَابَةِ –رِضْوَانُ اللهِ عَلَيْهِمْ–[3].

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه النسائي فِي كتاب قيام الليل، وتطوع النهار، باب ذكر اختلاف ألفاظ الناقلين لخبر أُبَي بن كعب فِي الوتر (٣/٢٣٥-٢٣٦)، وصححه الألبانِي فِي (صحيح سنن النسائي) (٣٧٢/١).

(٢) (مستدرك الحاكم) (٣٠٤/١)، وانظر: (فتح الباري) (٤٨١/٢).

(٣) انظر: (المستدرك) للحاكم (٣٠٤/١)، (مختصر قيام الليل لابن نصر) للمقريزي (ص١٢٦).

وە یەکێکی تر لەو بەڵگانە لەسەر ڕەوایەتی ئەنجامدانی نوێژی ویتر بە سێ ڕکعات پێکەوە ئەو فەرموودەیەی ئەبو ئەیوبە کە پێشتر باس کرا و تێیدا هاتووە: " ... ئەوەی پێی خۆشە با نوێژی ویتــر بە سێ ڕکعات بکات ئەوا با بیکات ...".

*** ( ٤ – ٤ – ٣ ) ویتــرکردن بە پێنــج ڕکعات:**

**ڕێگەدراوەو ڕەوایە کە نوێژی ویتــر بە پێنج ڕکعاتیش بکرێت، و بە دوو شێواز بۆت هەیە ئەنجامی بدەیت:**

---

**سوودێك:** پێشەوا ئەلبانی دەڵێت: " ویتــرکردن بە سێ ڕکعات و بە دوو تەحیات وەکو نوێژی مەغریب هیچ فەرموودەیەکی صحیح و ڕاشکاوی لەسەر نەهاتووە, بەڵکو مەکروهە, هەربۆیە ئەوەمان هەڵبژاردووە کە تەحیات نەخوێنرێت لەنێوان دووەم و سێ یەمیدا و بەڵکو لەکۆتاییەوە یەك تەحیات بخوێنرێت و سەلام بداتەوە, ئەمەش باشترە والله الموفق، لا رب سواه) اهـ. (صلاة التراويح) (ص٩٨).

**دەڵێم (نوسەر): پێشەوا شەوکانی لە** (نيل الأوطار) (٣/٤٤) **دا دەڵێت:** بۆ احتیات وەرگرتن ئەوە چاکترە کە هەمیشە نوێژی ویتــر بەسێ ڕکعات پێکەوە نەکرێت بە ڕەهایی.

**بەڵام لەلای من:** لە ڕاستیدا ئەم احتیات وەرگرتنە مانای نیە لەکاتێکدا هاتووە بە صحیحی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هەروەها هاوەڵانیشەوە کە ویتریان بەسێ ڕکعات ویەك تەحیات کردووە لە کۆتاییەوە, بۆیە کارەکە بەو شێوەیەیە کە پێشەوا ئەلبانی دەیلێت. والله أعلم.

**یەکەم:** دوو رکعات بکەیت، پاشان دوو رکعات بکەیت، پاشان یەك رکعات بکەیت.

**دووەم:** پێنج رکعات پێکەوە بکەیت و لە کۆتاییەوە یەك تەحیات بخوێنیت.

**وە بەڵگەش لەسەر ئەوانە ئەم فەرموودانەی خوارەوەیە:**

أ- مَا سَبَقَ فِي حَدِيثِ أَبِي أَيُّوبٍ المُتَقَدِّمِ: **«مَنْ أَحَبَّ أَنْ يُوتِرَ بِخَمْسٍ؛ فَلْيَفْعَلْ»**. واتە: ئەوەی کە پێشتر باسی کرا لە فەرموودەکەی ئەبوئەیوب کە تێیدا هاتووە: " ئەوەی پێی خۆشە ویتر بە پێنج رکعات بکات ئەوا با بیکات ".

ب- مَا سَبَقَ فِي حَدِيثِ ابْنِ عُمَرَ: **«صَلَاةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى؛ فَإِذَا خَشِيَ أَحَدُكُمُ الفَجْرَ؛ أَوْتَرَ بِرَكْعَةٍ»**.

واتە: ئەوەی کە پێشتر باسی کرا لە فەرموودەکەی ابن عمر کە تێیدا هاتووە: " شەونوێژ دوو دووە، و ئەگەر ترسی دەرکەوتنی فەجرتان هەبوو با

یەك ركعات ویتر بكات".

ج- عَنْ عَائِشَةَ ﵂؛ قَالَتْ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ ثَلَاثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً؛ يُوتِرُ مِنْ ذَلِكَ بِخَمْسٍ، لَا يَجْلِسُ إِلَّا فِي آخِرِهَا». وَفِي رِوَايَةٍ: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ يُصَلِّي ثَلَاثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً بِرَكْعَتَيِ الفَجْرِ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ(١).

واتە: لە دایکە عائیشەوە ﵂ دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ سیازدە رکعاتی لەشەودا دەکرد و لەوەش پێنجی ویتربوو وە لە کۆتاییەوە نەبێت دانەئەنیشت بۆ تەحیات". وە لە ریوایەتێکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: " پێغەمبەری خوا ﷺ سیازدە رکعاتی دەکرد بە دوو رکعاتەکەی(سوننەتی) بەیانیەوە".

د- وَعَنْهَا؛ قَالَتْ: «إِنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يُوتِرُ بِخَمْسٍ، لَا يَجْلِسُ إِلَّا فِي

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب صلاة الليل وعدد ركعات النَّبِي ﷺ في الليل وأن الوتر ركعة، وأن الركعة صلاة صحيحة، حديث رقم (٧٣٧) والرواية الأخرى له أيضًا.

**الآخِرَةِ مِنْهُنَّ»**. أَخْرَجَهُ أَبُو عُوَانَةَ[1].

**واتە: لە دایکە عائیشەوە دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ پێنج ڕکعات ویتری دەکرد و لە کۆتاییەوە نەبێت دانەئەنیشت بۆ تەحیات".**

*** ( ٥-٤-٣ ) ویترکردن بە حەوت ڕکعات:**

**ڕێگەدراوە بە ئەنجامدانی نوێژی ویتر بە حەوت ڕکعات و ئەویش بە دوو شێواز دەکرێت:**

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه أبو عوانة (٢/٣٢٥).

**یەکەم:** شەش ركعات بە دوو دوو پاشان یەك ركعاتی ویتــر.

**دووەم:** شەش ركعات پێکەوە، پاشان دانیشێت بۆ تەحیات لەشەشەم ركعاتدا و سەلام ناداتەوە وهەڵدەسێتەوە و حەوتەم ركعات دەکات و تەحیات دەخوێنێت و سەلام دەداتەوە.

**بەڵگەکانیش بۆ سەلماندنی ئەمەش بریتین لەمانەی خوارەوە:**

**أ- حَدِيثُ أَبِي أَيُّوبٍ، وَفِيهِ: «الوِتْرُ حَقٌّ، فَمَنْ شَاءَ؛ أَوْتَرَ بِسَبْعٍ».**

**واتە: فەرموودەکەی ئەبوئەیوب کە تێیدا هاتووە: " ویتــر حەقە، ئەوەی دەیەوێت دەتوانێت حەوت ركعات ویتــر بکات".**

**ب- عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُوتِرُ بِثَلَاثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً، فَلَمَّا كَبُرَ وَضَعُفَ؛ أَوْتَرَ بِسَبْعٍ».** أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ وَالنَّسَائِيُّ(١).

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه النسائي فِي كتاب قيام الليل، وتطوع النهار، باب ذكر الاختلاف على حبيب بن أَبِي ثابت فِي حديث ابن عباس فِي الوتر (٢٣٧/٣)، ووقع عنده: (بتسع)؛ مكان: (بسبع)، ونبه النسائي إِلَى شذوذها، وأخرجه الترمذي فِي كتاب الصلاة، باب ما جاء فِي الوتر بسبع، حديث رقم (٤٥٧) واللفظ له، وقال: (حديث أم سلمة حديث حسن)، وأخرجه الحاكم (٣٠٦/١) وصححه

واتە: لە ئوم سەلەمەوە: " پێغەمبەری خوا ﷺ سیازدە ركعات ویتری دەكرد، بەڵام كاتێك گەورە ولاواز بوو، حەوت ركعات ویتری دەكرد".

ج- حَدِيثُ ابْنِ عُمَرَ الْمُتَقَدِّمُ: «صَلَاةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى ...».

واتە: فەرموودەكەی ابن عمر كە پێشتر باسی لێوەكرا و تێیدا هاتووە: " شەونوێژ دوو دوو دەكرێت...".

د- عَنْ عَائِشَةَ؛ قَالَتْ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِذَا أَوْتَرَ بِتِسْعِ رَكَعَاتٍ؛ لَمْ يَقْعُدْ إِلَّا فِي الثَّامِنَةِ، فَيَحْمَدُ اللهَ، وَيَذْكُرُهُ، وَيَدْعُو، ثُمَّ يَنْهَضُ وَلَا يُسَلِّمُ، ثُمَّ يُصَلِّي التَّاسِعَةَ، فَيَجْلِسُ، فَيَذْكُرُ اللهَ ، وَيَدْعُو، ثُمَّ يُسَلِّمُ تَسْلِيمَةً يُسْمِعُنَا، ثُمَّ يُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ وَهُوَ جَالِسٌ، فَلَمَّا كَبُرَ وَضَعُفَ؛ أَوْتَرَ بِسَبْعِ رَكَعَاتٍ، لَا يَقْعُدُ إِلَّا فِي السَّادِسَةِ، ثُمَّ يَنْهَضُ وَلَا يُسَلِّمُ، فَيُصَلِّي السَّابِعَةَ، ثُمَّ يُسَلِّمُ تَسْلِيمَةً، ثُمَّ يُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ وَهُوَ جَالِسٌ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ، وَالنَّسَائِيُّ[١].

---

على شرط الشيخين، وصححه الشيخ أحمد شاكر في (تحقيقه للترمذي) (٢/٣٢٠).

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب جامع صلاة الليل، ومن نام عنه أو مرض، حديث رقم (٧٤٦)، والنسائي في كتاب قيام الليل، وتطوع النهار، باب كيف الوتر

واتە: لە دایکە عائیشەوە: دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر حەوت رکعات ویتری بکردایە ئەوا لە هەشتەمدا دادەنیشت (بۆ تەحیات) و سوپاسی خوای دەکرد وزیکرو دوعای دەکرد، پاشان هەڵدەستایەوە وسەلامی نەدەدایەوە و رکعاتی نۆیەمی دەکرد ودادەنیشت وزیکرد ودوعای دەکرد وسەلامی دەدایەوە بەشێوەیەك کە ئێمە بیبیستین، پاشان بە دانیشتنەوە دوو رکعاتی دەکرد، بەڵام کاتێك گەورە ولاوازبوو حەوت رکعاتی ویتری دەکرد ولەشەشەمدا دادەنیشت بۆ تەحیات وسەلامی نەدەدایەوە وهەڵدەستایەوە وپاشان رکعاتی حەوتەمی دەکرد وتەحیاتی دەخوێند و سەلامی دەدایەوە وئەوجا بەدانیشتنەوە دوو رکعاتی دەکرد".

### * ( ٦-٤-٣ ) ویتـرکردن بە نـۆ رکعات:

رێگەدراوە بە موسڵمان کە نۆ رکعات ویتـر بکات و بۆ ئەو مەبەستەش دوو شێوازی بۆ هەیە: کە ئەمانەی خوارەوەیە:

---

بسبع (٣/٢٤٠) واللفظ له.

**یەکەم:** هەشت رکعات بە دوو دوو دەکات و پاشان یەك رکعات دەکات.

**دووەم:** نۆ رکعات پێکەوە بکات بەڵام لەهەشتەمدا دابنیشێت بۆ تەحیات و هەڵسێتەوە و رکعاتی نۆیەم بکات و تەحیاتی دووەم بخوێنێت و سەلام بداتەوە.

**ئەوەی کە بەڵگەیە بۆ ئەم شێوازە ئەمانەی خوارەوەیە:**

**أ- مَا سَبَقَ مِنْ قَوْلِهِ ﷺ: «صَلَاةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى؛ فَإِذَا خَشِيَ أَحَدُكُمُ الصُّبْحَ، صَلَّى رَكْعَةً وَاحِدَةً تُوتِرُ لَهُ مَا قَدْ صَلَّى».**

واتە: ئەوەی کە پێشتر باسی لێوەکرا لە فەرموودەکە کە تێیدا هاتبوو: " شەونوێژ دوو دووە و ئەگەر ترسی دەرکەوتنی فەجرتان هەبوو ئەوا یەك رکعات دەکات ودەبێتە ویتری ئەو نوێژەی کە کردوویەتی".

**ب- عَنْ سَعْدِ بْنِ هِشَامٍ؛ قَالَ: «قُلْتُ: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ -يَعْنِي: عَائِشَةَ رضي الله عنها !- أَنْبِئِينِي عَنْ خُلُقِ رَسُولِ اللهِ ﷺ؟ قَالَتْ: أَلَسْتَ تَقْرَأُ الْقُرْآنَ؟ قُلْتُ:**

بَلَى. قَالَتْ: فَإِنَّ خُلُقَ نَبِيِّ اللهِ ﷺ كَانَ الْقُرْآنَ. قَالَ: فَهَمَمْتُ أَنْ أَقُومَ وَلَا أَسْأَلُ أَحَدًا عَنْ شَيْءٍ حَتَّى أَمُوتَ، ثُمَّ بَدَا لِي، فَقُلْتُ: أَنْبِئِينِي عَنْ قِيَامِ رَسُولِ اللهِ؟ فَقَالَتْ: أَلَسْتَ تَقْرَأُ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ﴾ (المزمل: ١)؟ قُلْتُ: بَلَى. قَالَتْ: فَإِنَّ اللهَ افْتَرَضَ قِيَامَ اللَّيْلِ فِي أَوَّلِ هَذِهِ السُّورَةِ، فَقَامَ نَبِيُّ اللهِ ﷺ وَأَصْحَابُهُ حَوْلًا، وَأَمْسَكَ اللهُ خَاتِمَتَهَا اثْنَيْ عَشَرَ شَهْرًا فِي السَّمَاءِ، حَتَّى أَنْزَلَ اللهُ مِنْ آخِرِ هَذِهِ السُّورَةِ التَّخْفِيفَ، فَصَارَ قِيَامُ اللَّيْلِ تَطَوُّعًا بَعْدَ فَرِيضَةٍ.

قَالَ: قُلْتُ: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ! أَنْبِئِينِي عَنْ وِتْرِ رَسُولِ اللهِ ﷺ؟ فَقَالَتْ: كُنَّا نُعِدُّ لَهُ سِوَاكَهُ وَطَهُورَهُ، فَيَبْعَثُهُ اللهُ مَا شَاءَ اللهُ أَنْ يَبْعَثَهُ مِنَ اللَّيْلِ، فَيَتَسَوَّكُ، وَيَتَوَضَّأُ، وَيُصَلِّي تِسْعَ رَكَعَاتٍ، لَا يَجْلِسُ إِلَّا فِي الثَّامِنَةِ، فَيَذْكُرُ اللهَ، وَيَحْمَدُهُ، وَيَدْعُوهُ، ثُمَّ يَنْهَضُ وَلَا يُسَلِّمُ، ثُمَّ يَقُومُ، فَيُصَلِّي التَّاسِعَةَ، ثُمَّ يَقْعُدُ، فَيَذْكُرُ اللهَ، وَيَحْمَدُهُ، وَيَدْعُوهُ، ثُمَّ يُسَلِّمُ تَسْلِيمًا يُسْمِعُنَا، ثُمَّ يُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ بَعْدَمَا يُسَلِّمُ وَهُوَ قَاعِدٌ؛ فَتِلْكَ إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً يَا بُنَيَّ، فَلَمَّا سَنَّ نَبِيُّ اللهِ ﷺ، وَأَخَذَهُ اللحم؛ أَوْتَرَ بِسَبْعٍ، وَصَنَعَ فِي الرَّكْعَتَيْنِ مِثْلَ صَنِيعِهِ الأَوَّلِ؛ فَتِلْكَ تِسْعٌ يَا بُنَيَّ

..» أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ(١).

واته: له سه‌عدی كوڕی هیشامه‌وه، ده‌ڵێت: " ووتم : ئه‌ی دایكی باوه‌ڕداران –واته: عائیشه رضي الله عنها – هه‌واڵم بده‌رێ سه‌باره‌ت به خوڕه‌وشتی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ؟ ئه‌ویش ووتی: ئایا قورئانت نه‌خوێندووه؟ ووتم: به‌ڵێ، ئه‌ویش ووتی: ده خوڕه‌وشتی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ قورئان بوو. ده‌ڵێ: به‌بیرمدا هات كه هه‌ستم و ئیتر پرسیاری هیچ شتێك له هیچ كه‌سێك نه‌كه‌م هه‌تا ئه‌مرم، پاشان بۆم ده‌ركه‌وت، پرسیم: ئه‌ی هه‌واڵم بده‌رێ ده‌رباره‌ی شه‌ونوێژی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ئه‌ویش ووتی: ئایا سوره‌تی ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ﴾ ت نه‌خوێندووه؟ ووتم: به‌ڵێ، ئه‌ویش ووتی: خوای گه‌وره شه‌ونوێژی له‌سه‌ره‌تای ئه‌م سوره‌ته‌وه فه‌رزكرد وئه‌وه‌بوو پێغه‌مبه‌رﷺو هاوه‌ڵان ساڵێك شه‌ونوێژیان كرد، خوای گه‌وره كۆتاییه‌كه‌ی له ئاسمان به دوازده مانگ گرته‌وه، هه‌تا سووكی و ئاسانی له كۆتایی ئه‌م سوره‌ته‌وه

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب جامع صلاة الليل ومن نام عنه أو مرض، حديث رقم (٧٤٦).

دابەزی و ئەوەبوو شەونوێژ بوو بە سوننەت لەپاش ئەوەی فەرزبوو.

دەڵێ: ووتم: ئەی دایکی باوەڕداران! سەبارەت بە ویتـری پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵم بدەرێ؟ ئەویش ووتی: ئێمە سیواك و ئاوی دەستنوێژمان بۆی ئامادە دەکرد و خوای گەورە بەخەبەری دەهێنایەوە لەوکاتەی کە خوا ویستی لێبوو لەشەودا، جا سەرەتا سیواکی دەکرد ودەستنوێژی دەگرت و نۆ ڕکعاتی دەکرد و لەهەشتەمدا دادەنیشت بۆ تەحیات و زیکر وسوپاسی خوای دەکرد و دوعاو پاڕانەوەشی دەکرد پاشان سەلامی نەدەدایەوە و هەڵدەستا و رکعاتی نۆیەمی دەکرد و پاشان دادەنیشت بۆ تەحیات و زیکر وسوپاسی خواو پاڕانەوەی دەکرد و پاشان سەلامی دەدایەوە بەشێوەیەك کە بمانبیستایە، و دواتر بە دانیشتنەوە دوو رکعاتی تری دەکرد کە بە هەموویەوە دەیکرد بە یازدە رکعات کوڕی خۆم، بەڵام کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەساڵاچوو وە گۆشتی گرت ئەو کاتە حەوت رکعاتی دەکرد، و وەکو پێشوو دوو رکعاتەکەی دەکرد کە بەهەموویەوە دەیکرد بە نۆ رکعات کوڕی خۆم ...".

*** ( ٧- ٤- ٣ ) ویتــرکردن بە یازدە رکعات:**

ڕێگەدراوە بە موسڵمان کە یازدە رکعات ویتـــر بکات، ئەویش بە

**دوو شێواز دەکرێت:**

**یەکەم:** دە رکعاتی دەکات بە دوو دوو، پاشان یەك رکعات دەکات و دەبێتە ویتــر.

**دووەم:** چوار چوار دەیکات و پاشان سێ رکعات دەکات.(١)

**ئەمانەی خوارەوەش بەڵگەن لەسەر ئەوە:**

أ- عَنْ أَبِي سَلَمَةَ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، أَنَّهُ سَأَلَ عَائِشَةَ ﵂: «كَيْفَ كَانَتْ صَلَاتُهُ ﷺ فِي رَمَضَانَ؟ فَقَالَتْ: مَا كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَزِيدُ فِي رَمَضَانَ وَلَا فِي غَيْرِهِ عَلَى إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً: يُصَلِّي أَرْبَعًا؛ فَلَا تَسَلْ عَنْ حُسْنِهِنَّ وَطُولِهِنَّ، ثُمَّ يُصَلِّي أَرْبَعًا؛ فَلَا تَسَلْ عَنْ حُسْنِهِنَّ وَطُولِهِنَّ، ثُمَّ يُصَلِّي ثَلَاثًا. قَالَتْ عَائِشَةُ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ! أَتَنَامُ قَبْلَ أَنْ تُوتِرَ؟ فَقَالَ: يَا عَائِشَةَ! إِنَّ عَيْنَيَّ تَنَامَانِ وَلَا يَنَامُ قَلْبِي».

**وَفِي رِوَايَةٍ:** «كَانَ يُصَلِّي ثَلَاثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً: يُصَلِّي ثَمَانِ رَكَعَاتٍ ثُمَّ يُوتِرُ،

---

(١) بۆت هەیە ئەم سێ رکعاتەی ویتــرە بەشێوەیەك بکەیت کە پێشتر لە باسی ویترکردن بە سێ رکعات ڕوون کرایەوە.

**ثُمَّ يُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ وَهُوَ جَالِسٌ؛ فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَرْكَعَ؛ قَامَ فَرَكَعَ، ثُمَّ يُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ بَيْنَ النِّدَاءِ وَالإِقَامَةِ مِنَ الصُّبْحِ».** أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ(١).

**واته: له ئەبی سەلەمەی کوڕی عبدالرحمن ەوه كه پرسیاری له عائیشه ﵂ کردووه :" ئایا نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ له رەمەزاندا چۆن بووه؟ ئەویش ووتی: پێغەمبەری خوا ﷺله رەمەزان و جگه له رەمەزانیش له یازده رکعات زیاتری نەدەکرد، که چوار رکعاتی دەکرد بەشێوەیەك که مەپرسە دەربارەی جوانی و درێژیان، پاشان چواری تری دەکرد و مەپرسە دەربارەی جوانی و درێژیان، پاشان سێ رکعاتی دەکرد، عائیشه دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا پێش ئەوەی ویتر بکەیت دەخەویت؟ ئەویش فەرمووی: " ئەی عائیشه چاوەکانم دەخەون و دڵــم ناخەوێت".**

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي كتاب التهجد، باب قيام النَّبِي ﷺ بالليل فِي رمضان وغيره، حديث رقم (١١٤٧) واللفظ له، وطرفاه تحت رقم (٢٠١٣، ٣٥٦٩)، وأخرجه مسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب صلاة الليل وعدد ركعات النَّبِي ﷺ فِي الليل، وأن الوتر ركعة، وأن الركعة صلاة صحيحة، حديث رقم (٧٣٨) والرواية له.

لە ریوایەتێکی تردا: " پێغەمبەری خوا ﷺ سیازدە رکعاتی دەکرد، هەشت رکعاتی دەکرد و پاشان ویتری دەکرد، دواتر بە دانیشتنەوە دوو رکعاتی دەکرد، و هەرکات بیویستایە رکوع ببات هەڵدەستا و رکوعی دەبرد، پاشان دوو رکعاتی دەکرد لە نێوان بانگ و قامەتدا لە بەیانیدا".

ب- وَعَنْهَا؛ قَالَتْ: «إِنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ يُصَلِّي بِاللَّيْلِ إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً؛ يُوتِرُ مِنْهَا بِوَاحِدَةٍ؛ فَإِذَا فَرَغَ مِنْهَا؛ اضْطَجَعَ عَلَى شِقِّهِ الأَيْمَنِ، حَتَّى يَأْتِيَهُ المؤَذِّنُ، فَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ خَفِيفَتَيْنِ».

واتە: لە دایکە عائیشەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ یازدە رکعات شەونوێژی دەکرد و کە یەك رکعاتیان ویتـر بوو لەکۆتاییەوە، جا کاتێك لێدەبوویەوە بەلای ڕاستیدا ڕادەکشا هەتا بانگبێژ دەهات و ئەوکات دوو رکعاتی سووکی دەکرد.

وَفِي رِوَايَةٍ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُصَلِّي فِيمَا بَيْنَ أَنْ يَفْرُغَ مِنْ صَلَاةِ العِشَاءِ -وَهِيَ الَّتِي يَدْعُو النَّاسُ: العَتْمَةَ- إِلَى الفَجْرِ إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً؛ يُسَلِّمُ بَيْنَ كُلِّ رَكْعَتَيْنِ، وَيُوتِرُ بِوَاحِدَةٍ، فَإِذَا سَكَتَ المُؤَذِّنُ مِنْ صَلَاةِ الفَجْرِ،

وَتَبَيَّنَ لَهُ الفَجْرُ، وَجَاءَهُ المُؤَذِّنُ؛ قَامَ فَرَكَعَ رَكْعَتَيْنِ خَفِيفَتَيْنِ، ثُمَّ اضْطَجَعَ عَلَى شِقِّهِ الأَيْمَنِ حَتَّى يَأْتِيَهُ المُؤَذِّنُ لِلْإِقَامَةِ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[١].

**واتە: لە ریوایەتێکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوای تەواوبوونی نوێژی عیشا هەتا دەرکەوتنی فەجر یازدە رکعاتی دەکرد، وەلەنێوان هەموو دوو رکعاتێکدا سەلامی دەدایەوە، و لەکۆتاییدا یەك رکعات ویتری دەکرد، جا کاتێك بانگبێژ بێدەنگ دەبوو لە بانگی بەیانی و فەجری بۆ دەردەکەوت بەڕوونی، بانگبێژەکە دەهات بۆ لای و ئەمیش هەڵدەستا دوو رکعاتی سووکی دەکرد و پاشان بەلای ڕاستدا ڕادەکشا هەتا بانگبێژەکە دەهات بۆ لای بۆ قامەتی نوێژ.**

*** دەڵێم: بەوە کۆتایی هات کە شەونوێژ و ویتر پێك دێت لە یازدە رکعات.**[٢]

---

(١) **حديث صحيح:** أخرجه مسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب صلاة الليل وعدد ركعات النَّبِي ﷺ فِي الليل، وأن الوتر ركعة، وأن الركعة صلاة صحيحة، حديث رقم (٧٣٦).

**(٢) ئەگەر وترا: لە هەندێك لەو فەرموودانەی پێشوودا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ سیازدە رکعات شەونوێژی کردووە, جا چۆن ئەوە ڕاست و تەواوە کە شەونوێژ و ویتر تەنها یازدە**

رکعاتە؟!

**وەڵام:** هیچ دژو پێچەوانەییەك لەنێوان ئەو ریوایەتانەدا نیە سەبارەت بەوە, وە ئەوەی کە دەردەکەوێت ئەوەیە کە دایکە عائیشە رضي الله عنها جارێك لەگەڵ یازدە رکعاتەکەدا دوو رکعاتەکەی سوونەتی بەیانیشی باس کردووە, جارێکیش دوو رکعاتە سووکەکەی پێش دەستپێکردنی شەونوێژی لەگەڵدا باس کردووە, وە جارێکیش دوو رکعاتە سوکەکەی دوای ویتـری لەگەڵدا باس کردووە.

**ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتەش بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:**

ئەو جارەی کە لەگەڵ یازدە رکعاتەکەدا دوو رکعاتەکەی سوننەتی بەیانیشی باس کردووە, ئەمە دەقەکەیەتی: (كان النَّبِي ﷺ يصلي من الليل ثلاث عشرة ركعة، منها الوتر وركعتا الفجر). أخرجه البخاري (١١٤٠)، ومسلم (٧٣٦-٧٣٨).

واتە: " پێغەمبەری خوا ﷺ لەشەودا سیازدە رکعاتی دەکرد بە ویتـر و دوو رکعاتەکەی سوننەتی بەیانیشەوە".

ئەوەشی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دوورکعاتە سووکەکەی پێش دەستپێکردنی شەونوێژ دەیکرد, ئەمە دەقەکەیەتی: " كان رسول الله ﷺ إذا قام من الليل ليصلي؛ افتتح صلاته بركعتين خفيفتين" . أخرجه مسلم (٧٦٧).

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ کە شەو هەستایە بۆ شەونوێژ, سەرەتا بە دوو رکعاتی سووك دەستی پێدەکرد.

ئەم کۆکردنەوەیەش بۆ ئەم فەرموودانە پەسەندکراوی پێشەوا ئەلبانیە, کە پشتگیری کردووە بە ریوایەتێك بۆ ئەم فەرموودەیە کە مانا گشتیەکەی ڕوون دەکاتەوە, دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆی لە: (صلاة التراويح) (ص٩٠)، وانظر: (تمام المنة) (ص٢٤٩-٢٥٢).

وە ئەوەشی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دوو رکعاتە سووکەکەی دوای تەواوبوونی ویتــری لەگەڵیدا هەژمارکردووە, ئەو فەرموودەیەیە کە پێشتر باسی لێوەکرا لە باسی ژمارە (٦-٤-٣) لە فەرموودەکەی سەعدی کوڕی هیشام لە عائیشەوە, سەرنجی بدە.

بەهەمان شێوە لە ابن عباسەوە هاتووە کە دەڵێت: " نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ سیازدە رکعات بوو" واتە: بەشەو, أخرجه البخاري (١١٣٨). کە ئەمەش ریوایەتێکی موجمەلە و ریوایەتەکەی تری هەمان فەرموودە زیاتر روونی دەکاتەوە دەتوانیت سەیری بکەیت لە (البخاري) تحت رقم (٩٩٢)؛ کە باسی ئەوە دەکات نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ " دوو رکعاتی دەکرد, پاشان دوو رکعاتی دەکرد, پاشان دوو رکعاتی دەکرد پاشان ویتــری دەکرد" جا ئەوەی کە دەردەکەوێت ئەوەیە دوو رکعاتە سووکەکەی کە شەونوێژی پێ دەست پێدەکرد هەژماری کردووە لەگەڵیدا, وە وتراویشە: ئەوە سوونەتی بەیانیە. بۆ زیاتر سەیری : (فتح الباري) (٢/٤٨٣-٤٨٤) بکە؛ چونکە ئاماژەی بۆ جیاوازی ریوایەتەکان کردووە, بەڵام ئەوەی پێشتر باسم کرد ئەوە راجحە بەلای منەوە. والله أعلم.

بەهەمان شێوە پێشتر لە باسی ژمارە (٥-٤-٣) لە ئوم سەلەمەوە رضي الله عنها باسی ئەوە کرا کە پێغەمبەری خوا ﷺ سیازدە رکعات نوێژی دەکرد, وە ئەوەی کە دەردەکەوێت ئەوەیە کە دو رکعاتە سووکەکەی پێش دەستپێکردنی شەونوێژی لەگەڵیدا هەژمارکردووە.

**ئەگەر ووترا:** ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرمووێت: (صلاة الليل مثنى مثنى، فإذا خشي أحدكم الصبح، صلى ركعة واحدة توتر له ما قد صلى): ئایا ئەمە ئاماژە نیە بۆ ئەوەی کە شەونوێژ سنووری نیە لەڕووی ژمارەوە, چونکە هەموو درێژایی شەوی کردۆتە کاتی شەونوێژ, و جگە لەوەش دەفەرمووێت: (فإذا خشي أحدكم الصبح ...).

**وەڵام:** ئەوەیە کە لەباسی ژمارە (١-٤-٣) باسی کرا بەوەی کە لە فەرموودەکەدا بەڵگەی

## باسێك: ئایا حوکمی ئەو دوو رکعاتە چیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە دانیشتنەوە لە دوای ویتــر دەیکرد؟

---

ئەوەی تێدا نیە کە شەونوێژ لە ڕووی ژمارەوە بێ سنوورە و دیاری نەکراوە, جگە لەوانەش کە باسم کردن لێرەشدا ئەمەی خوارەوە زیاد دەکەم بۆی:

ئەو بەشەی فەرموودەکە کە دەفەرمویێت: (فإذا خشي أحدكم الصبح ...). ئەوپەڕی مەبەستی ئەوەیە کە ویتر بریتیە لە کۆتا نوێژی شەو, وە کاتی ئەنجامدانی نوێژی ویتر بە دەرکەوتنی فەجر نامێنێت, وە ئەوەشی کە شەونوێژ دەکات نابێت واز لە ویتــر بهێنێت.

وەئەوەی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە ئەو فەرموودەیەیە کە أخرجه النسائي (٢٣٣/٣)، وابن حبان (٣٥٣/٦-٣٥٤، رقم ٢٦٢٤-الإحسان)، وفي (المعجم الكبير) (٢٧٤/١٢، رقم ١٣٠٩٦)؛ بلفظ: (صلاة الليل مثنى مثنى، فإذا أردت أن تنصرف؛ فاركع واحدة توتر لك ما صليت). وە شیکردنەوەی فەرموودە بە فەرموودە لە پێشترە. وبالله التوفيق.

[ وە ئەوەی جێگەی مەبەستە: شەونوێژ و ویتر سوننەتی صحیح و صریح نەهاتووە لە کرداری پێغەمبەرەوە ﷺ مەگەر بە یازدە رکعات نەبێت, بەڵام لە میانەی کرداری هاوەڵانەوە زیاتر لەو ژمارەیە هاتووە وە ئەو کارەش بواری بۆچوونی تێدا نیە مەگەر بە تەوقیف نەبێت بۆیە حوکمی رەفعی هەیە, هەربۆیە ابن تیمیە رحمه الله، لە (الاختيارات الفقهية) (ص٦٤): دەڵێــت: " نوێژی تەراویــح لە مەزهەبی ابی حنیفە وشافعی و أحمد ئەگەر بیست رکعات بکرێت و یان وەکو مەزهەبی مالکی سی و شەش یان سیازدە رکعات بکرێت هەر باشە و پەسەندە وەکو پێشەوا أحمد دەقی لەسەر هەیە هەربۆیە زۆری و کەمی رکعاتەکان بە گوێرەی درێژی و کورتی نوێژەکەیە". تەواو.

**بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش دەڵێم:**

**پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «اجْعَلُوا آخِرَ صَلَاتِكُمْ بِاللَّيْلِ وِتْرًا». مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ[1].**

**واتە: ویتـر بـخەنە کۆتا نوێژتان لەشەودا.**

**وە پێشتریش باسی ئەوە کرا کە پێغەمبەری خوا ﷺ دوو رکعاتی سووکی لە دوای ویتر دەکرد هەندێك جار بە دانیشتنەوە.**

**هەربۆیە کرداری پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵگەیە لەسەر ئەو قسەیەی پێغەمبەر کە دەفەرموێت: «اجْعَلُوا آخِرَ صَلَاتِكُمْ بِاللَّيْلِ وِتْرًا». ئەم فەرمانە بۆ رێنمایی کردنە بۆ ئەوەی کە باشترینە، جا بۆیە حەڵاڵە بۆ موسڵمان کە لەپاش ویتـر نوێژ بکات و هیچی لەسەر نیە لەوەدا.**

**وە ئەوەی کە زیاتر جەخت لەسەر ئەو بابەتە دەکاتەوە ئەوەیە کە لە**

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي كتاب الوتر، باب ليجعل آخر صلاته وترًا، حديث رقم (٩٩٨)، وأخرجه مسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب صلاة الليل مثنى مثنى، والوتر ركعة من آخر الليل، حديث رقم (٧٥١).

هاوەڵی بەرێز ثوبان هاتووە کە دەڵێت: ئێمە لەگەڵ پێغەمەری خوادا ﷺ بووین لەسەفەردا و فەرمووی: «إِنَّ هَذَا السَّفَرَ جُهْدٌ وَثِقَلٌ، فَإِذَا أَوْتَرَ أَحَدُكُمْ؛ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ، فَإِنِ اسْتَيْقَظَ، وَإِلَّا؛ كَانَتَا لَهُ». أَخْرَجَهُ الدَّارِمِيُّ، وَابْنُ خُزَيْمَة، وَابْنُ حِبَّانَ(١).

واتە: لە ڕاستیدا ئەم سەفەرە قورسی و نارەحەتیە، جا ئەگەر یەکێکتان ویتری کرد، پاشان با دوو رکعات بکات، ئەگەر هەستا و بەخەبەر هاتەوە ئەوە باشە وە ئەگینا ئەو دوو رکعاتە بۆ ئەوە.

جا ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەبەست لەو فەرمانەی کە هاتووە بۆ ئەوەی کە کۆتا نوێژ ویتر بێت ئەوەیە کە موسڵمان کەمتەرخەمی نەکات لە ئەنجامدانی ویتر بە رکعاتێکیش بێت، بۆیە ئەمە پێچەوانەی ئەوە نیە کە لەدوای ویتریشەوە نوێژ بکرێت هەروەکو سابت بووە

---

(١) **إسناده جيد**: أخرجه الدارمي (٣٧٤/١)، وابن خزيمة فِي (صحيحه) حديث رقم (١١٠٦)، وابن حبان كما فِي (٣١٥/٦، حديث رقم ٢٥٧٧- الإحسان).

والحديث أورده الألبانِي فِي (سلسلة الأحاديث الصحيحة) تحت رقم (١٩٩٣)، وقال مُحقق (الإحسان): (إسناده قوي).

لە کردار و فەرمانی پێغەمبەرەوە ﷺ[1]. وَاللهُ أَعْلَمُ.

وە پێشەوا ابْنُ خُزَيْمَةَ بابێکی داناوە لەسەر فەرموودەکەی سەوبان و دەڵێت: " باسکردنی بەڵگەی ئەوەی کە نوێژکردن لەدوای ویترەوە حەڵاڵە وڕێگەپێدراوە بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت نوێژ لە دوایەوە بکەن، وە ئەو دوو رکعاتەشی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی داوە لەپاش ویتــر تایبەت نیە بە پێغەمبەرەوە و ئومەتەکەی نەگرێتەوە ئەمە لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ کەفەرمانمان پیٚ دەکات بە کردنی دوو رکعات لەپاش ویتــر ئەوە فەرمانی سوننەت و چاکەیە نەوەك فەرمانی واجبێتی و فەرزبوون".[2]

## ( ٥-٣ ) ئەوەی دەخوێنــرێت لە نوێــژی ویتــردا

ڕێگەدراوە بە موسڵمان کە لە رکعاتی یەکەمی ویتــردا ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾ [الأعلى:١]، بــخــوێنێت و لە رکعاتی دووەمدا ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا

---

(١) انظر: (سلسلة الأحاديث الصحيحة) (٦٤٦/٤، حديث رقم ١٩٩٣).

(٢) (صحيح ابن خزيمة) (١٥٩/٢).

ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾ [الكافرون:١]، بـخـوێـنـێـت ، و لە ركعاتى سێیەمیشدا ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾ [الإخلاص:١].بخوێنێت ، وهەندێك جاریش لەركعاتى سێیەمدا لەگەڵ ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾: دا هەردوو سورەتى (الفلق والناس) بخوێنێت.

**بەڵگەش لەسەر ئەو كـــارە ئەمانەى خوارەوەیە:**

**عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ يُوتِرُ بِثَلَاثِ رَكَعَاتٍ، كَانَ يَقْرَأُ فِي الأُولَى بِـ: ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾ [الأعلى:١]، وَفِي الثَّانِيَةِ بِـ: ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾ [الكافرون:١]، وَفِي الثَّالِثَةِ: بِـ: ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾ [الإخلاص:١]. وَيَقْنُتُ قَبْلَ الرُّكُوعِ، فَإِذَا فَرَغَ؛ قَالَ عِنْدَ فَرَاغِهِ: سُبْحَانَ المَلِكِ القُدُّوسِ، ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، يُطِيلُ فِي آخِرِهِنَّ».** أَخْرَجَهُ النَّسَائِيُّ[1].

---

(١) **حديث صحيح:** أخرجه النسائي فِي كتاب قيام الليل، وتطوع النهار، باب ذكر اختلاف ألفاظ الناقلين لخبر أُبَي بن كعب فِي الوتر (٣/٢٣٥)، وأخرجه ابن حبان فِي (صحيحه) (٦/٢٠٢، حديث رقم ٢٤٥٠-الإحسان) دون قوله:(ويقنت قبل الركوع). وقال: (فإذا سلم؛ قال: سبحان الملك القدوس ...).والحديث صحح إسناده الألبانِي فِي (صحيح سنن النسائي) (١/٣٧١-٣٧٢)، ومُحقق (الإحسان)

واتە: لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە: " پێغەمبەری خوا ﷺ سێ رکعات ویتــری دەکرد و لە رکعاتی یەکەمدا سورەتی ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾ ،ی دەخوێند ولە دووەمدا سورەتی ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ ،ی دەخوێند و لە سێیەمیشدا سورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾.ی دەخوێند. و پێش رکوع دوعای قنوتی دەخوێند و کە نوێژەکەشی تەواو دەبوو سێ جار دەیفەرموو (سُبْحَانَ المَلِكِ القُدُّوسِ) وە لە جاری سێیەمیاندا درێژی دەکردەوە.

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ؛ قَالَ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُوتِرُ بِثَلَاثٍ؛ يَقْرَأُ فِي الأُولَى بِـ: ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾ [الأعلى:١]، وَفِي الثَّانِيَةِ بِـ: ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ [الكافرون:١]، وَفِي الثَّالِثَةِ بِـ: ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾». أَخْرَجَهُ النَّسَائِيُّ(١).

واتە: لە ابن عباسەوە دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ سێ رکعات

---

(٦/٢٠٣).

(١) **حديث صحيح**: أخرجه النسائي فِي كتاب قيام الليل، وتطوع النهار، باب ذكر الاختلاف على أَبِي إسحاق فِي حديث سعيد بن جبير عن ابن عباس فِي الوتر (٣/٢٣٦).

والحديث صححه الألباني فِي (صحيح سنن النسائي) (١/٣٧٢).

ویتــری دەکرد و لە رکعاتی یەکەمدا سورەتی ﴿سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى﴾ ی دەخوێند ولە دووەمدا سورەتی ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْكَـٰفِرُونَ﴾ ی دەخوێند و لە سێیەمیشدا سورەتی ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ی دەخوێند.

عَنْ عَبْدِ العَزِيزِ بْنِ جُرَيْجٍ؛ قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ: بِأَيِّ شَيءٍ كَانَ يُوتِرُ رَسُولُ اللهِ ﷺ؟ قَالَتْ: «كَانَ يَقْرَأُ فِي الأُولَى بِـ: ﴿سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى﴾ [الأعلى:١]، وَفِي الثَّانِيَةِ بِـ: ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْكَـٰفِرُونَ﴾ [الكافرون:١]، وَفِي الثَّالِثَةِ بِـ: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾. [الإخلاص:١]. وَالمُعَوِّذَتَيْنِ». أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ[1].

واتە: لە عبدالعزیزی کوڕی جورەیجەوە دەڵێت: پرسیارم لە عائیشە کرد: پێغەمبەری خوا ﷺ بە چی ویتــری دەکرد؟ ئەویش ووتی: پێغەمبەری خوا ﷺ لە رکعاتی یەکەمدا سورەتی ﴿سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى﴾

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه الترمذي فِي أبواب الوتر، باب ما جاء فيما يقرأ به فِي الوتر، حديث رقم (٤٦٢)، وصححه ابن حبان (١٨٨/٦، ٢١٠، حديث رقم ٢٤٣٢، ٢٤٤٨- الإحسان)، والحديث حسنه الترمذي، ووافقه الشيخ أحمد شاكر، وصححه مُحقق (الإحسان)، والألباني فِي (صحيح سنن الترمذي) (١٤٤/١).

ی دەخوێند وله دووەمدا سورەتی ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْكَـٰفِرُونَ﴾ ی دەخوێند و له سێیەمیشدا سورەتی ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَـدٌ﴾ [الإخلاص:١]. و (الفلق والناس)ی دەخوێند.

وه بـزانه لەم فەرموودانەوه هەست بەوه دەکرێت که پێغەمبەری خوا ﷺ تاك و جووتی لەیەکتر جیادەکردەوه و ئەمەش به ڕاشکاوی هاتووه وەکو ئەم ئەسەره :

عَنِ ابْنِ عُمَرَ؛ قَالَ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَفْصِلُ بَيْنَ الشَّفْعِ وَالوِتْرِ بِتَسْلِيمٍ يُسْمِعُنَاهُ». أَخْرَجَهُ ابْنُ حِبَّانَ(١).

واته: له ابن عومەرەوه: دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ تاك و جووتی لەیەکتر جیادەکردەوه به سەلامدانەوەیەك که دەمانبیست لێیەوه".

---

(١) **إسناده حسن**: أخرجه أحمد في (المسند) (٢/٧٦، ٧/٢٣٠، حديث رقم ٥٤٦١- شاكر)، وصححه ابن حبان (الإحسان) (٦/١٩١، حديث رقم ٢٤٣٥).

والحديث صحح إسناده الشيخ أحمد شاكر، وقوّى إسناده الحافظ ابن حجر كما أشار الشيخ أحمد شاكر، وكذا قوّاه مُحقق (الإحسان).

ئەمەش مانای ئەوە نیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ سێ رکعاتی ویتــری پێکەوە نەکردووە، چونکە لە ریوایەتەکەی ئوبەی کە پێشتر باس کرا ئەوە هاتوە کە پێکەوە کردوویەتی و وەکو ئەمە دەقەکەیەتی:

«كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَقْرَأُ فِي الوِتْرِ بِـ: ﴿سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى﴾ [الأعلى: ١]، وَفِي الرَّكْعَةِ الثَّانِيَةِ بِـ: ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْكَـٰفِرُونَ﴾ [الكافرون: ١]، وَفِي الثَّالِثَةِ بِـ: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ [الإخلاص: ١]. وَلَا يُسَلِّمُ إِلَّا فِي آخِرِهِنَّ، وَيَقُولُ –يَعْنِي: بَعْدَ التَّسْلِيمِ–: سُبْحَانَ المَلِكِ القُدُّوسِ؛ ثَلَاثًا». أَخْرَجَهُ النَّسَائِيُّ(١).

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه النسائي فِي كتاب قيام الليل، وتطوع النهار، باب ذكر اختلاف ألفاظ الناقلين لخبر أُبَي بن كعب فِي الوتر (٣/٣٣٥-٣٣٦)، والحديث صححه الألبانِي فِي (صحيح سنن النسائي) (١/٣٧٢).

**سوودێك**: پێشەوا نەسائی لە باسی شەونوێژ وسوننەتی رۆژدا و بابەتی خوێندن لە ویتردا لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە دەگێڕێتەوە کە لە نێوان مەککە و مەدینەدا بووە و دوو رکعاتی عیشای کردووە وپاشان هەستاوە یەك رکعات ویتــری کردووە و لەو رکعاتەدا سەد ئایەتی لە سورەتی (نیساء) خوێندووە و پاشان ووتویەتی: " لە ڕاستیدا هەوڵم دا کە پێم لەوشوێنە دابنێم کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێیەکانی لێ دانابوو وە ئەوەش بخوێنم کە پێغەمبەری خوا ﷺ خوێنــدی".

واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ سێ رکعات ویتــری دەکرد و لە رکعاتی یەکەمدا سورەتی ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾ [الأعلى: ١]ی دەخوێند ولە دووەمدا سورەتی ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ ی دەخوێند و لە سێیەمیشدا سورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ ی دەخوێند و لەکۆتاییەوە نەبێت سەلامی نەدەدایەوە و لەدوای سەلامدانەوەش سێ جار دەیفەرموو: (سُبْحَانَ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ) .

*** سوودێــك:**

فەرموودەکەی ئوبەی کوڕی کەعب بەڵگەیە لەسەر مەشروعیەتی ئەوەی کە ئەگەر موسڵمان نوێژی ویتــری تەواو کرد سێ جار بڵێت: (سُبْحَانَ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ) و لە سێیەم جاریدا درێژی بکاتەوە.

---

**دەڵێم:** ئەو فەرموودەیە بەلای منەوە ڕاشکاو نیە سەبارەت بە مەشروعیەتی خوێندنی سەد ئایەت لە سورەتی نیساء لە ویتــردا بە ڕەهایی, بەڵێ, ئەوە بەڵگەیە لەسەر مەشروعیەتی ئەو کارە لەکاتی کردنی یەك رکعات ویتــردا, جا ئایا ئەوەش لە شوێنی خۆتدا بیت واتە لەسەفەردا نەبیت هەر دروستە؟ ئەوەی یەکەمیان بەلای منەوە ڕوون و دیارە. والله أعلم.

# ( ٦-٣ ) قنـــوت لە ویتــردا

*** ئه‌م باسه‌ش ئه‌م بابه‌تانه‌ی خواره‌وه‌ له‌ خـــۆده‌گـرێت:**

**- بابه‌تی یه‌كه‌م:** حوكمه‌كه‌ی

**- بابه‌تی دووه‌م:** شوێنـــه‌كه‌ی.

**- بابه‌تی سێیه‌م:** شێواز و چۆنیه‌تیه‌كه‌ی.

* ( ١-٦-٣ ) **حوكمی قنوت له‌ ویتــردا.**

**خوێندنی قنوت له‌ ویتــردا سوننه‌ته‌ و واجب نیه‌.**

**به‌ڵگه‌ش له‌سه‌ر سوننه‌تێتی:** پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ویتری ده‌كرد و هه‌ندێك جاریش قنوتی نه‌ده‌خوێند، جا ئه‌وه‌ش به‌ڵگه‌یه‌ له‌سه‌ر واجب

نەبوونی قنوت لە ویتردا، چونکە ئەگەر واجب بوایە ئەوا پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێك جار وازی لێ نەدەهێنا. وَاللّٰهُ أَعْلَمُ.

بەڵگەش لەسەر ئەوە: لەهەندێك لەهاوەڵان و تابعینەوە ئەوە هاتووە کە قنوتیان نەخوێندووە لە ویتــردا، تەنانەت لە هەندێکیانەوە هاتووە کە بەدرێژایی ساڵ قنوتی نەخوێندووە لە ویتردا، تەنها لە نیوەی مانگی رەمەزاندا نەبێت، ئەمە لەکاتێکدا لە هەندێکی تریانەوە هاتووە کە قنوتی خوێندووە لە ویتردا بەدرێژایی ساڵ.(١)

جا ئەم ڕاجیاوازیەش تێیاندا، هەست بەوە دەکرێت بەلای هەموویانەوە سابت نەبووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەهەموو نوێژە ویترەکانیدا قنوتی خوێندبێت، وە هەر ئەمەشە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێك جار قنوتی نەخوێندووە لە ویتردا. وَاللّٰهُ أَعْلَمُ.

وە یەکێك لەوانەی کە ئەم ڕاجیاوازیەی باسکردووە پێشەوا (التِّرْمِذِيّ)، ە،کە دەڵێت: " زانایان ڕاجیاوازن سەبارەت بە حوکمی خوێندنی قنوت لە

---

(١) انظر: (المصنف) لابن أبِي شيبة (٢/٣٠٥-٣٠٦)، و(مُختصر قيام الليل) للمروزي (ص ١٣٥-١٣٦)، و(مجموع الفتاوى) (٢٢/٢٧١).

ویتردا، بۆیه عبدالله ی كوڕی مسعود وای ده‌بینێت كه قنوت له ویتردا له هه‌موو ساڵه‌كه‌دایه، وه قنوتیش پێش ركوعه به‌لای ئه‌ووه‌. كه ئه‌وه‌ش بۆچوونی هه‌ندێكه له ئه‌هلی عیلم و ته‌نانه‌ت زانایانی وه‌ك سوفیانی سه‌وری وابن موباره‌ك و ئیسحاق وئه‌هلی كوفه واده‌ڵێن".

وه له پێشه‌وا عه‌لی كوڕی ئه‌بی تالیبه‌وه گێڕراوه‌ته‌وه كه قنوتی نه‌كردووه مه‌گه‌ر له نیوه‌ی كۆتایی مانگی ره‌مه‌زاندا نه‌بێت، وه قنوتیشی دوای ركوع خوێندووه، و هه‌ندێك له ئه‌هلی عیلمیش ئه‌م بۆچوونه‌یان هه‌یه و شافعی وئه‌حمه‌دیش هه‌مان قسه ده‌كه‌ن. (١)

## * ( ٢-٦-٣ ) شوێنی قنوت له ویتردا :

قنوت له ركعاتی كۆتاییدایه و له‌دوای قورئان خوێندن و پێش ركوع، ئه‌مه‌ش به زۆری باسی لێوه كراوه له كرداری پێغه‌مبه‌ری خواوه ﷺ ، هه‌رچه‌نده هه‌ندێك جاریش له پاش ركوع قنوتی خوێندووه، وَاللهُ أَعْلَمُ.

---

(١) (سنن الترمذي) (٣٢٩/٢).

**بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەمانەی خوارەوەیە:**

**أ- عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ؛ قَالَ: «إِنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ يُوتِرُ فَيَقْنُتُ قَبْلَ الرُّكُوعِ».** أَخْرَجَهُ ابْنُ مَاجَهْ[1].

**واتە: لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە، دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ ویتـری دەکرد و پێش رکوع قنوتی دەخوێند".**

**ب- عَنْ عَلْقَمَةَ «أَنَّ ابْنَ مَسْعُودٍ وَأَصْحَابَ النَّبِيِّ ﷺ كَانُوا يَقْنُتُونَ فِي الوِتْرِ قَبْلَ الرُّكُوعِ».** أَخْرَجَهُ ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ[2].

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه ابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها، باب ما جاء فِي القنوت قبل الركوع وبعده، حديث رقم (١١٨٢)، وأبو داود فِي تفريع أبواب الوتر، باب القنوت فِي الوتر معلقًا طرف سنده وأورد المتن بنحوه، وأخرجه النسائي فِي كتاب قيام الليل وتطوع النهار، باب ذكر اختلاف ألفاظ الناقلين لخبر أُبَي بن كعب فِي الوتر (٢٣٥/٤٣) بسياق فِيه زيادة على ما هنا، ذكر ما يقرأه فِي الوتر وما يقوله عند فراغه من الوتر.

والحديث صححه الألبانِي فِي (إرواء الغليل) (١٦٧/٢) حديث رقم (٤٢٦)، وصححه مُحقق (جامع الأصول) (٥٤/٦).

(٢) **أثر صحيح**: أخرجه ابن أبِي شيبة (٣٠٢/٢)؛ قال: (حدثنا يزيد بن هارون عن هشام الدستوائي عن حماد بن إبراهيم عن علقمة عن ابن مسعود ... ) وساقه.

واتە: لە عەلقەمەوە، دەڵێت: " ابن مسعود و هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لە ویتردا قنوتیان پێش رکوع دەخوێند".

* دەڵێم: لە میانەی فەرموودەکەی ئوبەی کوڕی کەعب و ئەسەرەکەی عەلقەمەوە ئەوە تێدەگەین و بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە قنوت لە ویتردا لە دوای قورئان خوێندن و پێش رکوعە.

**بەڵام بەڵگەی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێك جار قنوتی لە دوای رکوعەوە دەکرد لە ویتردا، ئەمەی خوارەوەیە:**

عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَبْدِ القَارِي؛ أَنَّهُ قَالَ: «خَرَجْتُ مَعَ عُمَرَ بْنِ الخَطَّابِ رضي الله عنه لَيْلَةً فِي رَمَضَانَ إِلَى المَسْجِدِ، فَإِذَا النَّاسُ أَوْزَاعٌ مُتَفَرِّقُونَ، يُصَلِّي الرَّجُلُ لِنَفْسِهِ، وَيُصَلِّي الرَّجُلُ فَيُصَلِّي بِصَلَاتِهِ الرَّهْطُ، فَقَالَ عُمَرُ: إِنِّي أَرَى لَوْ جَمَعْتُ هَؤُلَاءِ عَلَى قَارِئٍ وَاحِدٍ، لَكَانَ أَمْثَلَ. ثُمَّ عَزَمَ، فَجَمَعَهُمْ عَلَى أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ، ثُمَّ خَرَجْتُ مَعَهُ لَيْلَةً أُخْرَى، وَالنَّاسُ يُصَلُّونَ بِصَلَاةِ قَارِئِهِمْ، قَالَ عُمَرُ:

---

والأثر قال عنه الألباني في (إرواء الغليل) (٢/١٦٦): (هذا سند جيد، وهو على شرط مسلم). اهـ.

نِعْمَ البِدْعَةُ هَذِهِ[1]، وَالَّتِي يَنَامُونَ عَنْهَا أَفْضَلُ مِنَ الَّتِي يَقُومُونَ -يُرِيدُ: آخِرَ اللَّيْلِ-. وَكَانَ النَّاسُ يَقُومُونَ أَوَّلَهُ -وَزَادَ فِي رِوَايَةٍ: وَكَانُوا يَلْعَنُونَ الكَفَرَةَ فِي النِّصْفِ[2]: اللَّهُمَّ قَاتِلِ الكَفَرَةَ الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِكَ، وَيُكَذِّبُونَ رُسُلَكَ، وَلَا يُؤْمِنُونَ بِوَعْدِكَ، وَخَالِفْ بَيْنَ كَلِمَتِهِمْ، وَأَلْقِ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ، وَأَلْقِ عَلَيْهِمْ رِجْزَكَ وَعَذَابَكَ، إِلَهُ الحَقِّ. ثُمَّ يُصَلِّي عَلَى النَّبِيِّ ﷺ، وَيَدْعُو لِلْمُسْلِمِينَ بِمَا اسْتَطَاعَ مِنْ خَيْرٍ، ثُمَّ يَسْتَغْفِرُ لِلْمُؤْمِنِينَ . قَالَ: وَكَانَ يَقُولُ إِذَا فَرَغَ مِنْ لَعْنِهِ الكَفَرَةَ وَصَلَاتِهِ عَلَى النَّبِيِّ وَاسْتِغْفَارِهِ لِلْمُؤْمِنِينَ وَالمُؤْمِنَاتِ وَمَسْأَلَتِهِ: اللَّهُمَّ

---

(1) واتە: مەبەست لێی داهێنراوی زمانەوانیە چونکە کۆبوونەوەی خەڵکی لەرەمەزاندا بۆ تەراویح لە مزگەوتدا وبەپێشنوێژی کەسێك شتی وانەبووە لەسەردەمی ابوبکرو سەرەتای سەردەمی عومەریشدا, بۆیە عومەر بە داهێنراو ناوزەدی کرد, لەبەرئەوەی لە زماندا وای پێ دەڵێن ئەگەرچیش داهێنراوی شەرعی نەبێت, چونکە سابت بووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی تەراویحی بەکۆمەڵ کردووە بۆ خەڵکی و لەشەوی سێیەم یان چوارەمدا پێی فەرموون: (إنه لَم يَمنعنِي أن أخرج إليكم إلا كراهة أن يفرض عليكم). البخاري (٢٠١٢)؛ واتە: هیچ ڕێگریەکم نەبووە کە بێم نوێژتان بۆ بکەم ئەوە نەبێت کە نەوەك لەسەرتان فەرزبێت. جا بۆیە کۆبوونەوەی خەڵکی بۆ نوێژی تەراویح کارێکی چاکە, وە ترسی فەرزبوونیشی نەما بە وەفاتی پێغەمبەر ﷺ بۆیە بەرهەڵستکردنیشی نەما. انظر: (اقتضاء الصراط المستقيم) (ص٢٧٥-٢٧٧).

(2) واتە: لە نیوەی رەمەزاندا.

إِيَّاكَ نَعْبُدُ، وَلَكَ نُصَلِّي وَنَسْجُدُ، وَإِلَيْكَ نَسْعَى وَنَحْفِد، وَنَرْجُو رَحْمَتَكَ رَبَّنَا، وَنَخَافُ عَذَابَكَ الجِدَّ، إِنَّ عَذَابَكَ لِمَنْ عَادَيْتَ مُلْحق، ثُمَّ يُكَبِّرُ وَيَهْوِي سَاجِدًا»(١).

واتە: لە عبدالرحمنی کوڕی عبدالقاریەوە، دەڵێت: " شەوێکی ڕەمەزان لەگەڵ عومەری کوڕی خەتتابدا ﵁ دەرچووم بۆ مزگەوت، بینیمان خەڵکی پەرت وبڵاون، بەشێوەیەك کە هی واهەبوو تەنها بۆ خۆی نوێژی دەکرد و هی وا هەبوو کۆمەڵێك لەگەڵیدا نوێژیان دەکرد، بۆیە عومەر ووتی: وای دەبینم ئەگەر ئەوانە لەسەر یەك پێشنوێژ کۆبکەمەوە باشتــرە، پاشان بڕیاریدا و کۆیانی کردەوە بە پێشنوێژی ئوبەی کوڕی کەعب، پاشان شەوێکی تر لەگەڵیدا دەرچووم و بینیمان کە خەڵکی لەگەڵ پێشنوێژەکەیاندا نوێژدەکەن و عومەریش ووتی: ئەمە چەند

---

(١) **أثر صحيح**: أخرجه البخاري فِي كتاب صلاة التراويح، باب فضل من قام رمضان، حديث رقم (٢٠١٠)، إلَى قوله: (وكان الناس يقومون أوله). والزيادة فِي الرواية الأخرى أخرجها ابن خزيمة فِي (صحيحه) (١٥٥/٢-١٥٦)، وصحح إسناده الألبانِي فِي رسالته القيمة المفيدة (صلاة التراويح) (ص ٤١-٤٢) وتكلم : على شيء من فقه هذا الأثر؛ فانظره.

داهێنراوێکی باشە، و ئەوەی کە لێی دەخەون باشترە لەوەی کە بۆی هەڵدەستن – مەبەستی کۆتایی شەوبوو – وە خەڵکی لەسەرەتای شەوەوە شەونوێژیان دەکرد و لەریوایەتێکی تردا ئەم زیادەیەش هاتووە کە دەڵێت: ئەوان لە نیوەی رەمەزانەوە لە قنوتدا نەفرەتیان لە بێباوەڕان دەکرد وئەم دوعایەیان دەخوێند: " اللَّهُمَّ قَاتِلِ الكَفَرَةَ الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِكَ، وَيُكَذِّبُونَ رُسُلَكَ، وَلَا يُؤْمِنُونَ بِوَعْدِكَ، وَخَالِفْ بَيْنَ كَلِمَتِهِمْ، وَأَلْقِ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ، وَأَلْقِ عَلَيْهِمْ رِجْزَكَ وَعَذَابَكَ، إِلَهُ الحَقِّ " پاشان صەلاواتی دەدا لەسەر پێغەمبەری خواو ﷺ دوای ئەوە ئەوەی لەتوانایدا هەبوایە دوعای خێری بۆ موسڵمانان دەکرد و داوای لێخۆشبوونی بۆ باوەڕداران دەکرد، جا ئەگەر لێ بووایەوە لە نەفرەت کردنی لە بێباوەڕان و صەلاوات لەسەر پێغەمبەری خواو ﷺ و داوای لێخۆشبوون بۆ باوەڕداران و دوعای خێر ئەوجا دەیووت: " اللَّهُمَّ إِيَّاكَ نَعْبُدُ، وَلَكَ نُصَلِّي وَنَسْجُدُ، وَإِلَيْكَ نَسْعَى وَنَحْفِد، وَنَرْجُو رَحْمَتَكَ رَبَّنَا، وَنَخَافُ عَذَابَكَ الجِدَّ، إِنَّ عَذَابَكَ لِمَنْ عَادَيْتَ مُلْحق" پاشان الله اكبرى دەکرد و دەچوو بۆ سوجدە".

* **دەڵێم:** ئەوەی کە جێگەی مەبەستە ئەم بڕگەیەیە کە دەڵێت: «ثُمَّ يُكَبِّرُ وَيَهْوِي سَاجِدًا»؛ کە ئەوەی تێیدایە بریتیە لەوەی دوعای قنوت لەدوای رکوعەوە بووە، چونکە ئەگەر پێش رکوع بووایە ئەوا الله اکبری بۆ رکوع دەکرد نەوەك بۆ سوجدە. وَبِاللهِ التَّوْفِيقِ.

## * ( ٣-٦-٣ ) شێواز و چۆنێتی قنوت لە ویتــردا :

ئەوەی دەردەکەوێت بۆ کەسێك کەبیربکاتەوەو وردبێتەوە لەو دەقانەی کە هاتوون، ئەوەیە کە لەقنوتی ویتردا شتێکی دیاری کراو نیە وبەڵکو

بریتیە لە دوعاو داوای لێخۆشبوون.[1]

وە لە باشترینی دوعا لە قنوتی ویتردا ئەمەیە:

لە حەسەنی کوڕی عەلیەوە رضي الله عنهما دەڵێت: " پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم چەند ووشەیەکی فێرکردم کە هەرکاتێك قورئان خوێندنەکەم تەواوکرد ئەو ووشانە بلێم لە قنوتی ویتردا ئەوانیش ئەمانەن: اللَّهُمَّ اهْدِنِي فِيمَنْ هَدَيْتَ، وَعَافِنِي فِيمَنْ عَافَيْتَ، وَتَوَلَّنِي فِيمَنْ تَوَلَّيْتَ، وَبَارِكْ لِي فِيمَا أَعْطَيْتَ، وَقِنِي شَرَّ مَا قَضَيْتَ؛ إِنَّكَ تَقْضِي وَلَا يُقْضَى عَلَيْكَ، وَإِنَّهُ لَا يَذِلُّ مَنْ وَالَيْتَ، وَلَا يَعِزُّ مَنْ عَادَيْتَ، تَبَارَكْتَ رَبَّنَا وَتَعَالَيْتَ، [وَلَا مَنْجَأَ مِنْكَ إِلَّا إِلَيْكَ]»[2].

---

(١) وهذا مروي عن إبراهيم النخعي. انظر: (مصنف ابن أبي شيبة) (٢/٣٠١).

(٢) **حديث صحيح**: أخرجه أبو داود في كتاب الصلاة، باب القنوت في الوتر، حديث رقم (١٤٢٥) والسياق له، وأخرجه النسائي في كتاب قيام الليل، وتطوع النهار، باب الدعاء في الوتر (٣/٢٤٨) بنحوه، وأخرجه الترمذي في كتاب الصلاة، باب ما جاء في القنوت في الوتر، حديث رقم (٤٦٤)، وأخرجه ابن ماجه في كتاب إقامة الصلاة، والسنة فيها، باب ما جاء في القنوت في الوتر، حديث رقم (١١٧٨)، وأخرجه ابن مندة في (كتاب التوحيد) (٢/١٩١) حديث رقم (٣٤٣)، والزيادتان له.

والحديث صححه العلامة أحمد شاكر في (تحقيقه للترمذي) (٢/٣٢٩)، والعلامة الألباني في (إرواء

هه‌روه‌كو ڕێگه‌دراوه كه له‌و دوعایه زیاتر بخوێنرێت له نیوه‌ی ڕه‌مه‌زاندا ئه‌وه‌ش به‌به‌ڵگه‌ی ئه‌و ده‌قه‌ی كه پێشتر باسی كرا له عبدالرحمن ی كوڕی عبدالقاریه‌وه كه ووتی: له نیوه‌ی ڕه‌مه‌زاندا له دوعادا نه‌فره‌تیان له بێباوه‌ڕان ده‌كرد به ووتنی ئه‌م دوعایه: " اللَّهُمَّ قَاتِلِ الكَفَرَةَ، الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِكَ، وَيُكَذِّبُونَ رُسُلَكَ، وَلَا يُؤْمِنُونَ بِوَعْدِكَ، وَخَالِفْ بَيْنَ كَلِمَتِهِمْ، وَأَلْقِ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ، وَأَلْقِ عَلَيْهِمْ رِجْزَكَ وَعَذَابَكَ، إِلَهُ الحَقِّ." پاشان صه‌لاواتی له‌سه‌ر پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ده‌دا و دوعای بۆ موسڵمانان ده‌كرد ئه‌وه‌ی له‌تواناادا بوایه و داوای لێخۆشبوونی بۆ باوه‌ڕدارانیش ده‌كرد و ئه‌وجا كه‌له دوعاكردن له بێباوه‌ڕان و صه‌لاوات دان و داوای لێخۆشبوون بۆ باوه‌ڕداران و داواكاری خۆی بووایه‌وه ده‌یووت: " اللَّهُمَّ إِيَّاكَ نَعْبُدُ، وَلَكَ نُصَلِّي وَنَسْجُدُ، وَإِلَيْكَ نَسْعَى وَنَحْفِدُ، وَنَرْجُو رَحْمَتَكَ رَبَّنَا، وَنَخَافُ عَذَابَكَ الجِدَّ، إِنَّ عَذَابَكَ لِمَنْ عَادَيْتَ مُلْحَقٌ»[١].

---

الغليل) (٢/١٧٢)، ومُحقق (جامع الأصول) (٥/٣٩٢).

(١) سبق تخريجه وسياقه تامًّا؛ انظر: (٢/٦-٣).

* **وریاکردنەوە: لە عەلی کوڕی ئەبوو تالیبەوە ﵁ هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە کۆتایی ویترەکەیدا فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ، وَبِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ، لَا أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ»**[(1)].

* **دەڵێم: پێشەوا ترمزی ئەم فەرموودەیەی بەم دەقە هێناوە لە بابی دوعای ویتردا و پێشەوا نەسائی لەبابی دوعا لە ویتردا و ئەبوداود لە بابی دوعا لە ویتردا و ابن ماجەش لە بابی دوعا لە ویتردا.**

**ئەم قسەیە کە پێشەوا السندی ئاماژەی بۆ کردووە لە "** حَاشِيَتِهِ عَلَى النَّسَائِيِّ **" کە دەڵێت: ووتەی: " لە کۆتایی ویترەکەیدا دەیووت" ئەوە هەڵدەگرێت کە لە کۆتایی شەونوێژەکەیدا ووتبێتی و بۆیە ئەوە لە قنوتدا**

(١) **حديث صحيح**: أخرجه الترمذي فِي كتاب الدعوات، حديث رقم (٣٥٦٦)، والنسائي فِي كتاب قيام الليل، وتطوع النهار (٣/٢٤٨-٢٤٩)، وأبو داود فِي كتاب الصلاة، حديث رقم (١٤٢٧)، وابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها، حديث رقم (١١٧٩).

والحديث صححه الألبانِي فِي (إرواء الغليل) (١٧٥/٢) حديث رقم (٤٣٠)، ومُحقق (جامع الأصول) (٦٤/٦، ٣٩٢/٥).

دەبێت وەکو ڕووکەشی قسەکەی نووسەر وەهایە، وە ئەوەش هەڵدەگرێت کە لە دانیشتنیدا بۆ تەحیات ووتبێتی وەکو رووکەشی دەقەکە وەهایە. [١]

بەڵام ئەم فەرموودەیە پێشەوا نەسائی هێناویەتی لە کتێبی " عَمَل اليَوْم وَاللَّيْلَة " بەهەمان شێوە ابن السنيش هێناویەتی بەم دەقەیە:

عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ؛ قَالَ: «بِتُّ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ ﷺ ذَاتَ لَيْلَةٍ، فَكُنْتُ أَسْمَعُهُ إِذَا فَرَغَ مِنْ صَلَاتِهِ وَتَبَوَّأَ مَضْجَعَهُ يَقُولُ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ، وَأَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ، اللَّهُمَّ لَا أَسْتَطِيعُ ثَنَاءً عَلَيْكَ وَلَوْ حَرِصْتُ، وَلَكِنْ أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ»[٢].

واتە: لە عەلی کوڕی ئەبوو تالیبەوە، دەڵێت: " شەوێك لەلای

(١) (حاشية السندي على النسائي) (٣/٢٤٩).

(٢) **إسناده صحيح**: أخرجه النسائي فِي كتاب (عمل اليوم والليلة) (ص٥٥، حديث رقم ٨٩١)، وابن السنِّي فِي كتاب عمل اليوم والليلة (ص٣٥٨، حديث رقم ٧٦٦)، بإسناد منقطع؛ كما نبه المزي فِي (تهذيب الكمال) (١/٥٧)، لكن أورده النسائي بإسناد آخر تحت رقم (٨٩٢) وهو إسناد صحيح، والله أعلم، وصححه مُحقق (عمل اليوم والليلة) للنسائي، وكذا مُحقق (عمل اليوم والليلة) لابن السنِّي، والله أعلم.

پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ خه‌وتم، له‌و شه‌وه‌دا گوێم لێ بوو كه نوێژه‌كه‌ی ته‌واوده‌كرد و ده‌هاته سه‌ر جێگه‌كه‌ی ده‌یفه‌رموو: " **اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ، وَأَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ، اللَّهُمَّ لَا أَسْتَطِيعُ ثَنَاءً عَلَيْكَ وَلَوْ حَرِصْتُ، وَلَكِنْ أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ** ".

ئه‌م ریوایه‌ته‌ش ده‌سنیشانكردنی شوێنی خوێندنی ئه‌م دوعایه‌ی تێدایه، وه ئه‌وه‌یه كه نه‌سائی بابێكی بۆ داناوه له كتێبی " عَمَل اليَوْمِ وَاللَّيْلَةِ "دا و به‌ناوی «بَاب: مَا يَقُولُ إِذَا فَرَغَ مِنْ صَلَاتِهِ وَتَبَوَّأَ مَضْجَعَهُ».

## ( ٧-٣ ) ئه‌وه‌ی خه‌وی لێ كه‌وت یان بیری چوو ویتره‌كه‌ی بكات

ئه‌وه‌ی خه‌وی لێ بكه‌وێت و له‌كاتێكدا نیه‌تی ئه‌وه‌ی هه‌بووبێت كه شه‌ونوێژ بكات ئه‌وا سه‌باره‌ت به‌م كه‌سه هاوه‌ڵی به‌ڕێز أبو الدرداء رضي الله عنه ده‌ڵێت: «**مَنْ أَتَى فِرَاشَهُ، وَهُوَ يَنْوِي أَنْ يَقُومَ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ، فَغَلَبَتْهُ عَيْنَاهُ حَتَّى أَصْبَحَ، كُتِبَ لَهُ مَا نَوَى، وَكَانَ نَوْمُهُ صَدَقَةً عَلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ**». أَخْرَجَهُ النَّسَائِيُّ، وَابْنُ مَاجَهْ[١].

---

(١) **أثر صحيح**: أخرجه النسائي فِي كتاب قيام الليل وتطوع النهار، باب من أتى فراشه، وهو ينوي

واتە: ئەوەی چووە سەر جێگاکەی و نیەتی هەبوبێت کە شەونوێژ بکات، بەڵام خەو بەسەریدا زاڵ بوو هەتا بەیانی بەخەبەر نەهات، ئەوا ئەوەی بۆ دەنووسرێت کە نیەتی هەبووە و خەوەکەی دەبێتە صەدەقەیەك بۆی لەلایەن پەروەردگاریەوە.

وە ئەم هەواڵەش هەرچەندە مەوقوفە بەڵام حوکمی مەرفوعی هەیە.

وە دروستیشە بۆ موسڵمان کە ئەگەر هاتوو خەوی لێکەوت یان ئازاری هەبوو یان هاوشێوەی ئەوە کە بووە هۆی ئەوەی ویترەکەی نەکات ئەوا لەرۆژدا بیکات و لەوحاڵەتەشدا سەرپشکە سەبارەت بە ژمارەی رکعاتەکان لەنێوان دوو هەڵبژاردەدا:

---

القيام فنام (٣/٢٥٨)، وابن خزيمة (٢/١٩٥-١٩٧)، حديث رقم (١١٧٢-١١٧٥)، وابن حبان (٦/٣٢٣، حديث رقم ٢٥٨٨- الإحسان).

والحديث صححه الألبانِي فِي (إرواء الغليل) (٢/٢٠٤، حديث ٤٥٤)، وقال: (يبدو أن الأصح الوقف، ولكنه فِي معنى الرفع؛ لأنه لا يقال من قبل الرأي؛ كما هو ظاهر). اهـ.

قلت: والأمر كما قال :، وصحح الحديث مرفوعًا مُحقق (جامع الأصول) (٦/٧٣)، وجوَّد إسناده مُحقق (الإحسان).

**یەکەم: نوێژی ویتــرەکەی بکات بەو شێوەیەی کە دەیکرد.**

**ئەمەش لەو فەرموودەیەوە وەرگیراوە کە ئەبو سەعیدی خودری دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «مَنْ نَامَ عَنْ وِتْرِهِ أَوْ نَسِيَهُ؛ فَلْيُصَلِّهِ إِذَا ذَكَرَهُ».** أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ(١).

**واتە: ئەوەی خەوی لێ کەوت یان بیری چوو ویتــرەکەی بکات ئەوا هەرکات کەوتەوە بیــری با بیکات.**

**دووەم: ئەوەیە کە لەرۆژدا دوازدە رکعات دەکات.**

**ئەمەش عائیشە رضي الله عنها لە کرداری پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەوەی گواستۆتەوە بۆمان کە دەڵێــت: «كَانَ إِذَا غَلَبَهُ نَوْمٌ أَوْ وَجَعٌ عَنْ قِيَامِ اللَّيْلِ؛**

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه أبو داود فِي كتاب الصلاة، باب فِي الدعاء بعد الوتر، حديث رقم (١٤٣١)، واللفظ له، وأخرجه الترمذي فِي كتاب الصلاة، باب ما جاء فِي الرجل ينام عن الوتر أو ينساه، حديث رقم (٤٦٦)، وابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة، والسنة فيها، باب من نام عن وتر أو نسيه، حديث رقم (١١٨٨).

والحديث صححه العلامة أحمد شاكر فِي تحقيقه للترمذي، وصححه مُحقق (جامع الأصول) (٦٠/٦).

صَلَّى مِنَ النَّهَارِ ثِنْتَي عَشْرَةَ رَكْعَةً». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[١].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ کە خەو یان ئازار بەسەریدا زاڵ بووایە و شەونوێژی نەکردایە ئەوا لە ڕۆژدا دوازدە ڕکعاتی دەکرد.

## (٨-٣) مەشروعیەتی شەونوێژ بە کۆمەڵ لە ڕەمەزاندا

ئەنجامدانی شەونوێژ بە کۆمەڵ لەرەمەزاندا سابت بووە لە کردار و گوفتاری پێغەمبەری خواوە ﷺ .

**لە ڕووی گوفتارەوە:** فَهُوَ مَا جَاءَ عَنْ جُبَيْرِ بْنِ نَفِيرٍ عَنْ أَبِي ذَرٍّ رضي الله عنه؛ قَالَ: «صُمْنَا مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ، فَلَمْ يُصَلِّ بِنَا حَتَّى بَقِيَ سَبْعٌ مِنَ الشَّهْرِ، فَقَامَ بِنَا حَتَّى ذَهَبَ ثُلُثُ اللَّيْلِ، ثُمَّ لَمْ يَقُمْ بِنَا فِي السَّادِسَةِ، وَقَامَ بِنَا فِي الخَامِسَةِ حَتَّى ذَهَبَ شَطْرُ اللَّيْلِ، فَقُلْنَا لَهُ: يَا رَسُولَ اللهِ! لَوْ نَفَّلْتَنَا بَقِيَّةَ لَيْلَتِنَا هَذِهِ؟ فَقَالَ: «إِنَّهُ مَنْ قَامَ مَعَ الإِمَامِ حَتَّى يَنْصَرِفَ؛ كُتِبَ لَهُ قِيَامُ لَيْلَةٍ». ثُمَّ لَمْ

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب جامع صلاة الليل ومن نام عنها أو مرض، حديث رقم (٧٤٦) في سياق طويل هذا جزء صغير منه. وانظر: (جامع الأصول (٦/٩١-٩٦)، و(فتح الباري) (٢/٤٨٠).

يُصَلِّ بِنَا حَتَّى بَقِيَ ثَلَاثٌ مِنَ الشَّهْرِ، وَصَلَّى بِنَا الثَّالِثَةَ، وَدَعَا أَهْلَهُ وَنِسَاءَهُ، فَقَامَ بِنَا حَتَّى تَخَوَّفْنَا الفَلَاحَ. قَالَ جُبَيْرُ بْنُ نَفِيرٍ -الرَّاوِي عَنْ أَبِي ذَرٍّ-: قُلْتُ: وَمَا الفَلَاحُ؟ قَالَ: السُّحُورُ». أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ، وَالنَّسَائِيُّ، وَابْنُ مَاجَهْ(١).

واتە: ئەو فەرمودەیەیە کە لە جوبەیری کوڕی نەفیرەوە هاتووە ئەویش لە ئەبی زەڕەوە ﵁ دەڵێت: " لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ ڕۆژومان گرت و نوێژی پێمان نەکرد هەتا حەوت شەو لەمانگ مایەوە، جا ئەو شەوە نوێژی پێمان کرد هەتا سێ یەکی شەو ڕۆیشت، پاشان لە شەشەمدا نوێژی بۆ نەکردین، وە لە پێنجەمدا نوێژی بۆ کردین هەتا نیوەی شەو ڕۆیشت، ئێمەش پێمان ووت: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەو بەشەی کەماوە لەم شەوەدا بریا زیادت بکردایە بۆمان لەشەونوێژ؟ ئەویش فەرمووی: " ئەوەی لەگەڵ ئیمامدا شەونوێژ بکات هەتا تەواو دەبێت ئەوا

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه الترمذي فِي كتاب الصوم، باب ما جاء فِي قيام رمضان، حديث رقم (٨٠٦) واللفظ له، والنسائي فِي كتاب السهو، باب ثواب من صلى مع الإمام حَتَّى ينصرف (٣/٨٣)، وأبو داود فِي كتاب الصلاة، باب فِي قيام شهر رمضان، حديث رقم (١٣٧٥)، وابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها، باب ما جاء فِي قيام شهر رمضان، حديث رقم (١٣٢٧).

**پاداشتی نوێژی ئەو شەوەی بۆ دەنووسرێت "**. ئیتر دوای ئەوە نوێژی بۆ نەکردین هەتا سیٚ شەو لە مانگەکە مایەوە و ئەو شەوە نوێژی بۆ کردین و بانگی خانەوادە و خێزانەکانیشی کرد و ئەوەندە نوێژی بۆ کردین بەشێوەیەك کە ترسی لەدەستدانی پارشێومان هەبوو.

**پێشەوا (التِّرْمِذِيّ) لە لێدوانیدا بۆ ئەم فەرموودەیە دەڵێت:** " هەریەك لە پێشەوایانی وەکو ابن المبارك و أحمد و إسحاق ئەوە هەڵدەبژێرن کە نوێژ لەگەڵ ئیمامدا بکرێت لە ڕەمەزاندا، وە پێشەوا شافعیش ئەوە پەسەند دەکات کە موسڵمان بەتەنها بۆ خۆی نوێژ بکات ئەگەر قورئان خوێن بوو". (١) ٢

**دەڵێم:** ئەو فەرموودەیەی ئەبو زەڕ دەقێکی گوفتاری پێغەمبەری خوایە ﷺ سەبارەت بە مەشروعیەتی بەکۆمەڵ ئەنجامدانی شەونوێژ لە ڕەمەزاندا، بەڵکو فەزڵەکەشی ڕوون دەکاتەوە.

---

(١) (سنن الترمذي) (٣/١٧٠).

٢ ) **قورئان خوێن:** واتە ئەگەر هاتوو هەموو قورئانی یان هەندێکی لەبەر بوو. بڕوانە: " تحفة الأحوذي " باب: ما جاء في قيام شهر رمضان. **زیادکراوی وەرگێڕ.**

**بەڵام لە ڕووی کرداری پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆ ئەنجامدانی شەونوێژ بە کۆمەڵ: فَهُوَ مَا جَاءَ عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها؛ قَالَتْ: «إِنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ خَرَجَ ذَاتَ لَيْلَةٍ مِنْ جَوْفِ اللَّيْلِ، فَصَلَّى فِي المَسْجِدِ، فَصَلَّى رِجَالٌ بِصَلَاتِهِ، فَأَصْبَحَ النَّاسُ فَتَحَدَّثُوا، فَاجْتَمَعَ أَكْثَرُ مِنْهُمْ، فَصَلَّوْا مَعَهُ، فَأَصْبَحَ النَّاسُ فَتَحَدَّثُوا، فَكَثُرَ أَهْلُ المَسْجِدِ مِنَ اللَّيْلَةِ الثَّالِثَةِ، فَخَرَجَ رَسُولُ اللهِ، فَصَلَّوْا بِصَلَاتِهِ، فَلَمَّا كَانَتِ اللَّيْلَةُ الرَّابِعَةُ؛ عَجَزَ المَسْجِدُ عَنْ أَهْلِهِ، حَتَّى خَرَجَ لِصَلَاةِ الصُّبْحِ، فَلَمَّا قَضَى الفَجْرَ؛ أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ، فَتَشَهَّدَ، ثُمَّ قَالَ: أَمَّا بَعْدُ؛ فَإِنَّهُ لَمْ يَخْفَ عَلَيَّ مَكَانُكُمْ، لَكِنِّي خَشِيتُ أَنْ تُفْرَضَ عَلَيْكُمْ فَتَعْجَزُوا عَنْهَا».** أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[1].

**واتە: ئەو فەرموودەیەیە کە لە عائیشەوە رضي الله عنه هاتووە و دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ شەوێکیان لە نیوە شەودا دەرچوو، نوێژی لە**

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري في مواضع منها في كتاب الجمعة، باب من قال في الخطبة بعد الثناء: أما بعد، حديث رقم (٩٢٤) واللفظ له، ومسلم في كتاب صلاة المسافرين، باب الترغيب في قيام رمضان، حديث رقم (٧٦١). وانظر: (جامع الأصول) (٦/١١٦-١١٨).

مزگەوت کرد، کەسانێکیش لەگەڵیدا نوێژیان کرد، کە رۆژ بوویەوە خەڵکی باسی ئەوەیان کرد، و بۆ شەوی دواتر کەسانێکی زیاتر کۆبوونەوەو نوێژیان کرد لەگەڵیدا، کەرۆژ بوویەوە خەڵکی باسی ئەوەیان کرد و بۆ شەوی سێ یەم خەڵکی مزگەوت زۆربوون و پێغەمبەری خوایش ﷺ دەرچوو بۆ لایان و نوێژی بۆیان کرد بە کۆمەڵ، بەڵام بۆ شەوی چوارەم ئەوەندە خەڵکی هاتبوون بۆ مزگەوت کە جێگای نەدەبووەوە، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ نوێژی بەیانی هات و کاتێك کە نوێژی بەیانی تەواوبوو، ڕووی کردە خەڵکی و شایەتومانی هێنا و پاشان فەرمووی: " **أما بعد: حاڵ و شوێنتان لام شاراوە نەبوو، بەڵام کە نەهاتم بۆ لاتان لەترسی ئەوەبوو نەوەك لەسەرتان فەرزبێت و ئەوسا ئێوەش نەتوانن ئەنجامی بدەن ".**

**پێشەوا ابن الحجـر لەباسی سوودەکانی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت:** "ئەوەی تێدایە کە شەونوێژ سوننەتە بەتایبەت لە رەمەزاندا، چونکە ترسی فەرزبوونی لەدوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ نەما، هەربۆیە عومەری

کوڕی خەتتاب خەڵکی کۆکردەوە بە پێشنوێژی ئوبەی کوڕی کەعب" (١)

## ( ٩-٣ ) دوو ویتــر لە شەوێکدا نیە

عَنْ قَيْسِ بْنِ طَلْقِ بْنِ عَلِيٍّ؛ قَالَ: زَارَنَا طَلْقُ بْنُ عَلِيٍّ فِي يَوْمٍ مِنْ رَمَضَانَ، وَأَمْسَى عِنْدَنَا وَأَفْطَرَ، ثُمَّ قَامَ بِنَا اللَّيْلَةَ وَأَوْتَرَ بِنَا، ثُمَّ انْحَدَرَ إِلَى مَسْجِدِهِ فَصَلَّى بِأَصْحَابِهِ، حَتَّى إِذَا بَقِيَ الوِتْرُ؛ قَدَّمَ رَجُلًا، فَقَالَ: «أَوْتِرْ بِأَصْحَابِكَ؛ فَإِنِّي سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ: لَا وِتْرَانِ فِي لَيْلَةٍ». أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ، وَصَحَّحَهُ ابْنُ حِبَّانَ(٢).

---

(١) (فتح الباري) (٣/١٤).

وقد قرر مشروعية الجماعة في صلاة الليل في رمضان الألباني في (صلاة التراويح) (ص٩-١٥)، وأورد الأدلة على ذلك من قوله ﷺ ومن فعله وإقراره -عليه الصلاة والسلام-.

وانظر: (اقتضاء الصراط المستقيم) (ص٢٧٥-٢٧٧).

(٢) **حديث حسن**: أخرجه أبو داود في كتاب الصلاة، باب في نقض الوتر، حديث رقم (١٤٣٩)، واللفظ له، وأخرجه النسائي في كتاب قيام الليل وتطوع النهار، باب نهي النبي ﷺ عن الوترين في ليلة (٣/٣٢٩-٣٣٠) بنحوه، والترمذي في كتاب الصلاة، باب ما جاء لا وتران في ليلة، حديث رقم (٤٧٠) مقتصرًا على الكلام النبوي، وأخرجه ابن حبان (٦/٢٠١-٢٠٢) حديث رقم (٢٤٤٩-الإحسان) بنحوه.

واتە: لە قەیسی کوڕی تەڵقی کوڕی عەلیەوە، دەڵێـت: تەلقی کوڕی عەلی ڕۆژێك لە ڕەمەزاندا سەردانی کردین و ئێوارە لامان مایەوە و ڕۆژوی شکاند وپاشان شەونوێژ و ویتـری پێ کردین و پاشان ڕۆیشت بۆ مزگەوتەکەی و نوێژیشی بۆ هاوەڵەکانی کرد هەتا ویترەکە مایەوە و ئەوکاتە یەکێکی تری خستە پێشنوێژی و وتی: ویتـر بە هاوەڵەکانت بکە، چونکە من بیستوومە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: " **دوو ویتــر لە شەوێکدا نیە** ".

أَبُو عِيسَى التِّرْمِذِيُّ وەکو لێدوانێك بۆ فەرموودەی: «لَا وِتْرَانِ فِي لَيْلَةٍ» دەڵێت: ئەهلی عیلم ڕاجیاوازن سەبارەت بەکەسێك کە ویترەکەی لەسەرەتای شەوەوە دەکات و پاشان لە کۆتاییەکەیەوە هەڵدەسێت بۆ شەونوێژ:

بۆیە هەندێك لە ئەهلی عیلم لەهاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و دوای ئەوانیش وای دەبینن کە ویترەکە هەڵبوەشێنێتەوەو دەڵێن: ڕکعاتێکی تری بۆ زیاد بکات و ئەوەی دەتوانێت شەونوێژ بکات و پاشان لە کۆتاییەوە ویتـر بکات، چونکە دوو ویتر لە شەوێکدا نابێت. ئەمەش پێشەوا اسحاق بۆی چووە.

---

والحديث صححه ابن حبان، وحسنه ابن حجر فِي (فتح الباري) (٢/٤٨١)، وصححه العلامة أحمد شاكر فِي تحقيقه للترمذي، وقوى إسناده مُحقق (الإحسان)، وصححه مُحقق (جامع الأصول) (٦/٦٢).

وە هەندێکی تر لە ئەهلی عیلم لە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ و جگە لەوانیش دەڵێن: ئەگەر لەسەرەتای شەووە ویترەکەی کرد و پاشان خەوت و پاشان لە کۆتایی شەووە هەستا بۆ شەونوێژ، ئەوا هەرچەند دەتوانێت با نوێژ بکات و ویترەکەی هەڵناوەشێنێتەوەو بەڵکو لە جێگەی خۆیەتی، ئەوەش ووتەی سوفیانی سەوری و مالکی کوڕی ئەنەس وابن مبارك والشافعی و ئەهلی کوفە وأحمدیشە.

وە ئەمەش ڕاست و پەسەندە، چونکە لەچەند ڕوویەکەوە گێڕراوەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە پاش ویتریش نوێژی کردووە. [1]

* **دەڵێم:** ئەوەی کە پێشەوا الترمزی لەبارەیەوە ووتی " ئەمەش ڕاست وپەسەندە " : ئەوەیە کە بۆتم باس کرد،[2]، ئەمە لەکاتێکدا کە باسی ئەوەشمان کرد کە فەرموودەی «اجْعَلُوا آخِرَ صَلَاتِكُمْ بِاللَّيْلِ وِتْرًا». بۆ واجب بوون نیە.

**مەبەست لێی بریتیە :** موسڵمان واز لە ویتــر نەهێنێت لە شەونوێژدا

(١) (سنن الترمذي) (٢/٣٣٤).

(٢) انظر: ما تقدم تحت رقم (٧/٤-٣).

وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «صَلَاةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا أَرَدْتَ أَنْ تَنْصَرِفَ، فَارْكَعْ وَاحِدَةً، تُوتِرُ لَكَ مَا قَدْ صَلَّيْتَ»(١).

کەوابوو ئەو بڕگەیەی فەرموودەکە کە دەفەرموێت: «فَارْكَعْ وَاحِدَةً، تُوتِرُ لَكَ مَا قَدْ صَلَّيْتَ»: ئەوەی تێدایە کە فەرمان بە موسڵمان دەکات بەوەی کە شەونوێژەکەی بە جووت کۆتایی پێ نەهێنێ بەبێ ویتـــر. وَاللهُ أَعْلَمُ(٢).

---

(١) پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ئەم فەرموودەیە لە ڕووی سەنەد وحوکمەوە.

(٢) **بەڵام بابەتێك دەمێنێتەوە ئەویش:** ئەگەر کەسێك لەسەرەتای شەوەوە ویتری کردبوو, پاشان لەگەڵ ئیمامدا بەکۆمەڵ نوێژی کرد, ئایا ویتر لەگەڵیدا ناکات؟ کە بەو هۆیەوە ئەو فەزڵەی لەدەست دەچێت کەلەم فەرموودەدا باس کراوە لە ئەبی زەرەوە بە مەرفوعی: (أنه من قام مع الإمام حَتَّى ينصرف هو؛ كتب له قيام ليلة).

**وەڵام:** ئەوەی دەردەکەوێت – والله أعلم – کەسەکە لەگەڵ ئیمامدا یەك ڕکعات ویتر دەکات بەنیەتی جووت بونەوەی ژمارەی رکعاتەکانی و پاشان کە ئیمام سەلامی دایەوە ئەم هەڵدەسێت و یەك رکعات دەکات, کە بەو هۆیەوە نوێژەکەی لەگەڵ ئیمام کۆتایی پێ هێنا و لەهەمان کاتیشدا دوو ویتری نەکرد لەیەك شەودا. والله أعلم, وە جیاوازی نیەتی ئیمام و مەئمومیش زیانی نیە وئاساییە. وبالله التوفيق.

# نـــــوێــژە جــۆراو جــۆرەکان

## (صلوات متفرقة)

**ئەم باسە ئەم بابەتانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:**

(٤-١) **نوێژی خۆرهەڵهاتن** (شروق) .

(٤-٢) **نوێژی چێشتەنگاو.**

(٤-٣) **نوێژی لادانی خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان.**

(٤-٤) **نوێژی دەرچوون و گەڕانەوە بۆ ماڵ.**

(٤-٥) **دوو رکعات نوێژی دوای دەستنوێژ.**

(٤-٦) **نوێژی چوونە نێو مزگەوت.**

(٤-٧) **نوێژی نێوان بانگ و قامەت.**

(٤-٨) **نوێژی تۆبە و پەشیمانی.**

(٤-٩) نوێژی سوننەتی هەینی.

(٤-١٠) نوێژی تەسبیح.

(٤-١١) نوێژی گەڕانەوە لە سەفەر.

(٤-١٢) نوێژی ئیستیخارە.

(٤-١٣) نوێژی خۆرگیران و مانگ گیران.

(٤-١٤) نوێژی دوو جەژنەکە.

(٤-١٥) نوێژە بارانە.

(٤-١٦) نوێژی جەنازە.

(٤-١٧) دوو رکعات نوێژی تەواف.

(٤-١٨) نوێژ لە مزگەوتی قوباء .

## (١-٤) نوێژی خۆرهەڵهاتن (شروق)

ئەم نوێژە یەکەم نوێژی چێشتەنگاوە، چونکە کاتی نوێژی چێشتەنگاو لە دەرکەوتنی خۆرەوە دەست پێدەکات.

وە ناونانی ئەم نوێژە لەم کاتی نوێژی چێشتەنگاوەدا بە نوێژی خۆرهەڵهاتن سابت بووە لە ابن عباسەوە.

عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ الحَارِثِ بْنِ نَوْفَلٍ: «أَنَّ ابْنَ عَبَّاسٍ كَانَ لَا يُصَلِّي الضُّحَى. قَالَ: فَأَدْخَلْتُهُ عَلَى أُمِّ هَانِئٍ، فَقُلْتُ: أَخْبِرِي هَذَا بِمَا أَخْبَرْتِنِي بِهِ. فَقَالَتْ أُمُّ هَانِئٍ: دَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَوْمَ الفَتْحِ فِي بَيْتِي، فَأَمَرَ بِمَاءٍ، فَصُبَّ فِي قَصْعَةٍ، ثُمَّ أَمَرَ بِثَوْبٍ، فَأَخَذَ بَيْنِي وَبَيْنَهُ، فَاغْتَسَلَ، ثُمَّ رَشَّ نَاحِيَةَ البَيْتِ، فَصَلَّى ثَمَانِ رَكَعَاتٍ، وَذَلِكَ مِنَ الضُّحَى، قِيَامُهُنَّ وَرُكُوعُهُنَّ وَسُجُودُهُنَّ وَجُلُوسُهُنَّ سَوَاءٌ، قَرِيبٌ بَعْضِهِنَّ مِنْ بَعْضٍ. فَخَرَجَ ابْنُ عَبَّاسٍ وَهُوَ يَقُولُ: لَقَدْ قَرَأْتُ مَا بَيْنَ اللَّوْحَيْنِ، مَا عَرِفْتُ صَلَاةَ الضُّحَى إِلَّا الآنَ: ﴿يُسَبِّحْنَ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِشْرَاقِ﴾ [ص:١٨]. وَكُنْتُ أَقُولُ: أَيْنَ صَلَاةِ الإِشْرَاقِ؟ ثُمَّ

**قَالَ بَعْدُ: هُنَّ صَلَاةُ الإِشْرَاقِ.** أَخْرَجَهُ الطَّبَرِيُّ فِي تَفْسِيرِهِ، وَالحَاكِمُ[1].

---

(١) **أثر حسن لغيره:** أخرجه ابن جرير فِي (تفسيره) (١٣٧/٢٣-الفكر) من طريقين:

**الأول:** عن مسعر بن عبد الكريم، عن موسى بن أَبِي كثير، عن ابن عباس ... بنحوه.

وفِي السند انقطاع: موسى بن أَبِي كثير لَمْ يسمع عن ابن عباس. انظر: (التقريب) (ص٥٥٣) حيث جعله فِي الطبقة السادسة، وهم الذين لَمْ يثبت لقاؤهم لأحد من الصحابة؛ كما نَصَّ فِي المقدمة.

**الثانِي:** عن سعيد بن أَبِي عروبة، عن أَبِي المتوكل، عن أيوب بن صفوان، عن عبد الله بن الحارث بن نوفل، أن ابن عباس ... وساقه.

**وفِي السند سعيد:** مدلس وقد اختلط. وأبو المتوكل: هو المتوكل، ترجمته فِي (الجرح والتعديل) (٣٧٢/٨)، ولَمْ يذكر فيه جرحًا ولا تعديلًا، وترجمته فِي (تعجيل المنفعة) (ص٣٩١)، وحكم بجلالته، ونقل عن أَبِي حاتم الحكم بجلالته، وليس كذا فِي كتابه، ولعله انحراف بصر إِلَى الترجمة التالية فِي كتابه (الجرح والتعديل). والله أعلم. وأيوب له ترجمة فِي (الجرح والتعديل) (٢٥٠/٢)، ولَمْ يذكر فيه جرحًا ولا تعديلًا.

وأخرجه الحاكم فِي (المستدرك) (٥٣/٤) من طريق سعيد بن أَبِي عروبة عن أيوب بن صفوان عن عبد الله بن الحارث؛ أن ابن عباس ... وساقه.

**قلت:** فِي السند سعيد وأيوب، ولَمْ يذكر متوكلًا، وهذا من تخليط سعيد؛ فإنه اختلط.

والأثر بِهذين الإسنادين يرتقي إِلَى مرتبة الحسن لغيره، ويتأكد هذا الحكم بالشواهد الآتية:

١- أخرج عبد الرزاق فِي (المصنف) (٧٩/٣) عن معمر عن عطاء الخراسانِي؛ قال: قال ابن عباس: (لَمْ يزل فِي نفسي من صلاة الضحى شيء حَتَّى قرأت: ﴿سَخَّرْنَا ٱلْجِبَالَ مَعَهُۥ يُسَبِّحْنَ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِشْرَاقِ ﴾ [ص:١٨]).

**واته: له عبدالله ی کوڕی حارسی کوڕی نەوفەلەوه دەڵێت: " ابن عباس نوێژی چێشتەنگاوی نەدەکرد. دەڵێت: بردمه ژورەوه بۆ لای دایکی هانیء، و وتم: ئەو هەواڵەی بەمنت دا به ئەمیشی بده. ئوم هانیء ووتی: پێغەمبەری خوا ﷺ لەرۆژی فەتحدا هاته ژورەوه بۆ ماڵەکەم، فەرمانی کرد ئاو بهێنن و پاشان که هێنایان رشتی بەناو تێگرێك (دەفر و قاپ) دا و فەرمانی کرد پارچه پەڕۆیەك بهێنن و لەنێوان ومن و خۆیدا داینا و**

---

**قلت**: هذا سند حسن إِلَى عطاء، لكن رواية عطاء عن الصحابة مرسلة منقطعة. (تَهذيب التهذيب) (٢١٢/٧).

٢- أخرج الطبراني فِي (المعجم الكبير) (٤٠٦/٢٤)، وفِي (الأوسط) (٦/٦٣-٦٤، مجمع البحرين) من طريق أَبِي بكر الهذلي عن عطاء بن أَبِي رباح عن ابن عباس؛ قال: (كنت أمر بِهذه الآية فما أدري ما هي؛ ﴿بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِشۡرَاقِ﴾. حَتَّى حدثتني أم هانئ بنت أَبِي طالب أن رسول الله ج دخل عليها، فدعا بوضوء فِي جفنة، كأَنِّي أنظر إِلَى أثر العجين فيها، فتوضأ، فقام فصلى الضحى، فقال: يا أم هانئ! هي صلاة الإشراق).

قلت: أبو بكر الهذلي إخباري متروك الحديث كما فِي (التقريب)(ص٦٢٥)، ورفعه منكر، والصواب وقفه.

٣- وهناك جُملة من الشواهد أوردها السيوطي فِي (الدر المنثور) (٧/١٥٠-١٥١)، وانظر: (المصنف) لابن أَبِي شيبة (٢/٤٠٧-٤٠٨).

خۆی شوشت و پاشان ناومالّەکەی پێ ئاوڕەشەکرد و هەشت رکعات نوێژی کرد کەلە چێشتەنگاودا بوو، وەستان و رکوع و سوجدە ودانیشتنەکانی نزیك بوون لەیەکتریەوە، ابن عباس دەرچوو وە دەیوت قورئانم لەمبەر بۆ ئەوبەر خوێندووە نازانم نوێژی چێشتەنگاو چیە هەتا ئێستا ﴿يُسَبِّحۡنَ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِشۡرَاقِ﴾ [ص:١٨]. وە من دەمگوت: نوێژی خۆرهەڵهاتن کوا؟ پاشان دواتر ووتی: ئەوانە نوێژی خۆرهەڵهاتن بوون.

وە سەبارەت بە فەزڵی نوێژی چێشتەنگاو لەسەرەتای کاتەکەیەوە – کەنوێژی خۆرهەڵهاتنە- ئەم فەرموودەیە هاتووە:

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ؛ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «مَنْ صَلَّى صَلَاةَ الصُّبْحِ فِي مَسْجِدٍ جَمَاعَةً، يَثْبُتُ فِيهِ حَتَّى يُصَلِّيَ سَبْحَةَ الضُّحَى؛ كَانَ كَأَجْرِ حَاجٍّ أَوْ مُعْتَمِرٍ تَامًّا حُجَّتِهِ وَعُمْرَتِهِ». أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ.

واتە: لە ئەبی ئومامەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " هەرکەسێك نوێژی بەیانی لە مزگەوت بە جەماعەت ئەنجام بدات و

لەشوێنەكەی خۆی دانیشێت هەتا نوێژی چێشتەنگاو دەكات، ئەوە پاداشتی وەكو كەسێك وایە كە حەج وعومرەیەكی بەتەواوەتی ئەنجام دابێت".

وَفِي رِوَايَةٍ: «مَنْ صَلَّى صَلَاةَ الغَدَاةِ فِي جَمَاعَةٍ، ثُمَّ جَلَسَ يَذْكُرُ اللهَ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ ...». أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ[١].

واتە: لە ریوایەتێكی تردا بەم شێوەیە هاتووە: " ئەوەی نوێژی بەیانی بە جەماعەت ئەنجام بدات وپاشان دابنیشێت زیكری خوا بكات هەتا خۆر هەڵدێت...".

(١) **حديث حسن**: سيأتي تخريجه في (٣-٢-٤) في صلاة الضحى.

# ( ٢ - ٤ ) نوێژی چێشتەنگاو

* * ئەم باسە ئەم بابەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

بابەتی یەكەم: فەزڵەكەی.

بابەتی دووەم: حوكمەكەی.

بابەتی سێ یەم: كاتەكەی.

بابەتی چوارەم: ژمارەی ركعاتەكەی و شێواز و چۆنیەتیەكەی.

## * ( ١ - ٢ - ٤ ) فەزڵی نوێژی چێشتەنگاو:

چەند فەرموودەیەك هاتووە سەبارەت بە فەزڵی نوێژی چێشتەنگا، ئەم فەرموودانەی خوارەوەی لێ باس دەكەین:

عَنْ أَبِي ذَرٍّ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ؛ أَنَّهُ قَالَ: «يُصْبِحُ عَلَى كُلِّ سُلَامَى[١] مِنْ

---

(١) سُلامی: ووشەیەكی تاكە و كۆیەكەی بریتیە لە ووشەی: السلاميات, ئەویش بریتیە لە جومگەی پەنجەكان و پاشان بەكارهێنراوە بۆ هەموو ئێسكی جەستە و جومگەكانی. (شرح مسلم للنووي) (٥/٢٣٣).

أَحَدِكُمْ صَدَقَةً؛ فَكُلُّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةٌ، وَأَمْرٌ بِالمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ، وَنَهْيٌ عَنِ المُنْكَرِ صَدَقَةٌ، وَيُجْزِئُ مِنْ ذَلِكَ رَكْعَتَانِ يَرْكَعُهُمَا مِنَ الضُّحَى». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ(١).

واتە: لە ئەبی زەڕەوە ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ كە دەفەرموێت: " كە ڕۆژدەبێتەوە هەموو جومگەیەكی جەستەی هەریەكەتان صەدەقەیەكی لەسەرە، جا هەموو (سبحان الله) یەك صەدەقەیەكە، و هەموو (الحمدلله) یەك صەدەقەیەكە، و هەموو (لا إله إلا الله) یەك صەدەقەیەكە، و هەموو (الله أكبر) یێك صەدەقەیەكە و فەرمان بەچاكە صەدەقەیە و ڕێگری لە خراپە صەدەقەیە و لەبری هەموویشی دوو ركعاتی چێشتەنگاو كە دەیكات شوێنی هەمووی دەگرێتەوە".

عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ وَأَبِي ذَرٍّ، عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ، عَنِ اللهِ ؛ أَنَّهُ قَالَ: «ابْنَ

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب استحباب صلاة الضحى، وأن أقلها ركعتان، وأكملها ثمان ركعات، وأوسطها أربع ركعات أو ست، والحث على المحافظة عليها، حديث رقم (٧٢٠). وانظر: (جامع الأصول) (٤٣٦/٩).

آدَمَ! ارْكَعْ لِي مِنْ أَوَّلِ النَّهَارِ أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ؛ أَكْفِكَ آخِرَهُ». أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ[١].

**واتە: لە ئەبی دەرداء و ئەبی زەڕەوە، لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی خوای گەورە دەفەرموێت : " ئەی نەوەی ئادەم ! چوار رکعات نوێژم بۆ بکە لەسەرەتای رۆژەوە ئەوا من کۆتاییەکەیت بۆ دەستەبەر دەکەم".**

**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «لَا يُحَافِظُ عَلَى صَلَاةِ الضُّحَى إِلَّا أَوَّابٌ».**

**واتە: لە ئەبی هورەیرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: " هیچ کەس پارێزگاری ناکات لە نوێژی چێشتەنگاو مەگەر ئەو کەسە نەبێت کە زۆر دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا".**

---

(١) **حديث حسن**: أخرجه أحمد فِي (المسند) (٦/٤٤٠، ٤٥١)، وأخرجه الترمذي فِي كتاب الصلاة، باب ما جاء فِي صلاة الضحى، حديث رقم (٤٧٥).

والحديث قال عنه الترمذي: (حسن غريب)، وصححه الشيخ أحمد شاكر فِي (تحقيقه) للترمذي، والألبانِي فِي (صحيح سنن الترمذي) (١/١٤٧) وحسنه مُحقق (جامع الأصول) (٩/٤٣٧).

**قالَ: «وَهِيَ صَلَاةُ الأَوَّابِينَ».** أَخْرَجَهُ ابْنُ خُزَيْمَةَ وَالحَاكِمُ[1].

**فه‌رمووی: " نوێژی چێشته‌نگاو نوێژی ئه‌و كه‌سانه‌یه‌ كه‌ زۆر ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ لای خوا".**

## * ( ٢-٢-٤ ) حوكمی نوێژی چێشته‌نگاو:

**ئه‌و فه‌رموودانه‌ی پێشو وه‌هاوشێوه‌كانیان ئه‌وه‌ ڕوون ده‌كه‌نه‌وه‌ كه‌ نوێژی كاتی چێشته‌نگاو چاكه‌ و خۆشه‌ویسته‌.** [2]

**وه‌ هه‌روه‌ها ئه‌وه‌شی تێدایه‌ كه‌ دروسته‌ موسڵمان له‌سه‌ری به‌رده‌وام بێت.** [3] **وه‌ هیچ به‌ڵگه‌یه‌ك جێگیر نه‌بووه‌ ئه‌وه‌ بسه‌لمێنێت كه‌ واجبه‌.**

---

(١) **حديث حسن:** أخرجه ابن خزيمة (٢/٢٢٨)، والحاكم فِي (المستدرك) (١/٣١٤)، واللفظ لَهما، وأخرجه الطبرانِي فِي (الأوسط) (٢/٢٧٩-مجمع البحرين)؛ دون قوله: (وهي صلاة الأوابين).

والحديث صححه الحاكم على شرط مسلم، وحسنه الألبانِي فِي (سلسلة الأحاديث الصحيحة) حديث رقم (١٩٩٤).

(٢) (مجموع الفتاوى) (٢٢/٢٨٤).

(٣) **ئه‌مه‌ش ڕووكه‌شی به‌ڵگه‌ی ئه‌و فه‌رموودانه‌ی پێشووه‌ كه‌ باس كران.** (نيل الأوطار) (٣/٧٧).

## * (٣-٢-٤) کاتی نوێژی چێشتەنگاو:

**کاتی نوێژی چێشتەنگاو لە دەرکەوتنی خۆرەوە دەست پێدەکات هەتا لادانی خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان.**

**وە باشترین کاتیشی بریتیە لە کاتی توند بوونی تیشکی خۆر.**

---

**بەڵام ابن تیمیه,** لەپاش ئەوەی کۆدەنگی زانایان باس دەکات سەبارەت بەوەی کە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ وەها بووە کەلەسەری بەردەوام نەبووە, پاشان ئیقراری سوننەتێتی ئەو نوێژە دەکات و دەڵێت: " ئەوەی ماوە بووترێت: ئایا باشتر وایە لەسەری بەردەوام بیت؟ یاخود باشتر وایە تەرکی بەردەوامیێتی بکەیت وەکو چاولێکەریەك بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ؟ ئەمە ئەو باسەیە کە ڕاجیاوازن تێیدا. گونجاوتر ئەوەیە کە بووترێت: ئەوەی بەردەوامە لەسەر شەونوێژ, ئەوا پێویست ناکات بەردەوام بێت لەسەر نوێژی چێشتەنگاو وەکو حاڵی پێغەمبەری خوا ﷺ , ئەوەشی دەخەوێت و بەردەوام نیە لەسەر شەونوێژ ئەوا نوێژی چێشتەنگاو لەبری شەونوێژەکەیەتی". (مجموع الفتاوی) (٢٨٤/٢٢).

**دەڵێم:** بەڵام ڕواڵەتی دەقەکان ئەوە دەگەیەنن کە بەردەوام بوون بەرەهایی سوننەتە, وە پێغەمبەری خوا ﷺ جاری وا هەبووە وازی لە کارێك هێناوە و خۆشیشی ویستوەو حەزی کردووە ئەنجامی بدات بەڵام نەیکردووە لەترسی ئەوەی خەڵکیش ئەنجامی بدەن و فەرز بێت لەسەریان, ئائەمەش هۆکاری بەردەوام نەبوونێتی لەسەری و بۆیە دەقەکان بەرەهایی خۆیان دەمێننەوە, وە دایکە عائیشەش رضي الله عنها ئاماژەی کردووە بۆ شتێکی هاوشێوەی ئەمە. انظر: (جامع الأصول (١٠٩-١٠٨/٦).

**بەڵگەش لەسەر ئەوە، ئەمانەی خوارەوەیە:**

**سەبارەت بە سەرەتای کاتەکەی، ئەوا فەرموودەکەی ئەبی دەرداء و ئەبی زەڕ کەپێشتر باسیان کرا بەڵگەن لەسەر ئەمە و ئەو بڕگەیەشی کە جێگای بەڵگەکەیە بریتیە لە:** «ارْكَعْ لِي مِنْ أَوَّلِ النَّهَارِ أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ».

**وە هەروەها لە ابن عباسەوە هاتووە** رَضِيَ اللهُ عَنْه **کە پێغەمبەری خوا** ﷺ **فەرموویەتی:** **«مَنْ صَلَّى الغَدَاةَ فِي جَمَاعَةٍ، ثُمَّ قَعَدَ يَذْكُرُ اللهَ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ[١]؛ كَانَتْ لَهُ كَأَجْرِ حَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ، تَامَّةً تَامَّةً تَامَّةً».**

أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ[٢].

---

(١) **پێشەوا الطيبي دەڵێت:** " **ئەم نوێژە بە نوێژی خۆردەرکەوتن ناودەبرێت, کە بریتیە لە سەرەتای کاتی چێشتەنگاو**" نقله فِي (تحفة الأحوذي) (١/٤٠٥).

**دەڵێم: پێشتر بە سادەتر ئاماژەم بۆ ئەمە کرد دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆی لە** (١-٤ صلاة الإشراق).

(٢) **حديث حسن لغيره:** أخرجه الترمذي فِي كتاب الصلاة، باب ذكر ما يستحب من الجلوس فِي المسجد بعد صلاة الصبح حَتَّى تطلع الشمس.

والحديث قال عنه الترمذي: (حسن غريب). اهـ. وحسنه بشواهده المباركفوري فِي (تُحفة الأحوذي) (١/٤٠٦)، ووافقه الشيخ أحمد شاكر فِي تحقيقه للترمذي (٢/٤٨١)، وحسنه الألبانِي فِي (صحيح سنن

واته‌: " ئه‌وه‌ی نوێژی به‌یانی به‌ جه‌ماعه‌ت ئه‌نجام بدات، پاشان دانیشێت زیكری خوا بكات هه‌تا خۆر هه‌ڵدێت، پاشان دوو ركعات نوێژ بكات، ئه‌وا وه‌كو پاداشتی حه‌ج و عومره‌یه‌كی ته‌واوی ته‌واوی بۆ هه‌یه "

وَعَنْ أَبِي أُمَامَةَ؛ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «مَنْ صَلَّى صَلَاةَ الصُّبْحِ فِي مَسْجِدٍ جَمَاعَةً، يَثْبُتُ فِيهِ حَتَّى يُصَلِّيَ سُبْحَةَ الضُّحَى؛ كَانَ كَأَجْرِ حَاجٍّ أَوْ مُعْتَمِرٍ؛ تَامًّا حِجَّتَهُ وَعُمْرَتَهُ». أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ.

واته‌: له‌ ئه‌بی ئومامه‌وه‌، ده‌ڵێت: پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رمووی: " ئه‌وه‌ی نوێژی به‌یانی له‌ مزگه‌وت به‌ جه‌ماعه‌ت ئه‌نجام بدات، و له‌شوێنه‌كه‌ی خۆی جێگیربێت هه‌تا نوێژی چێشته‌نگاو ده‌كات ئه‌وا پاداشتی حاجیه‌ك یان عومره‌كارێكی ته‌واوی بۆ هه‌یه‌ به‌ حه‌ج و عومره‌كه‌یه‌وه‌".

وَفِي رِوَايَةٍ: «مَنْ صَلَّى صَلَاةَ الغَدَاةِ فِي جَمَاعَةٍ، ثُمَّ جَلَسَ يَذْكُرُ اللهَ حَتَّى

---

الترمذي) (١٨٢/١)،وحسنه بشواهده مُحقق (جامع الأصول)(٤٠١/٩). **قلت**:ومن شواهده الحديث التالِي.

**تَطْلُعَ الشَّمْسُ ...**». أَخْرَجَهَا الطَّبَرَانِيُّ[1].

**واتە: لە ریوایەتێکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: " ئەوەی نوێژی بەیانی بە جەماعەت ئەنجام بدات و پاشان دانیشێت و زیکری خوا بکات هەتا خۆردەردەچێت..."**

**بەڵام کۆتایی هاتنی کاتەکەشی بریتیە لە لادانی خۆر، چونکە نوێژی چێشتەنگاوە.**

**بەڵام باشترین کاتیشی ئەوەیە کە فەرموودەکەی زەیدی کوڕی ئەرقەم باسی دەکات بەوەی کە کەسانێکی بینیوە نوێژی چێشتەنگاویان کردووە، ئەویش ووتویەتی: بابزانن کە نوێژکردن لە جگە لەم ساتەدا باشترە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «صَلَاةُ الأَوَّابِينَ حِينَ تَرْمَضُ**[2]

---

(١) **حديث حسن:** أخرجه الطبراني فِي (المعجم الكبير) (٨/١٧٤، ١٨١، ٢٠٩).

والحديث جوَّد إسناده المنذري والهيثمي، وحسنه الألباني فِي (صحيح الترغيب والترهيب) (١/١٨٩).

وانظر: (مجمع الزوائد) (١٠/١٠٤).

(٢) **پێشەوا نەوەوی لە** (شرح مسلم) **(٦/٣٠): دا دەڵێت:** (الرمضاء: **ئەو لمەیە کە گەرم دەبێت و تین دەگرێت بە گەرمی خۆر, واتە کاتێك کە فەصیل هەست بە گەرمای خۆر دەکات. وە**

الفِصَالُ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[1].واتە: نوێژی گەڕاوەکان (ئەوانەی زۆر دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا) ئەو کاتەیە کە وردەبەرد گەرم دەبێت و بێچووی ووشتر هەڵدەسێت لەبەر هەتاو.

* (٤-٢-٤) ژمارەی رکعاتەکانی نوێژی چێشتەنگاو و چۆنیەتیەکەی:

رێگەدراوە و دروستە بۆ موسڵمان کە نوێژی چێشتەنگاو بکات بە دوو رکعات یان چوار یان شەش یان هەشت وە یاخود دوازدە رکعات. کە ئەگەر ویستی بەدوو دوو ئەنجامیان دەدات.

سەبارەت بەوەی کە بۆی هەیە بە دوو رکعات ئەنجامی بدات: فەرموودەکەی ئەبو زەڕ بەڵگەیە لەسەر ئەوە، پێشتر باسی کرا کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «يُصْبِحُ عَلَى كُلِّ سُلاَمَى مِنْ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ ...الحَدِيثَ». وَفِيهِ: «وَيُجْزِئُ مِنْ ذَلِكَ رَكْعَتَانِ يَرْكَعُهُمَا مِنَ الضُّحَى».

---

**فەصیلیش** بێچوی وشترە. بڕوانە: (نيل الأوطار) (٢/ ٨١).

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب صلاة الأوابين حين ترمض الفصال، حديث رقم (٧٤٨).

أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ(١).

سەبارەت بە ئەنجام دانی بەشێوەی چوار رکعات، فەرموودەکەی ئەبی دەرداء و ئەبی زەرٍ بەڵگەیە لەسەری کە پێشتر باس کرا و پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: خوای گەورە فەرموویەتی: «ابْنَ آدَمَ! ارْكَعْ لِي مِنْ أَوَّلِ النَّهَارِ أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ؛ أَكْفِكَ آخِرَهُ». أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ(٢).

سەبارەت بە شێوازی ئەنجامدانی بەشێوەی شەش رکعات، فەرموودەکەی ئەنەسی کوڕی مالك بەڵگەیە لەسەری کە دەڵێت: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يُصَلِّي الضُّحَى سِتَّ رَكَعَاتٍ». أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ فِي «الشَّمَائِلِ»(٣).

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی چێشتەنگاو شەش رکعاتی دەکرد.

سەبارەت بە شێوازی ئەنجامدانی بەشێوەی هەشت رکعات،

---

(١) سبق قبل قليل تخريجه.

(٢) سبق قبل قليل تخريجه.

(٣) **حديث صحيح لغيره**: أخرجه الترمذي في كتاب الشمائل، باب صلاة الضحى، حديث رقم (٢٧٣). والحديث صححه لغيره الألباني في (مختصر الشمائل المحمدية) (ص١٥٦)، وذكر شواهده وطرقه في (إرواء الغليل) (٢/٢١٦).

**فەرمووەدەکەی ئوم هانی بەڵگەیە لەسەری کە دەڵێت: «لَمَّا كَانَ عَامُ الفَتْحِ، أَتَتْ رَسُولَ اللهِ ﷺ وَهُوَ بِأَعْلَى مَكَّةَ، قَامَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِلَى غُسْلِهِ، فَسَتَرَتْ عَلَيْهِ فَاطِمَةُ، ثُمَّ أَخَذَ ثَوْبَهُ، فَالْتَحفَ بِهِ، ثُمَّ صَلَّى ثَمَانِ رَكَعَاتٍ سُبْحَةَ الضُّحَى»**[1] أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[2].

**واتە: لەساڵی فەتحی مەککەدا، پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەرووی مەککەوە هات و خۆی شۆرد و فاتیمە سوترەی بۆ کرد و پاشان جلوبەرگەکەی وەرگرت و لەخۆی پێچاو، پاشان هەشت رکعات نوێژی چێشتەنگاوی کرد.**

**سەبارەت بەوەی کە دوازدە رکعاتیش دروستە بکرێت، ئەوا فەرمووەدەکەی ئەبی دەرداء رضي الله عنه بەڵگەیە لەسەری کە دەڵێت: پێغەمبەری**

---

(١) فيه ردٌّ على من زعم أن هذه الصلاة هي صلاة الفتح وليست صلاة الضحى. انظر: (زاد المعاد) (٤١٠/٣)، و(عون المعبود) (٤٩٧/١).

(٢) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب التهجد، باب صلاة الضحى فِي السفر، حديث رقم (١١٧٦)، ومسلم فِي كتاب الحيض، باب تستر المغتسل بثوب ونحوه، حديث رقم (٣٣٦)، واللفظ له. وانظر: (جامع الأصول) (١١٠/٦).

خوا ﷺ فەرمووی: «مَنْ صَلَّى الضُّحَى رَكْعَتَيْنِ؛ لَمْ يُكْتَبْ مِنَ الغَافِلِينَ، وَمَنْ صَلَّى أَرْبَعًا؛ كُتِبَ مِنَ العَابِدِينَ، وَمَنْ صَلَّى سِتًّا؛ كُفِيَ ذَلِكَ اليَوْمِ، وَمَنْ صَلَّى ثَمَانِيًا؛ كَتَبَهُ اللهُ مِنَ القَانِتِينَ، وَمَنْ صَلَّى ثِنْتَي عَشْرَةَ رَكْعَةً؛ بَنَى اللهُ لَهُ بَيْتًا فِي الجَنَّةِ، وَمَا مِنْ يَوْمٍ وَلَا لَيْلَةٍ إِلَّا للهِ مَنٌّ يَمُنُّ بِهِ عَلَى عِبَادِهِ صَدَقَةً، وَمَا مَنَّ اللهُ عَلَى أَحَدٍ مِنْ عِبَادِهِ أَفْضَلُ مِنْ أَنْ يُلْهِمَهُ ذِكْرَهُ». أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ(١).

---

(١) أورد هذا الحديث الهيثمي في (مجمع الزوائد) (٢/٢٣٧)، وقال: (رواه الطبراني في (الكبير)، وفيه موسى بن يعقوب الزمعي؛ وثقه ابن معين، وابن حبان. وضعفه ابن المديني، وغيره، وبقية رجاله ثقات"اهـ. قلت: موسى بن يعقوب صدوق سيئ الحفظ؛ كما في التقريب (ص٥٥٤)، وقد أخرج البزار (كشف الأستار) (٢/٣٣٤) ما يشهد له عن أبي ذر، أورده المنذري في الترغيب، وقال ابن حجر في فتح الباري (٣/ ٥٤): "وَأَمَّا مَا وَرَدَ مِنْ قَوْلِهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَفِيهِ زِيَادَةٌ عَلَى ذَلِكَ كَحَدِيثِ أَنَسٍ مَرْفُوعًا : "مَنْ صَلَّى الضُّحَى ثِنْتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً بَنَى اللَّهُ لَهُ قَصْرًا فِي الْجَنَّةِ" أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ وَاسْتَغْرَبَهُ، وَلَيْسَ فِي إِسْنَادِهِ مَنْ أُطْلِقَ عَلَيْهِ الضَّعْفُ، وَعِنْدَ الطَّبَرَانِيِّ مِنْ حَدِيثِ أَبِي الدَّرْدَاءِ مَرْفُوعًا: "مَنْ صَلَّى الضُّحَى رَكْعَتَيْنِ لَمْ يُكْتَبْ مِنَ الْغَافِلِينَ وَمَنْ صلى أَرْبعا كتب من التائبين وَمَنْ صَلَّى سِتًّا كُفِيَ ذَلِكَ الْيَوْمَ وَمَنْ صَلَّى ثَمَانِيًا كُتِبَ مِنَ الْعَابِدِينَ وَمَنْ صَلَّى ثِنْتَيْ عَشْرَةَ بَنَى اللَّهُ لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ"، وَفِي إِسْنَادِهِ ضَعْفٌ أَيْضًا، وَلَهُ شَاهِدٌ مِنْ حَدِيثِ أَبِي ذَرٍّ رَوَاهُ الْبَزَّارُ وَفِي إِسْنَادِهِ ضَعْفٌ أَيْضًا. وَمِنْ ثَمَّ قَالَ الرُّويَانِيُّ وَمَنْ تَبِعَهُ: أَكْثَرُهَا ثِنْتَا عَشْرَةَ. وَقَالَ النَّوَوِيُّ فِي شَرْحِ الْمُهَذَّبِ: فِيهِ حَدِيثٌ ضَعِيفٌ كَأَنَّهُ يُشِيرُ إِلَى حَدِيثِ أَنَسٍ لَكِنْ إِذَا ضُمَّ إِلَيْهِ حَدِيثُ أَبِي

واته‌: ئه‌وه‌ی دوو ركعات نوێژی چێشته‌نگاو بكات له‌ بێ ئاگاكان نانووسرێت، ئه‌وه‌شی چوار ركعات بكات ئه‌وا له‌ خواپه‌رسته‌كان ده‌نووسرێت، ئه‌وه‌شی شه‌ش ركعات بكات به‌سیه‌تی ئه‌و رۆژه‌، ئه‌وه‌شی هه‌شت ركعات بكات ئه‌وا له‌ قانیتین ده‌نووسرێت، ئه‌وه‌شی دوازده‌ ركعات بكات ئه‌وا خوای گه‌وره‌ خانوویه‌كی له‌به‌هه‌شتدا بۆ دروست ده‌كات، هیچ رۆژ وشه‌وێك نیه‌ ئیلا خوای گه‌وره‌ منه‌تی هه‌یه‌ و منه‌ت ده‌كات پێی به‌صه‌ده‌قه‌ به‌سه‌ر به‌نده‌كانیدا، وه‌ ئه‌و منه‌ته‌ی خوا بۆ سه‌ر هه‌ریه‌كێ

---

ذَرٍ وَأَبِي الدَّرْدَاءِ قَوِيَ وَصَلُحَ لِلاحْتِجَاجِ بِهِ"اهـ وحديث أبي الدرداء أورده الألباني رحمه في سلسلة الأحاديث الضعيفة حديث رقم (٦٤٣٥)، وتعقب كلام ابن حجر بشأن تقوية حديث أبي الدرداء بحديث أبي ذر، لأنهما من مخرج واحد، لكنه مال إلى موافقته أنه يتقوى بحديث أنس عند الترمذي الذي أشار إليه، فإنه لم يضعف إلا بعنعنة ابن إسحاق، قال الألباني رحمه الله: "وللفقرة الخامسة شاهد من حديث أنس مرفوعاً بلفظ:" ... بنى الله له قصراً من ذهب في الجنة ". استغربه الترمذي، وفيه عنعنة ابن إسحاق، وهو مخرج في "الروض النضير" (١١١) ، وقواه الحافظ بقوله: "ولكن إذا ضم إليه حديث أبي ذر وأبي الدرداء، قوي، وصلح للاحتجاج به ". ولعله كذلك. والله سبحانه وتعالى أعلم."اهـ. وعليه فإن محل الشاهد يرتقي إلى الحسن لغيره.

له‌به‌نده‌كانی باشتره له‌وه‌ی وای لیٚ بكات زیكری بكات.

* **ده‌ڵێم:** ڕه‌هاییه‌كه‌ی قسه‌كه‌ی عائیشه رضي الله عنها حه‌مل ده‌كرێته سه‌ر ئه‌م فه‌رموودانه، كاتێك كه موعازه لێی ده‌پرسێت: «كَمْ كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُصَلِّي صَلَاةَ الضُّحَى؟ قَالَتْ: أَرْبَعُ رَكَعَاتٍ، وَيَزِيدُ مَا شَاءَ اللهُ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ(١)

واته: ئایا پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ چه‌ند ركعات نوێژی چێشته‌نگاوی ده‌كرد؟ ئه‌ویش ده‌ڵێت: چوار ركعات، ئه‌وه‌ی خوا ویستی لیٚ بیٚ زیادی ده‌كرد.

به‌ڵام سه‌باره‌ت به‌وه‌ی كه به شێوازی دوو ركعات ئه‌نجام بدرێت، ئاماژه‌ی گشتی ئه‌و فه‌رمووده‌یه ده‌یگرێته‌وه كه ده‌فه‌رموێت: «صَلَاةُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ مَثْنَى مَثْنَى»(٢).

---

(١) **حديث صحيح:** أخرجه مسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب استحباب صلاة الضحى، وأن أقلّها ركعتان، وأكملها ثمان ركعات وأوسطها أربع ركعات أو ست والحث على المحافظة عليها، حديث رقم (٧١٩).

(٢) **حديث صحيح:** تقدم تخريجه، انظر: المسألة الثانية فِي (٢-٢-٢).

بەڵام لە موسلیمدا هاتووە کە چوار رکعات پێکەوە بکرێت، وەکو نوێژە چوار رکعاتیەکان، وە بەڵگەش بۆ ئەوە ڕەهایەتی ئەو فەرموودانەیە کەلەو بارەیەوە هاتوون، وەکو: «ارْكَعْ لِي مِنْ أَوَّلِ النَّهَارِ أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ». وَكَقَوْلِهِ: «وَمَنْ صَلَّى أَرْبَعًا؛ كُتِبَ مِنَ العَابِدِينَ». وَاللهُ أَعْلَمُ.

## ( ٣-٤ ) نوێژی لادانی خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان

ئەم نوێژە دەچێتە ژێر نوێژی سوننەتی پێش نیوەڕۆ، کە پێشتر

---

**تنبيه:** جاءت رواية لحديث أم هانئ المتقدم بلفظ: (إن رسول الله ﷺ صلى سبحة الضحى ثمان ركعات؛ يسلِّم من كل ركعتين). وحديث أم هانئ أصله فِي (الصحيحين)، ولكن بغير هذا اللفظ، وأخرجه به أبو داود فِي كتاب الصلاة، باب صلاة الضحى، حديث رقم (١٢٣٤، ٢/٢٣٤).

**وفِي السند عندهما:** عياض بن عبد الله، والراوي عنه: عبد الله بن وهب؛ قال أبو حاتم عن عياض: (ليس بالقوي). وذكره ابن حبان فِي (الثقات). وقال الساجي: (روى عنه ابن وهب أحاديث فيها نظر). وقال يحيى بن معين: (ضعيف الحديث). وقال أبو صالح: (ثبت، له بالمدينة شأن كبير، فِي حديثه شيء). وقال البخاري: (منكر الحديث). (تهذيب التهذيب) (٨/٢٠١).

**قلت:** حديثه هنا يرويه عنه ابن وهب، والظاهر من حال الرجل أنه لا يَحتمل تفرده، وهذا اللفظ تفرد به. والله أعلم.

والحديث بهذا اللفظ ضعفه الألبانِي فِي تعليقه على (صحيح ابن خزيمة) (٢/٢٣٤)، وفصل فِي بيان علته فِي (تمام المنة) (ص٢٥٨-٢٥٩).

ئامـاژه‌ی بۆ كرا:

**وا لێره‌دا هه‌ندێك فه‌رمووده باس ده‌كه‌م كه تایبه‌تن به فه‌زڵی ئه‌و سوننه‌ته‌وه:**

**عَنْ أَبِي أَيُّوبَ؛ قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «أَرْبَعٌ قَبْلَ الظُّهْرِ ... تُفْتَحُ لَهُنَّ أَبْوَابُ السَّمَاءِ».** أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ، وَابْنُ مَاجَهْ(١).

**واته: له ئه‌بی ئه‌یوبه‌وه: كه پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ده‌فه‌رموێت: " چوار ركعاتی پێش نیوه‌ڕۆ ... ده‌رگاكانی ئاسمانی بۆ ده‌كرێته‌وه".**

**عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ السَّائِبِ؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ يُصَلِّي أَرْبَعًا بَعْدَ أَنْ**

---

(١) **حديث حسن لغيره:** أخرجه أبو داود فِي كتاب الصلاة، باب الأربع قبل الظهر وبعدها، حديث رقم (١٢٧٠)، وابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها، باب فِي الأربع الركعات قبل الظهر، حديث رقم (١١٥٧)، والترمذي فِي (الشمائل) حديث رقم (٢٧٧، ص٢٤١)، وابن خزيمة (٢/٢٢١-٢٢٣، رقم ١٢١٤-١٢١٥).

والحديث تكلم على سنده أبو داود، وابن خزيمة، لكن طرقه ترقيه إِلَى مرتبة الحسن لغيره، دون قوله: (لا يفصل بينهن بالتسليم). وصححه كذلك الألبانِي فِي (صحيح سنن ابن ماجه) (١/١٩١)، وفِي تعليقه على (صحيح ابن خزيمة) (٢/٢٢١)، و(مختصر الشمائل) (ص١٥٧).

تَزُولَ الشَّمْسُ قَبْلَ الظُّهْرِ، وَقَالَ: «إِنَّهَا سَاعَةٌ تُفْتَحُ فِيهَا أَبْوَابُ السَّمَاءِ، وَأُحِبُّ أَنْ يَصْعَدَ لِي فِيهَا عَمَلٌ صَالِحٌ». أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ(١).

واتە: لە عبداللە ی کوڕی سائیبەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ چوار رکعاتی کردووە لە پاش لادانی خۆر و پێش نوێژی نیوەڕۆ، وە فەرمووی: " ئەمە ساتێکە کە دەرگاکانی ئاسمانی تێدا دەکرێتەوەو منیش پێم خۆشە کەکردەوەیەکی چاکم تێیدا بەرز ببێتەوە".

## ( ٤ – ٤ ) نوێژی چوونەژورەوە و دەرچوون لە ماڵ

ڕێگە دراوە بە موسڵمان کە دوو رکعات بکات کاتێك دەچێتە ماڵەوە وە کاتێکیش لە ماڵ دەردەچێت.

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه أحمد فِي (المسند) (٤١١/٣)، والترمذي فِي كتاب الصلاة، باب ما جاء فِي الصلاة عند الزوال، حديث رقم (٤٧٨).

والحديث صححه العلامة أحمد شاكر فِي تحقيقه على الترمذي، والألباني فِي (صحيح سنن الترمذي) (١٤٧/١)، وصحح إسناده مُحقق (جامع الأصول) (٢٤/٦).

**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ؛ قَالَ: «إِذَا دَخَلْتَ مَنْزِلَكَ؛ فَصَلِّ رَكْعَتَيْنِ تَمْنَعَانِكَ مَدْخَلَ السُّوءِ، فَإِذَا خَرَجْتَ مِنْ مَنْزِلِكَ؛ فَصَلِّ رَكْعَتَيْنِ تَمْنَعَانِكَ مَخْرَجَ السُّوءِ».** أَخْرَجَهُ الْبَزَّارُ(١).

**واتە: لە ئەبوهورەیرەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ئەگەر رۆیشتیتە ماڵەوە، دوو رکعات نوێژ بکە لە چوونەژوورەوەی خراپ دەتپارێزێت، و ئەگەر لەماڵیش دەرچوویت دوو رکعات نوێژ بکە لە دەرچوونی خراپ دەتپارێزێت".**

---

(١) **حديث حسن**: أخرجه البزار (كشف الأستار) (٣٥٧/٢).

والحديث حسنه ابن حجر كما ذكر المناوي فِي (فيض القدير) (٣٣٤/١)، وجوَّد إسناده الألباني فِي (السلسلة الصحيحة) حديث رقم (١٣٢٣).

## ( ٥-٤ ) دوو ركعات نوێژی دوای دەستنوێژ

ڕێگەدراوە بە موسڵمان كە هەركات دەستنوێژی گرت دوو ركعات نوێژ بكات، وە فەزڵی زۆر و خێری گەورە بۆ ئەم نوێژە هەیە، بەمەرجێك بەدڵسۆزی و نیەت پاكیەوە ئەنجام بدرێت.

عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ؛ قَالَ: «كَانَتْ عَلَيْنَا رِعَايَةُ الإِبِلِ، فَجَاءَتْ نَوْبَتِي، فَرَوَّحْتُهَا بِعَشِيٍّ، فَأَدْرَكْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَائِمًا يُحَدِّثُ النَّاسَ، فَأَدْرَكْتُ مِنْ قَوْلِهِ: مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَتَوَضَّأُ فَيُحْسِنُ وُضُوءَهُ، ثُمَّ يَقُومُ فَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ، مُقْبِلٌ عَلَيْهِمَا بِقَلْبِهِ وَوَجْهِهِ؛ إِلَّا وَجَبَتْ لَهُ الجَنَّةُ. قَالَ: فَقُلْتُ: مَا أَجْوَدُ هَذِهِ! فَإِذَا قَائِلٌ بَيْنَ يَدَيَّ يَقُولُ: الَّتِي قَبْلَهَا أَجْوَدُ. فَنَظَرْتُ؛ فَإِذَا عُمَرُ؛ قَالَ: إِنِّي قَدْ رَأَيْتُكَ جِئْتَ آنِفًا قَالَ: «مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّأُ فَيُبْلِغُ -أَوْ: فَيُسْبِغُ- الوُضُوءَ، ثُمَّ يَقُولُ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ؛ إِلَّا فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ الجَنَّةِ الثَّمَانِيَةُ؛ يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ(١).

واتە: لە عوقبەی كوڕی عامرەوە، دەڵێت: لەوەڕاندنی ووشترەكان

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب الطهارة، باب الذكر المستحب عقب الوضوء، حديث رقم (٢٣٤). وانظر: (جامع الأصول) (٩/٣٧٢-٣٧٤).

لەسەرمان بوو بە نۆرە، بۆیە نۆرەی من هات و دوای لەوەڕاندنیان ئێوارە زوو هێنامنەوە بۆ شوێنەکەی خۆیان و گەیشتم بە پێغەمبەری خوا ﷺ وەستابوو قسەی بۆ خەڵکی دەکرد، منیش تەنها گەیشتم بەو بەشەی قسەکەی کە فەرمووی: **" هیچ موسڵمانێك نیە کە بەشێوەیەکی جوان و تەواو دەستنوێژ بگرێت، و پاشان هەستێت دوو ڕکعات نوێژ بکات بەشێوەیەك ڕووی دەموچاوی و دڵ وناخی لە قیبلە بێت و بیری لای هیچ نەبێت ئیلا بەهەشتی بۆ واجب دەبێت".** ئەڵێ، منیش ووتم: ئەمە چەند باشە! بینیم قسەکەرێك لەپێشمەوەبوو ووتی: ئەوەی پێشووتری باشتر بوو، سەرنجم دا بینیم کە عومەر بوو، ووتی: بینیم کەمێك پێش ئێستا هاتیت، ئەو بەشەی پێشووتری قسەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمە بوو کە فەرمووی: **" هیچ یەکێك لە ئێوە نیە کە بەجوانی و تەواوی دەستنوێژ بگرێت وپاشان بڵێت:** أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ؛ **ئیلا هەر هەشت دەرگاکەی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە و ئەویش بۆی هەیە لەهەر کامیانەوە بڕوات دەتوانێت بڕواتە ژوورەوە".**

عَنْ حِمْرَانَ مَوْلَى عُثْمَانَ؛ أَنَّهُ رَأَى عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانٍ دَعَا بِإِنَاءٍ، فَأَفْرَغَ عَلَى كَفَّيْهِ ثَلَاثَ مِرَارٍ، فَغَسَلَهُمَا ثُمَّ أَدْخَلَ يَمِينَهُ فِي الإِنَاءِ، فَمَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ، ثُمَّ

غَسَلَ وَجْهَهُ ثَلَاثًا، وَيَدَيْهِ إِلَى الْمِرْفَقَيْنِ ثَلَاثَ مِرَارٍ، ثُمَّ مَسَحَ بِرَأْسِهِ، ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَيْهِ ثَلَاثَ مِرَارٍ إِلَى الكَعْبَيْنِ، ثُمَّ قَالَ:

قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ : «مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ؛ لَا يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ؛ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ». أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ(١).

واتە: لە حیمرانی (مولی )بەندەی ئازادکراوی عوسمانەوە، بینیویەتی عوسمانی کوڕی عەففان داوای دەفرێك ئاوی کرد (بۆ دەستنوێژ)، سێ جار کردی بەناو دەستیدا و هەردوو دەستی شۆرد، پاشان دەستی ڕاستی کردە ناو ئاوەکە ، و ئاوی لەدەمی ڕادا، وهەروەها لە لووتیشی، پاشان سێ جار دەموچاوی شۆرد، وە هەردوو دەستی هەتا ئانیشکی سێ جار شۆرد، پاشان سەری مەسح کرد، پاشان هەردوو پێی هەتا قولەپێی سێ جار شۆرد، و پاشان ووتی: پێغەمبەری

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب الوضوء، باب الوضوء ثلاثًا ثلاثًا، حديث رقم (١٥٩)، وانظر أرقام الأحاديث التالية فيه: (١٦٠، ١٦٤، ١٩٣٤، ٦٤٣٣)، وأخرجه مسلم فِي كتاب الطهارة، باب صفة الوضوء وكماله، حديث رقم (٢٢٦).

**فائدة**: نبَّه الحافظ ابن حجر فِي (فتح الباري) (٢٥١/١١) إِلَى أن لحمران عن عثمان فِي هذا حديثين: (أحدهُما مقيد بترك حديث النفس، وذلك فِي صلاة ركعتين مطلقًا غير مقيد بالمكتوبة، والآخر فِي الصلاة المكتوبة فِي الجماعة أو فِي المسجد من غير تقييد بترك حديث النفس) اهـ.

خوا ﷺ فەرمـوویەتی:

**" ئەوەی وەکو ئەم دەستنوێژەی مـن دەستنوێژ بگرێت، و دوو رکعات نوێژ بکات بەشێوەیەك کە قسە لەگەڵ ناخی خۆیدا نەکات و بیرو هۆشی لای نوێژەکە بێت، ئەوا لەتاوانەکانی پێشووی خۆشدەبێت و لێی دەبوورێت".**

ئەم دوو فەرمـوودەیە بەڵگەن لەسەر سوونەتێتی ئەنجامدانی دوو رکعات نوێژ دوای دەستنوێژ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو خاڵەی کە ئەوفەزڵەی کە باس کراوە پەیوەستە بەوەی کە بە ڕووی دەموچاوی و دڵ وناخی لە قیبلە بێت و هەروەها قسە لەگەڵ ناخی خۆیدا نەکات و تەواو بیرو ئاگای لای نوێژەکەی بێت.

واتە ئەو دوو بڕگەیەی فەرمـوودەکە کە دەفەرمـوێت: «يُقْبِلُ عَلَيْهِمَا بِقَلْبِهِ وَوَجْهِهِ». و«لَا يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ»[1].

---

(١) بڕگەی: (لا يحدث فيهما نفسه): مەبەست پێی ئەوەیە کە لەگەڵ ناخ و دڵ ودەروونـدا بەردەوام دەبێت و مرۆڤ دەتوانێت بیبڕێت و بەردەوام نەبێت لەسەری, چونکە ووتەی: (يحدث)؛ ئەوە دەخوازێت کە لەلایەن خۆیەوە بێت. بەڵام ئەوەی کە دێت بەدڵدا لە خوتورە و هەندێ وەسوەسە کە ناتوانرێت لێی دەربازبیت ئەوا چاوپۆشی لێ دەکرێت. (فتح الباري (١/٢٦٠).

**هەروەکو چۆن سابت بووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ لە فەرموودەی هاوشێوەی ئەمەوە کە لە کۆتاییەکەیەوە فەرموویەتی: «... لَا تَغْتَرُّوا»[١].**

**واتە: هەڵمەخەڵەتێن.**

---

(١) **برگەی: (لا تغتروا)؛ واتە: نەکەن دەست بکەن بەزۆر ئەنجامدانی تاوان و سەرپێچی بەبیانووی ئەوەی کە نوێژ هەمووی دەسڕێتەوە, چونکە ئەو نوێژەی کە تاوانی پێ دەسڕێتەوە ئەوەیە کە خوا وەری گرتبێت, جا بەندەش چۆن دەزانێت کە خوا لێی وەرگرتووە.** (فتح الباري) (١/٢١١).

**ئەم زیادەیە لای بوخاریە لەکاتی گێڕانەوەی بۆ فەرموودەکە بەڕیوایەتێکی تر کە ابن حجر سەرنجی لەسەر داوە لەو فەرموودەیەی کە باسی دەستنوێژی تێدایە, وە نوێژی بەکۆمەڵ یان لە مزگەوت بەبێ مەرجی وازهێنان لە قسەکردن لەگەڵ ناخ و دەروونداو, کەلە بوخاریدا لە کتابی ڕەقائیقدایە و بابی فەرمایشتی خوا کە دەفەرموێت:** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ٥ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّاۚ إِنَّمَا يَدۡعُواْ حِزۡبَهُۥ لِيَكُونُواْ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴾ [فاطر:٥-٦]. حديث رقم (٦٤٣٣).

# ( ٦ – ٤ ) نوێژی سڵاوی مزگەوت

# (تَحِيَّةِ المَسْجِدِ)

**ئەم بەشە ئەم بابەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:**

**یەکەم: حوکمەکەی.**

**دووەم: ئایا (تَحِيَّةِ المَسْجِدِ ) لە مزگەوتی حەرام چۆنە وکامەیە؟**

**سێ یەم: ئەگەر چووە ناو مزگەوتەوەو قامەت کرا بۆ نـوێـژ.**

**چوارەم: ئەگەر چووە ناو مزگەوتەوەو ئیمام ووتاری هەینی دەدا.**

### * (١-٦-٤) حوکمەکەی:

**واجبە لەسەر موسڵمان کاتێك دەچێتە نێو مزگەوتەوەو دەیەوێت تێیدا دابنیشێت دوو رکعات نوێژ بکات:**

**وە ئەم فەرموودانەی خوارەوە بەڵگەن لەسەر واجبێتی ئەم نوێژە:**

**عَنْ أَبِي قَتَادَةَ السُّلَمِيِّ؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: «إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ المَسْجِدَ؛ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ أَنْ يَجْلِسَ».** أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ(١).

**واتە: لە ئەبی قەتادەی سولەمیەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ئەگەر یەکێکتان رۆیشتە نێو مزگەوتەوە، با دوو رکعات نوێژ بکات پێش ئەوەی دابنیشێت".**

وَفِي رِوَايَةٍ: **«إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ المَسْجِدَ؛ فَلَا يَجْلِسَ حَتَّى يُصَلِّيَ رَكْعَتَيْنِ»**(٢)**.واتە: لە ریوایەتێکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: " ئەگەر یەکێکتان رۆیشتە نێو مزگەوتەوە، با دانەنیشێت هەتا دوو رکعات نوێژ دەکات".**

---

(١) **حديث صحيح:** أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب الصلاة، باب إذا دخل المسجد فليركع ركعتين، حديث رقم (٤٤٤)، واللفظ له، وأخرجه مسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب استحباب تحية المسجد بركعتين، وكراهة الجلوس قبل صلاتهما، وأنَّها مشروعة فِي جَميع الأوقات، حديث رقم (٧١٤).

(٢) هذه الرواية عند البخاري فِي كتاب التهجد، باب ما جاء فِي التطوع مثنى مثنى، حديث رقم (١١٦٣).

*** (٢-٦-٤) ئایا (تَحِیَّةُ المَسْجِد) لە مزگەوتی حەرام چۆنە ؟**

**هیچ بەڵگەو دەقێك نەهاتووە کە مزگەوتی حەرام لە گشتێتی ئەو فەرموودەیەی پێشوو دەربکات، بۆیە مزگەوتی حەرام جۆرە نوێژێکی تایبەتی تحیة المسجدی نیە کە جیاوازبێت لە هەموو مزگەوتەکانی تر.**

**بۆیە کاتێك یەکێك بە ئیحرامەوە دەڕواتە نێو مزگەوتی حەرام یەکەم شتێك کە دەستی پێ دەکات بریتیە لە تەواف، وەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو کارەی ئەنجام دا لە کاتی حەج کردنیدا.**

**وە ئەو فەرموودەیەی کە بەربڵاوە لەسەر زاری خەڵکی گوایە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " تَحِیَّةُ البَیْتِ الطَّوَافُ " . هیچ ئەصل و بنچینەیەکی نیە.**[١]

---

(١) هەروەکو پێشەوا ئەلبانی ووتویەتی و لە کتێبی (السلسلة الضعیفة) حدیث رقم (١٠١٢) هێناویەتی و لێدوانی لەسەر داوە و دەڵێت: " هیچ بەڵگەیەك لەسوننەتی کرداری و گوفتاری نازانم کە ئەو مانایە بەدەستەوە بدات, بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ئەو بەڵگانەی کە هاتوون سەبارەت بە ئەنجامدانی نوێژ پێش دانیشتن لە مزگەوتدا بەهەمان شێوە مزگەوتی حەرامیش دەگرێتەوە, وە ئەو ووتەیەی کە دەڵێت تەحیەتی مزگەوتی حرام بریتیە لە تەواف پێچەوانەی گشتێتی ئەو بەڵگەیە کە ئاماژەی بۆ کرا, بۆیە وەرناگیرێت مەگەر پاش جێگیربوونی نەبێت کە صحیح بێت, وە ئەوەش دوورە, ئەمە لەکاتێکدا بە ئەزموون و واقع ئەوە سەلمێنراوە کە ناکرێت هەرکەسێك بێتە ژوورەوە بۆ ناو مزگەوتی حرام تەواف بکات بەتایبەت لەکاتی مەوسمی

- **(٣-٦-٤) ئەگەر چووە ناو مزگەوتەوەو قامەت کرا بۆ نوێـژ:**

**ئەگەر کەسێك چووە مزگەوتەوەو قامەت کرا بۆ نوێژ، ئەوا پێویستە لەسەری بڕواتە ناو ئەو نوێژەی کە قامەتی بۆ کراوە و دوو ڕکعاتی تحیەتی مەسجدی لەسەر دەکەوێت..**

**وە بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەم فەرموودەیەی خوارەوەیە:**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ؛ قَالَ: **«إِذَا أُقِيمَتِ الصَّلَاةُ، فَلَا صَلَاةَ إِلَّا الْمَكْتُوبَةُ»**. أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ(١).

**واتە: لە ئەبوهورەیرەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ئەگەر قامەت کرا بۆ نوێژ، هیچ نوێژێك ناکرێت مەگەر نوێژی فەرز نەبێت ".**

---

**حەجدا, بۆیە سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە فراوانی بەخشیوە لە شەرعەکەیدا,** ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ [الحج:٧٨]. **وە ئەوەی پێویستە ئاگاداری بین ئەوەیە کە : ئەم حوکمە بۆ کەسێکە کەلە ئیحرامدا نەبێت, ئەگینا سوننەت ئەوەیە سەبارەت بەو کەسە کە سەرەتا بە تەواف دەست پێ بکات پاشان دوو ڕکعات نوێژ ئەنجام بدات".**

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب كراهة الشروع في نافلة بعد شروع المؤذن، حديث رقم (٧١٠). وانظر: (جامع الأصول) (٥/٦٥٩).

ڕووی هەڵهێنجانی بەڵگە لەو فەرموودەیە ئەو بڕگەیەیە کە دەفەرموێت: «فَلَا صَلَاةَ».

وە ئەوەی بەڵگەبێت لەم فەرموودەیەوە ئەوەیە کە هیچ نوێژێك ڕێگەپێدراو نیە لەکاتی قامەت کردندا بۆ نوێژ ( جگە لەفەرز نەبێت ).

- (٤-٦-٤) ئەگەر ڕۆیشتە مزگەوتەوەو ئیمام وتاری هەینیی دەدا:

ئەگەر موسڵمان چووە مزگەوتەوەو ئیمام ووتاری هەینیی پێشکەش دەکرد، دانانیشێت هەتا دوو رکعات نوێژی تحیه المسجد نەکات و بەسووکیش ئەنجامی دەدات و درێژی ناکاتەوە.

وە بەڵگەش لەسەری ئەمەی خوارەوەیە:

عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ؛ قَالَ: جَاءَ سُلَيْكٌ الغَطَفَانِيُّ يَوْمَ الجُمُعَةِ، وَرَسُولُ اللهِ ﷺ يَخْطِبُ، فَجَلَسَ، فَقَالَ لَهُ: «يَا سُلَيْكُ! قُمْ فَارْكَعْ رَكْعَتَيْنِ وَتَجَوَّزْ فِيهِمَا ثُمَّ قَالَ: إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمْ يَوْمَ الجُمُعَةِ، وَالإِمَامُ يَخْطِبُ؛ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ، وَلْيَتَجَوَّزْ فِيهِمَا». أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[1].

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري مختصرًا في مواضع منها في كتاب الجمعة، باب إذا رأى الإمام رجلًا جاء وهو يخطب أمره أن يصلي ركعتين، حديث رقم (٩٣٠)، وأخرجه مسلم في كتاب الجمعة،

واتە: لە جابری كوڕی عبدالله وە، دەڵێـت: سولەیكی غەتەفانی ڕۆژی هەینیی هات و پێغەمبەری خوا ﷺ ووتاری دەدا، و دانیشت، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ووت: **" ئەی سولەیك ! هەستە دوو ركعات نوێژ بكە و كورتیشی بكەرەوە، پاشان فەرمووی: ئەگەر یەكێكتان ڕۆژی هەینیی هات و ئیمام وتاری دەدا ئەوا با دوو ركعات نوێژ بكات و با كورتیشیان بكاتەوە ".**

❊ ❊ ❊

## ( ٧-٤ ) نوێژ لەنێوان بانگ و قامەتدا

**سوننەتە بۆ موسڵمان كە لەنێوان بانگ و قامەتدا نوێژ بكات.**

**ئەمەی خوارەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە:**

عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مُغَفَّلٍ؛ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: **«بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلَاةٌ، بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلَاةٌ –ثُمَّ قَالَ فِي الثَّالِثَةِ:– لِمَنْ شَاءَ».** أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[١].

---

باب التحية والإمام يخطب، حديث رقم (٨٧٥) واللفظ له.

(١) **حديث صحيح**: فقد أخرجه البخاري فِي كتاب الأذان، باب بين كل أذانين صلاة لمن شاء، حديث رقم (٦٢٧) واللفظ له، وأخرجه فِي كتاب الأذان، باب كم بين الأذان والإقامة، حديث رقم (٦٢٤)، وأخرجه مسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب بين كل أذانين صلاة، حديث رقم (٨٣٨).

واتە: لە (عَبْدِ اللَّهِ) ی کوڕی (مُغَفَّل)ەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: " **لەنێوان هەموو بانگ قامەتێکدا نوێژ هەیە، لە نێوان هەموو بانگ وقامەتێکدا نوێژ هەیە** – پاشان لە جاری سێ یەمدا فەرمووی – **ئەوەی ویستی لێ بێت** ".

ئەم سوننەتەی نێوان بانگ و قامەت جەختی لەسەر کراوەتەوە بەتایبەت بۆ نوێژی مەغریب، ئەوەش لەبەر ئەم فەرموودەیەی کەلەوبارەیەوە هاتووە:

عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مُغَفَّلٍ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ؛ قَالَ: «صَلُّوا قَبْلَ صَلَاةِ المَغْرِبِ –قَالَ فِي الثَّالِثَةِ–: لِمَنْ شَاءَ». كَرَاهِيَةَ أَنْ يَتَّخِذَهَا النَّاسُ سُنَّةً. أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ(١).

واتە: لە عبداللە ی کوڕی موغەفەلەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

---

ئەو ووتەیەی کە دەڵێت: (بين كل أذانين). پێشەوا ابن الأثير لە (جامع الأصول) (٩/٦) دا دەڵێت: " مەبەست لە ووشەی (الأذانين ) بریتیە لە بانگ و قامەت, بەڵام ناوێکیان زاڵ بووە بەسەر ئەوی تریاندا, چونکە لە ڕاستیدا خودی بانگ لە نێوا قامەتیشدا هەیە, جگە لەوەش قامەت ئاگاداری و ڕاگەیاندنی نوێژ و چوونە نێو نوێژە و بانگیش ڕاگەیاندنی هاتنی کاتی نوێژە".

(١) حديث صحيح: أخرجه البخاري في موضعين منها كتاب التهجد، باب الصلاة قبل المغرب، حديث رقم (١١٨٣)، وانظر طرفه تحت رقم (٧٣٦٨).

**" لە پێش نوێژی مەغریبەوە نوێژ بکەن – لە جاری سێ یەمدا فەرمووی – بۆ ئەوەی ویستی لێ بێت".** ئەوەش لەبەر ئەوەی نەوەك خەڵکی بیکەن بە رێچکە و سوننەتێکی هەمیشەیی.

وَفِي رِوَايَةٍ عِنْدَ أَبِي دَاوُدَ: **«صَلُّوا قَبْلَ المَغْرِبِ رَكْعَتَيْنِ».** ثُمَّ قَالَ: **«صَلُّوا قَبْلَ المَغْرِبِ رَكْعَتَيْنِ، لِمَنْ شَاءَ».** خَشْيَةَ أَنْ يَتَّخِذَهَا النَّاسُ سُنَّةً[١].

واتە: لە ریوایەتێکی تردا لای ئەبی داود بەم شێوەیە هاتووە: **" پێش نوێژی مەغریب دوو رکعات نوێژ بکەن ، بۆ کەسێك کە ویستی لێ بێت".** لەترسی ئەوەی نەوەك خەڵکی بیکەن بە سوننەتێکی هەمیشەیی.

* * *

(١) هذه الرواية من طريق البخاري نفسه أخرجها أبو داود في كتاب الصلاة، باب الصلاة قبل المغرب، حديث رقم (١٢٨١).

## (٨-٤) نـوێـژی تـۆبە کردن

پێویستە لەسەر موسڵمان سوور بێت لەسەر تەقوا ولەخواترسان و هەست کردن بە چاودێری خوا بەوەی نەکەوێتە ناو تاوانەوە، جا ئەگەریش تاوانێکی ئەنجام دا، بێ دواکەوتن دەستپێشخەری دەکات بۆ تۆبە و گەڕانەوە.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەی داوە بە ئەنجامدانی ئەم نوێژە لەکاتی تۆبەکردندا.

عَنْ أَسْمَاءَ بْنِ الحَكَمِ الفَزَارِيِّ؛ قَالَ: سَمِعْتُ عَلِيًّا يَقُولُ: «إِنِّي كُنْتُ رَجُلًا إِذَا سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ حَدِيثًا؛ نَفَعَنِي اللهُ مِنْهُ بِمَا شَاءَ أَنْ يَنْفَعَنِيَ بِهِ، وَإِذَا حَدَّثَنِي رَجُلٌ مِنْ أَصْحَابِهِ؛ اسْتَحْلَفْتُهُ، فَإِذَا حَلَفَ لِي؛ صَدَّقْتُهُ، وَإِنَّهُ حَدَّثَنِي أَبُو بَكْرٍ، وَصَدَقَ أَبُو بَكْرٍ؛ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: مَا مِنْ رَجُلٍ يُذْنِبُ ذَنْبًا، ثُمَّ يَقُومُ فَيَتَطَهَّرُ، ثُمَّ يُصَلِّي، ثُمَّ يَسْتَغْفِرُ اللهَ؛ إِلَّا غَفَرَ اللهُ لَهُ، ثُمَّ قَرَأَ هَذِهِ الآيَةَ: ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا۟ فَـٰحِشَةً أَوْ ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ ذَكَرُوا۟ ٱللَّهَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا۟ عَلَىٰ مَا فَعَلُوا۟ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ [آل عمران: ١٣٥]»[١].

(١) **حديث حسن**: أخرجه الترمذي في كتاب الصلاة، باب ما جاء في الصلاة عند التوبة، حديث رقم (٤٠٦) واللفظ له، وفي كتاب التفسير، باب ومن سورة آل عمران، حديث رقم (٣٠٠٩)، وأبو

واتە: لە ئەسمائی کوڕی حەکەمی فەزاریەوە، دەڵێت: بیستم لە عەلیەوە کە دەیووت: من پیاوێك بووم کە فەرموودەیەکم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەبیست خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە سوودی پێم دەگەیاند ئەوەی دەیویست، وە ئەگەریش یەکێك لەهاوەڵان فەرموودەیەکی بۆم بگێڕایەوە ئەوا سوێندیم دەدا، جا ئەگەر سوێندی بخواردایە، ئەوا بەڕاستم دەزانی، وە ئەبوبەکر فەرموودەیەکی بۆم گێڕاوە و ڕاستی کرد، ووتی لە پێغەمبەری خوام بیستووە ﷺ کە فەرموویەتی: " **هیچ کەسێك نیە کە تاوانێك دەکات و پاشان هەڵدەستێت و دەستنوێژ دەگرێت و پاشان نوێژ دەکات و پاشان داوای لێخۆشبوون لەخوا دەکات ئیلا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت و پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە:** ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً أَوۡ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ ذَكَرُواْ ٱللَّهَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ لِذُنُوبِهِمۡ وَمَن يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمۡ يُصِرُّواْ عَلَىٰ مَا

---

داود في كتاب الصلاة، باب في الاستغفار، حديث رقم (١٥٢١)، وأخرجه مُختصرًا دون ذكر الآية ابن ماجه في كتاب إقامة الصلاة، حديث رقم (١٣٩٥)، وبنحوه ابن حبان في (صحيحه) (٢/٣٨٩-٣٩٠-الإحسان).

والحديث جوّد إسناده ابن حجر في ترجمة أسماء بن الحكم من (التهذيب)، وصححه العلامة أحمد شاكر في تحقيقه للترمذي، وحسنه الألباني في (صحيح سنن الترمذي) (١/١٢٨)، وحسنه مُحقق (جامع الأصول) (٤/٣٩٠)، ومُحقق (الإحسان) (٢/٣٩٠).

فَعَلُواْ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾ .

واتە: وە ئەوانەی کە ئەگەر گوناهێکی گەورەیان ئەنجامدا یان ستەمیان لە خۆیان کرد بە ئەنجامدانی تاوانێکی لەو بچوکتر ، بیر لە بەڵێن و هەڕەشەکانی خوای پەروەردگار دەکەنەوە و پەنادەبەن بۆ لای خوای پەروەردگار بە تەوبەکردن ، و داوای ئەوەی لێدەکەن کە لە گوناهەکانیان خۆش بێت ، و دڵنیان لەوەی کە هیچ کەس جگە لە خوای پەروەردگار ناتوانێت لە گوناهەکان خۆش بێت ، لەبەر ئەوە لەسەر تاوان بەردەوام نابن ، وە دەزانن کە ئەگەر تەوبە بکەن خوای پەروەردگار تەوبەکەیان لێوەردەگرێت .

## ( ٩-٤ ) نوێژی سوننەتی هەینی

ئەم باسە دوو بابەت لە خۆ دەگرێـت:

**یەکەم: ئایا هەینی سوننەتی پێشی هەیە؟**

**دووەم: سوننەتی دوای هەینی.**

* * *

### * ( ١-٩-٤ ) ئایا هەینی سوننەتی پێشی هەیە؟

هیچ بەڵگەیەك سابت نەبووە بیسەلمێنێت کە لەپێش نوێژی هەینی نوێژی سوننەت هەبێت، بەڵام سوونەتی ڕەها ئەوا بەڵگە لەسەری هەیە، وەکو:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ؛ قَالَ: «**مَنِ اغْتَسَلَ، ثُمَّ أَتَى الجُمُعَةَ، فَصَلَّى مَا قُدِّرَ لَهُ، ثُمَّ أَنْصَتَ حَتَّى يَفْرُغَ مِنْ خُطْبَتِهِ، ثُمَّ يُصَلِّي مَعَهُ؛ غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَ الجُمُعَةِ وَالجُمُعَةِ الأُخْرَى وَفَضْلُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ**». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[١].

واتە: لە ئەبوهورەیرەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: **" ئەوەی خۆی بشوات، پاشان بێت بۆ هەینی، و ئەوەندەی دەتوانێت نوێژی سوننەت بکات، پاشان**

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب الجمعة، باب فضل من استمع وأنصت في الخطبة، حديث رقم (٨٥٧).

**بێدەنگ بێت هەتا ووتاربێژ وتارەکەی تەواو دەکات، پاشان لەگەڵیدا نوێژ بکات، ئەوا لەتاوانەکانی نێوان ئەو هەینیە و هەینیەکی تری خۆشدەبێت بە زیادەی سێ ڕۆژیشەوە".**

وَفِي رِوَايَةٍ عِنْدَ أَبِي دَاوُدَ: «**مَنِ اغْتَسَلَ يَوْمَ الجُمُعَةِ، وَلَبِسَ مِنْ أَحْسَنِ ثِيَابِهِ، وَمَسَّ مِنْ طِيبٍ إِنْ كَانَ عِنْدَهُ، ثُمَّ أَتَى الجُمُعَةَ، فَلَمْ يَتَخَطَّ أَعْنَاقَ النَّاسِ، ثُمَّ صَلَّى مَا كَتَبَ اللهُ لَهُ، ثُمَّ أَنْصَتَ إِذَا خَرَجَ إِمَامُهُ حَتَّى يَفْرُغَ مِنْ صَلَاتِهِ؛ كَانَتْ كَفَّارَةً لِمَا بَيْنَهُمَا وَبَيْنَ جُمُعَتِهِ الَّتِي قَبْلَهَا**». قَالَ: وَيَقُولُ أَبُو هُرَيْرَةَ: «**وَزِيَادَةُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ**». وَيَقُولُ: «**إِنَّ الحَسَنَةَ بِعَشْرَةِ أَمْثَالِهَا**»[1].

واتە: لەریوایەتێکی تردا کە لای ئەبی داود هاتووە دەڵێت: " **ئەوەی ڕۆژی هەینیی خۆی بشوات، و لەباشترینی جلەکانی بپۆشێت، و بۆنی خۆش لەخۆی بدات ئەگەر هەیبوو، پاشان بێت بۆ هەینی، و بەسەر ملی خەڵکیدا نەدەڕۆیشت، پاشان ئەوەندەی خوا بۆی نووسیبێت نوێژی کرد، پاشان کە ئیمامەکەی هات بێدەنگ بوو هەتا ئەو کاتەی لەنوێژەکە دەبنەوە، ئەوا دەبێتە کەفارەتی نێوانیان و نێوانی ئەو هەینیەی کەلە پێشیەوەیەتی"**. دەڵێت: ئەبوهورەیرە ووتی: " **بە زیادەی سێ**

(١) هذه الرواية أخرجها أبو داود في كتاب الطهارة، باب في الغسل يوم الجمعة، حديث رقم (٣٤٣).وقد صححها الألباني في (صحيح سنن أبي داود) (١/٧٠).

**ڕۆژیشەوە"** وە دەڵێت: **"چاکە بە دە ئەوەندەی خۆی هەژمار دەکرێت".**

### * ( ٢-٩-٤ ) سوننەتی دوای هەینی:

پێشتر باسی فەرموودەکەی ابن عمر ﵁ کرا کە تێیدا هاتبوو: **" دوو ڕکعات دوای هەینی لەماڵەکەیدا ".** (١)

وَعَنْ أَبِي هُرَيرَةَ؛ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: **«إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمُ الجُمُعَةَ؛ فَلْيُصَلِّ بَعْدَهَا أَرْبَعًا».** أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ.

**واتە: لە ئەبی هورەیرەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ئەگەر یەکێك لە ئێوە نوێژی هەینی کرد، ئەوا با لەدوایەوە چوار ڕکعات بکات".**

وَفِي رِوَايَةٍ لَهُ: **«مَنْ كَانَ مِنْكُمْ مُصَلِّيًا بَعْدَ الجُمُعَةِ؛ فَلْيُصَلِّ أَرْبَعًا»**(٢).

**واتە: لە ڕیوایەتێکی تر لێیەوە، فەرموویەتی: " هەرکەس لە ئێوە لەدوای هەینی نوێژی کرد با چوار ڕکعات بکات".**

---

(١) انظر: ما تقدم (١-٢).

(٢) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم فِي كتاب الجمعة، باب الصلاة بعد الجمعة، حديث رقم (٨٨١). وانظر: (جامع الأصول) (٦/٣٨).

* **دەڵێم: ئەو دوو فەرموودەیە بەڵگەن لەسەر مەشروعیەتی ئەنجامدانی دوو یان چوار رکعات لە دوای هەینیەوە، جا هەرکامیان بکات ئەوا دروستە، وە باشتر وایە چوار رکعات بکات لەبەر فەرموودەکەی ئەبی هورەیرە کە دەقی زارەکی لەسەرە.**

**وە ئەم سوننەتە - ئیتر دوو رکعات یان چوار - باشتر وایە لە ماڵەوە ئەنجام بدرێن**[1] **بە ڕەهایی بێ وردبوونەوەو درێژەدان پێی.**[2]

---

(١) لەبەر فەرموودەی: " **باشترین نوێژ, نوێژی کەسێکە کە لەماڵەوە بیکات جگە لە فەرزەکان نەبێت** ". حديث صحيح.

**پێشەوا** الألباني **له** (تمام المنة) (ل٣٤١-٣٤٢): **دا دەڵێت:** " **ئەگەر دوای هەینی دوو رکعات یان چوار رکعاتی کرد, لە مزگەوت, دروستە, یان لەماڵ, ئەوە باشترە, لەبەر ئەم فەرموودە صحیحە, واتە: فەرموودەی: باشترین نوێژ, نوێژی کەسێکە کە لەماڵەوە بیکات جگە لە فەرزەکان نەبێت** ".

(٢) **وە ئەم درێژە پێدانە و جیاکردنەوەیەی کە دەڵێت: " ئەگەر لە مزگەوت کردی ئەوا چوار رکعات دەکات و ئەگەریش لەماڵەوە کردی ئەوا دوو رکعات دەکات" هیچ بەڵگەیەکی صحیح لەسەری نیە کە بیسەلمێنێ.** وانظر مناقشته ورده في (تمام المنة) (ص٣٤١-٣٤٢).

## (١٠-٤) نــوێــژی التَّسْبِيحِ

یەکێکی تر لەو نوێژە ڕێگەپێدراوانە بریتیە لەم جۆرە نوێژە کە ئەمەی خوارەوەیە لە فەرموودەکەی ابن عباس:

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ لِلْعَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبْ: يَا عَبَّاسُ! يَا عَمَّاهُ! أَلَا أُعْطِيكَ؟ أَلَا أَمْنَحُكَ؟ أَلَا أَحْبُوكَ؟ أَلَا أَفْعَلُ بِكَ؟ عَشْرَ خِصَالٍ، إِذَا أَنْتَ فَعَلْتَ ذَلِكَ؛ غَفَرَ اللهُ لَكَ ذَنْبَكَ؛ أَوَّلَهُ وَآخِرَهُ، قَدِيمَهُ وَحَدِيثَهُ، خَطَأَهُ وَعَمْدَهُ، صَغِيرَهُ وَكَبِيرَهُ، سِرَّهُ وَعَلَانِيَّتَهُ؛ عَشْرُ خِصَالٍ: أَنْ تُصَلِّيَ أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ؛ تَقْرَأُ فِي كُلِّ رَكْعَةٍ فَاتِحَةَ الكِتَابِ وَسُورَةً. فَإِذَا فَرَغْتَ مِنَ القِرَاءَةِ فِي أَوَّلِ رَكْعَةٍ وَأَنْتَ قَائِمٌ؛ قُلْتَ: سُبْحَانَ اللهِ، وَالحَمْدُ للهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ؛ خَمْسَ عَشْرَةَ مَرَّةً. ثُمَّ تَرْكَعُ، فَتَقُولُهَا وَأَنْتَ رَاكِعٌ عَشْرًا. ثُمَّ تَرْفَعُ رَأْسَكَ مِنَ الرُّكُوعِ، فَتَقُولُهَا عَشْرًا. ثُمَّ تَهْوِي سَاجِدًا، فَتَقُولُهَا وَأَنْتَ سَاجِدًا عَشْرًا. ثُمَّ تَرْفَعُ رَأْسَكَ مِنَ السُّجُودِ، فَتَقُولُهَا عَشْرًا. ثُمَّ تَسْجُدُ، فَتَقُولُهَا عَشْرًا. ثُمَّ تَرْفَعُ رَأْسَكَ، فَتَقُولُهَا عَشْرًا. فَذَلِكَ خَمْسٌ وَسَبْعُونَ فِي كُلِّ رَكْعَةٍ، تَفْعَلُ ذَلِكَ فِي أَرْبَعِ رَكَعَاتٍ، إِذَا اسْتَطَعْتَ أَنْ تُصَلِّيَهَا كُلَّ يَوْمٍ مَرَّةً؛ فَافْعَلْ، فَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ؛ فَفِي كُلِّ جُمُعَةٍ مَرَّةً، فَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ؛ فَفِي كُلِّ شَهْرٍ مَرَّةً، فَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ؛ فَفِي كُلِّ سَنَةٍ مَرَّةً، فَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ؛ فَفِي عُمُرِكَ مَرَّةً». أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ وَابْنُ مَاجَهْ(١).

---

(١) حديث حسن لغيره:

أخرجه أبو داود في كتاب الصلاة، باب صلاة التسبيح، حديث رقم (١٢٩٧) واللفظ له، وأخرجه

واتە: لە ابن عباسەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە عەباسی کوڕی عبدالمطلب ی فەرمووە: " **ئەی عباس ! ئەی مام ! ئایا پێت نەبەخشم ! ئایا پێت نەدەم ! ئایا پێشکەشتی نەکەم ! ئایا پێتی نەکەم ! دە خاسیەت، ئەگەر تۆ ئەنجامی بدەیت، خوا لە تاوانت خۆش دەبێت، سەرەتا و کۆتایی، کۆن و نوێی، بەهەڵەو نەزانین و بەئەنقەست، بچووك و گەورەی، نهێنی و ئاشکرای، دە خاسیەت: ئەوەیە چوار رکعات بکەیت: لە هەر رکعاتێکدا فاتیحە وسورەتێکی تر بخوێنێت. جا ئەگەر لەقورئان خوێندن بوویتەوە لەرکعاتی یەکەمدا و بەپێوەبووی، بڵێ:** سُبْحَانَ اللهِ، وَالحَمْدُ للهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ؛ **پانزە جار. پاشان بچۆرە رکوع و دە جار ئەوە بڵێرەوە لە رکوعدا. پاشان سەرت بەرزبکەرەوە لە رکوع و دە جار ئەوە بڵێرەوە. پاشان بچۆرە سوجدە و دە جار لە سوجدەدا ئەوە بڵێرەوە .پاشان سەرت بەرز بکەرەوە لە سوجدە و دە جار ئەوە بڵێرەوە. پاشان بچۆرە سوجدە و دە جار ئەوە بڵێرەوە لە سوجدەدا**

---

ابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها، باب ما جاء فِي صلاة التسبيح، حديث رقم (١٣٨٦).

وقد قوى هذا الحديث جمع من أهل العلم؛ منهم: أبو بكر الآجري، وأبو الحسن المقدسي، والبيهقي، ومن قبلهم ابن المبارك، وكذا ابن السكن، والنووي، والتاج السبكي، والبلقيني، وابن ناصر الدين الدمشقي، وابن حجر، والسيوطي، واللكنوي، والسندي، والزبيدي، والمباركفوري صاحب (التحفة)، والمباركفوري صاحب (المراعاة)، والعلامة أحمد شاكر، والألبانِي فِي آخرين. وانظر: (رسالة التنقيح لما جاء فِي صلاة التسبيح) لجاسم الدوسري (ص٦٤-٧٠).

و پاشان سه‌رت به‌رز بكه‌ره‌وه له سوجده و ده جار ئه‌وه بڵێره‌وه. به‌وه‌ش ده‌كاته حه‌فتاو پێنج جار له‌یه‌ك ركعاتدا، و ئه‌وه له هه‌ر چوار ركعاته‌كه‌دا ئه‌نجام ده‌ده‌یت، ئه‌گه‌ر توانیت ئه‌و نوێژه بكه‌یت له‌هه‌موو رۆژێكدا یه‌ك جار، ئه‌وا بیكه، ئه‌گه‌ر نا له هه‌موو هه‌ینیه‌كدا یه‌ك جار، ئه‌گه‌رنا له هه‌موو مانگێكدا یه‌ك جار، ئه‌گه‌رنا له هه‌موو ساڵێكدا یه‌ك جار، ئه‌گه‌رنا له‌ته‌مه‌نتدا یه‌ك جار ئه‌نجامی بده".

* **ده‌ڵێم:** ئه‌م سوودانه‌ی خواره‌وه په‌یوه‌ستن به‌و فه‌رمووده‌یه‌ی سه‌ره‌وه كه باسكرا:

**یه‌كه‌م:** قسه‌كردن له‌م فه‌رمووده‌یه‌دا ڕووبه‌ڕوی عباسه به‌ڵام حوكمه‌كه‌ی گشتیه بۆ هه‌موو موسڵمانان، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی بنچینه‌ی گوتاری پێغه‌مبه‌ر ﷺ ئاراسته‌یه بۆ ته‌واوی موسڵمانان نه‌وه‌ك تایبه‌ت كردن.

**دووه‌م:** ئه‌و بڕگه‌یه‌ی فه‌رمووده‌كه كه ده‌ڵێت: «غَفَرَ اللهُ لَكَ ذَنْبَكَ؛ أَوَّلَهُ وَآخِرَهُ، قَدِيمَهُ وَحَدِيثَهُ، خَطَأَهُ وَعَمْدَهُ، صَغِيرَهُ وَكَبِيرَهُ، سِرَّهُ وَعَلَانِيَّتَهُ؛ عَشْرُ خِصَالٍ».

**ئه‌گه‌ر ووترا: بڕگه‌ی:** «خَطَأَهُ وَعَمْدَهُ»، وه هه‌ڵه ئه‌وه‌یه كه تاوانی له‌سه‌ر نیه، خوای گه‌وره‌ش ده‌فه‌رموێت: ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ [البقرة:٢٨٦]. جا چۆن خراوه‌ته ڕیـزی تاوانه‌كانه‌وه؟

**وەلام:** هەڵە کەموکورتی و کەمتەرخەمی تێدایە، هەرچەندە تاوانیشی تێدا نیە، جا ئەم نوێژە ئەو شوێنەوارو کاریگەریەی هەیە کە باسکرا.

**سێ یەم:** لە کتێبی «التَّنْقِيحِ لِمَا جَاءَ فِي صَلَاةِ التَّسْبِيحِ»: هاتووە کە دەڵێت:
" رەحمەتی خوات لێ بێت ئەوە چاك بزانە کە هاوشێوەی ئەم فەرموودانەی کە هاندانی تێدایە بۆ ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی دەبنەمایەی لێخۆشبوونی تاوان، نابێت بەندە پشتی پێ ببەستێت وپاڵی لێ بداتەوە و سەربکاتە تاوان و خراپەکاری بەبیانووی هەبونی ئەم جۆرە فەرموودانەوە، جا ئەو هەژار وداماوە چووزانێت کە هەستاوە بە ئەنجامدانی کارێك کە لێخۆشبوونی هەموو تاوانەکانی بۆخۆی مسۆگەرکردووە، ئەمەش لەڕاستیدا ئەوپەڕی نەزانی و نەفامیە، جا ئەی خەڵەتاو تۆ چووزانیت کە خوای گەورە ئەو کردەوەیەی لێت وەرگرتووە و جگە لەوەش لەتاوانت خۆش بووە، ئەمە لەکاتێکدا خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ [المائدة:٢٧]؟!

جا وووریا و ئاگاداری ئەو خاڵە بە، وە بشزانە کە دەروازەکانی هاتنە ژوورەوەی شەیتان بۆ مرۆڤ زۆرن، جا ئاماان وریا و هۆشیار بە کە لەم رێگە و دەرگایەوە شەیتان بێتە ژوورەوە بۆت !!

وه‌ خوای گه‌وره‌ وه‌صفی به‌نده‌ باوه‌ڕداره‌كانی ده‌كات به‌وه‌ی كه‌ ئه‌وانه‌ هه‌ڵده‌ستن به‌ ئه‌نجامدانی كرده‌وه‌ چاكه‌كان وله‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا دڵ وناخیان ده‌ترسێت له‌وه‌ی كه‌ لێیان وه‌رنه‌گیرێت و به‌سه‌رو چاویاندا بدرێته‌وه‌، خوای په‌روه‌دگار ده‌فه‌رموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ أَنَّهُمۡ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ رَٰجِعُونَ ٦٠ أُوْلَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَهُمۡ لَهَا سَٰبِقُونَ﴾ [المؤمنون: ٦٠-٦١].

جا ئه‌وه‌ی كه‌ ئاماژه‌مان پێكرد له‌ته‌فسیری ئه‌و ئایه‌ته‌ ئه‌وه‌ زۆربه‌ی زانایان له‌سه‌رین و ئه‌و بۆچوونه‌یان هه‌یه‌ له‌سه‌ر ئایه‌ته‌كه‌...

وه‌ پێشه‌وا قورتوبی له‌ ته‌فسیره‌كه‌یدا (١٢/١٣٢) باسی ئه‌وه‌ ده‌كات و ده‌ڵێـت: له‌ حه‌سه‌نی به‌صریه‌وه‌ كه‌ ووتویه‌تی: " گه‌یشتووین به‌ كه‌سانێك (هاوه‌ڵان) كه‌ له‌وه‌ی كرده‌وه‌ چاكه‌كانیان وه‌رنه‌گیرێت وبه‌سه‌ریاندا بدرێته‌وه‌ له‌ ئێوه‌ زیاتر ده‌ترسن كه‌ له‌سه‌ر تاوانه‌كانتان سزا بدرێن".

وه‌ ئه‌وه‌ش بزانه‌ ئه‌و تاوانه‌ی كه‌ په‌یوه‌سته‌ به‌ مافی خه‌ڵكیه‌وه‌ ئه‌وا فه‌رمووده‌كه‌ نایگرێته‌وه‌، به‌ڵـكو ده‌بێت مافه‌كه‌ بگه‌ڕێنرێته‌وه‌ بۆ خاوه‌نه‌كه‌ی، و تۆبه‌یه‌كی پاك و یه‌كجاره‌كیشی لێ بكات". (١)

---

(١) (التنقيح لما جاء في صلاة التسبيح) (ص١٠١-١٠٢).

**چوارەم:** هیچ دەقێکی وەرگیراو و پەسەندکراو نەهاتووە لەسەر دیاری کردنی ئەوەی دەخوێنرێت لە رکعاتەکاندا لە قورئان و هەروەها سەبارەت بە دیاری کردنی کاتەکەشی.

**پێنجەم:** ڕووکەشی فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم جۆرە نوێژە لە کۆتاییدا یەکجار سەلام دەدرێتەوە، ئیتر بەشەو بکرێت یان بەرۆژ، وەکو القاري لە (المِرْقَاة) وا دەڵێت (٢/١٩٢) و هەروەها المُبَارَكْفُورِيُّ لە «التُّحْفَة» (١/٣٤٩) دا هەمان شت دەڵێت.

**شەشەم:** رووکەشی فەرموودەکە ئەوەی تێدایە کە ئەو زیکرانەی کە دەجار دەجار دەوترێن ئەوە لەدوای زیکری ئەو روکنە دەوترێت کەبۆی دیاری کراوە، بۆ نمونە لەرکوعدا لەدوای زیکری رکوع ئەو دەجارە دەوترێت، وە لە هەستانەوە لە رکوعیشدا لە دوای زیکری «سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ رَبَّنَا لَكَ الحَمْدُ» ئەو دەجارە دەوترێت و بەهەمان شێوە لە شوێنەکانی تریشدا.

**حەوتەم:** ئەگەر لەو نوێژەدا سەهوی کرد، ئەوا دوو سوجدەی سەهو دەبات، بەڵام ئەو دەجار زیکرە لەدوو سوجدەی سەهوەکەدا ناڵێت، بە پێچەوانەی سەهوی نوێژەکانی ترەوە.

پێشەوا التِّرْمِذِيُّ (٢/٣٥٠) ریوایەتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە لە (عَبْدِ العَزِيزِ) ی کوڕی (أَبِي رزْمَة) دەڵێت:

بە عبدالله ی کوڕی مبارکم ووت: ئەگەر کەسێك لە صلاة التسبيحدا سەهو بکات، ئایا لەو دوو سوجدە سەهوەی کە دەیبات دەجار زیکرەکانیش دەڵێتەوە؟ ئەویش ووتی: " نەخێر، چونکە ئەو زیکرانە ژمارەیان دیاری کراوە کە سێ سەد تەسبیحن". [1]

---

(1) هەموو ئەو سوودانەی سەرەوە کە باس کران جگە لە یەکەمیان نەبێت سوود وەرگیراوە لە کتێبی: (التنقيح لما جاء فِي صلاة التسبيح) (ل ١٠٠-١٠٧).

## ( ١١ - ٤ ) نوێژی گەڕانەوە لە سەفەر

عَنْ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ؛ قَالَ: «.... **كَانَ – يَعْنِي: رَسُولَ اللهِ ﷺ– إِذَا قَدِمَ مِنْ سَفَرٍ؛ بَدَأَ بِالْمَسْجِدِ، فَيَرْكَعُ فِيهِ رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ جَلَسَ لِلنَّاسِ**». أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[١].

**واتە: لە کەعبی کوڕی مالکەوە، دەڵێت: " ... پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر لە سەفەر بگەڕایەتەوە، لە مزگەوت لای دەدا و دوو رکعات نوێژی تێیدا دەکرد و پاشان دادەنیشت بۆ خەڵکی ".**

**لەم فەرموودەیەوە ئەوە وەردەگیرێت کە سوننەتە بۆ کەسی گەڕاوە لەسەفەر کە دەستنوێژی هەبێت، و پێش ئەوەی بچێتەوە ماڵ لە مزگەوت لابدات و نوێژ بکات و پاشان دابنیشێت بۆ ئەو کەسەی کە سەلامی لێ دەکات ".[٢].**

(١) **حديث صحيح:** وهو جزء من حديث كعب بن مالك فِي الثلاثة الذين خلفوا، وقد أخرجه البخاري فِي مواضع، وهذا الجزء فِي كتاب المغازي، باب حديث كعب بن مالك، حديث رقم (٤٤١٨)، وأخرجه مسلم فِي كتاب التوبة، باب حديث توبة كعب بن مالك وصاحبيه، حديث رقم (٢٧٦٩). وانظر: (جامع الأصول) (٢/١٧١-١٨٥).

(٢) (فتح الباري) (٨/١٢٤)، وانظر: (فتح الباري) (٦/١٩٣).

## ( ١٢-٤ ) نـــوێــژی ئیستیخارە

پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەی داوە بە ئوممەتەکەی کە داوا لە خوابکەن بۆ بەرچاو ڕوونی لەکاتی ئەنجام دانی کارێك کە لە ژیانیاندا ڕوودەدات، وە داوای خێر وبەرەکەتی ئەو کارە لە خوا بکەن، بەوەی کە فێری نوێژی ئیستیخارەی کردوون ئەوەش لەبری ئەو کارانەی کەلە سەردەمی نەفامیدا دەکرا وەك هەڵدانی باڵندە و زارگرتنەوە و تیروپشك و هاوشێوەکانی.

**وە ئەم نوێژەش ئەمەیە کەلەم فەرموودەیەدا هاتووە:**

عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ رضي الله عنهما؛ قَالَ: **كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُعَلِّمُنَا الاسْتِخَارَةَ فِي الأُمُورِ كَمَا يُعَلِّمُنَا السُّورَةَ مِنَ القُرْآنِ؛ يَقُولُ: «إِذَا هَمَّ أَحَدُكُمْ بِالأَمْرِ؛ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ مِنْ غَيرِ الفَرِيضَةِ؛ ثُمَّ لِيَقُلْ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ، وَأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ، وَأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ العَظِيمِ؛ فَإِنَّكَ تَقْدِرُ وَلَا أَقْدِرُ، وَتَعْلَمُ وَلَا أَعْلَمُ، وَأَنْتَ عَلَّامُ الغُيُوبِ، اللَّهُمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ خَيْرٌ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي -أَوْ قَالَ: عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ- فَاقْدِرْهُ لِي، وَيَسِّرْهُ لِي، ثُمَّ بَارِكْ لِي فِيهِ، وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ شَرٌّ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي -أَوْ قَالَ: فِي عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ-؛ فَاصْرِفْهُ عَنِّي، وَاصْرِفْنِي عَنْهُ، وَاقْدِرْ لِي الخَيْرَ حَيْثُ كَانَ، ثُمَّ أَرْضِنِي بِهِ». قَالَ: «وَيُسَمِّي حَاجَتَهُ».**

أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ[١].

واتە: لە جابری کوڕی عبداللە وە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فێری ئیستیخارەی دەکردین لە کاتی ئەنجامدانی کاروباردا هەروەکو چۆن فێری سورەتێکی دەکردین لە قورئان ودەیفەرموو: " **ئەگەر یەکێکتان نیازی کارێکی هەبوو، با دوو رکعات نوێژ بکات جگە لە فەرز، پاشان بلێت: خوایە من داوای خێرت لێ دەکەم بە زانستی خۆت، وە داوای هێز وتوانات لێ دەکەم بە هێز وتوانای خۆت، وە داوات لێ دەکەم لە فەزڵی هەرەگەورەی خۆت، چونکە تۆ توانات بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ومن توانام بەسەریدا نیە، وە تۆ زانستی ڕەها وبێ سنورت لایە کە من لام نیە ونازانم، وە تۆ زانا وشارەزای بە پەنهانی ونهێنیەکان، پەروەردگارا ئەگەر ئەم کارە خێری تێدایە بۆ دین و ژین وپاشەڕۆژم ئەوا بیسازێنە و ئاسانی بکە بۆم وپاشان فەڕ وبەرەکەتی تێ بکە بۆم، وە ئەگەر ئەم کارە شەڕ وخراپەیە بۆ دین و ژین وگوزەران وپاشەڕۆژم ئەوا دووری بخەرەوە لێم و منیش لەو دووربخەرەوە و خێرم بۆ بڕیار بدە لەهەرشوێنیکدا بێت، پاشان ڕازیم بکە. دەڵێت: " پاشان پێویستیەکەی دەڵێت".**

* **دەڵێم:** لەم فەرموودەیەدا چەند سوودێك هەن:

---

(١) **حديث صحيح:** أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب التهجد، باب ما جاء فِي التطوع مثنى مثنى، حديث رقم (١١٦٦). وانظر: (جامع الأصول) (٦/٢٥٠-٢٥١).

**یەکەم:** مەشروعیەتی نوێژی ئیستیخارە، وە تەنانەت هەست بە واجبێتی دەکرێت.[1]

**دووەم:** نوێژی ئیستیخارە ئەنجام دەدرێت بۆ هەرکارێك بێت، ئیتر کاری گەورە وگرنگ بێت یان سووك وبچووك.

**پێشەوا نەوەوی دەڵێت:** " ئیستیخارە سوننەتە بۆ هەموو کاروبارێك، هەروەکو ئەم فەرموودە صحیحە بە ڕاشکاوی باسی کردووە".[2]

- **دەڵێم:** بەپێی ڕووکەش ، و واقع ئەنجامدانی کارە واجبەکان و وازهێنان لە حەرام کراوەکان و ئەنجامدانی سوننەتەکان و وازهێنان لە مەکروهەکان ئیستیخارەی ناوێت لەلایەنی خۆیەوە.

بەڵێ، ئیستیخارە بەشدارە لە واجب و سوننەتی سەرپشکدا و ئەوەی کە کاتەکەی فراوانە. [3]

**پێشەوا** (ابْنُ حَجَر) **دەڵێت:** " شێوە گشتیەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە کارە

---

(١) (نيل الأوطار) (٣/٨٨)، (تحفة الذاكرين) (ص١٣٤).

(٢) (الأذكار) (٣/٣٥٥-مع شرح ابن علان).

(٣) (فتح الباري) (١١/١٨٤).

گەورە وبچووکەکانیش دەگرێتەوە، چەندین کاری بچووك هەن کە کاری گەورە ومەزنیان لەسەر بونیاد دەنرێت ".[1]

**سێ یەم:** نوێژی ئیستیخارە دوو رکعاتە جگە لەفەرز.

**پێشەوا نەوەوی دەڵێت:** " رووکەشی دەقەکە وەهایە کە نوێژی ئیستیخارە بەدەست دێت بە سوونەتی رەواتب یان (تحیة المسجد) و جگە لەوانیش لە سوننەتکانی تر".[2]

* **دەڵێم:** مەبەستی – والله أعلم – ئەگەر نیازی کارەکە پێش کەوت بەسەر کاتی هاتنی نوێژەکەدا[3]، وە رواڵەتی قسەکەی پێشەوا النووی ئەوەیە کە نیەتی ئیستیخارەی هەبێت یاخود نیەتی ئەنجام دانی ئەو نوێژەی کەدەیەوێت بیکات یان نیەتی نەبێت، ئەوەش رووکەشی فەرموودەکەیە".

**پێشەوا (العِرَاقِيُّ) دەڵێت:** " ئەگەر نیازی کارەکە پێش هاتنی کاتی نوێژی سوننەتی راتبە وهاوشێوەکانی بوو، پاشان نوێژی کرد بەبێ نیەتی ئیستیخارە، وە

---

(١) ما سبق.

(٢) (الأذكار) (٣/٣٥٤– مع شرح ابن علان).

(٣) وەکو ڕابورد, هەروەکو لە (فتح الباري) (١١/١٨٥) دا دەڵێت: " چونکە رواڵەتی هەواڵەکە ئەوەیە کە نوێژ و دوعاکە لەدوای بوونی نیازی کارەکەیە".

دوای تەواوبوونی نوێژەکە بۆی دەرکەوت کە دوعای ئیستیخارە بکات، لە ڕواڵەتدا وایە کە دروستە و دەکرێت و جێگەی دەگرێتەوە".[١]

**چوارەم:** ئیستیخارە لەکاتی دوودڵیدا نابێت، چونکە فەرموودەکە دەڵێت:

(١) لە کتێبی (نيل الأوطار) (٨٨/٣) دا گواستویەتیەوە: دەڵێت: " وا دەردەکەوێ کە بووترێت: کە ئەگەر یەکێك نیەتی ئەو نوێژە و نوێژی ئیستیخارەشی هەبێت لەهەمان کاتدا ئەوا دروستە ودەکرێت, بەپێچەوانەی ئەوەی کە نیەتی نەبێت و تەحیەت المسجد تەواوبکات, چونکە مەبەست لێی سەرقاڵکردنی شوێنەکەیە بە دوعا, وە مەبەستیش لە ئیستیخارە بریتیە لە نوێژ و دوعا ئیتر لەدوای نوێژ یاخود لەناو نوێژ, وە ئەوە بەدوور دەزانرێت ئەگەر دوای تەواوبونی نوێژێك داواکاریەکەی بۆ پێش بێت, ئەوەش لەبەر ئەوەی زاهیری هەواڵەکە ئەوەیە کە نوێژ ودوعاکە لەدوای هەبوونی نیازی کارەکە ئەنجام دەدرێت".

**دەڵێم:** زاهیری دەقەکە ئەوە نیە کە دوو رکعاتەکە دیاری بکرێن, تەنها ئەوە بەسە کە نوێژی فەرز نەبێت, جا ئەگەر موسڵمانێك ویستی کارێکی هەبێت و دوو رکعات نوێژی سوننەتی دوای نیوەڕۆ بکات بۆ نمونە, وە دوعای ئیستیخارەش لە پاشیەوە بکات ئەوا دەکرێت و دروستە, ئەوەش ڕووکەشی هەواڵەکەیە و هەردوو پێشەوایانی النووی و العراقیش هەمان بۆچونیان هەیە لەوبارەیەوە وەکو رابورد. والله أعلم.

«إِذَا هَمَّ أَحَدُكُمْ بِالأَمْرِ» واتە: ئەگەر نیازی کارێکی هەبوو وە دوعاکە هەمووی بەڵگەیە لەسەر ئەمە.

جا ئەگەر موسڵمان دوودڵ بوو لە شتێکدا و بیەوێ ئیستیخارە بکات ئەوا لەسەریەتی یەکێك لەو دوو کارە هەڵبژێرێت و ئینجا ئیستیخارە بکات، لەدوای ئیستیخارەکەش لەسەر کارەکە بەردەوام بێت، جا ئەگەر خێربوو ئەوا خوا بۆی ئاسان دەکات وپیت وبەرەکەت دەخاتە ناویەوە، وە ئەگەریش جگە لەوە بوو ئەوا لێی دوور دەخاتەوەو ئەوەی بۆ ئاسان دەکات کە خێری بۆی تێدایە بەئیزنی خوا ﷻ.

**پێنجەم:** دیاری نەکراوە کە چ سورەت و ئایەتانێك بخوێنرێن لەدوای فاتیحەوە.(١)

---

(١) بەڵام پێشەوا النووی لە کتێبی (الأذكار) (٣/٣٥٤-مع شرح ابن علان)دا باسی ئەوە دەکات کە لەو دوو رکعاتەدا هەردوو سورەتی الكافرون والإخلاص دەخوێنرێت.

**پێشەوا العراقی دەڵێت:** " هیچ شتێکم لە رێگەکانی فەرموودەکەوە نەدۆزیەوە سەبارەت بەوەی دەخوێنرێت لەو دوو رکعاتەی ئیستیخارەدا, بەڵام ئەوەی پێشەوا النووی باسی کرد گونجاوە.." (شرح الأذكار لابن علان) (٣/٣٥٤).

**دەڵێم:** بەڵام ئەم گونجاویەی کە دەوترێت ئەوە ناگەیەنێت کە بووترێت مەشروعە

**شەشەم:** خێرێتی کارەکە لە ئاسان بوون و بەرەکەتی کارەکەدا دەردەکەوێت، ئەگەرنا، ئەوا لە کەسەکە دووردەخرێتەوە و خێری بۆ ئاسان دەکرێت لەهەرکوێ بێت.

**حەوتەم:** ئەگەر موسڵمان نوێژی ئیستیخارەی کرد، ئەوا بەردەوام دەبێت لەسەر نیاز وکارەکەی، ئیتر سنگ ودڵی بۆی فراوان بێت یاخود نا.[١]

**پێشەوا** (ابْنُ الزَّمَلْكَانِيُّ) **دەڵێت:** " ئەگەر کەسێك نوێژی ئیستیخارەی بۆ کارێك ئەنجام دا، با دوای ئەوە کارەکە ئەنجام بدات، ئیتر سنگ و دڵی بۆ فراوان بێت

---

ودیاری بکرێت.

(١) بە پێچەوانەی پێشەوا النوویەوە کە دەڵێت: " ئەگەر کەسێك ئیستیخارەی کرد ئەوا دوای ئەوە سنگی بۆ والاّ و کراوە دەبێت بۆ ئەو کارە".(الأذكار) (٣/٣٥٥-٣٥٦ / مع شرح ابن علان)، بەلاّم ئەو لەم بۆچونەیەدا پشتی بەستووە بە فەرموودەیەك کە (ضعيف جدًّا) ەنە لەو بارەیەوە. (فتح الباري) (١١/١٨٧).

بە پێچەوانەی قسەکەی النوویەوە فەتوای داوە بەوەی کە ئەو کەسەی ئیستیخارە دەکات بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکەی ئیتر سنگی بۆ والاّ و کراوە بێت یاخود نا, هەریەك لە زانایانی وەکو العز بن عبدالسلام و پێشەوا العراقی ئەوەی پەسەندکردووە و ڕەدی قسەکەی النووی داوەتەوە و ابن حجریش هاوڕایەتی. (شرح الأذكار لابن علان) (٣/٣٥٧).

یان نا، چونکە خێری تێدایە، تەنانەت ئەگەر دڵی بۆیشی فراوان نەبێت". وەدەڵێت: " لە فەرموودەکەدا باسی ئەوەی تێدا نیە کە دڵی بۆی فراوان بێت". [1]

**هەشتەم:** شوێنی دوعای ناو نوێژی ئیستیخارە بریتیە لە دوای سەلامدانەوە، لەبەر ئەو بڕگەیەی فەرموودەکە کە دەڵێت: «إِذَا هَمَّ أَحَدُكُمْ بِالأَمْرِ؛ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ مِنْ غَيْرِ الفَرِيضَةِ، ثُمَّ لِيَقُلْ ...»؛ کە ڕواڵەتەکەی ئەوە دەگەیەنێت دوای سەلام دانەوە بێت، بەڵام شیخ الاسلام ابن تیمیە ئەوە هەڵدەبژێرێت کە دوعای ناو نوێژی ئیستیخارە پێش سەلام دانەوەیە.[2]

(١) (طبقات الشافعية) للتاج ابن السبكي (٩/٢٠٦).

(٢) (الاختيارات الفقهية) (ص٥٨).

## ( ١٣ - ٤ ) نوێژی خۆرگیران و مانگ گیران [١]

**ئەم بەشە ئەم باسانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:**

- **یەکەم: حوکمی نوێژی خۆرگیران و مانگ گیران.**
- **دووەم: شێوازەکەی و ژمارەی رکعاتەکانی.**
- **سێ یەم: نوێژی مانگ گیران وەکو نوێژی خۆرگیران وەهایە.**

---

(١) كسفت الشمس –بالفتح– وكسف القمر، والأولَى أن يقال: خسف القمر، وقد جاء فِي الحديث: (كسفت الشمس وخسفت). و(كسف القمر وخسف). (جامع الأصول) (٦/١٦٤).

### * (١-١٣-٤) حوکمی نوێژی خۆرگیران و مانگ گیران:

**نوێژی خۆرگیران و مانگ گیران سوننەتێکی جەخت لەسەرکراوە و سوننەتە بۆ موسڵمان ئەنجامی بدات و جەختی لەسەر کراوە لەوبارەیەوە.**

**ئەمەی خوارەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوە:**

عن عائيشة رضي الله عنها أَنَّهَا قَالَتْ: «**خَسَفَتِ الشَّمْسُ فِي عَهْدِ رَسُولِ اللهِ ﷺ، فَصَلَّى رَسُولُ اللهِ ﷺ بِالنَّاسِ، فَقَامَ فَأَطَالَ القِيَامَ، ثُمَّ رَكَعَ فَأَطَالَ الرُّكُوعَ، ثُمَّ قَامَ فَأَطَالَ القِيَامَ -وَهُوَ دُونَ القِيَامِ الأَوَّلِ-، ثُمَّ رَكَعَ فَأَطَالَ الرُّكُوعَ -وَهُوَ دُونَ الرُّكُوعِ الأَوَّلِ-، ثُمَّ سَجَدَ فَأَطَالَ السُّجُودَ، ثُمَّ فَعَلَ فِي الرَّكْعَةِ الثَّانِيَةِ مِثْلَ مَا فَعَلَ فِي الأُولَى، ثُمَّ انْصَرَفَ وَقَدِ انْجَلَتِ الشَّمْسُ، فَخَطَبَ النَّاسَ، فَحَمِدَ اللهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: إِنَّ الشَّمْسَ وَالقَمَرَ آيَتَانِ مِنْ آيَاتِ اللهِ، لَا يَنْخَسِفَانِ لِمَوْتِ أَحَدٍ وَلَا لِحَيَاتِهِ، فَإِذَا رَأَيْتُمْ ذَلِكَ؛ فَادْعُوا اللهَ، وَكَبِّرُوا، وَصَلُّوا، وَتَصَدَّقُوا. ثُمَّ قَالَ: يَا أُمَّةٌ! وَاللهِ مَا مِنْ أَحَدٍ أَغْيَرُ مِنَ اللهِ أَنْ يَزْنِيَ عَبْدُهُ، أَوْ تَزْنِيَ أَمَتُهُ، يَا أُمَّةَ مُحَمَّدٍ! لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ؛ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلًا، وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا**». أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[١].

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري في مواضع منها في كتاب الكسوف، باب الصدقة في الكسوف، حديث رقم (١٠٤٤)، والسياق له، ومسلم في كتاب الكسوف، باب صلاة الكسوف،

واتە: لە عائیشەوە رضي الله عنها؛ دەڵێت: " لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ خۆرگیرا، و پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بەخەڵکی کرد، هەستاو زۆر بەپێوە وەستا لەنوێژەکەدا، پاشان رکوعی برد و درێژی کردەوە، پاشان هەستایەوە و زۆر وەستا – کە ئەوە جگە لە وەستانی یەکەم بوو – پاشان رکوعی برد و درێژی کردەوە – ئەوە جگە لە رکوعی یەکەم بوو – پاشان سوجدەی برد و درێژی کردەوە، پاشان رکعاتێکی تری ئەنجام دا بەهەمان شێوەی رکعاتی یەکەم، پاشان نوێژەکەی تەواوکرد و خۆر دەرکەوت و خۆرگیران نەماو وتارێکی بۆ خەڵکی داو شوکر و سوپاسی خوای کرد و پاشان فەرمووی: " **لەڕاستیدا خۆر و مانگ دوو نیشانەن لە نیشانەکانی خوای گەورە، هەرگیز لەبەر مردن و ژیانی کەسێك ناگیرێن، جا ئەگەر ئەوەتان بینی ئەوا دوعاو پاڕانەوە لەخوا بکەن و الله أکبر و نوێژ و صەدەقە بکەن، پاشان فەرمووی: ئەی ئوممەت! سوێند بە خوا هیچ کەس لە خوا بەغیرەتتر نیە کە – ببینێت- بەندەکەی –نێر بێ یان مێ- زینا دەکات، ئەی ئومەتی موحەممەد! ئەگەر ئەوەی من دەمزانی ئێوەش بتانزانیبایە ئەوا کەم پێدەکەنین و زۆردەگریان".**

* **دەڵێـم:** ڕووی بەڵگەهێنانەوە لەم فەرمودەیەدا ئەوەیە کە فەرمان کردن بە نوێژ لەگەڵ الله أکبر کردن و دوعا وصەدەقەدا هاتووە پێکەوە، وە کەسیش نیە

---

حدیث رقم (٩٠١).

بڵێت صەدەقە و الله أکبرکردن ودوعا لە کاتی خۆرگیراندا واجبە، بۆیە ئەو فەرمانە بە یەکدەنگی زانایان بۆ سوننەتە، هەر بۆیە بۆ نوێژەکەشی بەهەمان شێوایە.(١)

---

(١) انظر حول دلالة الاقتران متى تظهر قوتُها، ومتى يظهر ضعفها، ومتى يتساوى الأمران: (بدائع الفوائد) (٤/١٨٣-١٨٤).

## * ( ٢-١٣-٤ ) شێوازی نوێژی خۆرگیران و ژماره‌ی ركعاته‌كانی :

ئه‌م به‌شه ئه‌م بابه‌تانه‌ی خواره‌وه له‌ خۆده‌گرێت:

بابه‌تی یه‌كه‌م: نوێژی خۆرگیران بانگ و قامه‌تی نیه‌.

بابه‌تی دووه‌م: ژماره‌ی ركعاته‌كانی ئه‌م نوێژه‌.

بابه‌تی سێ یه‌م: قورئان خوێندنی ناو ئه‌م نوێژه‌ به‌ده‌نگی به‌رزه‌.

بابه‌تی چواره‌م: به‌ كۆمه‌ڵ له‌ مزگه‌وت ئه‌نجام ده‌درێت.

بابه‌تی پێنجه‌م: ئه‌گه‌ر كه‌سێك یه‌كێك له‌ ركوعه‌كانی ركعاتێكی له‌ده‌ست چوو.

## بابه‌تی یه‌كه‌م: نوێژی خۆرگیران بانگ و قامه‌تی نیه:

زانایان كۆڕان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه بانگ نادرێت و قامه‌تیش ناكرێت بۆ ئه‌م جۆره نوێژه[1]، وه سوننه‌ت وایه[2] به ووتنی " الصَّلَاة جَامِعَة " بانگی بۆ بكرێت.

به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌ش كه جێگیربووه له عبدالله ی كوڕی عه‌مره‌وه رضي الله عنهما ده‌ڵێت: «لَمَّا كَسَفَتِ الشَّمْسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللهِ ﷺ؛ نُودِيَ: إِنَّ الصَّلَاةَ جَامِعَةٌ». أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[3].

واته: " كاتێك خۆرگیرا له‌سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ری خوادا ﷺ بانگ درا به ووتنی: إِنَّ الصَّلَاةَ جَامِعَةٌ ".

---

(١) (فتح الباري) (٥٣٣/٢)، و(موسوعة الإجماع) (٦٩٦/١).

(٢) (شرح العمدة) لابن دقيق العيد (١٣٥/٢-١٣٦)، (فتح الباري) (٥٣٣/٢).

(٣) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب الكسوف، باب النداء بالصلاة جامعة فِي الكسوف، حديث رقم (١٠٤٥) واللفظ له، وأخرجه مسلم فِي كتاب الكسوف، باب ذكر النداء بصلاة الكسوف: الصلاة جامعة، حديث رقم (٩١٠). وانظر: (جامع الأصول) (١٧٨/٦).

## بابەتی دووەم: ژمارەی رکعاتەکانی ئەم نوێژە:

نوێژی خۆرگیران بە دوو رکوع لە هەر رکعاتێکدا دەکرێت، بەڵگەش لەسەر ئەوە فەرموودەکەی دایکە عائیشەیە رضي الله عنها کە پێشتر باسی کرا، هەروەها ئەو فەرموودەیەشە کە لە ابن عباسەوە هاتووە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَبَّاسٍ؛ قَالَ: «انْخَسَفَتِ الشَّمْسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللهِ ﷺ، فَقَامَ قِيَامًا طَوِيلًا نَحْوًا مِنْ قِرَاءَةِ سُورَةِ البَقَرَةِ، ثُمَّ رَكَعَ رُكُوعًا طَوِيلًا، ثُمَّ رَفَعَ فَقَامَ قِيَامًا طَوِيلًا –وَهُوَ دُونَ القِيَامِ الأَوَّلِ–، ثُمَّ رَكَعَ رُكُوعًا طَوِيلًا –وَهُوَ دُونَ الرُّكُوعِ الأَوَّلِ–، ثُمَّ سَجَدَ، ثُمَّ قَامَ قِيَامًا طَوِيلًا –وَهُوَ دُونَ القِيَامِ الأَوَّلِ–، ثُمَّ رَكَعَ رُكُوعًا طَوِيلًا –وَهُوَ دُونَ الرُّكُوعِ الأَوَّلِ–، ثُمَّ رَفَعَ فَقَامَ قِيَامًا طَوِيلًا –وَهُوَ دُونَ القِيَامِ الأَوَّلِ–، ثُمَّ رَكَعَ رُكُوعًا طَوِيلًا –وَهُوَ دُونَ الرُّكُوعِ الأَوَّلِ–، ثُمَّ سَجَدَ، ثُمَّ انْصَرَفَ وَقَدْ تَجَلَّتِ الشَّمْسُ، فَقَالَ ﷺ: إِنَّ الشَّمْسَ وَالقَمَرَ آيَتَانِ مِنْ آيَاتِ اللهِ، لَا يُخْسَفَانِ لِمَوْتِ أَحَدٍ وَلَا لِحَيَاتِهِ، فَإِذَا رَأَيْتُمْ ذَلِكَ؛ فَاذْكُرُوا اللهَ. قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ! رَأَيْنَاكَ تَنَاوَلْتَ شَيْئًا فِي مَقَامِكَ، ثُمَّ رَأَيْنَاكَ كَعْكَعْتَ؟ قَالَ ﷺ: إِنِّي رَأَيْتُ الجَنَّةَ، فَتَنَاوَلْتُ عُنْقُودًا، وَلَوْ أَصَبْتُهُ؛ لَأَكَلْتُمْ مِنْهُ مَا بَقِيَتِ الدُّنْيَا. وَرَأَيْتُ النَّارَ، فَلَمْ أَرَ مَنْظَرًا كَاليَوْمِ قَطُّ أَفْظَعُ، وَرَأَيْتُ أَكْثَرَ أَهْلِهَا النِّسَاءَ. قَالُوا: بِمَ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: بِكُفْرِهِنَّ. قِيلَ: يَكْفُرْنَ بِاللهِ؟ قَالَ: يَكْفُرْنَ العَشِيرَ، وَيَكْفُرْنَ

**الإِحْسَانَ، لَوْ أَحْسَنْتَ إِلَى إِحْدَاهِنَّ الدَّهْرَ كُلَّهُ، ثُمَّ رَأَتْ مِنْكَ شَيْئًا؛ قَالَتْ: مَا رَأَيْتُ مِنْكَ خَيْرًا قَطُّ».** أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[1].

**واتە: لە عبداللّٰه ی کوڕی عباسەوە، دەڵێت: " لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ خۆرگیرا، هەستا ونوێژێکی درێژی کرد کە وەستانەکەی بە ئەندازەی خوێندنی سورەتی بەقەرەبوو، پاشان رکوعێکی درێژی برد، پاشان هەستایەوە و زۆری پێچو بەپێوە زۆر وەستا ( ئەمە جگە لە وەستانی یەکەم )، پاشان رکوعێکی تری درێژی برد ( ئەمە جگە لە رکوعی یەکەم جار )، پاشان سوجدەی برد، پاشان هەستاو وەستانێکی زۆری کرد ( ئەمە جگە لە وەستانی یەکەم )، پاشان رکوعێکی درێژی برد (ئەمە جگە لە رکوعی یەکەم )، پاشان هەستایەوە و وەستانێکی زۆری کرد( ئەمە جگە لە وەستانی یەکەم )، پاشان رکوعێکی درێژی برد ( ئەمە جگە لە رکوعی یەکەم )، پاشان سوجدەی برد و دواتر نوێژەکەی تەواوکرد و خۆردەرچوو ( خۆرگیران کۆتایی پێ هات )، و فەرمووی: " لە ڕاستیدا خۆر و مانگ دوو نیشانەن لە نیشانەکانی خوای گەورە، کەبە هۆی مردن و ژیانی هیچ کەسێکەوە ناگیرێن، جا**

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب الكسوف، باب صلاة الكسوف جماعة، حديث رقم (١٠٥٢)، واللفظ له، ومسلم فِي كتاب الكسوف، باب ما عرض على النَّبِي ﷺ فِي صلاة الكسوف من أمر الجنة والنار، حديث رقم (٩٠٧). وانظر: (جامع الأصول) (١٧٣/٦).

**ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌تان بینی ئه‌وا زیكری خوا بكه‌ن،** وتیان ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ بینیتمان له‌ شوێنی نوێژكردنه‌كه‌تدا ده‌ستت بۆ شتێك برد؟ پاشان بینیتمان گه‌ڕایته‌ دواوه‌؟ ئه‌ویش ﷺ فه‌رمووی: **" من به‌هه‌شتم پیشان درا و ده‌ستم برد بۆ هێشووه‌ ترێیه‌ك و ئه‌گه‌ر بمگرتایه‌ وبمهێنایه‌ ئه‌وا هه‌تا دونیا ده‌ما لێتان ده‌خوارد، وه‌ دۆزه‌خم پیشان درا وبینیم، هیچ دیمه‌نێكم وه‌كو ئه‌وه‌ی ئه‌مڕۆ بینیم ناخۆشتر وسامناكتر نه‌بوو، وه‌ بینیم زۆربه‌ی ئه‌هلی دۆزه‌خ ئافره‌تانن،** ئه‌وانیش وتیان به‌هۆی چیه‌وه‌ زۆربه‌ی ئه‌هله‌كه‌ی ئافره‌تانن ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا؟ فه‌رمووی: **" له‌به‌ر سپڵه‌یی وناسوپاسگوزاریان"** وترا: ئایا كوفر به‌ خوا ده‌كه‌ن؟ ئه‌ویش فه‌رمووی: **" سپڵه‌ وناسوپاسگوزارن به‌رانبه‌ر مێردیان و چاكه‌یان له‌پێش چاو نیه‌، ئه‌گه‌ر به‌درێژی هه‌موو ته‌مه‌ن چاكه‌ بۆ یه‌كێكیان بكه‌یت، پاشان كه‌ شتێكی لێت بینی، ده‌ڵێـت: هه‌رگیز من هیچ خێرێكم لێت نه‌بینیوه‌ ".**

**سوودێك:** له‌ فه‌رمووده‌كه‌ی عائیشه‌ وابن عباسه‌وه‌ به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌ی تێدایه‌ كه‌ وتاردان له‌ كاتی خۆرو مانگ گیراندا له‌پاش نوێژه‌كه‌ سوننه‌ته‌.[١]

---

(١) ومن تراجم البخاري فِي كتاب الكسوف: باب خطبة الإمام فِي الكسوف. وقالت عائشة وأسماء: خطب النَّبِي ﷺ، ثُمَّ ساق حديث عائشة السابق. (فتح الباري) (٢/٥٣٣-٥٣٤).

## بابەتی سێیەم: قورئان خوێندنی ناو ئەم نوێژە بەدەنگی بەرزە :

قورئان خوێندنی ناو ئەم نوێژە بەدەنگی بەرز دەکرێت واتە جەهریە، وەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی ئەنجام داوە.

عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها: «**جَهَرَ النَّبِيُّ ﷺ فِي صَلَاةِ الْخُسُوفِ بِقِرَاءَتِهِ، فَإِذَا فَرَغَ مِنْ قِرَاءَتِهِ؛ كَبَّرَ فَرَكَعَ، وَإِذَا رَفَعَ مِنَ الرَّكْعَةِ؛ قَالَ: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، رَبَّنَا وَلَكَ الحَمْدُ. ثُمَّ يُعَاوِدُ القِرَاءَةَ فِي صَلَاةِ الكُسُوفِ أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ فِي رَكْعَتَيْنِ وَأَرْبَعَ سَجَدَاتٍ**». أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ(١).

واتە: لە عائیشەوە رضي الله عنها دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ دەنگی بەرزکردەوە لەکاتی قورئان خوێندنی نوێژی خۆرگیراندا، جا ئەگەر قورئان خوێندنەکەی تەواوبکردایە، الله أکبری دەکرد و دەچووە رکوع، وە کە هەڵدەستایەوە لە رکوعیش دەیگووت: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، رَبَّنَا وَلَكَ الحَمْدُ، پاشان دەگەڕایەوە بۆ قورئان خوێندن لە نوێژی خۆرگیراندا چوار رکوع و چوار سوجدەی تێدایە لە دوو رکعاتدا".

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب الكسوف، باب الجهر بالقراءة فِي الكسوف، حديث رقم (١٠٦٥)، واللفظ له، وأخرجه مسلم فِي كتاب الكسوف، باب صلاة الكسوف، حديث رقم (٩٠١). وانظر: (جامع الأصول) (٦/١٥٦). والحديث تقدم تخريجه، دون الإشارة إِلَى هذه الرواية.

**پێشەوا (التِّرْمِذِيُّ) دەڵێت:** " زانایان ڕاجیاوازیان هەیە لەبارەی قورئان خوێندنی نوێژی خۆرگیران: بۆیە هەندێكیان وای دەبینن قورئان خوێندنەكەی بە نهێنی و دەنگی نزم بێت لەكاتی ڕۆژدا، و هەندێكی تریان وای دەبینن كە بەدەنگی بەرز بخوێنرێت، وەكو نوێژی دوو جەژنەكە و هەینی، ئەوەش ووتەو هەڵبژاردەی هەریەك لە پێشەوا مالك وأحمد وإسحاق وای دەبینن كە دەنگ بەرز بكرێتەوە لە قورئان خوێندنەكەدا و شافعیش دەڵێت: دەنگ بەرز ناكرێتەوە تێیدا[1]

* **دەڵێم:** ئەوەی ناو فەرموودەكەدا هاتووە و هاوڕایە لەگەڵیدا ئەوە پشت پێ بەستراو و تەواوە.[2]

---

(١) (سنن الترمذي) (٢/٤٤٨- تحقيق أحمد شاكر).

(٢) انظر كلام الشافعي ودليله فِي (الأم) (١/٢٤٣)، ومناقشة أدلته وردّها فِي (فتح الباري) (٢/٥٥٠).

## بابەتی چوارەم: ئەم نوێژە بە کۆمەڵ لە مزگەوت ئەنجام دەدرێت:

سوننەتە نوێژی خۆرگیران لە مزگەوت ئەنجام بدرێت.

ئەمانەی خوارەوە بەڵگەن لەسەر ئەوە:

١- ئەوەی پێشتر باسی کرا سەبارەت بەوەی کە بە وتنی " الصَّلَاةِ جَامِعَةٌ " بانگ دەکرێت بۆ نوێژی خۆرگیران.

٢- ئەوەی هاتووە کە هەندێ لەهاوەڵان ئەم نوێژەیان بە کۆمەڵ لە مزگەوت ئەنجام داوە.(١)

٣- ئەوەی هەستی پێ دەکرێت لەو دوو ریوایەتەی پێشوو لە فەرموودەکەی عائیشە و ابن عباس ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم نوێژەی بە کۆمەڵ لە مزگەوت ئەنجام داوە، بەڵکو لە ریوایەتێکی فەرموودەکەی پێشووی عائیشەوە ئەڵێت: " لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ خۆرگیران ڕوویدا، جا پێغەمبەری خوا

---

(١) من تراجم البخاري فِي (صحيحه): (باب صلاة الكسوف جماعة، وصلى ابن عباس لَهم فِي صُفة زمزم، وجمع علي بن عبد الله بن عباس، وصلى ابن عمر ...)، ثُمَّ ساق بسنده حديث ابن عباس السابق.

ووتەی دروستێتی نوێژی خۆرگیران بە کۆمەڵ ووتەی زۆرینەی زانایانە, تەنانەت ئەگەر ئیمام لەوێ نەبوو ئەوا هەندێکیان پێش نوێژی دەکەن بۆ خەڵك. انظر: (فتح الباري) (٢/٥٣٩-٥٤٠).

**ﷺ چوو بۆ مزگەوت و وەستا و الله أکبری کرد و خەڵکیش لەدوایەوە ریزیان بەست ..."(١)**

(١) من تراجم البخاري فِي (صحيحه): (باب صلاة الكسوف فِي المسجد)، أورد فيه حديث عائشة السابق برواية فيها قولها: (ثُمَّ ركب رسول الله ﷺ ذات غداة مركبًا، فكسفت الشمس، فرجع ضحى، فمر رسول الله ﷺ بين ظهراني الحجر ....). الحديث رقم (١٠٥٦).

**پێشەوا ابن حجر لە کتێبی** (فتح الباري) **(٢/٥٤٤) دا وەکو لێدوانێك لەسەر ئەم فەرموودەیە دەڵێت: " لەم فەرموودەیەدا بە ڕاشکاوی باسی ئەوە ناکات کە ئەو نوێژەی لە مزگەوت کردبێـت, بەڵام لەو بڕگەیەوە وەردەگیرێت کە دەڵێت: ( لەنێوان ژوورەکانی خێزانەکانیدا تێپەڕیبوو ) وە ئاشکرایشە کە ئەو ژوورانە بەمزگەوتەوە بوون و لێی جیانەبوون, بەڵام بە ڕاشکاوی هاتووە لە ریوایەتی سولەیمانی کوڕی بلال لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە ئەویش لە عەمرەوە کە لە موسلمدایە و ئەوەش دەقەکەیەتی کە دەڵێت:** " فخرجت فِي نسوة بين ظهراني الحجر فِي المسجد، فأتى النَّبِي ﷺ من مركبه، حَتَّى أتى إِلَى مصلاه الذي كان يصلي فيه ...). [قلت: حديث رقم (٩٠٣)]

**دەڵێم: لەوە ڕوونتر و ڕاوشکاوتر ئەوەیە کە لەریوایەتێکی فەرموودەکەی پێشووی عائیشەوە هاتووە لە موسلمدایە و ژمارەی فەرموودەکەش ( ٩٠١ )ە و دەڵێت:** (خسفت الشمس في حياة رسول الله ﷺ، فخرج رسول الله ﷺ إِلَى المسجد، فقام وكبر

## بابەتی پێنجەم:ئەگەر کەسێ یەكێك لە ركوعەكانی ركعاتێكی لەدەست چوو:

نوێژی خۆرگیران دوو ركعاتە، هەر ركعاتێك دوو ركوع و دوو سوجدەی تێدایە، وە كۆی گشتی نوێژەكە پێك دێت لە چوار ركوع و چوار سوجدە لە دوو ركعاتدا.

ئەوەی گەیشت بە ركوعی دووەم لە ركعاتی یەكەمدا ئەوە وەستان و قورئان خوێندن و ركوعیشی لەدەست چووە، هەربۆیە ئەوە بەركعاتێكی لەدەست چوو هەژماردەكرێت و لەسەریەتی دوای سەلامداوەی ئیمام ئەو كەسە ركعاتێك بە دوو ركوعەوە بكات وەكو ئەوەی سابت بووە لە فەرموودە صحیحەكانەوە. وَاللهُ أَعْلَمُ.

بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو فەرموودەیەیە كە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: "مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا؛ فَهُوَ رَدٌّ ". مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ[1].

واتە: هەركەسێك كاروكردەوەیەك ئەنجام بدات (لە دیندا) و فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا ڕەد دەكرێتەوە.

---

وصف الناس وراءه).

([1]) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري تعليقًا مجزومًا به بهذا اللفظ في كتاب البيوع، باب النجش، فتح الباري (٣٥٥/٤)، وأخرجه موصولًا في كتاب الصلح، باب إذا اصطلحوا على صلح جور فالصلح مردود؛ بلفظ: (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه؛ فهو رد). وأخرجه مسلم في كتاب الأقضية، باب نقض الأحكام الباطلة ورد محدثات الأمور، حديث رقم (١٧١٨). وانظر: (جامع الأصول) (٢٨٩/١).

وە لە فەرمانی پێغەمبەرەوە ﷺ نیە کە نوێژی خۆرگیران بە یەك رکعات و یەك رکوع بکرێت. وَاللهُ أَعْلَمُ.

*** (٣-١٣-٤) نوێژی مانگ گیـرانیش وەکو نوێژی خۆرگیران وەهایە:**

بۆ مـانگ گیرانیش نوێژ دەکرێت هەروەکو چۆن بۆ خۆرگیران نوێژ دەکرێت، وە بەڵگەش ئەم فەرموودەیەیە کە ئەمە دەقەکەیەتی: " إِنَّ الشَّمْسَ وَالقَمَرَ آيَتَانِ مِنْ آيَاتِ اللهِ، لَا يَنْخَسِفَانِ لِمَوْتِ أَحَدٍ وَلَا لِحَيَاتِهِ، فَإِذَا رَأَيْتُمْ ذَلِكَ؛ فَادْعُوا اللهَ، وَكَبِّرُوا، وَصَلُّوا، وَتَصَدَّقُوا ". أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[١].واتە: لە ڕاستیدا خۆر و مانگ دوو نیشانەن لە نیشانەکانی خوای گەورە، بە هۆی مردن و لەدایك بوون وژیانی هیچ کەسێکەوە ناگیرێـن، جا ئەگەر ئەوەتان بینی، ئەوا داوا لە خوا بکەن و الله أكبر و نوێژ و صەدەقە بکەن".

* **دەڵێـم:** پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ خۆرگیران نوێژی کردووە و فەرمانیشی پێ کردووین کە بۆ مـانگ گیرانیش هەمان شت بکەین، وە ئەمەش ڕوون و دیارە. وَاللهُ أَعْلَمُ.

**پێشەوا (ابْنُ الْمُنْذِر) دەڵێت:** " بۆ مـانگ گیرانیش نوێژ دەکرێت وەکو چۆن بۆ خۆرگیران نوێژ دەکرێت"[٢]

---

(١) تقدم تخريجه، وهو جزء من حديث عائشة في صلاة الكسوف المذكور في أول الفصل.

(٢) (الإقناع) لابن المنذر (١/١٢٤-١٢٥).

# ( ٤-١٤ ) نــــوێــژی هەردوو جەژنـــەکە

**ئەم بەشە ئەم باسانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:**

**یەکەم:** حوکمی نوێژی دوو جەژنەکە.

**دووەم:** کاتی نوێژی دوو جەژنەکە و شێوازەکەی.

**سێ یەم:** نوێژی دوو جەژنەکە لە نوێژگەدا (مصلی) سوننەتە.

**چوارەم:** ووتاری دوای نوێژی جەژن.

**پێنجەم:** ئەگەر جەژن و هەینی کەوتنە یەك ڕۆژ.

**شەشەم:** ئەگەر نوێژی جەژنی لەدەست چوو ئەوا دوو ڕکعات دەکات.

**حەوتەم:** ئەگەر نەیزانی جەژنە هەتا دوای لادانی خۆر.

**هەشتەم:** نوێژی جەژن لەسەفەردا نیە.

## * ( ١ـ ١٤ ـ ٤ ) حوكمی نوێژی دوو جه‌ژنه‌كه‌ :

نوێژێكی واجبه‌ له‌سه‌ر هه‌موو موسڵمانێكی تواناداری نێر بێ یان مێ له‌شوێنی نیشته‌جێ بوونی خۆی و به‌ڵگه‌ش له‌سه‌ر ئه‌وه‌:

عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ؛ قَالَتْ: «أَمَرَنَا –يَعْنِي: النَّبِيَّ ﷺ– أَنْ نُخْرِجَ فِي العِيدَيْنِ العَوَاتِقَ، وَذَوَاتَ الخُدُورِ، وَأَمَرَ الحُيَّضَ أَنْ يَعْتَزِلْنَ مُصَلَّى المُسْلِمِينَ».

واته‌: له‌ دایكی عه‌تیه‌وه‌ ده‌ڵێت: پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رمانی پێده‌كردین كه‌ ده‌ربچین بۆ نوێژی هه‌ردوو جه‌ژنه‌كه‌ و كچانی تازه‌ پێگه‌یشتوو وبالغ بوه‌كانیش ده‌ربكه‌ین له‌گه‌ڵ خۆمان بۆ نوێژ و فه‌رمانی به‌و ئافره‌تانه‌ش ده‌كرد كه‌له‌ حه‌یزدا بوون به‌وه‌ی كه‌ تێكه‌ڵ به‌ نوێژگه‌ی موسڵمانان نه‌بن.

له‌ ریوایه‌تێكی تردا هه‌ر له‌ دایكی عه‌تیه‌ وه‌ به‌م شێوه‌یه‌ هاتووه‌: «كُنَّا نُؤْمَرُ بِالخُرُوجِ فِي العِيدَيْنِ، وَالمُخَبَّأَةُ، وَالبِكْرُ». قَالَتْ: «الحُيَّضُ يَخْرُجْنَ فِيكُنَّ خَلْفَ النَّاسِ، يُكَبِّرْنَ مَعَ النَّاسِ». أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[١].

واته‌: " ئێمه‌ی ئافره‌تان و ئه‌و كیژۆڵانه‌ی كه‌له‌ پشتی په‌رده‌وه‌ن و تازه‌

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري في مواضع منها في كتاب العيدين، باب خروج النساء والحيض إلى المصلى حديث رقم (٩٧٤)، وفي باب إذا لم يكن لها جلباب في العيد، حديث رقم (٩٨٠)، وأخرجه مسلم في كتاب صلاة العيدين، باب ذكر إباحة خروج النساء في العيدين إلى المصلى وشهود الخطبة مفارقات للرجال، حديث رقم (٨٩٠) واللفظ له والرواية له.

پێگەیشتوەکانیش فەرمانمان پێدەکرا کە دەربچین بۆ نوێژی هەردوو جەژنەکە" دەڵێــت: " ئافرەتانی حەیزدار دەردەچوون و لە پشتی ریزەکانەوە دەوەستان و الله أكبريان دەکرد لەگەڵ خەڵکیدا".

" ئەوە بزانە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەمیشە ئەم نوێژەی ئەنجام داوەو هەرگیز لە جەژنێك لە جەژنەکاندا وازی لێ نەهێناوە، وە فەرمانی بە خەڵکیش کردووە کە دەربچن بۆی، تەنانەت فەرمانی کردووە بە ئافرەتانی پشت پەردە وتازە پێگەیشتوەکان و حەیزدارەکانیش، بەڵام بۆ حەیزدارەکان ئەوەبوو کە تێکەڵ بە نوێژخوێنە ئافرەتەکان نەبن ونوێژ نەکەن بەڵام ئامادەی کۆڕی خێر و دوعای موسڵمانان بن، تەنانەت فەرمانی بەو ئافرەتە دەکرد کە عەبای نەبوو بەوەی کە عەبای هاوڕێکەی لەبەر بکات و بێت.

وە فەرمان کردن بە دەرچوون ئەوە دەخوازێت کە فەرمان بەو نوێژە دەکات بۆ ئەو ئافرەتەی کە عوزر و بیانوی نیە و پیاوانیش لە پێشترن بەو فەرمانە لە ئافرەتان.

وە هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم نوێژە واجبە بە واجبێکی جەخت لەسەرکراو لەسەر تاك تاکی موسڵمانان نەوەك لەسەر تێکڕا پێکەوە"[1].

---

([1]) من كلام الشوكاني. انظر: (السيل الجرار) (١/٣١٥)، (الدراري المضية) (١/١٩٤).

## * ( ٢-٤-١٤ ) كاتی نوێژی دوو جه‌ژنه‌كه و شێوازه‌كه‌ی:

* * ئه‌م باسه ئه‌م بابه‌تانه‌ی خواره‌وه له‌ خۆده‌گرێت:

- بابه‌تی یه‌كه‌م: كاتی نوێژی دوو جه‌ژنه‌كه.

- بابه‌تی دووه‌م: ئه‌م جۆره‌ نوێژه‌ بانگ و قامه‌تی نیه‌.

- بابه‌تی سێ یه‌م: ژماره‌ی ركعاته‌كان و الله‌ أكبری ئه‌م نوێژه‌.

- بابه‌تی چواره‌م: قورئان خوێندنی ناو نوێژی دوو جه‌ژنه‌كه.

## * بابەتی یەکەم: کاتی نوێژی دوو جەژنەکە:

لە یەزیدی کوڕی خومەیری رەحەبیەوە دەڵێت: عبدالله ی کوڕی بوسری هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ خەڵکیدا دەرچوو لە رۆژی جەژنی قوربان یان رەمەزان، ئەمیش ئینکاری درەنگ هاتنی ئیمامەکەی کرد و ووتی: «إِنَّا كُنَّا قَدْ فَرَغْنَا سَاعَتَنَا هَذِهِ». وَذَلِكَ حِينَ التَّسْبِيح[1]. أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ وَابْنُ مَاجَهْ[2].

واتە: ئێمە لەم کاتەدا نوێژی جەژنمان تەواوکردبوو. ئەو کاتەش کاتی نوێژی چێشتەنگاو بوو.

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کاتی نوێژی جەژن لە دوای

---

([1]) ئەو برِگەیەی کە دەڵێت: (وذلك حين التسبيح): لە کتێبی (حاشية السندي على ابن ماجه) (١/٣٩٥): هاتووە, " پێشەوا سیوتی دەڵێت: واتە ئەوکاتەی کە نوێژی چێشتەنگاو دەکرێت, وە قەستەلانی دەڵێت: واتە: کاتی نوێژی سبحە کە سوننەتە و ئەو کاتەی کە کاتی نەهی تێپەڕدەبێت, وە لە ریوایەتێکی صحیحدا لای تەبەرانی دەڵێت: ئەو کاتەی کە نوێژی چێشتەنگاو دەکرێت" (فتح الباري) (٢/٤٥٧).

([2]) **حديث صحيح**: أخرجه أبو داود فِي كتاب الصلاة، باب وقت الخروج إِلَى العيد، حديث رقم (١١٣٥)، وأخرجه ابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها، باب فِي وقت صلاة العيد، حديث رقم (١٣١٧)، وعلقه البخاري فِي (صحيحه) (٤٥٦٢-فتح)، والحديث صححه الألبانِي فِي (صحيح سنن أَبِي داود) (١/٢١٠)، وصحح إسناده مُحقق «جامع الأصول» (٦/١٢٩).

دەرکەوتنی خۆر دەست پێدەکات.

وە دیسان بەڵگەیە لەسەر سوننەتیێتی زوو هاتن بۆ ئەو نوێژە.[١]

بەڵام کۆتا کاتی ئەم نوێژە، زۆرینە لەسەر ئەوەن کە تا لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان کاتەکەی درێژ دەبێتەوە[٢]. وَاللهُ أَعْلَمُ.

## بابەتی دووەم: ئەم نوێژە بانگ و قامەتی نیە:

بۆ نوێژی دوو جەژنەکە بانگ و قامەت و ووتنی ووتەی: " الصَّلَاةِ جَامِعَةٌ " دروست نیە و مەشروع نیە.

**بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەم فەرموودانەیە:**

عَنِ ابْنِ جُرَيْجٍ، عَنْ عَطَاءٍ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ وَعَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ الأَنْصَارِيِّ؛ قَالَا: «لَمْ يَكُنْ يُؤَذَّنُ يَوْمَ الفِطْرِ وَلَا يَوْمَ الأَضْحَى». ثُمَّ سَأَلْتُهُ بَعْدَ حِينٍ عَنْ ذَلِكَ؟ فَأَخْبَرَنِي قَالَ: «أَخْبَرَنِي جَابِرُ بْنُ عَبْدِ اللهِ الأَنْصَارِيُّ؛ أَنَّ لَا أَذَانَ لِلصَّلَاةِ يَوْمَ الفِطْرِ حِينَ يَخْرُجُ الإِمَامُ وَلَا بَعْدَمَا يَخْرُجُ، وَلَا إِقَامَةَ، وَلَا نِدَاءَ، وَلَا شَيءَ؛ لَا نِدَاءَ يَوْمَئِذٍ وَلَا إِقَامَةَ»

---

(١) انظر: (فتح الباري) (٢/٤٥٧).

(٢) لە کتێبی (فتح الباري) (٢/٤٥٧) دا دەڵێت: " زانایان ڕاجیاوازن لەسەر ئەوەی کە ئایا کاتەکەی تا لاربونەوەی خۆر درێژدەبێتەوە یان نا, پێشەوا ابن بطال فەرموودەکەی عبداللە ی کوڕی بوسری کردۆتە بەڵگە لەسەر نادروستیێتی, بەڵام بەڵگەکەی لەسەر ئەو بۆچوونە ڕوون و ڕاشکاو نیە".

أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[1].

**واتە: لە ابن جورەیجەوە، ئەویش لە عەتائەوە، لە ابن عباس و جابری کوڕی عبدالله ی ئەنصاریەوە دەڵێن: " بۆ نوێژی جەژنی قوربان و رەمەزان بانگ نەدەدرا". پاشان دوای ماوەیەك لەسەر ئەوە پرسیارم لێی کرد؟ ئەویش ووتی: جابری کوڕی عبدالله ی ئەنصاری هەواڵی پێ داوم بەوەی کە بانگ دان نیە لە رۆژی جەژنی رەمەزاندا کاتێك کە ئیمام دەردەچێت و دوای دەرچوونی ئیمامیش، بانگ و قامەت و هیچ شتێك لەو رۆژەدا نیە".**

**وَعَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ؛ قَالَ: «صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ العِيدَيْنِ غَيْرَ مَرَّةٍ وَلَا مَرَّتَيْنِ بِغَيْرِ أَذَانٍ وَلَا إِقَامَةٍ».** أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[2].

---

(1) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري مقتصرًا على قوله: (يوم الأضحى). فِي كتاب العيدين، باب المشي والركوب إِلَى العيد بغير أذان ولا إقامة، حديث رقم (٩٦٠)، وأخرجه مسلم فِي كتاب صلاة العيدين، حديث رقم (٨٨٦) واللفظ له، وانظر: (جامع الأصول) (٦/١٣٠).

(2) حديث صحيح: أخرجه مسلم فِي كتاب العيدين، حديث رقم (٨٨٧). وانظر: (جامع الأصول) (٦/١٣٠).

**سوودێك:** پێشەوا ابن القيم لە کتێبی (زاد المعاد) (١/٤٤٢) دا دەڵێت: " **پێغەمبەری خوا ﷺ هەرکە دەگەیشتە نوێژگەکە، دەستی بە نوێژکردن دەکرد بەبێ بانگ و قامەت و ووتنی ووتەی: (الصلاة جامعة) وە سوننەتیش ئەوەیە کە هیچ شتێك لەوانە نەوترێت".** انظر: (فتح الباري) (٢/٤٥٢) وتعليق

واتە: لە جابری کوڕی سەمورەوە، دەڵێت: " نوێژی جەژنم لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ کرد، نەك یەك جار و نەك دووجار بەبێ بانگ و قامەت ".

## بابەتی سێ یەم: ژمارەی الله أکبر و رکعاتەکانی ئەم نوێژە:

نوێژی دوو جەژنەکە دوو رکعاتە، بەشێوەك دەکرێت کە لە رکعاتی یەکەمدا حەوت (الله أکبر) دەکرێت لەپێش خوێندنی قورئان و لە رکعاتی دووەمیشدا پێنج (الله أکبر) دەکرێت پێش خوێندنی قورئان و ئەمە جگە لە (الله أکبر)ی چوون بۆ رکوع.[1]

---

ابن باز عليه.

([1])پێشەوا ابن القيم لە کتێبی (زاد المعاد) (٤٤٣/١) دا دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ پێش ووتاردان نوێژی دەکرد, کە نوێژەکە دوو رکعات بوو, لە رکعاتی یەکەمدا حەوت ألله أکبری بەدوای یەکدا دەکرد بە الله أکبری دەست پێکردنیشەوە, کە لەنێوان هەر ألله أکبرێکدا سەکتەیەکی دەکرد ( تۆزێك دەوەستا ) وە نەهاتووە لێیەوە کە زیکرێکی دیاری کراو بڵێت لەنێوان تەکبیرەکاندا, بەڵام باسدەکرێت لە ابن مسعودەوە کە ووتویەتی: سوپاس و ستایشی خوای دەکرد و صەلاواتی لەسەر پێغەمبەر ﷺ دەدا, ( پێشەوا الخلال باسی کردووە ). وە هاوەڵێکی وەکو ابن عومەر لەگەڵ زۆر پەیوەست بوونی بە سوننەتەوە کەچی لەگەڵ ووتنی هەر الله أکبرێکدا دەستی بەرز دەکردەوە ".

**قلت**: الأثر الذي أورده عن ابن مسعود أخرجه البيهقي في (السنن الكبرى) (٣/٢٩١-٢٩٢)، وقوّى سنده صاحب كتاب (أحكام العيدين في السنة المطهرة) (ص٢١).

**بەڵـگەش لەسەر ئەوە:**

**عن ابْنِ عَبَّاسٍ: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ صَلَّى يَوْمَ الفِطْرِ رَكْعَتَيْنِ، لَمْ يُصَلِّ قَبْلَهَا وَلَا بَعْدَهَا، ثُمَّ أَتَى النِّسَاءَ وَمَعَهُ بِلَالٌ، فَأَمَرَهُنَّ بِالصَّدَقَةِ، فَجَعَلْنَ يُلْقِينَ؛ تُلْقِي المَرْأَةُ خُرْصَهَا وَسِخَابَهَا».** مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ[1].

**واتە: لە ابن عـباسەوە: " پێغەمـبەری خوا ﷺ لە نوێژی جەژنی ڕەمەزاندا دوو ڕکعات نوێژی کرد، کە نەلەپێشی و نەلە پاشیەوە نوێژی نەکرد، پاشان ڕۆیشت بۆ لای ئافرەتان وبیلالیشی لەگەڵدا بوو، فەرمـانی پێکردن بە مـاڵ بەخشین، ئەوانیش هەریەکە و ئەڵقە و ملوانکەکەی خۆی دەبەخشی".**

**عَنْ عُمَرَ ﷺ؛ قَالَ: «صَلَاةُ الأَضْحَى رَكْعَتَانِ، وَصَلَاةُ الفِطْرِ رَكْعَتَانِ، وَصَلَاةُ المُسَافِرِ رَكْعَتَانِ، وَصَلَاةُ الجُمُعَةِ رَكْعَتَانِ؛ تَمَامٌ لَيْسَ بِقَصْرٍ عَلَى لِسَانِ نَبِيِّكُمْ ﷺ».** أَخْرَجَهُ النَّسَائِيُّ[2].**واتە: لە عـومـەرەوە رضي الله عنه دەڵێت: " نوێژی جەژنی قوربان دوو ڕکعاتە، وە**

---

([1]) حديث صحيح: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب العيدين، باب الخطبة بعد العيد، حديث رقم (٩٦٤) واللفظ له، ومسلم فِي كتاب صلاة العيدين، حديث رقم (٨٨٤). وانظر: (جامع الأصول) (١٢٥/٦-١٢٦).

([2]) **حديث صحيح**: أخرجه النسائي فِي كتاب الجمعة، باب عدد صلاة الجمعة (١١١/٤)، وقال: (وعبد الرحمن بن أَبِي ليلى لَمْ يسمع من عمر) اهـ. وكرره في كتاب صلاة العيدين، باب عدد صلاة

نوێژی جەژنی رەمەزان دوو رکعاتە، وە نوێژی مسافر دوو رکعاتە، وە نوێژی هەینی دوو رکعاتە، تەواو وبێ کورت کردنەوە لەسەر زاری پێغەمبەرەکەتانەوە".

**بەڵام تەکبیرکردن، ئەوا بەڵگەکەی ئەمەیە:**

**عَنْ عَائِشَةَ: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ يُكَبِّرُ مِنَ الفِطْرِ وَالأَضْحَى فِي الأُولَى سَبْعَ تَكْبِيرَاتٍ وَفِي الثَّانِيَةِ خَمْسًا -سِوَى تَكْبِيرَتَيِ الرُّكُوعِ-».** أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ(١).

**واتە: لە عائیشەوە: " پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی جەژنی قوربان و رەمەزاندا لە رکعاتی یەکەمدا حەوت أللە أکبری دەکرد ولە رکعاتی دووەمدا پێنج أللە اکبری دەکرد – جگە لە دوو تەکبیرەی چوونە رکوع – ".**

**عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ العَاصِ؛ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «التَّكْبِيرُ فِي الفِطْرِ سَبْعٌ**

---

العيدين (٣/١٨٣).

وقرر في (نصب الراية) (٢/١٨٩-١٩٠) صحة سماع ابن أبي ليلى من عمر، وصححه الألباني في (إرواء الغليل) (٣/١٠٥-١٠٦).

(١) **حديث حسن**: أخرجه أبو داود في كتاب الصلاة، باب التكبير في العيدين، حديث رقم (١١٤٩)، واللفظ له، وأخرجه ابن ماجه في كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها، باب ما جاء في كم يكبر الإمام في صلاة العيدين، حديث رقم (١٢٨٠) والزيادة له، وأشار إليها أبو داود أيضًا. والحديث حسنه لغيره محقق (جامع الأصول) (٦/١٢٧)، وصححه الألباني في (إرواء الغليل) (٣/١٠٦-١١٢).

فِي الأُولَى، وَخَمْسٌ مِنَ الآخِرَةِ، وَالقِرَاءَةُ بَعْدَهُمَا كِلْتَيْهِمَا». أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ[١].

واتە: لە عبداللە ی کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: " اللە أکبر کردن لە لەنوێژی جەژنی رەمەزاندا حەوت جارە لە رکعاتی یەکەمدا، و پێنج جاریشە لە رکعاتەکەی تردا، وە قورئان خوێندنیش لە دوای ئەوانەوەیە لە هەردوو رکعاتەکەدا".

## بابەتی چوارەم: قورئان خوێندن لە نوێژی دوو جەژنەکەدا:

لە هەردوو رکعاتەکەدا سورەتی فاتیحە دەخوێنرێت، لەبەر فەرموودەی: " لَا صَلَاةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ " . أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[٢].

واتە: " نوێژ بەبێ خوێندنی سورەتی فاتیحە نابێت ".

---

([١]) **حديث حسن**: أخرجه أبو داود فِي كتاب الصلاة، باب التكبير فِي العيدين، حديث رقم (١١٥١).

والحديث حسنه مُحقق (جامع الأصول) (٦/١٢٧-١٢٨)، وحسنه الألباني فِي (صحيح سنن أبِي داود) (١/٢١٣). وانظر: (إرواء الغليل) (٣/١٠٨-١٠٩).

([٢]) **حديث صحيح عن عبادة بن الصامت**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب الأذان، باب وجوب القراءة للإمام والمأموم فِي الصلوات كلها فِي الحضر والسفر وما يجهر فيها وما يخافت، حديث رقم (٧٥٦)، وأخرجه مسلم فِي كتاب الصلاة، باب وجوب قراءة الفاتحة فِي كل ركعة وأنه إذا لَم يحسن الفاتحة، ولا أمكنه تعلمها قرأ ما تيسر له من غيرها، حديث رقم (٣٩٤). وانظر: (جامع الأصول) (٥/٣٢٦).

ئەوەی دەتوانرێت دەخوێنرێت لە هەردوو رکعاتەکەدا لەدوای فاتیحەوە، وە سوننەتە کەلەو دوو رکعاتەدا سورەتی ﴿قٓۚ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡمَجِيدِ﴾ [ق:١]. و سورەتی ﴿ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ﴾ [القمر:١]. بەدەنگی بەرز بخوێنرێت. یان سورەتی ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾ [الأعلى:١]. و سورەتی ﴿هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡغَٰشِيَةِ﴾ [الغاشية: ١] بخوێنرێت .

**بەڵگەش لەسەر ئەمە:**

**عَنْ عُبَيْدِ اللهِ بْنِ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُتْبَةَ، عَنْ أَبِي وَاقِدٍ اللَّيْثِيِّ؛ قَالَ: سَأَلَنِي عُمَرُ بْنُ الخَطَّابِ عَمَّا قَرَأَ بِهِ رَسُولُ اللهِ ﷺ فِي يَوْمِ العِيدِ؟ فَقُلْتُ: بِ: ﴿ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ﴾،** و﴿قٓۚ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡمَجِيدِ﴾. أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[١].

**واتە: لە عوبەیداللە ی کوڕی عبداللە ی کوڕی عوتبەوە، لە ئەبی واقدی لەیسیەوە دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب پرسیاری لێکردم لەبارەی ئەو سورەتەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیخوێند لە نوێژی جەژندا؟ منیش ووتم: هەردوو سورەتی**

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم فِي كتاب صلاة العيدين، باب ما يقرأ به فِي صلاة العيدين، حديث رقم (٨٩١).

﴿ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ﴾،و ﴿قٓۚ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡمَجِيدِ﴾ ی دەخوێند

وە هەروەها لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوو جەژنەکە و هەینیدا هەردوو سورەتی ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾، و ﴿هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡغَٰشِيَةِ﴾ دەخوێند. دەڵێت: وە ئەگەریش جەژن و هەینی کەوتنە یەك ڕۆژەوە دیسان هەر ئەو دوو سورەتەی دەخوێند لەهەردوو نوێژەکەدا. أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ(١).

*** (٣-١٤-٤) نوێژی دوو جەژنەکە لە نوێژگەدا (مصلى) سوننەتە:**

سوونەت وەهایە کە ئیمام یان جێگرەکەی دەربچێت بۆ نوێژگە بۆ نوێژی جەژن، وە لە مزگەوتدا نەکرێت مەگەر بەهۆی عوزرێکەوە نەبێت.(٢)

جگە لە ئەهلی مەککە – خوای گەورە ڕێز وشکۆی زیاتر بکات- چونکە لە سەلەفەوە نەهاتووە کە هیچ کەسێك نوێژی جەژنی بۆیان کردبێت مەگەر لە مزگەوتی خۆیاندا نەبێت.(٣)

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب الجمعة، باب ما يقرأ في يوم الجمعة، حديث رقم (٨٧٩). وانظر (جامع الأصول) (٦/١٤٣-١٤٤).

(٢) (شرح السنة) (٤/٢٩٤).

(٣) (الأم) للشافعي (١/٢٣٤).

**بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە نوێژی جەژن لە نوێژگەدا سوننەتە، ئەمانەی خوارەوەیە:**

**أ- ئەوەی رابورد لە فەرموودەکەی ئوم عەتیە سەبارەت بە فەرمان کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بەدەرچوون بۆ نوێژگە.**

**ب- ئەوەی کە هاتووە لە ابن عومەرەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر رۆژی جەژن دەربچوایە فەرمانی دەکرد حەربەیەك لە پێشیدا بچەقێنرێت (وەکو سوترە) وپاشان نوێژی بەرەو ڕووی دەکرد و خەڵکیش لەپشتیەوە دەوەستان، ئەمەشی لەسەفەردا دەکرد و بەوهۆیەوە دواتر فەرمانڕەواکان بەوشێوەیەیان کرد.**

**لە ڕیوایەتێکدا هاتووە: پێغەمبەری خوا ﷺ حەربەیەکی لە پێشیدا دەچەقاند لە رۆژی جەژنی رەمەزان و قوربانداو پاشان نوێژی دەکرد.**

**لە ڕیوایەتێکی تردا: پێغەمبەری خوا ﷺ بەیانی دەچوو بۆ نوێژگە و ڕمێکی پێ بوو دەهێنرا و لە پێشیدا دادەنرا و بەرەو ڕووی ئەوە نوێژی دەکرد.** أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[1].

---

([1]) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري في مواضع، واللفظ والروايات له في المواضع التالية: في كتاب الصلاة، باب سترة الإمام سترة مَن خلفه، حديث رقم (٤٩٤)، باب حمل العنزة أو الحربة بين يدي

* ( ٤-١٤-٤ ) ووتـاردان لەدوای نوێژی جەژنەوە:

ووتاری هەردوو جەژنەکە لەدوای ئەنجامدانی نوێژەکەیە.

بەڵگەش لەسەر ئەوە:

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ؛ قَالَ: «شَهِدْتُ العِيدَ مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ وَأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ وَعُثْمَانَ ﷺ؛ فَكُلُّهُمْ كَانُوا يُصَلُّونَ قَبْلَ الخُطْبَةِ». مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ(١).

واتە: لە ابن عباسەوە: دەڵێت: " ئامادەی جەژن بووم لەگەڵ پێغەمبەری خواوﷺ ئەبوبەکر و عومەر و عوسماندا هەموویان نوێژیان دەکرد پێش ووتاردان".

عَنِ ابْنِ عُمَرَ؛ قَالَ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرَ ﷺ يُصَلُّونَ العِيدَيْنِ

---

الإمام يوم العيد، حديث رقم (٩٧٣)، وأخرجه مسلم فِي كتاب الصلاة، باب سترة المصلي حديث رقم (٥٠١).

**سوودێك:** پێشەوا ئەلبانی کتێبێکی هەیە سەبارەت بەم بابەتە و هەروەها زانای بەڕێز أحمد شاکر توێژینەوەیەکی هەیە لەبارەی نوێژی جەژن لە نوێژگەدا و دەرچوونی ئافرەتان بۆی کە لەمیانەی تەحقیقیدا بۆ سونەنی تیرمزی دایناوە. (٢/٤٢١-٤٢٤).

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي كتاب العيدين، باب الخطبة بعد العيد، حديث رقم (٩٦٢) واللفظ له، ومسلم فِي كتاب صلاة العيدين، حديث رقم (٨٨٤) مطوّلًا.

قَبْلَ الخُطْبَةِ». مُتّفَقٌ عَلَيْهِ[١].

واتە: لە ابن عومەرەوە: دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکر و عومەر نوێژی دوو جەژنەکەیان دەکرد پێش ووتاردان".

* ( ٥-١٤-٤ ) **ئەگەر جەژن و هەینی کەوتنە یەك ڕۆژەوە:**

ئەگەر هەینی و جەژن کەوتنە یەك ڕۆژەوە، ئەوا ئەو کەسەی نوێژی جەژن بکات واجبێتی هەینی لەسەر دەکەوێت، و لە جێگەیدا تەنها نوێژی نیوەڕۆ دەکات.

**بەڵگەش لەسەر ئەوە:**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ؛ أَنَّهُ قَالَ: «قَدِ اجْتَمَعَ فِي يَوْمِكُمْ هَذَا عِيدَانِ: فَمَنْ شَاءَ؛ أَجْزَأَهُ مِنَ الجُمُعَةِ، وَإِنَّا مُجْمِعُونَ». أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ وَابْنُ مَاجَهْ[٢].

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي كتاب العيدين، باب الخطبة بعد العيد، حديث رقم (٩٦٣) واللفظ له، ومسلم فِي كتاب صلاة العيدين (٨٨٨).

(٢) **حديث حسن لغيره**: أخرجه أبو داود فِي كتاب الصلاة، باب إذا وافق يوم الجمعة يوم عيد، حديث رقم (١٠٧٣)، وأخرجه ابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها، حديث رقم (١٣١١) عن أبِي هريرة، وابن عباس، والفريابِي فِي (أحكام العيدين) حديث رقم (١٥٠).

واتە: لە ئەبو هورەیرەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " لەم ڕۆژەتاندا دوو جەژن كۆبووەتەوە: جا ئەوەی ویستی ئەگەر ئامادەی نوێژی جەژن بێت ئەوا ئامادەبوونی لە هەینیدا لەسەر دەكەوێت و وەبزانن كە ئێمە نوێژی هەینیش دەكەین بەویستی خوا".

وە هەروەها عەتائی كوڕی ئەبی رەباح دەڵێت: " عبداللّٰه ی كوڕی زوبێر لەبەرەبەیاندا نوێژی جەژنی بۆ كردین كە كەوتبوە ڕۆژی هەینیەوە، پاشان گەڕاینەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی بەڵام ئەو نەهات و ئەوەبوو هەریەكە و بۆ خۆی نوێژی كرد، و لەوكاتەدا ابن عباس لە تائیف بوو كە گەڕایەوە ئەوەمان بۆ باس كرد ئەویش ووتی: سوننەتی پێكاوە".[1]

---

والحديث صححه الألباني فِي (صحيح سنن أَبِي داود) (١/٢٠٠)، وصححه قبله البوصيري فِي (زوائد ابن ماجه) (٢٣٧/١)، وقال: (هذا إسناد صحيح، رجاله ثقات، رواه أبو داود فِي سننه عن مُحمَّد بن مصفى بِهذا الإسناد، فقال: (عن أَبِي هريرة)؛ بدل: (ابن عباس) وهو المحفوظ) اهـ. وحسن إسناده مُحقق (زاد المعاد) (٤٤٨/١)، وكذا مُحقق (جامع الأصول) (١٤٥/٦)، وتوسع فِي تَحقيق الكلام عليه مع تحسينه لغيره صاحب (سواطع القمرين فِي تخريج أحاديث أحكام العيدين) للفريابِي (ص٢١١-٢١٨).

(١) **حديث صحيح**: أخرجه أبو داود فِي كتاب الصلاة، باب إذا وافق يوم الجمعة يوم العيد، حديث رقم (١٠٧١)، والفريابِي فِي أحكام العيدين (ص٢١٩).

*** ( ٦-٤ ١-٤ ) ئه‌گه‌ر نوێژی جه‌ژنی له‌ده‌ست چوو ئه‌وا دوو ركعات ده‌كات:**

ئه‌گه‌ر موسڵمان نوێژی جه‌ژنی له‌ده‌ست چوو ئه‌وا دوو ركعات نوێژ ده‌كات وه‌كو نوێژی ئیمام له‌ جه‌ژندا، ئه‌وه‌ش له‌به‌ر ئه‌م فه‌رمووده‌یه‌ی خواره‌وه‌:

عَنْ عَائِشَةَ ﵂؛ قَالَتْ: «دَخَلَ أَبُو بَكْرٍ وَعِنْدِي جَارِيَتَانِ مِنْ جَوَارِيّ الأَنْصَارِ تُغَنّيَانِ بِمَا تَقَاوَلَتِ الأَنْصَارُ يَوْمَ بعَاثٍ. قَالَتْ: وَلَيْسَتَا بِمُغَنّيَتَيْنِ. فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ: أَمَزَامِيرُ الشَّيْطَانِ فِي بَيْتِ رَسُولِ اللهِ ﷺ؟! وَذَلِكَ فِي يَوْمِ عِيدٍ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: يَا أَبَا بَكْرٍ! إِنَّ لِكُلِّ قَوْمٍ عِيدًا، وَهَذَا عِيدُنَا».

واته‌: له‌ عائیشه‌وه‌ ﵂ ده‌ڵێت: " ئه‌بوبه‌كر هاته‌ ژووره‌وه‌ و له‌وكاته‌دا دوو كیژۆڵه‌ی ئه‌نصاریه‌كان گۆرانیان ده‌وت له‌لام به‌و شیعر و قسانه‌ی كه‌ ئه‌نصاریه‌كان له‌ رۆژگاری شه‌ڕو ناكۆكیاندا ده‌یان ووت، ده‌ڵێت: به‌ڵام ئه‌و دوو كیژۆڵه‌یه‌ گۆرانی بیێژ نه‌بوون. ئه‌بوبه‌كریش ووتی: ئایا ده‌نگی شه‌یتان له‌ماڵی پێغه‌مبه‌ری خوادا ﷺ ؟! ئه‌وه‌ش له‌ رۆژی جه‌ژندا بوو، پێغه‌مبه‌ری خوایش ﷺ فه‌رمووی: " **ئه‌ی ئه‌بوبه‌كر ! هه‌موو گه‌لێك جه‌ژنی خۆی هه‌یه‌ و ئه‌مه‌ش جه‌ژنمانه‌**".

وَفِي رِوَايَةٍ: «إِنَّ أَبَا بَكْرٍ ﵁ دَخَلَ عَلَيْهَا وَعِنْدَهَا جَارِيَتَانِ فِي أَيَّامِ مِنَى تُدَفِّفَانِ وَتَضْرِبَانِ وَالنَّبِيُّ ﷺ مُتَغَشٍّ بِثَوْبِهِ، فَانْتَهَرهُمَا أَبُو بَكْرٍ، فَكَشَفَ النَّبِيُّ ﷺ عَنْ وَجْهِهِ،

فَقَالَ: دَعْهُمَا يَا أَبَا بَكْرٍ! فَإِنَّهَا أَيَّامُ عِيدٍ» وَتِلْكَ الأَيَّامُ أَيَّامُ مِنَى. أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ(١).

واتە: لە ریوایەتێکی تردا: " ئەبوبەکر چووەتە ژورەوە بۆ لای و لەوکاتەدا دوو کیژۆڵە لای بوون لەرۆژەکانی مینادا کە خەریکی دەف لێدان بوون و پێغەمبەری خوایش ﷺ خۆی داپۆشیبوو بە جلوبەرگەکەی و ئەبوبەکریش سەرزەنشتی کردن بۆ ئەو کارە و پێغەمبەری خوایش ﷺ دەموچاوی دەرخست و فەرمووی: " **ئەی ئەبوبەکر وازیان لێ بهێنە! چونکە ئەوە رۆژانی جەژنە"** ئەو رۆژانەش رۆژانی مینا بوون.

**ئەوەی جێگەی بەڵگەیە لەم فەرموودەیەدا:** ئەوەیە کە ئەو رۆژانەی ناونا بە رۆژانی جەژن، نیسبەتی جەژنی دایە پاڵ رۆژ، بۆیە لە ئەنجامدانی نوێژەکەیدا تاك و کۆمەڵ و ئافرەت وپیاو یەکسانن تێیدا.

وە ئەوەی زیاتر جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە ئەو بڕگەیەیە لە ریوایەتەکەی

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها: فِي كتاب العيدين، باب سنة العيدين لأهل الإسلام، حديث رقم (٩٥٢). وفِي باب إذا فاته العيد يصلي ركعتين، حديث رقم (٩٨٧) واللفظ والرواية له، وأخرجه مسلم فِي كتاب صلاة العيدين، باب الرخصة فِي اللعب الذي لا معصية فيه فِي أيام العيد، حديث رقم (٨٩٢).

یەکەمدا کە دەفەرموێت: «هَذَا عِيدُنَا»؛ واتە: ئەمە جەژنی ئەهلی ئیسلامە، وە ئەهلی ئیسلامیش تاك و كۆمەڵ لە خۆدەگرێت.

وەناونانی ئەم ڕۆژانە بە ڕۆژی جەژن ئەوە دەگەیەنێت کە جێگەی ئەنجامدانی ئەم نوێژەیە، بەوەی کە بۆ ڕۆژی جەژن شەرعێنراوە، سوودی ئەوەشی تێدایە کە ئەنجام دەدرێت و بۆ ئەوەش دواکاتی خۆی هەیە کە بریتیە لە دوارۆژی ڕۆژەکانی مینا سەبارەت بە جەژنی قوربان.[1]

وە لە عوبەیداللە ی کوڕی ئەبوبەکری[2] کوڕی ئەنەسی کوڕی مالکی خزمەتکاری پێغەمبەری خواوە ﷺ دەڵێت: " ئەنەس هەرکات نوێژی جەژنی لەگەڵ ئیمام لەدەست بچوایە ئەوا خاوخێزانی کۆدەکردەوە و وەکو نوێژی ئیمام لە جەژندا نوێژی پێ دەکردن". أَخْرَجَهُ البَيْهَقِيُّ[3].

وە لە ابن جورەیجەوە ئەویش لە عەتائەوە دەڵێت: " دوو ڕکعات نوێژ دەکات و

---

([1]) انظر: (فتح الباري) (٢/٤٧٥).

([2]) وقع فِي (فتح الباري) (٢/٤٧٥): (وعبد الله بن أَبِي بكر بن أنس)، وصوابه: (عبيد الله ...)؛ كما فِي (السنن الكبرى) للبيهقي (٣/٣٠٥)، وكما فِي (تغليق التعليق) (٢/٣٨٦).

([3]) **حسن لغيره**: علق البخاري نحوه فِي (صحيحه) مجزومًا به فِي كتاب العيدين، باب إذا فاته العيد يصلي ركعتين، فتح الباري (٢/٤٧٤)، وأخرجه البيهقي فِي (السنن الكبرى) (٣/٣٠٥)، وأورد فِي (تغليق التعليق) (٢/٣٨٦-٣٨٧) طرقه وشواهده. وانظر: (ابن أَبِي شيبة) (٢/١٨٣).

الله أكبر دەكات " رَوَاهُ ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ[1].

وە پێشەوا بوخاری لە صەحیحەکەیدا بابێکی داناوە لە ژێرناوی " بابی ئەو کەسەی نوێژی جەژنی لەدەست دەچێت دوو رکعات دەکات".[2]

وە پێشەوا ابْنُ الْمُنْذِرِ دەڵێت: " ئەوەی نوێژی جەژنی لەدەست دەچێت، ئەوا دوو رکعات دەکات وەکو نوێژی ئیمام".[3]

### * ( ٧-١٤-٤ ) ئەگەر کەسێك نەیزانی جەژنە هەتا دوای لادانی خۆر:

ئەگەر نەزانرا جەژنە هەتا دوای لادانی خۆر، ئەوا لە ڕۆژی دواتردا بۆ جەژن دەردەچێت، وە بەڵگەش:

عَنْ أَبِي عُمَيْرِ بْنِ أَنَسٍ، عَنْ عُمُومَةٍ لَهُ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ: «أَنَّ رَكْبًا جَاءُوا إِلَى النَّبِيِّ ﷺ يَشْهَدُونَ أَنَّهُمْ رَأَوُا الهِلَالَ بِالأَمْسِ، فَأَمَرَهُمْ أَنْ يُفْطِرُوا وَإِذَا أَصْبَحُوا أَنْ يَغْدُوا إِلَى مُصَلَّاهُمْ». أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ وَالنَّسَائِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ[4].

---

(١) **صحيح لولا تدليس ابن جريج**: أخرجه ابن أبي شيبة (٢/١٨٣)، وعلّقه البخاري مجزومًا به في كتاب العيدين، باب إذا فاته العيد صلى ركعتين، (فتح الباري) (٢/٤٧٤).

(٢) (فتح الباري) (٢/٤٧٤)، وأورد في هذا الباب حديث عائشة هذا، وأثر أنس وعطاء.

(٣) (الإقناع) (١/١١٠).

(٤) **حديث صحيح**: أخرجه أبو داود في كتاب الصلاة، باب إذا لم يخرج الإمام للعيد من يومه يخرج

واتە: لە ئەبی عومەیری كوڕی ئەنەسەوە ئەویش لە مامێكیەوە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ كە دەڵێت: " كۆمەڵێك هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ شاهێدی ئەوەیان دا كە ئەوان ئێوارە مانگیان بینیوە، ئەویش فەرمانی پێیان كرد كە ڕۆژو بشكێنن و سبەی بچن بۆ نوێژگەكەیان".

**پێشەوا (الخَطَّابِيُّ) دەڵێت:** " هەریەك لە پێشەوایانی وەكو ئەوزاعی و سوفیانی سەوری و أحمدی كوڕی حنل و إسحاقیش هەمان بۆچوونیان هەیە سەبارەت بە كەسێك كە نەزانێت جەژنی ڕەمەزانە مەگەر دوای لادانی خۆر نەبێت".

**پێشەوا (الشَّافِعِيُّ) دەڵێت:** ئەگەر پێش لادانی خۆر زانیان ئەوا دەردەچن بۆ نوێژگە و ئیمام نوێژی جەژنیان بۆ دەكات، وە ئەگەریش نەیانزانی هەتا دوای لاربوونەوەی خۆر، ئەوا ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دواتریش نوێژی جەژن ناكەن، چونكە ئەوە كردارێكە لە كاتێكی دیاری كراودا ئەنجام دەدرێت، ئەگەر كاتەكەی ڕۆیشت ئەوا لە جگە لەكاتی خۆی ئەنجام نادرێت، وە مالك و ئەبو سەوریش هەمان قسەیان كردووە.

---

من الغد، حديث رقم (١١٥٧) واللفظ له، وابن ماجه فِي كتاب الصيام، باب ما جاء فِي الشهادة على رؤية الهلال، حديث رقم (١٦٥٣)، والنسائي فِي كتاب صلاة العيدين، باب الخروج إِلَى العيدين من الغد (١٨٠/٣).

والحديث صححه الخطابِي فِي (معالِم السنن) (٣٣/٢)، والألبانِي فِي (إرواء الغليل) (١٠٢/٣-١٠٣)، وصحح إسناده مُحقق (جامع الأصول) (١٥٣/٦).

دەڵێم - الخَطَّابِيُّ- : "سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە پێشترە و فەرموودەکەی ئەبی عومەیر صحیحە و گەڕانەوە بۆی واجبە"[١].

پێشەوا - ابْنُ المُنْذِرِ - دەڵێت: " ئەگەر نەیانزانی جەژنە هەتا دوای لادانی خۆر، ئەوا بۆ رۆژی دواتر دەردەچن بۆ نوێژگە و نوێژی جەژن دەکەن"[٢].

## * ( ٨-١٤-٤ ) لەسەفەردا نوێــژی جەژن نیە :

نوێژی جەژن لە سەفەردا مەشروع نیە، لەبەر ئەوەی نەهاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ سەرەڕای زۆری سەفەری و نێردە و سریەکانیشی کە نوێژی جەژنی کردبێت یاخود فەرمانی کردبێت بەو نوێژە لەسەفەردا. ئەمەش مەزهەبی ئەبی حەنیفە و مالك و ئەحمەدە لە دیارترینی دوو ریوایەت لێیەوە.

هەریەك لە پێشەوایانی (الشَّافِعِيُّ) وَ( أَحْمَدُ ) لە ریوایەتی دووەمیەوە دەڵێت: مەرجە نوێژی هەینی بکات جگە لە جەژن.

وە الظَّاهِرِيَّةُ دەڵێت: مەرج نیە نە هەینی و نە جەژنیش بکات.

---

(١) (معالِم السنن) (٢/٣٣).

(٢) (الإقناع) (١/١١٠).

**پێشەوا ابْنُ تَیْمِیَّةَ دەڵێت:** " ووتەی ڕاست و دروست، ووتە و بۆچوونی یەکەمە کە نوێژی جەژن لە سەفەردا مەشروع نیە"[١].

* **دەڵێم:** ئەگەر کەسی موسافر لەشارێك بوو جگە لەشارەکەی خۆی ئەوا بەهەمان شێوە لەسەریەتی کە نوێژیان لەگەڵ بکات، چونکە هەموو موسڵمانان بە ژن و پیاوەوە ئامادەی نوێژی جەژن دەبوون لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بەبێ جیاوازی. [٢] وَاللهُ أَعْلَمُ.

## ( ١٥-٤ ) نوێژە بارانە

خوای گەورە ڕێگەی داوەو شەرعاندوویەتی بۆ موسڵمانان بەوەی کە هەرکات بارانیان لێ گیرایەوە و وشکەساڵی و بێ پیتی زەوی ڕووی دا ئەوا پەلەبکەن بۆ تۆبە و پەشیمانی و داوای لێخۆشبوون کردن و پاڕانەوە لای خوا بۆ باران. [٣]

---

(١) (مجموع الفتاوى) (١٧٨/٢٤)، وقد بسط : القول فِي هذا المبحث فِي (مجموع الفتاوى) (١٧٧/٢٤-١٨٦).

(٢) انظر: (مجموع الفتاوى) (١٨٢/٢٤-١٨٣).

(٣) **پێشەوا ابن القیم لە** (زاد المعاد) **(٤٥٦/١-٤٥٨) دا دەڵێت : " لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتووە کە بەچەند شێوازێك داوای بارانی کردووە:**

**یەکەم:** لەرۆژی هەینیدا ولەسەر مینبەر لەکاتی ووتاردا, وفەرموویەتی: (اللهم أغثنا، اللهم أغثنا، اللهم أغثنا، اللهم اسقنا، اللهم اسقنا، اللهم اسقنا).

وە یەکێك لەو شێوازە شەرعیانەی داوای باران کردن لە خوای گەورە بریتیە لە نوێژە بارانە.

## * وە ئەم بەشەش ئەم باسانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:

## - یەکەم: حوکمی نوێژە بارانە.

---

**شێوازی دووەم:** پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵێنی بەخەڵکی داوە ڕۆژێك و تێیدا دەرچوون بۆ نوێژگە و نوێژەبارانەی پێکردن.

**شێوازی سێ یەم:** پێغەمبەری خوا ﷺ داوای بارانی کرد لەسەرمینبەری مەدینەوە لەجگە لەرۆژی هەینیدا, وە نەهاتووە لێیەوە لەم جۆرە داواکردنەیدا نوێژی کردبێت.

**شێوازی چوارەم:** پێغەمبەری خوا ﷺ داوای بارانی کردووە وبەدانیشتنەوە لەنێو مزگەوتدا, بەوەی کە هەردوو دەستەکانی بەرزکردۆتەوەو داوای لە خواکردووە.

**شێوازی پێنجەم:** پێغەمبەری خوا ﷺ داوای بارانی کردووە لەلای ( أحجار الزیت ) لە نزیك الزوراء , ئەوەش دەکەوێتە دەرەوەی ئەو دەرگایەی مزگەوت کە ئەمڕۆ بە ( باب السلام) ناودەبرێت کە بەئەندازەی هەڵدانی بەردێك بەلای ڕاستی دەرەوەی مزگەوتەکەدا لاردەبیتەوە.

**شێوازی شەشەم:** پێغەمبەری خوا ﷺ لەهەندێك لە غەزاکانیدا داوای بارانی کردووە کاتێك کە هاوبەش بڕیاردەران پێشی کەوتوون بۆ سەرئاوەکە.( بەدەستکاری و کورتکردنەوەیەکی زۆرەوە ).

**دەڵێم:** نوێژە بارانە بریتیە لە شێوازی دووەمی ئەو جۆرانەی کە ابن القیم باسیانی کردووە, کە بابەتەکەمانە لێرەدا.

- **دووەم:** کاتی نوێژە بارانە و شێوازەکەی.

- **سێ یەم:** نوێژە بارانە لە نـــوێــژگە.

- **چوارەم:** چۆنێتی دەرچوون بۆ نوێژگە، وە دوعا و وتار پێش نوێژەکە.

- **پێنجەم:** مەشروعیەتی گۆڕینی جلوبەرگی ئیمامەکە لەمیانەی دوعاکردندا لە نوێژە بارانەدا.

*** ( ١-١٥-٤ ) حوکمی نوێژە بارانە :**

ئەم نوێژە سوننەتە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەسوننەتی داناوەو وهیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر واجبێتی.[١]

*** ( ٢-١٥-٤ ) کاتی نوێژە بارانە و شێوازەکەی:**

*** * ئەم بەشە لەم ئەم باسانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:**

**- باسی یەکەم: کاتی نوێژە بارانە.**

- **باسی دووەم:** نوێژە بارانە بانگ و قامەتی نیە.

- **باسی سێ یەم:** نوێژە بارانە وەکو نوێژی جەژن وەهایە.

**- باسی یەکەم: کاتی نوێژە بارانە:**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەردەچوو بۆ نوێژە بارانە کاتێك کە بەشی

---

(١) انظر: (الدراري المضية) (٢١٦/١)، (السموط الذهبية) (ص٨٧).
**پێشەوا ابن قدامة لە کتێبی** (المغني) **(٤٣٠/٢) دا دەڵێت: "** نوێژەبارانە سوننەتێکی جەخت لەسەرکراوی سابتە بەسوننەتی پێغەمبەر ﷺ و جێنشینەکانیەوە رضي الله عنهم ".

سەرەوەی بازنەی خۆر دەردەکەوت و یەکەم تیشکی دەدرەوشایەوە.

عَنْ عَائِشَةَ ﵂؛ قَالَتْ: «شَكَا النَّاسُ إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ قُحُوطَ المَطَرِ، فَأَمَرَ بِمِنْبَرٍ، فَوُضِعَ لَهُ فِي المُصَلَّى، وَوَعَدَ النَّاسَ يَوْمًا يَخْرُجُونَ فِيهِ. قَالَتْ عَائِشَةُ: فَخَرَجَ رَسُولُ اللهِ ﷺ حِينَ بَدَا حَاجِبُ الشَّمْسِ، فَقَعَدَ عَلَى المِنْبَرِ، فَكَبَّرَ ﷺ، وَحَمِدَ اللهَ ، ثُمَّ قَالَ: إِنَّكُمْ شَكَوْتُمْ جَدْبَ دِيَارِكُمْ، وَاسْتِئْخَارَ المَطَرِ عَنْ إِبَّانِ زَمَانِهِ عَنْكُمْ، وَقَدْ أَمَرَكُمُ اللهُ أَنْ تَدْعُوهُ، وَوَعَدَكُمْ أَنْ يَسْتَجِيبَ لَكُمْ -ثُمَّ قَالَ:- الحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالَمِينَ، الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ، اللَّهُمَّ أَنْتَ اللهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ الغَنِيُّ وَنَحْنُ الفُقَرَاءُ، أَنْزِلْ عَلَيْنَا الغَيْثَ، وَاجْعَلْ مَا أَنْزَلْتَ لَنَا قُوَّةً وَبَلَاغًا إِلَى حِينٍ. ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ، فَلَمْ يَزَلْ فِي الرَّفْعِ حَتَّى بَدَا بَيَاضُ إِبْطَيْهِ، ثُمَّ حَوَّلَ إِلَى النَّاسِ ظَهْرَهُ، وَقَلَبَ -أَوْ حَوَّلَ- رِدَاءَهُ وَهُوَ رَافِعٌ يَدَيْهِ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ، وَنَزَلَ فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ، فَأَنْشَأَ اللهُ سَحَابَةً، فَرَعَدَتْ وَبَرَقَتْ، ثُمَّ أَمْطَرَتْ بِإِذْنِ اللهِ، فَلَمْ يَأْتِ مَسْجِدَهُ حَتَّى سَالَتِ السُّيُولُ، فَلَمَّا رَأَى سُرْعَتَهُمْ إِلَى الكِنِّ؛ ضَحِكَ ﷺ حَتَّى بَدَتْ نَوَاجِذُهُ، فَقَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ اللهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، وَأَنِّي عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ».

أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ[1].

واتە: لە عائیشەوە رضي الله عنها دەڵێت: " خەڵکی سکاڵای نەبوون و نەبارینی بارانیان هێنایە لای پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەویش فەرمانی کرد کە مینبەرەکەی بهێنن و لە نوێژگە بۆی دانرا، و بەڵێنی بەخەڵکی دا کە رۆژێك تیێدا دەربچن بۆ نوێژگەکە. عائیشە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك بەشی سەرەوەی بازنەی خۆر دەرکەوت ئەویش دەرچوو بۆ نوێژگەکە و چووە سەر مینبەرەکە و شوکر و سوپاسی خوای کردو پاشان فەرموی: " **ئەی خەڵکینە ئێوە سکاڵای وشکی  ماڵ و زەوی وزار و نەبارینی بارانتان لەکاتی خۆیدا کرد، وە خوای گەورەش فەرمانی پێتان کردووە کە داوای لێ بکەن و لێی بپاڕێنەوە و ئەویش بەڵێنی پێداون کە وەڵامتان بداتەوە، پاشان فەرمووی: سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان، ئەو**

---

(1) **حديث حسن**: أخرجه أبو داود في كتاب الصلاة، باب رفع اليدين في الاستسقاء، حديث رقم (١١٧٣)، واللفظ له، وأخرجه الحاكم في (المستدرك) (٣٢٨/١)، وابن حبان: (الإحسان) (١٠٩/٧) حديث رقم (٢٨٦٠).

والحديث قال عنه أبو داود عقب إخراجه: (هذا حديث غريب إسناده جيد)، والحديث حسنه العلامة الألباني في (إرواء الغليل) (١٣٥/٣)، ومُحقق (الإحسان) (١١٠/٧).

**خوایەی کە زۆر بەبەزەیی و میهرەبانە، و خاوەنی ڕۆژی پاداشتە، هیچ خوایەك نیە شایستەی پەرستن بێت جگە لەو نەبێت و هەرچیەکی بوێت بەویستی خۆی ئەنجامی دەدات، پەروەردگارا هەرتۆ خوای حەق و ڕاستیت وهیچ خوایەك نیە شیاوی پەرستن بێت جگە لەتۆ، تۆ دەوڵەمەند و بێ پێویستیت و ئێمە هەژارین، بارانی ڕەحمەتمان بۆ بباریێنە، و بیکە بە هۆی هێز و مانەوەمان هەتا کاتی دیاری کراو**، پاشان دەستەکانی بەرزکردەوە و بەردەوام بوو هەتا سپیایی بنباڵی دەرکەوت، پاشان پشتی کردە خەڵکی و جلوبەرگی سەرەوەی هەڵاودیو کرد و دەستی بەرزکردەوەو پاشان ڕووی کردە خەڵکی و لەسەر مینبەرەکە دابەزی و دوو رکعات نوێژی کرد، جا خوای گەورە هەورێکی هێناو دەستی کرد بە بروسکە و گرمەگرم و پاشان بە ئیزنی خوا باران بارین دەستی پێکرد، نەگەیشتە مزگەوتەکەی هەتا ئاو بەرز بوویەوە لەهەموو لایەکەوە، جا کەبینی ئەو خەڵکە چەند بەپەلە و خێرا دەڕۆن بەرەو پەناگەیەك تاوەکو تەڕنەبن، ئەوەبوو ئەوەندە پێکەنی ﷺ هەتا ددانەکانی پاشەوەی دەرکەوتن، و فەرمووی: " أَشْهَدُ أَنَّ اللهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، وَأَنِّي عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ ".

وە لەم گێڕانەوەیەدا هیچ بەڵگەیەکی تێدا نیە لەسەر دیاری کردنی کاتەکەی[١]، هەرچەندە زۆربەی ئەحکامەکانی وەکو جەژن وەهایە، بەڵام لەوەدا جیاوازە کە ئەم نوێژە تایبەت نیە بە ڕۆژێکی دیاری کراوەوە.[٢]

---

([١]) لە کتێبی (فتح الباري) (٤٩٩/٢) دا دەڵێت: " راجح ئەوەیە کە کاتێکی دیاری کراوی نیە".

([٢]) (فتح الباري) (٤٤٩/٢)، هەروەها دەڵێت: " ئایا ئەم نوێژە بەشەو دەکرێت؟ هەندێ لەزانایان وای بۆ چوون لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەدەنگی بەرز قورئانی تێدا خوێندووە کەواتە بەڕۆژ دەکرێت وەکو نوێژی جەژن, وە ئەگەرنا ئەگەر بەشەو بکرایە ئەوا بەدەنگی نزم قورئانەکەی دەخوێند لە ڕۆژدا, و بەشەو دەنگی بەرز دەکردەوە وەکو نوێژە سوننەتەکان بەڕەهایی. وە پێشەوا ابن قدامە ئیجماعی نەقڵ کردووە لەسەر ئەوەی کە ئەم نوێژە لەکاتی نەهیدا ناکرێت, وە هەروەها پێشەوا ابن حبان باسی ئەوە دەکات کە دەرچوونی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ نوێژگە و ئەنجامدانی نوێژەبارانە لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی شەشی کۆچیدا بووە". =

= دەڵێم: پێشەوا ابن قدامە لە کتێبی (المغني) (٤٣٢/٢) دا دەڵێت: " نوێژەبارانە کاتێکی دیاری کراوی نیە, تەنها ئەوەندە هەیە کەلەکاتی نەهیدا ناکرێت بەبێ ڕاجیاوازی, چونکە کاتەکەی بەرفراوانە و پێویست بەوە ناکات لەکاتی نەهیدا بکرێت, وە باشتر وایە لەو کاتەدا بکرێت کە نوێژی جەژنی تێدا دەکرێت, لەبەر ریوایەتەکەی عائیشە کە دەڵێت: ( پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچوو بۆ نوێژەبارانە کاتێك کە بەشی سەرەوەی بازنەی خۆر وەدەرکەوت) رواه أبو داود، لەبەر ئەوەی ئەم نوێژە لە نوێژی جەژن دەچێت و وەکو ئەو وەهایە لە ڕووی شوێن وشێوازەوە,

## باسی دووەم: نوێژەبارانە بانـگ و قــامـەتی نــیە:

بانگ و قامەت بۆ ئەنجامدانی نوێژەبارانە ڕەوا نەدراوە لەشەرعدا، تەنها ئەوەندەیە کە ئیمام یان جێگرەکەی بەڵێنی دیاری کردنی ڕۆژێك دەدەنە خەڵکی و تێیدا دەردەچن و لەگەڵیاندا دەبێت بۆ ئەنجامدانی نوێژەکە.

بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرموودەکەی پێشووی عائیشەیە کە ئاماژەی بۆکرا، أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ[١].

پێشەوا ابْنُ بَطَّالٍ دەڵێت: " زانایان یەکدەنگ لەسەر ئەوەی کە

بەهەمان شێوە کاتەکەشی. (إلا) لە چاپێکی تری کتێبی المغنیدا هاتووە (لان وقتها) وە دوور نیە ئەوەی سابتمان کردووە ڕێك و دروست بێت بۆ ئەوەی گوزارشتەکە ڕێك ببێتەوە والله أعلم. وە کاتەکەی بەلاربوونەوەی خۆر کۆتایی نایەت لەبەر ئەوەی ڕۆژێکی دیاری کراوی نیە هەربۆیە کاتێکی دیاری کراویشی بۆ نیە. وە پێشەوا ابن عبدالبر دەڵێـت: کاتەکەی بریتیە لە دەرچوون بۆ نوێژگە لەکاتی لاربوونەوەی خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان لای کۆمەڵێك لە زانایان, تەنها أبابکر بن حزم نەبێت, ئەمەش بە ئارەزومەندانەیە نەوەك وەکو دیاری کردنی کاتێك بۆی ".

(١) حديث حسن. سبق تخريجه قريبًا.

نوێژەبارانە بانگ و قامەتی نیە "[1].

**پێشەوا (ابْنُ قُدَامَة) دەڵێت:** " لەڕووی شەرعەوە ڕەوا نەدراوە كە بانگ و قامەت بۆ نوێژەبارانە بكرێت و هیچ ڕاجیاوازیەكیش لەوەدا نازانین هەبێت " [2].

وە ئەمەش سابت بووە لە كرداری هاوەڵانەوە.

**لە پێشەوا (أَبِي إِسْحَاقٍ) ەوە:** " عبداللە ی كوڕی زەیدی ئەنصاری دەرچوو بۆ نوێژە بارانە و لەگەڵیدا هەریەك لە بەڕائی كوڕی عازب و زەیدی كوڕی ئەرقەم ﵄ یش دەرچوون، ئەوەبوو پاڕایەوە و داوای بارانی كرد، و لەسەر پێی خۆی وەستا بەبێ مینبەر و داوای لێخۆشبوونی كرد و پاشان دوو ركعات نوێژی كرد و دەنگی بەرزكردەوە لە قورئان خوێندنەكەیدا و بانگ و قامەت نەكرا بۆ نوێژەكە ".

**پێشەوا (أَبُو إِسْحَاقٍ) دەڵێت:** " عبداللە ی كوڕی زەید پێغەمبەری

---

(١) نقله فِي (فتح الباري) (٢/٥١٤). وانظر: (موسوعة الإجماع) (١/٦٥٣).

(٢) (المغني) (٢/٤٣٢).

خوای ﷺ بینیوه "أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ[1].

## باسی سێ یەم: نوێژەبارانە وەكو نوێژی جەژن وەهایە:

نوێژە بارانە بەهەمان شێوازی نوێژی جەژن دەكرێت، كە لەركعاتی یەكەمدا حەوت ألله أكبر و لە ركعاتی دووەمدا پێنج (الله أكبر) دەكرێت جگە لە دوو (الله أكبر)ی ركوع، وە تەكبیرەكانیش پێش قورئان خوێندنەكە دەكرێن و قورئان بەدەنگی بەرز دەخوێنرێت تێیدا وەكو نوێژی جەژن.

### بەڵگەش لەسەر ئەمە:

ئەوەیە كە لە إسحاقی كوڕی عبدالله ی كوڕی كینانەوە هاتووە، دەڵێت: وەلیدی كوڕی عوتبە كە ئەوكات میری مەدینەبوو منی نارد بۆ لای ابن عباس بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بكەم سەبارەت بە چۆنێتی ئەنجامدانی نوێژەبارانەی پێغەمبەری خوا ﷺ ؟ ئەویش وتی: "

---

([1]) **إسناده صحيح**: أخرجه البخاري فِي كتاب الاستسقاء، باب الدعاء فِي الاستسقاء قائمًا، تحت رقم (١٠٢٢).

**پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچوو بۆ نوێژگە کە کەلوپەلێکی شڕوکۆنی لەبەرکرد و بەشێوەی خۆبەکەمزان و بەزمانی پاڕانەوەوە، هەتا گەیشتە نوێژگەکە و سەرکەوت بۆ سەر مینبەرەکە و ئەم وتارەی ئێوەی نەدا بەڵام بەردەوام لە وتنی دوعاو زیکر و الله اکبردا بوو پاشان دوو رکعات نوێژی کرد وەکو نوێژی جەژن".** أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ(١).

## * ( ٣-١٥-٤ ) نوێژەبارانە لە نوێژگە ( مصلى ) دا دەکرێت:

**سوننەت وەهایە کە نوێژەبارانە لە نوێژگەدا ئەنجام بدرێت، وەکو فەرموودەکانی پێشو بەڵگەبوون لەسەری، تەنها خەڵکی مەککە نەبێت**

---

(١) **حديث حسن**: أخرجه أحمد فِي (المسند) (١/٢٣٠ و٢٦٩ و٣٥٥)، وأبو داود فِي كتاب الصلاة، جماع أبواب صلاة الاستسقاء وتفريعها، حديث رقم (١١٦٥) واللفظ له، وأخرجه الترمذي فِي كتاب الصلاة، باب ما جاء فِي صلاة الاستسقاء، حديث رقم (٥٥٨)، وأخرجه النسائي فِي كتاب الاستسقاء، باب الحال الَّتِي يستحب للإمام أن يكون عليها إذا خرج (٣/١٥٦)، وابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها، باب ما جاء فِي صلاة الاستسقاء، حديث رقم (١٢٦٦)، وأخرجه ابن خزيمة تحت رقم (١٤٠٨)، وابن حبان (٧/١١٢) حديث رقم (٢٨٦٢-الإحسان).

والحديث حسنه الألباني فِي (إرواء الغليل) (٣/١٣٣)، وحسنه مُحقق (جامع الأصول) (٦/١٩٢)، ومُحقق (الإحسان) (٧/١١٢)، وقال الترمذي عقب إخراجه: (هذا حديث حسن صحيح) اهـ

کە لە مزگەوتی حەرام نوێژەکە دەکەن و لێی دەرناچن بۆ نوێژگە، بەم شێوەیە سەلەف کاریان کردووە -رِضْوَانُ اللهِ عَلَيْهِمْ-[1].

**وە لەو دەقانەی کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە نوێژەبارانە لە نوێژگەدا دەکرێت:**

أ- فەرموودەکەی عائیشەی پێشوو کەباسکرا «شَكَا النَّاسُ إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ قُحُوطَ المَطَرِ، فَأَمَرَ بِمِنْبَرٍ، فَوُضِعَ لَهُ فِي المُصَلَّى، وَوَعَدَ النَّاسَ يَوْمًا يَخْرُجُونَ فِيهِ ...». أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ[2].

ب- ئەوەی هاتبوو لە فەرموودەکەی ابن عباسەوە کە پێشتر ئاماژەی بۆکرا: «خَرَجَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مُتَبَذِّلًا مُتَوَاضِعًا مُتَضَرِّعًا، حَتَّى أَتَى المُصَلَّى،

---

(1) **پێشەوا الشافعی** دەقی لەسەر ئەمە هەیە لە کتێبی (الام) دا (٢٣٤/١) ئەمە دەقەکەیەتی: "... تەنا ئەهلی مەککە نەبێت, چونکە لە هیچ یەکێك لەسەلەفەوە پێمان نەگەیشتووە کە نوێژی جەژنی پێیان کردبێت مەگەر لە مزگەوتەکەی خۆیان نەبێت .... وە نەمانزانیوە کە نوێژی جەژن و نوێژەبارانەیان کردبێت مەگەر لە مزگەوتی حرامدا نەبێت".

(2) **حديث حسن**: سبق تخريجه.

فَرَقِيَ عَلَى المِنْبَرِ ...». أَخْرَجَهُ أَصْحَابُ السُّنَنِ[١].

ج- ئەوەی هاتبوو لە فەرموودەکەی عبداللە ی کوڕی زەیدەوە: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ خَرَجَ إِلَى المُصَلَّي يُصَلِّي ...» أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[٢].

## * (٤-١٥-٤) چۆنێتی دەرچوون بۆ نوێژگە و دوعا و وتار لە پێش کردنی نوێژەبارانە:

سوننەت وەهایە لەکاتی دەرچوون بۆ نوێژگە کەلوپەلێك لەبەربکرێت کە جوانی و ڕازاوەیی و کەشخەیی پێوە دیار نەبێت و خۆبەکەم بزانرێت و خاکی بێت و زمانی لەدوعا وپاڕانەوەدا بێت و دەرخەری هەژاری و نەداری بێت، و داوا لە خوای گەورە بکات و داوای باران بکات و اللە اکبر بکات و سوپاسی خوا بکات.

وە ئیمام دەستەکانی بەرزبکاتەوەو خەڵکیش هەموو دەستیان بەرزبکەنەوە و داوا بکەن.

---

(١) **حديث حسن**: سبق تخريجه.

(٢) **حديث صحيح**: سبق تخريجه.

وە دروستە بۆ ئیمام کە دەستی زۆر بەرزبکاتەوە لە نوێژەبارانەدا هەتا دەرکەوتنی سپیایی بن باڵی.

وەکو چۆن دروستە بۆ ئیمام کاتێك دەردەچێت بۆ نوێژگە کە قسە بۆ خەڵکی بکات و باسی پێویستیان بۆ باران بۆ بکات و رێنماییان بکات بۆ دوعا وپاڕانەوە و دوعابکات ڕوو لە قیبلە بکات.

**وە وتاردان دروست نیە مەگەر بەو شێوازەی کەباس کرا:**

**بەڵگەش لەسەر ئەمە:**

**أ- ئەوەی هاتبوو لە فەرموودەکەی ابن عباس کە پێشتر باسی لێوە کرا: «خَرَجَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مُتَبَذِّلًا مُتَوَاضِعًا مُتَضَرِّعًا، حَتَّى أَتَى الْمُصَلَّى، فَرَقِيَ عَلَى الْمِنْبَرِ، وَلَمْ يَخْطِبْ خُطَبَكُمْ هَذِهِ، وَلَكِنْ لَمْ يَزَلْ فِي الدُّعَاءِ وَالتَّضَرُّعِ وَالتَّكْبِيرِ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ...».** أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ[1].

**ب- ئەوەی هاتبوو لە فەرموودەکەی عائیشەوە کە ووتی: «خَرَجَ**

---

(1) **حديث حسن:** سبق تخريجه.

رَسُولُ اللهِ ﷺ حِينَ بَدَا حَاجِبُ الشَّمْسِ، فَقَعَدَ عَلَى المِنْبَرِ، فَكَبَّرَ ﷺ، وَحَمِدَ اللهَ ، ثُمَّ قَالَ: إِنَّكُمْ شَكَوْتُمْ جَدْبَ دِيَارِكُمْ، وَاسْتِئْخَارَ المَطَرِ عَنْ إِبَّانِ زَمَانِهِ عَنْكُمْ، وَقَدْ أَمَرَكُمُ اللهُ أَنْ تَدْعُوهُ، وَوَعَدَكُمْ أَنْ يَسْتَجِيبَ لَكُمْ- ثُمَّ قَالَ:- الحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالَمِينَ، الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ، اللَّهُمَّ أَنْتَ اللهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ الغَنِيُّ وَنَحْنُ الفُقَرَاءُ، أَنْزِلْ عَلَيْنَا الغَيْثَ، وَاجْعَلْ مَا أَنْزَلْتَ لَنَا قُوَّةً وَبَلَاغًا إِلَى حِينٍ. ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ، فَلَمْ يَزَلْ فِي الرَّفْعِ حَتَّى بَدَا بَيَاضُ إِبِطَيْهِ، ثُمَّ حَوَّلَ إِلَى النَّاسِ ظَهْرَهُ ...». أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ(١).

ج- له عبدالله ی كوڕی زەیدی ئەنصاریەوە، دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵكی دەركرد بۆ ئەوەی نوێژە بارانەیان بۆ بكات، هەستا و بەپێوە داوای لەخوا كرد و پاشان ڕووی كردە قیبلە و جلوبەرگەكەی هەڵاودیو كرد و داوایان كرد". رَوَاهُ الشَّيْخَانِ(٢).

---

(١) **حديث حسن**. سبق تخريجه.

(٢) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب الاستسقاء، باب الدعاء فِي الاستسقاء قائمًا، حديث رقم (١٠٢٢)، وفِي باب استقبال القبلة فِي الاستسقاء حديث (١٠٢٨) واللفظ له، وأخرجه مسلم فِي كتاب صلاة الاستسقاء، حديث رقم (٨٩٤). وانظر: (جامع الأصول)

د- لە ئەنەسەوە، دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ لە هیچ کام لە دوعاکانیدا دەستی بەرز نەدەکردەوە تەنها لە نوێژەبارانەدا نەبێت، کەبەشێوەیەك دەستەکانی بەرز دەکردەوە سپیایی بن باڵی بەدەردەکەوت". أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ[1].

هـ- وە پێشەوا بوخاری بابێکی داناوە لە ژێر ناوی: «بَابُ رَفْعِ النَّاسِ أَيْدِيهِمْ مَعَ الإِمَامِ فِي الاسْتِسْقَاءِ»، وە لێدوانێکیشی لە ئەنەسەوە هێناوە کە دەڵێت: " پیاوێکی دەشتەکی گوندنشین لە رۆژی هەینیدا هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! مەڕومالات لەناوچوون، ماڵ و منداڵ لەناوچوون، خەڵکی لەناوچوو. ئەوەبوو پێغەمبەری خوایش ﷺ هەردوو دەستەکانی بەرز کردەوەو داوای کرد و

---

(١٩٣/٦).

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب الاستسقاء، باب رفع الإمام يده فِي الاستسقاء، حديث رقم (١٠٣١)، ومسلم فِي كتاب صلاة الاستسقاء، باب رفع اليدين بالدعاء فِي الاستسقاء، حديث رقم (٨٩٥). وانظر: (جامع الأصول) (٢٠٧/٦).

خەڵکیش دەستیان بەرزکردەوە و داوایان کرد..".[١]

* (٥-١٥-٤) مەشروعیەتی هەڵاودیوکردنی جلوبەرگی ئیمام لەکاتی دوعاکردندا:

رێگەدراوە بە ئیمام بە هەڵاودیوکردنی کەلوپەلەکەی بەری لەکاتی دوعاکردنیدا بۆ باران بەڵام بۆ خەڵکی رێگەنەدراوە لەگەڵیدا.

أ- ئەوەی رابورد لەفەرموودەکەی عائیشە سەبارەت بەدەرچوون و نوێژەبارانەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ خەڵکی، کە ووتی: «... ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ، فَلَمْ يَزَلْ فِي الرَّفْعِ حَتَّى بَدَا بَيَاضُ إِبِطَيْهِ، ثُمَّ حَوَّلَ إِلَى النَّاسِ ظَهْرَهُ، وَقَلَبَ – أَوْ: حَوَّلَ– رِدَاءَهُ وَهُوَ رَافِعٌ يَدَيْهِ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ، وَنَزَلَ فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ...»[٢].

---

(١) كتاب الاستسقاء، باب رفع الناس أيديهم مع الإمام في الاستسقاء، حديث رقم (١٠٢٩). (فتح الباري) (٢/٥١٦).

(٢) **حديث حسن**. سبق تخريجه.

ب- ئەوەی هاتووە لە ریوایەتێکدا لای أبی داود لە فەرموودەکەی عبدالله ی کوڕی زەیدی مازنیەوە کە دەڵێت: «خَرَجَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَسْتَسْقِي، فَحَوَّلَ إِلَى النَّاسِ ظَهْرَهُ؛ يَدْعُو اللهَ ، وَاسْتَقْبَلَ القِبْلَةَ، وَحَوَّلَ رِدَاءَهُ».

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچوو بۆ ئەنجامدانی نوێژەبارانە بەخەڵکی، پشتی کردە خەڵکی و داوای لە خوا کرد و ڕووی کردە قیبلە و جلوبەرگەکەی هەڵاودیو کرد.

لەریوایەتێکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: «وَحَوَّلَ رِدَاءَهُ، فَجَعَلَ عِطَافَهُ الأَيْمَنَ عَلَى عَاتِقِهِ الأَيْسَرِ، وَجَعَلَ عِطَافَهُ الأَيْسَرَ عَلَى عَاتِقِهِ الأَيْمَنِ، ثُمَّ دَعَا اللهَ».

واتە: جلوبەرگەکەی هەڵاودیو کرد، بەشێوەیەك کە لاشانی ڕاستی کردە لای چەپی و لاشانی چەپی کردە لای ڕاستی وپاشان داوای لە خواکرد.

لەریوایەتێکی تردا بەم شێوەیەش هاتووە: «اسْتَسْقَى رَسُولُ اللهِ ﷺ وَعَلَيْهِ خَمِيصَةٌ سَوْدَاءُ، فَأَرَادَ رَسُولُ اللهِ ﷺ أَنْ يَأْخُذَ بِأَسْفَلِهَا فَيَجْعَلُهُ أَعْلَاهَا،

**فَلَمَّا ثَقُلَتْ؛ قَلَبَهَا عَلَى عَاتِقِهِ».** أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانُ، وَاللَّفْظُ لِأَبِي دَاوُدَ[١].

**واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژەبارانەی کرد و کەلوپەلێکی ڕەشی لەبەردابوو، جا ویستی سەرەوخوار بیکاتە بەری ، بەڵام کە قورس بوو، ئیتر هەڵاودیوی کردە سەرشانی.**

**ج- هیچ هەواڵێکی صحیح نەهاتووە کە بەڵگەی ئەوەبێت خەڵکیش لەگەڵ ئیمامدا جلوبەرگیان هەڵاودیو کردبێت.**[٢]

---

(١) **حديث صحيح**: سبق تخريجه عند الشيخين، والروايات هنا فِي (سنن أَبِي داود) كتاب الصلاة، جماع أبواب صلاة الاستسقاء وتفريعها، حديث رقم (١١٦٢-١١٦٤).

والحديث عند أَبِي داود، صححه الألباني فِي (صحيح سنن أَبِي داود) (١/٢١٥).

(٢) انظر: (تمام المنة) (ص٢٦٤).

# ( ١٦ - ٤ ) نـــوێـــژی جەنـــازە [١]

*** * ئەم بەشە ئەم باسانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:**

- **یەکەم:** حوکمی نوێژی جەنازە و فەزڵەکەی.

- **دووەم:** بەکۆمەڵ ئەنجامدانی نوێژی جەنازە.

- **سێیەم:** شوێنی وەستانی ئیمام..

- **چوارەم:** شێوازی ئەنجام دانی نوێژەکە.

---

(١) بەشێوەیەکی گشی ئەوەی لەم بەشەدایە وەرم گرتووە لە کتێبی (أحكام الجنائز وبدعها) ی پێشەوا ئەلبانی, جا ئەوەی زیاتری دەوێت ئەوا با بگەڕێتەوە بۆی.

* ( ١-١٦-٤ ) **حوکمی نوێژی جەنازە وفەزڵەکەی:**

**ئەنجامدانی نوێژی جەنازە لەسەر مردووی موسڵمان فەرزی کیفایەیە، لەبەر فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ بەکردنی، لەوانە:**

**عنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الجُهَنِيِّ؛ قَالَ: إِنَّ رَجُلًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ تُوُفِّيَ يَوْمَ خَيْبَرَ، فَذَكَرُوا ذَلِكَ لِرَسُولِ اللهِ ﷺ فَقَالَ: «صَلُّوا عَلَى صَاحِبِكُمْ. فَتَغَيَّرَتْ وُجُوهُ النَّاسِ لِذَلِكَ، فَقَالَ: إِنَّ صَاحِبَكُمْ غَلَّ فِي سَبِيلِ اللهِ». فَفَتَّشْنَا مَتَاعَهُ، فَوَجَدْنَا خَرَزًا مِنْ خَرْزِ يَهُودٍ لَا يُسَاوِي دِرْهَمَيْنِ.** أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ وَالنَّسَائِيُّ[1].

**واتە: لە زەیدی کوڕی خالدی جوهەنیەوە، دەڵێت: پیاوێك لەهاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژی خەیبەردا وەفاتی کرد و بۆ پێغەمبەری**

---

(1) **حديث صحيح:** أخرجه أحمد في (المسند) (٤/١١٤، ٥/١٩٢)، وأبو داود في كتاب الجهاد، باب في تعظيم الغلول، حديث رقم (٢٧١٠) واللفظ له، والنسائي في كتاب الجنائز، باب الصلاة على من غل (٤/٦٤)، وابن ماجه في كتاب الجهاد، باب الغلول، حديث رقم (٢٨٤٨).

والحديث صحح إسناده عند ابن ماجه محقق (جامع الأصول) (٢/٧٢١)، وصححه الألباني في (أحكام الجنائز) (ص٧٩).

خوایان گێڕایەوە و ئەویش فەرمووی: " **ئێوە لەسەر هاوەڵەکەتان نوێژ بکەن** " دەموچاوی خەڵکی گۆڕا بەهۆی ئەو قسەیەی پێغەمبەری خواوە، ئەویش فەرمووی: " **هاوەڵەکەتان لەکاتی جیهاد کردندا دزی لە غەنیمەکە کردووە پێش ئەوەی دابەش بکرێ**" ئەوەبوو کەلوپەلەکانی گەڕاین، ملوانکەیەك لە ملوانکەکانی یەهودمان بینیەوە کە بەهای دوو درهەم نەبوو.

ڕووی هەڵهێنجانی بەڵگە لەم فەرموودەیەوە ئەوەیە کە : ئەگەر نوێژی جەنازە فەرزی عەین بوایە (واجب بوایە لەسەر تاك تاکی موسڵمانان) ئەوا بێگومان پێغەمبەری خوا ﷺ خۆیشی نوێژی لەسەر دەکرد و هەربەوەندە کیفایەتی نەدەکرد کە بیفەرموویایە: «صَلُّوا عَلَى صَاحِبِكُمْ».

**بەڵام سەبارەت بە فەزڵی نوێژی جەنازە، ئەوا ئەمەی خوارەوە بەڵگەیە لەسەری:**

عَنْ عَامِرِ بْنِ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ؛ أَنَّهُ كَانَ قَاعِدًا عِنْدَ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ؛

إِذْ طَلَعَ خَبَّابٌ صَاحِبُ المَقْصُورَةِ، فَقَالَ: «يَا عَبْدَ اللهِ بْنَ عُمَرَ! أَلَا تَسْمَعُ مَا يَقُولُ أَبُو هُرَيْرَةَ؟ إِنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: مَنْ خَرَجَ مَعَ جَنَازَةٍ مِنْ بَيْتِهَا، وَصَلَّى عَلَيْهَا، ثُمَّ تَبِعَهَا حَتَّى تُدْفَنَ؛ كَانَ لَهُ قِيرَاطَانِ مِنْ أَجْرٍ، كُلُّ قِيرَاطٍ مِثْلُ أُحُدٍ، وَمَنْ صَلَّى عَلَيْهَا، ثُمَّ رَجَعَ؛ كَانَ لَهُ مِنَ الأَجْرِ مِثْلَ أُحُدٍ. فَأَرْسَلَ ابْنُ عُمَرَ خَبَّابًا إِلَى عَائِشَةَ يَسْأَلُهَا عَنْ قَوْلِ أَبِي هُرَيْرَةَ ثُمَّ يَرْجِعُ إِلَيْهِ فَيُخْبِرُهُ مَا قَالَتْ، وَأَخَذَ ابْنُ عُمَرَ قَبْضَةً مِنْ حَصْبَاءِ المَسْجِدِ يُقَلِّبُهَا فِي يَدِهِ، حَتَّى رَجَعَ إِلَيْهِ الرَّسُولُ، فَقَالَ: قَالَتْ عَائِشَةُ: صَدَقَ أَبُو هُرَيْرَةَ. فَضَرَبَ ابْنُ عُمَرَ بِالحَصَى الَّذِي كَانَ فِي يَدِهِ الأَرْضَ، ثُمَّ قَالَ: لَقَدْ فَرَّطْنَا فِي قَرَارِيطَ كَثِيرَةٍ».

أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ(١).

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب الجنائز، باب من انتظر حَتَّى تدفن، حديث رقم (١٣٢٥)، وأخرجه مسلم فِي كتاب الجنائز، باب فضل الصلاة على الجنازة واتباعها، حديث رقم (٩٤٥) واللفظ له. وانظر: (أحكام الجنائز وبدعها) (ص٦٧-٦٨).

**فائدة:** قال ابن حجر فِي (فتح الباري) (١٩٧/٣) فِي كلامه على فقه الحديث السابق: (ومقتضاه أن القيراط يختص بمن حضر من أول الأمر إِلَى انقضاء الصلاة، وبذلك صرح المحب الطبري وغيره، والذي يظهر لي أن القيراط يحصل أيضًا لمن صلى فقط؛ لأن كل ما قبل الصلاة وسيلة إليها، لكن يكون قيراط من صلى فقط دون قيراط من شيع مثلًا وصلى، ورواية مسلم من طريق أَبِي صالح عن أَبِي هريرة بلفظ:

واتە: لە عامری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصەوە، دانیشتبوو لای عبداللە ی کوڕی عومەر، کە خەبابی خاوەنی مەقصورە دەرکەوت، ووتی: " ئەی عبداللە ی کوڕی عومەر! ئایا ئەوەی ئەبو هورەیرە دەیڵێت نەتبیستووە؟ ئەو بیستوویەتی کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **ئەوەی دەربچێت لەگەڵ جەنازەیەکدا لەماڵەکەیدا، و نوێژی لەسەر بکات و پاشان شوێنی بکەوێت هەتا لەگۆڕ دەنرێت و دەنێژرێت، دوو قیرات پاداشتی بۆ هەیە، و هەر قیراتێکیش بەئەندازەی کێوی ئوحود دەبێت، وە ئەوەی نوێژی لەسەر بکات و پاشان بگەڕێتەوە، ئەوا بەئەندازەی کێوی ئوحود پاداشتی بۆ هەیە".** جا ابن عومەر خەبابی نارد بۆ لای عائیشە بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکات سەبارەت بە قسەکەی ابو هورەیرە، و دواتر بگەڕێتەوە بۆلای خۆی و ئەوەی عائیشە پێی ووتوە بە ئەمیش ڕابگەیەنێت،

---

(أصغرهما مثل أحد). تدل على أن القراريط تتفاوت، ووقع أيضًا فِي رواية أَبِي صالح المذكورة عند مسلم: (من صلى على جنازة ولَمْ يتبعها؛ فله قيراط). وفِي رواية نافع بن جبير عن أَبِي هريرة عند أحمد: (ومن صلى ولَمْ يتبع؛ فله قيراط). فدل على أن الصلاة تحصل القيراط وإن لَمْ يقع اتباع، ويمكن أن يحمل الاتباع هنا على ما بعد الصلاة) اهـ

جا لەوکاتی چاوەڕوانیەدا ابن عومەر لە مزگەوتدا کۆمەڵە بەردێکی لەناودەستدا بوو ئەم دیو ئەودیوی پێدەکرد هەتا نێردراوەکەی گەڕایەوە بۆ لای ، کە هاتەوە پێی ووت : عائیشە دەڵێت: ابو هورەیرە ڕاست دەڵێت، ابن عومەریش بەردەکانی کێشا بە زەویدا و ووتی:بەڕاستی قیراتی زۆرمان لەدەست چووە و کەمتەرخەمیمان کردووە.

## * (٢-١٦-٤) بە کۆمەڵ ئەنجامدانی نوێژی جەنازە:

بەکۆمەڵ ئەنجامدانی نوێژی جەنازە واجبە،[١] لەبەر ئەنجامدانی ئەو نوێژی لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ بەبەردەوامی بە شێوەی کۆمەڵ، وە هەروەها لەبەر گشتێتی فەرمودەی: «صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي». أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ[٢].واتە: نوێژ بکەن بەو شێوازەی کە من ئەبینن نوێژ ئەکەم.

وە سوننەتە ژمارەی نوێژخوێنان چل کەس بن، لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە هاتووە لە کورەیبی مەولای ابن عباسەوە، لە عبداللە ی

---

(١) (أحكام الجنائز وبدعها) (ص٩٧).

(٢) **حديث صحيح عن مالك بن الحويرث**: وهو جزء من حديث أخرجه البخاري في مواضع منها في كتاب الأذان، باب الأذان للمسافرين إذا كانوا جماعة والإقامة، وكذلك بعرفة وجمع،حديث رقم (٦٣١).

کوڕی عەباسەوە کە کوڕێکی دەمرێت لە قەدید یان عەسفان، ئەویش وتی: ئەی کورەیب ! تەماشاکە بزانە چەند کەس کۆبوونەتەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەنازەکە، دەڵێت: منیش ڕۆیشتم و بینیم کەوا کۆمەڵێك لە خەڵکی بۆی کۆبوونەتەوە و هەواڵم پێی دا، دەڵێ: ابن عباس وتی: ژمارەیان چل کەس دەبن؟ وتم: بەڵێ، ئەویش وتی: دەی جەنازەکە دەربکەن، چونکە من لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە کە فەرموویەتی: «مَا مِنْ رَجُلٍ مُسْلِمٍ يَمُوتُ، فَيَقُومُ عَلَى جَنَازَتِهِ أَرْبَعُونَ رَجُلًا، لَا يُشْرِكُونَ بِاللَّهِ شَيْئًا؛ إِلَّا شَفَّعَهُمُ اللَّهُ فِيهِ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[1].واتە: هەر کەسێکی موسڵمان بمرێت و چل کەسی یەکخواپەرستی هاوبەش بڕیارنەدەر لەسەر جەنازەکەی کۆببنەوە و نوێژ بکەن، ئیلا خوای گەورە شەفاعەتیان وەردەگرێت.

جا ئەگەر ژمارەیان سەد موسڵمان بوو، ئەوا خوای گەورە شەفاعەتیان بۆی وەردەگرێت، لەبەر ئەو فەرموودەیەی کەلە عائیشەوە هاتووە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مَا مِنْ مَيِّتٍ يُصَلِّي

---

(1) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب الجنائز، باب من صلى عليه أربعون شفعوا فيه، حديث رقم (٩٤٨).

عَلَيْهِ أُمَّةٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ يَبْلُغُونَ مِائَةً، كُلُّهُمْ يَشْفَعُونَ لَهُ إِلَّا شُفِّعُوا فِيهِ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[١].

واتە: هەر موسڵمانێك بمرێت و کۆمەڵێك لە موسڵمانان نوێژی لەسەر بکەن کە ژمارەیان بگاتە سەد کەس و هەموویان داوای شەفاعەتی بۆ بکەن ئەوا خوای گەورە شەفاعەتیان لێ قبوڵ دەکات.

وە سوننەتە بە سێ ڕیز بووەستن، لەبەر فەرموودەی مالکی کوڕی هوبەیرە کە دەڵێت: بیستم پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «مَا مِن مُسْلِمٍ يَمُوتُ، فَيُصَلِّي عَلَيْهِ ثَلَاثَةُ صُفُوفٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ إِلَّا أَوْجَبَ». فَكَانَ مَالِكٌ إِذَا اسْتَقَلَّ أَهْلَ الجَنَازَةِ؛ جَزَّأَهُم ثَلَاثَةَ صُفُوفٍ؛ لِلحَدِيثِ. أَخْرَجَهُ أَبُو دَاود وَالتِّرْمِذِيُّ[٢] واتە: هەر موسڵمانێك بمرێت و سێ ڕیز لە موسڵمانان

---

([١]) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم في كتاب الجنائز، باب من صلى عليه مائة شفعوا فيه، حديث رقم (٩٤٧).

([٢]) **حديث حسن لغيره**: أخرجه أبو داود في كتاب الجنائز، باب في الصفوف على الجنازة، حديث رقم (٣١٦٦) واللفظ له، وأخرجه الترمذي في كتاب الجنائز، باب ما جاء في الصلاة على الجنازة والشفاعة للميت، حديث رقم (١٠٢٨)، وابن ماجه في كتاب الجنائز، باب ما جاء فيمن صلى عليه جماعة من المسلمين، حديث رقم (١٤٩٠)، ومداره على ابن إسحاق، وقد عنعن.

لەسەری نوێژ بکەن ئیلا خوای گەورە بەهەشت یان لێخۆشبوونی خۆی بۆ واجب دەکات.

*** (٣-١٦-٤) شوێنی وەستانی ئیمام:**

ئیمام لە پشتی سەری جەنازەی پیاوەوە و لەناوەڕاستی جەنازەی ئافرەتەوە دەوەستێت.

**بەبەڵگەی ئەمەی خوارەوە:**

لە ئەبی غالبەوە هاتووە کە دەڵێت: " لەگەڵ ئەنەسی کوڕی مالکدا لەسەر جەنازەی پیاوێك نوێژمان کرد، لە دواوە لە ئاستی سەریەوە وەستا، پاشان جەنازەی ئافرەتێکی قورەیشیان هێنا، و وتیان: ئەی ئەبو حەمزە نوێژی لەسەر بکە، ئەویش لەناوەڕاستی جەنازەکەوە وەستا، عەلائی کوڕی زیاد ووتی: ئایا تۆ بەو شێوەیە پێغەمبەری خوات ﷺ بینیوە کە بۆ جەنازەی پیاو لەو شوێنە وەستا و بۆ جەنازەی ئافرەتیش لەو شوێنە وەستا؟

---

والحديث حسنه لغيره الألباني في (أحكام الجنائز وبدعها) (ص٩٩-١٠٠) وذكر له شاهدًا.

**ئەویش ووتی: بەڵێ، جا کاتێك تەواوبوو ووتی: بیزانن و لەبەری بکەن.**[١]

**وە ئەگەر هاتوو تەنها یەك کەس هەبوو لەگەڵ ئیمامدا ئەوا لە شانیەوە ناوەسێ وەکو هەموو نوێژەکانی تر، بەڵکو لە پشت ئیمامەوە دەوەستێت.**

**ئەمەی خوارەوەش بەڵگەیە لەسەری:**

**لە عبداللە ی کوڕی أبی تەڵحەوە هاتووە، کە أبا تەڵحە بانگی پێغەمبەری خوای ﷺ کردووە بۆ سەر جەنازەی عومەیری کوڕی أبی تەڵحە کاتێك وەفاتی کردووە، ئەوەبوو پێغەمبەری خوایش ﷺ هات بۆ لایان و هەر لە ماڵەکەی خۆیاندا نوێژی لەسەر کرد، جا پێغەمبەری خوا ﷺ پێشکەوت بۆ بەرنوێژی و أبو تەڵحەیش لە پشتیەوە وەستا و ئوم**

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه الترمذي فِي كتاب الجنائز، باب ما جاء أين يقوم الإمام من الرُّجل والمرأة، حديث رقم (١٠٣٤) واللفظ له، وأخرجه أبو داود فِي كتاب الجنائز، باب أين يقوم الإمام من الميت إذا صلى عليه، حديث رقم (٣١٩٤)، وأخرجه ابن ماجه فِي كتاب الجنائز، باب ما جاء فِي أين يقوم الإمام إذا صلى على الجنازة، حديث رقم (١٤٩٤).

والحديث حسنه الترمذي فِي (السنن)، وصححه الألبانِي فِي (أحكام الجنائز) (ص١٠٩).

سوله‌یمیش له‌ دوای أبی ته‌ڵحه‌وه‌ وه‌ستا و ئیتر كه‌سی تریان له‌گه‌ڵ نه‌بوو. أَخْرَجَهُ الحَاكِمُ وَالبَيْهَقِيُّ[1].

وه‌ ئه‌گه‌ریش هاتوو كۆمه‌ڵێك جه‌نازه‌ كۆبوونه‌وه‌ له‌ پیاوان و ئافره‌تان، ئه‌وا ته‌نها یه‌ك نوێژ له‌سه‌ریان ده‌كات، وه‌ جه‌نازه‌ی پیاوه‌كان ئه‌گه‌ر منداڵیش بن له‌لایه‌نی ئیمامه‌كه‌وه‌ داده‌نرێن و جه‌نازه‌ی ئافره‌ته‌كانیش له‌لایه‌نی قیبله‌وه‌ داده‌نرێن.

**به‌ڵگه‌ش له‌سه‌ر ئه‌وه‌:**

له‌ نافعه‌وه‌ هاتووه‌: " ابن عومه‌ر نوێژی له‌سه‌ر نـــۆ جه‌نازه‌ كرد پێكه‌وه‌، جه‌نازه‌ی پیاوه‌كانی خسته‌ لای ئیمامه‌وه‌ و جه‌نازه‌ی ئافره‌ته‌كانیشی خسته‌ لای قیبله‌وه‌ و كردنی به‌یه‌ك ریز. وه‌ جه‌نازه‌كه‌ی ئوم كه‌لسومی كچی

---

(1) **حديث صحيح**: أخرجه الحاكم فِي (المستدرك) (١/٣٦٥) واللفظ له، والبيهقي من طريقه فِي (السنن الكبرى) (٤/٣٠-٣١).

وقال الحاكم: (هذا حديث صحيح على شرط الشيخين، وسنة غريبة فِي إباحة صلاة النساء على الجنائز، ولَمْ يخرجاه) اهـ. وتعقبه الألبانِي في (أحكام الجنائز) (ص٩٨) بقوله: (إنَّما هو على شرط مسلم وحده ...).

**عەلی کوڕی ئەبی تالیب کە خێزانی عومەری کوڕی خەتتاب بوو وە کوڕێکیشی کە ناوی زەید بوو پێکەوە دانران، وە ئیمامەکەش ئەو ڕۆژە سەعیدی کوڕی عاص بوو، لەناو خەڵکەکەشدا هەریەك لە ابن عومەر و أبوهورەیرە و ابو سەعید وأبو قەتادە هەبوون، جا کوڕەکە لەلای ئیمامەوە دانرا. پیاوێك وتی: من ئەوەم پێناخۆش بوو، وە سەیری ابن عباس وأبی هورەیرە وأبی سعید وأبی قەتادە کرد و وتم: ئەمە چیە؟ ئەوانیش وتیان: ئەمە سوننەتە"**. أَخْرَجَهُ النَّسَائِيُّ(١).

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه النسائي فِي كتاب الجنائز، باب اجتماع جنائز الرجال والنساء (٤/٧١)، وابن الجارود فِي (المنتقى) تحت رقم (٥٤٥).

والحديث صححه الألبانِي فِي (أحكام الجنائز) (ص١٠٣) وصححه صاحب (غوث المكدود) (٢/١٤٠).

*** ( ٤-١٦-٤ ) چۆنیێتی ئەنجامدانی نوێژی جەنازە:**

*** * ئەم بەشە لەم باسانەی خوارەوە پێك دێت:**

- **یەکەم:** دەستنوێژ بۆ نوێژی جەنازە.

- **دووەم:** شێوازی و ووتنی الله أکبـر تێیدا.

- **سێ یەم:** دەست بەرزکردنەوە لەگەڵ ووتنی یەکەم الله أکبردا ودانانی دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ.

- **چوارەم:** قورئان خوێندنی ناو نوێژی جەنازە.

- **پێنجەم:** ئەوەی دەوترێت لەدوای وتنی الله أکبری دووەم .

- **شەشەم:** ئەوەی دەوترێت لە دوای وتنی الله أکبری سێ یەم.

- **حەوتەم:** سەلامدانەوەی نوێژی جەنازە.

- **باسی یەکەم: دەستنوێژ بۆ نوێژی جەنازە:**

**پاکێتی و دەستنوێژ مەرجە بۆ نوێژی جەنازە.**

**لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت: «لَا تُقْبَلُ صَلَاةُ مَنْ أَحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَّأَ».** مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ[1]. **واتە: نوێژی هیچ کەسێك وەرناگیرێت کە دەستنوێژی نەبێت، هەتا دەستنوێژ نەگرێت.**

**وە هەروەها لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت: «مِفْتَاحُ الصَّلَاةِ الطُّهُورُ، وَتَحْرِيمُهَا التَّكْبِيرُ، وَتَحْلِيلُهَا التَّسْلِيمُ».** أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ، وَالتِّرْمِذِيُّ[2]**.واتە: کلیلی کردنەوەو چوونە ژوورەوەی نوێژ بریتیە لە دەستنوێژ، و وتنی یەکەم الله أکبر هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی**

---

([1]) **حديث صحيح عن أبي هريرة:** أخرجه البخاري في موضعين: أحدهما في كتاب الوضوء، باب لا تقبل صلاة بغير طهور، حديث رقم (١٣٥) واللفظ له، وأخرجه مسلم في كتاب الطهارة، باب وجوب الطهارة للصلاة، حديث رقم (٢٢٥).

([2]) **حديث حسن عن علي بن أبي طالب:** أخرجه أبو داود في كتاب الطهارة، باب فرض الوضوء، حديث رقم (٦١)، وأخرجه الترمذي في كتاب الطهارة، باب ما جاء أن مفتاح الصلاة الطهور، حديث رقم (٣)، وابن ماجه في كتاب الطهارة وسننها، باب مفتاح الصلاة الطهور، حديث رقم (٢٧٥).

والحديث صححه محقق (جامع الأصول) (٥/٤٢٩)، وقال الألباني في (صحيح سنن أبي داود) (١/١٥) عنه: (حسن صحيح) اهـ

به‌نوێژه‌وه‌ نیه‌ حه‌رام ده‌بێت و به‌ سه‌لامدانه‌وه‌ش حه‌ڵاڵ ده‌بێت.

وه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ نوێژی له‌سه‌ر جه‌نازه‌ی به‌ نـوێـژ ناوبردووه‌، وفه‌رموویه‌تی: «صَلُّوا عَلَى صَاحِبِكُمْ»[1]. واته‌: نوێژ له‌سه‌ر هاوه‌ڵه‌كه‌تان بكه‌ن. وه‌ هه‌روه‌ها فه‌رموویه‌تی: «مَنْ خَرَجَ مَعَ جَنَازَةٍ مِنْ بَيْتِهَا، وَصَلَّى عَلَيْهَا»[2]. واته‌: ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ جه‌نازه‌ ده‌ربچێت له‌ماڵه‌وه‌و و نوێژی له‌سه‌ر بكات. وه‌ وتنی ألله أكبر و سه‌لامدانه‌وه‌ی تێدایه‌[3]، وه‌ فه‌رمووده‌ی «مِفْتَاحُ

(1) حديث صحيح: سبق تخريجه.

(2) حديث صحيح: سبق تخريجه.

(3) ئه‌م به‌ڵگه‌ هێنانه‌وه‌یه‌ هی پێشه‌وا بوخـاریه‌, ئه‌و له‌ ( كتاب الجنائز )دا له‌ بابی ( سنة الصلاة على الجنائز) دا ده‌ڵێت: " پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ده‌فه‌رموێت: (من صلى على الجنازة). هه‌روه‌ها ده‌فه‌رموێت : (صلوا على صاحبكم). هه‌روه‌ها ده‌فه‌رموێت : (صلوا على النجاشي). بۆیه‌ ناوی ناوه‌ نوێژ, به‌ڵام ركوع و سوجده‌ قسه‌ی تێدا نیه‌ و به‌ڵام ته‌كبیرو ته‌سلیمی تێدایه‌, وه‌ ابن عمر به‌ ده‌ستنوێژه‌وه‌ نه‌بوایه‌ نوێژی جه‌نازه‌ی نه‌ده‌كرد و هه‌روه‌ها له‌كاتی هه‌ڵهاتن و ئاوابوونی خۆردا ئه‌م نوێژه‌ی نه‌ده‌كرد و ده‌ستیشی به‌رز ده‌كرده‌وه‌... (فتح الباري) (١٨٩/٣).

**ده‌ڵێم:** ئه‌و كه‌ ده‌ڵێت: (وفيها تكبير وتسليم): ئاماژه‌ ده‌كات به‌ به‌ڵگه‌ هێنانه‌وه‌ به‌ فه‌رمووده‌ی: (مفتاح الصلاة الطهور، وتحريمها التكبير، وتحليلها التسليم). كه‌ ئه‌م فه‌رمووده‌یه‌ش به‌ڵگه‌یه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی به‌ وتنی الله أكبر هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی په‌یوه‌ندی به‌نوێژه‌وه‌ نیه‌ حه‌رام ده‌بێت و به‌ سه‌لامدانه‌وه‌ش حه‌ڵاڵ ده‌بێت و ده‌رگاو كلیله‌كه‌شی ده‌ستنوێژه‌.

الصَّلَاةِ ...»؛ به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه به وتنی ألله أكبر هه‌موو شتێك له‌نوێژدا حه‌رام ده‌بێت (كه‌په‌یوه‌ندی به نوێژه‌وه نه‌بێت) و به‌سه‌لامدانه‌وه‌ش ئه‌و شتانه حه‌ڵاڵ ده‌بێت و ده‌ستنوێژیش كلیله‌كه‌یه‌تی[١].

## باسی دووه‌م: چۆنیێتی ئه‌نجامدانی و وتنی ته‌كبیره‌كانی ناو نوێژه‌كه:

نوێژی جه‌نازه ته‌نها ڕاوه‌ستان و به‌پێوه‌وه‌ستانه و ركوع و سوجده و دانیشتنی تێدا نیه.

ژماره‌ی ته‌كبیره‌كانیش چوار یان پێنج یان شه‌ش یان حه‌وت یان نـۆ دانه‌یه و هه‌موو ئه‌مانه هاتوون و ئه‌مه‌ش له جیاوازی هه‌مه‌چه‌شنه نه‌وه‌ك دژی یه‌كتربن، جا موسڵمان هه‌ركامیان بكات ئه‌وا له‌سه‌ری ده‌كه‌وێت و دروسته.

به‌ڵام ئه‌وه‌ی له پێشتر و شیاوتره ئه‌وه‌یه كه ڕه‌چاوه حاڵی مردووه‌كه

---

وه ابن رشید ئه‌مه‌ی له‌ده‌ست چووه و دواتر بوخاری توێژینه‌وه‌و باسێكی به‌هێزی بۆ نووسیوه, –رحم الله الجميع، وغفر لنا ولهم–.

ونقل كلام ابن رشيد في (فتح الباري) (٣/١٩٢).

(١) (تهذيب تهذيب سنن أبي داود) (١/٥٢).

بکرێت، و بەگوێرەی چاکێتی و فەزڵی مردووەکە ژمارەی تەکبیرەکان زیاد دەکرێت بۆ نۆ دانە، بەڵام ئەگەریش هەردەیەوێت پەیوەیست وبەردەوام بێت لەسەر یەك شێواز ئەوا با لەسەر چوار دانەکەیان بەردەوام بێت لەبەر ئەوەی زۆر فەرموودەی لەسەر هاتووە.

**بەڵگەش لەسەر ئەوە، بەم شێوەیەیە:**

**پێشەوا (ابْنُ حَزْمٍ) دەڵێت:** " ناکۆکی و ڕاجیاوازی تێدا نیە کە نوێژی جەنازە تەنها بەپێوە وەستانە و رکوع و سوجدە ودانیشتن وتەحیاتی تێدا نیە "(١).

**بەڵام بەڵگە لەسەر ژمارەی تەکبیرەکان، ئەوا بەم شێوەیەیە:**

**بەڵگە لەسەر ووتنی چوار ألله أكبر:** ئەبو هورەیرە دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی مردنی نەجاشی دا بەخەڵك لەو ڕۆژەی کە نەجاشی مرد و خەڵکی دەرکرد بۆ نوێژگە و بەڕیز وەستاندیانی و چوار الله

(١) (المُحلى) (٥/١٢٣). وانظر: (موسوعة الإجماع) (١/٦٨٣).

**أكبری لەسەرکرد"**. أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[١].

**بەڵگە لەسەر وتنی پێنج الله اكبر:** لە عبدالرحمن ی کوڕی ئەبی لەیلاوە دەڵێت: " زەیدی کوڕی ئەرقەم چوار الله اكبری لەسەر جەنازەکانمان دەکرد و جارێکیان پێنج الله اكبری کرد و منیش لێیم پرسی سەبارەت بە ئەوە؟ ئەویش وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ کردوویەتی".أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[٢].

**بەڵگە لەسەر وتنی شەش الله أكبر:** لە عبد خیرەوە هاتووە دەڵێت: " عەلی رضي الله عنه شەش (الله أكبر)ی لەسەر ئەهلی بەدر دەکرد، بەڵام لەسەر هاوەڵانی تری پێغەمبەری خوا ﷺ پێنج (الله أكبر)ی دەکرد، و لەسەر خەڵکی تریش چوار (الله أكبر)ی دەکرد". أَخْرَجَهُ ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ وَالدَّارَقُطْنِيُّ[٣].

---

(١) **حديث صحيح**: فقد أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب الجنائز، باب التكبير على الجنازة أربعًا، حديث رقم (١٣٣٣) واللفظ له، ومسلم فِي كتاب الجنائز، باب فِي التكبير على الجنازة، حديث رقم (٩٥١). انظر: (جامع الأصول) (٦/٢١٥)، (أحكام الجنائز) (ص١١٠).

(٢) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم فِي كتاب الجنائز، باب الصلاة على القبر، حديث رقم (٩٥٧). انظر: (جامع الأصول) (٦/٢١٦)، (أحكام الجنائز) (ص١١٢).

(٣) **إسناده صحيح**: أخرجه ابن أبِي شيبة فِي (المصنف) (٣/٣٠٣)، والطحاوي فِي (شرح معانِي الآثار) (١/٤٩٧)، والدارقطنِي فِي (السنن) (٢/٧٣)، والبيهقي فِي (الكبرى) (٤/٣٧)؛ من طريق

* **دەڵێم: ئەمە دەقێکی مەوقوفە ( واتە قسە وکرداری هاوەڵانە)، بەڵام حوکمی مەرفوعی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوە کاروکرداری پیاوێکە کەلە گەورە هاوەڵانە و لەبەردەم و بەئامادەیی کۆمەڵێکی زۆر لە هاوەڵاندا ئەوکارەی کردووە بەبێ ئەوی ئینکاری لێ بکەن.**(١)

**بەڵگە لەسەر وتنی حەوت الله أکبـر: لە موسای کوڕی عوبەیدوڵای کوڕی یەزیدەوە هاتووە دەڵێت: " عەلی ﵁ نوێژی لەسەر ئەبی قەتادە کرد و حەوت الله أکبری لەسەر کرد، کە ئەبی قەتادە بەدری بوو".** أَخْرَجَهُ البَيْهَقِيُّ(٢).

---

الدارقطنِي.

والأثر قال الألبانِي فِي (أحكام الجنائز) (ص١١٣): (سنده صحيح رجاله ثقات كلهم) اهـ.

(١) انظر: (أحكام الجنائز) (ص١١٢).

(٢) **إسناده صحيح**: أخرجه ابن أبِي شيبة فِي المصنف (٣/٣٠٤)، والطحاوي فِي (شرح معانِي الآثار) (١/٤٩٦)، ووقع سقط عنده فِي كلمة (أبِي قتادة)، كتبت بدون (أبِي) فصارت (قتادة)، وأخرجه البيهقي (٤/٣٦-٣٧)، وأعله بأن أبا قتادة مات بعد علي.

والحديث قال ابن التركمانِي فِي (الجوهر النقي) (٤/٣٦-٣٧): (رجاله ثقات)، وردّ تعليل البيهقي إياه؛ مبينًا أن الصحيح أن أبا قتادة توفِي بالكوفة وعلي بِها، وقال الألبانِي فِي (أحكام الجنائز)

**بەڵگە لەسەر وتنی نـۆ الله أکـبر: لە عبداللە ی کوڕی زوبەیـرەوە هاتووە کە دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژی ئوحوددا فەرمانی کرد بە ئامادەکردنی جەنازەی حەمزە و ئەوەبوو بە پۆشاکێك داپۆشرا و پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی لەسەری کرد و تیێدا نـۆ الله اکبری کرد، پاشان کوژراوەکانی تر هێنران و ڕیـزکران و نوێژی لەسەر ئەوان و حەمزەیش کرد پێکەوە".** أَخْرَجَهُ الطَّحَاوِيُّ فِي «شَرْح مَعَانِي الآثَار»[1].

**کەوابوو بەڵگە لەسەر وتنی زیاد لە چوار الله أکبر لەسەر جەنازەی ئەهلی فەزڵ ئەو دەق و باسانەی پێشوو ئەوەیان تێدایە و بەتایبەت هەواڵەکەی عەبد خەیر لە عەلیەوە، هەروەها فەرموودەکەی عبداللە ی کوڕی زوبەیر کە پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی لەسەر حەمزە و کوژراوانی**

---

(ص١١٤): (سنده صحيح على شرط مسلم ...) ورد تعليل البيهقي، ونقل رده عن ابن حجر أيضًا.

(١) **حديث صحيح**: أخرجه الطحاوي فِي (شرح معانِي الآثار) (٥٠٣/١)، وأخرج ابن أبِي شيبة فِي (المصنف) (٣٠٤/٣) من حديث عبد الله بن الحارث نحوه.

والحديث قال عنه الألبانِي فِي (أحكام الجنائز) (ص٨٢): (إسناده حسن، رجاله كلهم ثقات معروفون، وابن إسحاق قد صرح بالتحديث ...) اهـ.

**ئوحود کرد.**[1]. وَاللّٰهُ أَعْلَمُ.

## - باسی سێ یەم: دەست بەرزکردنەوە لە (الله أکبر)ی یەکەمدا و دەستی ڕاست خستنە سەر دەستی چەپ:

**سوننەتی جێگیر لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەوەیە کە دەستەکانی لە تەکبیرەی یەکەمدا بەرزدەکردەوە لە نوێژی جەنازەدا.**

**وە لێیەوە جێگیر نەبووە کە لە تەکبیرەکانی تردا دەستەکانی بەرز کردبێتەوە، بەڵکو هەر ئەوەندە هەیە کە لە عبداللە ی کوڕی عومەرەوە**

---

([1]) ومن تراجم البيهقي فِي (السنن الكبرى) (٤/٣٦): ( **ئەوەی پێی وایە کە زیاد لە چوار الله أکبرکردن تایبەتە بە کەسانی چاك و خاوەن فەزڵەوە** ))

**دەڵێم:** ئەمەو پێشەوا تەحاوی لە کتێبی (شرح معانِي الآثار) (١/٤٩٥) باسی ئەوە دەکات کە زیادکردن لە چوار الله أکبر بۆ مانایەکی تایبەتە و ئەهلی بەدری پێ تایبەت کراوە جگە لە ئەهلی بەدر.

**دەڵێم:** ئەوەی پێشەوا تەحاوی رَحِمَهُ اللهُ، باسی دەکات تەواو و ڕاست نیە, چونکە بەوە ڕەد دەکرێتەوە کە هاتووە لە عبد خەیر لە عەلیەوە سەبارەت بەبەڵگەی شەش تەکبیرات, وەهەروەها بەوەی کە هاتووە لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە والله أعلم.

ﷺ سابت بووە كە دەستەكانی بەرزكردبێتەوە لە تەكبیرەكانی تردا.[1]

وە دوای الله أكبر كردن، ئایا دروستە موسڵمان دەستی ڕاستی بخاتە سەر دەستی چەپی یاخود شۆڕی دەكاتەوە؟

لەم بارەیەوە هەواڵێكی ڕاست نەهاتووە كە بتوانرێت دەستی پێوە بگیرێت، بەڵام ئەوەی كە هەندێك لە ئەهلی عیلم بەسوننەتی دەزانن بریتیە لە دەست گرتن، بۆیە دانانی دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ بە مەشروع دادەنێن لە نوێژی جەنازەدا.

وە بەڵگەش لەسەر بەرزكردنەوەی هەردوو دەست لە تەكبیرەی یەكەمدا: ئەوەیە كەلە ئەبوهورەیرەوە هاتووە : كە "پێغەمبەری خوا ﷺ

(1) علق هذا عن ابن عمر البخاري فِي (صحيحه) فِي كتاب الجنائز، باب سنة الصلاة على الجنازة، فتح الباري (٣/١٨٩)، حيث قال: (وكان ابن عمر ... ويرفع يديه)، وأسنده عنه فِي (جزء رفع اليدين) (ص١٨٤-١٨٥ جلاء العينين)، وأسنده ابن أَبِي شيبة عنه فِي (المصنف) (٣/٢٩٦)، والبيهقي فِي (الكبرى) (٤/٤٤).

وقال الألبانِي فِي (أحكام الجنائز) (ص١١٧) عن هذا الأثر عن ابن عمر عند البيهقي: (بسند صحيح). ثُمَّ عقب عليه بقوله: (فمن كان يظن أنه لا يفعل ذلك إلا بتوقيف من النَّبِي ج؛ فله أن يرفع ...). اهـ.

**الله أكبرى لەسەر جەنازەیەك كرد و هەردوو دەستەكانی بەرزكردەوە لەیەكەم تەكبیـــرەدا..."** أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ[1].

**پێشەوا (التِّرْمِذِيُّ) لەبابی ئەوەی هاتووە لەسەر دەست بەرزكردنەوە لە نوێژی جەنازەدا:** « زانایان لەوبارەیەوە ڕاجیاوازن: زۆربەی ئەهلی عیلم لەهاوەڵان و جگە لەوانیش وای دەبینن كە لەهەموو تەكبیرەكانی نوێژی جەنازەدا دەست بەرزبكرێتەوە، ئەویش قسەی ابن المبارك و الشافعی وأحمد وإسحاقە.

**وە هەندێكی تر لە ئەهلی عیلم دەڵێن:** دەستەكانی بەرز ناكاتەوە

---

([1]) **حديث حسن لغيره:** أخرجه الترمذي فِي كتاب الجنائز، باب ما جاء فِي رفع اليدين على الجنائز، حديث رقم (١٠٧٧) واللفظ له، ومكان النقاط الجملة التالية: (ووضع اليمنَى على اليسرى)، ولَم أوردها فِي الأصل؛ لأنه لا شاهد لَها، وأخرجه الدارقطنِي فِي (السنن) (٢/٧٤-٧٥)، والبيهقي فِي (الكبرى) (٤/٣٨).

والحديث مداره على يزيد بن سنان أبو فروة؛ ضعيف، لكنه توبع؛ كما ذكر المزي فِي (تحفة الأشراف) (١٠/٩)، تابعه: (يونس بن خباب عن الزهري بنحوه)، وذكر له الألبانِي فِي (أحكام الجنائز) (ص١١٦) شاهدًا عن ابن عباس أخرجه الدارقطنِي فِي (السنن) (٢/٧٥) بسند فيه مجهول، وليس فيه ما يشهد للجملة الَّتِي أشرت إليها قبل قليل، فيرقى المقطع الأول من الحديث إلَى الحسن لغيره. والله أعلم.

تەنها لە یەکەم جاردا نەبێت، ئەوەش ووتە و قسەی سەوری و ئەهلی کوفەیە.

وە لە (ابن المبارك)ەوە گێڕراوەتەوە کە ووتویەتی لە نوێژی جەنازەدا دەستی ڕاستی لەسەر چەپی دانانێت.

بەڵام هەندێکی تر لە ئەهلی عیلم وای دەبینن کە بەدەستی ڕاستی دەستی چەپی بگرێت وەکو نوێژەکانی تر.

**پێشەوا أَبُو عِيسَى دەڵێت:** " دەست گرتن، لەپێشتر و خۆشەویستترە بەلامەوە"[1]

**- باسی چوارەم: قورئان خوێندن لە نوێژی جەنازەدا:**

سوننەت ئەوەیە کە موسڵمان سورەتی فاتیحە و سورەتێکی تر بخوێنێت لەدوای یەکەم تەکبیرەوە. وە قورئان خوێندنەکەش بەدەنگی نزم دەبێت. و دوعای استفتاحی تێدا نیە.

---

(1) سنن الترمذي (٣/٣٨٨-٣٨٩).

**بەڵگەش لەسەر ئەوە:**

**مَا جَاءَ عَنْ طَلْحَةَ بْنِ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَوْفٍ؛ قَالَ: «صَلَّيْتُ خَلْفَ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما عَلَى جَنَازَةٍ، فَقَرَأَ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ؛ قَالَ: لِتَعْلَمُوا أَنَّهَا سُنَّةٌ».**

أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ.

**واتە: لە تەڵحەی کوڕی عبداللە ی کوڕی عەوفەوە هاتووە کە دەڵێت: " لە پشتی ابن عباسەوە رضي الله عنهما نوێژی جەنازەم کرد و سورەتی فاتیحەی خوێند و پاشان ووتی: بۆ ئەوەی بزانن کە سوننەتە".**

**وَفِي رِوَايَةٍ عِنْدَ النَّسَائِيِّ لِلْحَدِيثِ: «صَلَّيْتُ خَلْفَ ابْنِ عَبَّاسٍ عَلَى جَنَازَةٍ، فَقَرَأَ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ وَسُورَةٍ، وَجَهَرَ حَتَّى أَسْمَعَنَا، فَلَمَّا فَرَغَ؛ أَخَذْتُ بِيَدِهِ فَسَأَلْتُهُ؟ فَقَالَ؛: سُنَّةٌ وَحَقٌّ»[1].**

---

([1]) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي كتاب الجنائز، باب قراءة فاتحة الكتاب على الجنازة، حديث رقم (١٣٣٥)، وأخرجه النسائي فِي كتاب الجنائز، باب الدعاء (٤/٧٤-٧٥)، وابن الجارود فِي (المنتقى) حديث رقم (٥٣٤-٥٣٧).

وصحح رواية النسائي الألباني فِي (أحكام الجنائز) (ص١١٩)، وصححها صاحب (غوث المكدود) (١٣٢/٢)، وانظر: (جامع الأصول) (٢١٨/٦).

واته له ریوایەتێکی تردا لای پێشەوا النسائی هاتووه: " له پشتی ابن عباسەوه نوێژم لەسەر جەنازەیەك كرد و ئەویش سورەتی فاتیحه و سورەتێکی تری بەدەنگی بەرز خوێند هەتا بیستمان، جا كاتێك تەواو بوو دەستم گرتو ئەوەم لێ پرسی؟ ئەویش ووتی: سوننەت و حەقه".

**پێشەوا (التِّرْمِذِيُّ) لەپاش هێنانی ئەم فەرموودەیەوه دەڵێت: "** كردەوه كردن بەمه لای هەندێك له ئەهلی عیلم لەهاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ جگه لەوانیش ئەوەیه كه لەدوای تەكبیرەی یەكەمەوه فاتیحه بخوێنرێت و ئەوەش ووتەی الشافعی و أحمد و إسحاقه.

**بەڵام هەندێك له ئەهلی عیلم دەڵێن:** قورئان له نوێژی جەنازەدا ناخوێنرێت، بەڵكو هەمووی وەصف و سەنای خوا و صەلاوات لەسەر پێغەمبەر و دوعا بۆ مردووەكەی تێدا دەكرێت و دەووترێت و ئەوەش ووتەی سەوری و جگه لەویشه له ئەهلی كوفه"[١].

* **دەڵێم:** ئەوەی له سوننەتدا هاتووه واجبه شوێنی بکەویت. وَبِاللهِ

---

(١) (سنن الترمذي) (٣/٣٤٦).

التَّوْفِيقُ.

- **باسی پێنجەم: ئەوەی لەدوای تەکبیرەی دووەمەوە دەوترێت:**

- **باسی شەشەم: ئەوەی لەدوای تەکبیرەی سێ یەمەوە دەوترێت:**

**سوننەت لە نوێژی جەنازەدا ئەوەیە کە موسڵمان کاتێك تەکبیرەی دووەم دەکات صەڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ بدات.**

**وە صەڵاوات دانیش ئەو شێوەیەی سوننەتە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فێـری هاوەڵانی کردووە. ڕەزای خوایان لێ بێت.**

**وە لەدوای تەکبیرەی سێ یەم و ئەوانی تریشەوە بە دڵپاکیەوە دوعا بۆ مردووەکەی تێدا دەکرێت.**

**وە سوننەتیش ئەوەیە کە ئەو دوعایە بووترێت کە هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ لە دوعاکردن بۆ مردوو لە نوێژی جەنازەدا.**

**بەڵگەش لەسەر ئەمە:**

**مَا جَاءَ عَنْ أَبِي أُمَامَةَ بْنِ سَهْلٍ؛ أَنَّهُ أَخْبَرَهُ رَجُلٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ:**

«أَنَّ السُّنَّةَ فِي الصَّلَاةِ عَلَى الجَنَازَةِ: أَنْ يُكَبِّرَ الإِمَامُ ثُمَّ يَقْرَأُ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ بَعْدَ التَّكْبِيرَةِ الأُولَى سِرًّا فِي نَفْسِهِ، ثُمَّ يُصَلِّي عَلَى النَّبِيِّ ﷺ، وَيُخْلِصُ الدُّعَاءَ لِلْمَيِّتِ فِي التَّكْبِيرَاتِ، لَا يَقْرَأُ فِي شَيءٍ مِنْهُنَّ، ثُمَّ يُسَلِّمُ سِرًّا فِي نَفْسِهِ». أَخْرَجَهُ الشَّافِعِيُّ فِي «الأُمِّ».

واتە: لە ئەبی أمامەی کوڕی سەهلەوە کە پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێداوە: " ئەوەی سوننەتە لە نوێژی جەنازەدا: ئیمام الله أکبر دەکات و پاشان سورەتی فاتیحە دەخوێنێت لەدوای تەکبیرەی یەکەمەوە بەدەنگی نزم، پاشان صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ دەدات، و بە دڵسۆزیەوە دوعا دەکات بۆ مردووەکە لە تەکبیرەکانی تردا، و هیچ شتێك ناخوێنێت تێیاندا و پاشان بەدەنگی نزم سەلام دەداتەوە"

وَفِي رِوَايَةٍ عِنْدَ الحَاكِمِ:

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ بْنِ سَهْلِ بْنِ حُنَيْفٍ؛ أَنَّهُ أَخْبَرَهُ رِجَالٌ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ ﷺ فِي الصَّلَاةِ عَلَى الجَنَازَةِ: «أَنْ يُكَبِّرَ الإِمَامُ، ثُمَّ يُصَلِّي عَلَى النَّبِيِّ ﷺ،

وَيُخْلِصُ الصَّلَاةَ فِي التَّكْبِيرَاتِ الثَّلَاثِ، ثُمَّ يُسَلِّمُ تَسْلِيمًا خَفِيًّا حِينَ يَنْصَرِفُ، وَالسُّنَّةُ أَنْ يَفْعَلَ مَنْ وَرَاءَهُ مِثْلَ مَا فَعَلَ إِمَامُهُ»[1].

واتە: لەریوایەتێکی تردا لای حاکم بەم شێوەیە هاتووە: " لە ئەبی أمامەی سەهلی کوڕی حونەیفەوە، کە پیاوانێك لەهاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێ داون سەبارەت بە چۆنێتی نوێژی جەنازە: ئیمام الله أکبر دەکات و پاشان صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر دەدات ﷺ و بەدڵسۆزیەوە لەسێ تەکبیرەکەی تردا دوعا بۆ مردووەکە دەکات و پاشان بە سەلامدانەوەیەکی سووك سەلام دەداتەوە و کۆتایی پێ دەهێنێت، وە

---

(١) حديث صحيح:

أخرجه الشافعي فِي (الأم) (١/٢٧٠)، ومن طريقه البيهقي فِي (الكبرى) (٤/٣٩)، وأخرجه الطحاوي فِي (شرح معاني الآثار) (١/٥٠٠).

ورواية الحاكم فِي (المستدرك) (١/٣٦٠)، ومن طريقه البيهقي فِي (الكبرى) (٤/٣٩-٤٠).

وأخرجه على صورة الإرسال عبد الرزاق فِي (المصنف) تحت رقم (٦٤٢٨، ٣/٤٨٩)، وابن الجارود فِي (المنتقى) تحت رقم (٥٤٠).

والحديث صححه الحاكم على شرط الشيخين، ووافقه الألباني فِي (أحكام الجنائز) (ص١٢٢)، وصححه صاحب (غوث المكدود) (٢/٤/١٣).

سوونนەت ئەوەیە کە ئەوانەی لەپشتیەوە نوێژ دەکەن وەکو ئیمامەکە بکەن"

**لەو دوعایانەی لەسوننەتدا هاتوون کە لەنوێژدا بۆ مردوو دەخوێنرێن:**

لە عەوفی کوڕی مالکەوە هاتووە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی لەسەر جەنازەیەك کردوو منیش لە دوعاکەی ئەم بەشەم لەبەرکرد کە دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ، وَارْحَمْهُ، وَعَافِهِ، وَاعْفُ عَنْهُ، وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ، وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ، وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالبَرَدِ، وَنَقِّهِ مِنَ الخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الأَبْيَضَ مِنَ الدَّنَسِ، وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ، وَأَهْلًا خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ، وَزَوْجًا خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ، وَأَدْخِلْهُ الجَنَّةَ، وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ –أَوْ: مِنْ عَذَابِ النَّارِ-. دەڵێت: هەتا خۆزگەم دەخواست کە من ئەو مردووە بوایەم" أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ.

لە ریوایەتێکی تردا ئەم زیادەیەش هاتووە: «....وَقِهِ فِتْنَةَ القَبْرِ

وَعَذَابَ القَبْرِ»[1].

## - باسی حەوتەم: سەلامدانەوە لە نوێژی جەنازەدا:

سوننەت ئەوەیە لە نوێژی جەنازەدا کە دوو سەلام بدرێتەوە وەکو نوێژەکانی تر، وە بۆیشی هەیە کە یەك سەلام بداتەوە تەنها بەلای ڕاستیدا، جا هەرکام لەوانە ئەنجام بدات ئەوا دروست و ڕێگەپێدراوە و سەلامدانەوەش بەدەنگی نزم و لەسەرخۆ دەبێت.

**بەڵگەش لەسەر ئەوە:**

**عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ؛ قَالَ: «ثَلَاثُ خِلَالٍ كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَفْعَلُهُنَّ تَرَكَهُنَّ النَّاسُ: إِحْدَاهُنَّ التَّسْلِيمُ عَلَى الجَنَازَةِ مِثْلُ التَّسْلِيمِ فِي الصَّلَاةِ»**. أَخْرَجَهُ البَيْهَقِيُّ[2].

---

(1) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم فِي كتاب الجنائز، باب الدعاء للميت فِي الصلاة حديث رقم (٩٦٣).

**فائدة**: أورد العلامة الألباني جملة من الأحاديث الَّتِي صحت فِي أدعية الجنازة فِي كتابه (أحكام الجنائز) (ص١٢٣-١٢٦).

(2) **حديث صحيح**: أخرجه البيهقي فِي (الكبرى) (٤/٤٣).

**واتە: لە ابن مسعودەوە دەڵێت: " سێ شت هەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامیانی دەدا بەڵام خەڵکی وازی لێ هێناون: یەکێکیان بریتیە لە سەلامدانەوە لەسەر جەنازە وەکو سەلامدانەوە نوێژەکانی تر".**

**وَمَا جَاءَ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ صَلَّى عَلَى جَنَازَةٍ، فَكَبَّرَ عَلَيْهَا أَرْبَعًا، وَسَلَّمَ تَسْلِيمَةً وَاحِدَةً».** أَخْرَجَهُ الدَّارَقُطْنِيُّ(١).

**واتە: لە ئەبی هورەیرەوە دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی لەسەر جەنازەیەك کرد و چوار تەکبیرەی لەسەر کرد و یەك سەلامی**

---

والحديث حسنه الألباني، ونقل عن النووي أنه قال: (إسناده جيد). انظر: (أحكام الجنائز) (ص١٢٧).

(١) **حديث حسن:** أخرجه الدارقطنِي فِي (السنن الكبرى) (٧٢/٢) واللفظ له، وأخرجه الحاكم فِي (المستدرك) (٣٦٠/١) ومن طريقه البيهقي فِي (الكبرى) (٤٣/٤).

والحديث حسنه الألباني فِي (أحكام الجنائز) (ص١٢٨).

**سوودێك: پێشەوا الحاكم لە** (المستدرك) (٣٦٠/١) **دا دەڵێت: " یەك جار سەلامدانەوە لەسەر جەنازە ریوایەت بە صحیحی هاتووە لەبارەیەوە لەهەریەك لە** علي بن أَبِي طالب، وعبد الله بن عمرو، وعبد الله بن عباس، وجابر بن عبد الله، وعبد الله بن أَبِي أوفى، وأَبِي هريرة؛ **کە هەموو ئەمانە یەك سەلامیان دەدایەوە لەسەر جەنازە"**

دایەوە".

وە پێشتر باسی فەرموودەکەی أبی أمامەی کوڕی سەهلی کوڕی حونەیف کرا کە تێیدا هاتبوو: " پاشان بەدەنگی نزم سەلام دەداتەوە بۆ خۆی".

لە ریوایەتێکی تری فەرموودەکەی أبی مامەدا هاتووە لای ابن الجارود بەم شێوەیە: " پاشان بۆ خۆی یەك سەلام بەلای ڕاستیدا دەداتەوە"[1].

---

([1]) **حديث صحيح**: سبق تخريجه. ورواية ابن الجارود فِي (المنتقى) تحت رقم (٥٤٠) صحح إسنادها فِي (غوث المكدود) (١٣٤/٢).

# ( ١٧ - ٤ ) دوو رکعات نوێژی تەواف

* * ئەم بەشە ئەم باسانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:

- یەکەم: حوکمی ئەم نوێژە.

- دووەم: لە کوێ ئەم نوێژە دەکرێت؟

- سێ یەم: ئەو قورئانەی تێیدا دەخوێنرێت.

* ( ١ - ١٧ - ٤ ) **حوكمی دوو ركعات نوێژی ته‌واف:**

**ئه‌نجامدانی دوو ركعات نوێژی ته‌واف واجبه بۆ هه‌ر حه‌وت جار ته‌وافێك.**

**به‌ڵگه له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش:**

**خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێت-:** ﴿وَإِذْ جَعَلْنَا ٱلْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا وَٱتَّخِذُوا۟ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّى ۖ وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِىَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْعَٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ﴾ [البقرة:١٢٥]. **واته: وه ئه‌و كاته وه‌بیربێنه‌وه ـ ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ـ كاتێك كه‌عبه‌مان كرد به مه‌رجه‌عی خه‌ڵك ، و هه‌موو بۆی دێن ، و پاشان ده‌گه‌ڕێنه‌وه نێو ماڵ ومناڵی خۆیان ، و پاشان ده‌گه‌ڕێنه‌وه بۆی و كۆكه‌ره‌وه‌یانه له كاتی حه‌ج و عومره ، و ته‌وافكردن و نوێژكردن تێیدا ، و كردوومانه به ئه‌من و ئاسایشه بۆیان ، و هیچ دوژمنێك تێیدا په‌لاماریان نادات ، وه وتیشمان : جێ ( مقام ) ـی ئیبراهیم بكه‌ن به شوێنێك بۆ نوێژكردن تێیدا ، كه ئه‌ویش ئه‌و به‌رده‌یه**

کە ئیبراهیم ـ سەلامی خوای لەسەر بێت ـ لە کاتی بونیادنانی کەعبەدا لەسەری ڕادەوەستا . و سروشیشمان بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی نارد کە : ماڵەکەم پاك بکەنەوە لە هەمو پیسی وچەپەڵیەك بۆ ئەوانەی پەرستشی تێدا دەکەن بەتەوافکردنیان بەدەوری کەعبەدا ، یان بۆ ئەوانەی کە تێیدا دەمێننەوە ( ئیعتیکاف ) لە مزگەوتدا بەمەستی پەرستش ، وە بۆ ئەوانەش کە نوێژی تێیدا دەکەن .

جا کە دەفەرموێت: ﴿وَٱتَّخِذُواْ ...﴾. فەرمانە و واتای واجبێتی تێدایە.

**ئەگەر ووترا:** فەرمان کردن بە (الاتِّخَاذِ) گشتگیرترە لە دوو رکعاتی تەواف یان شتی تر؟ [1]؟

**وەڵام:** دیارە کە مەبەست لە دەستنیشان کردنی ئەو شوێنە بۆ ئەنجامدانی دوو رکعاتی تەواف تێیدا ئەوەیە کەلە فەرموودە درێژەکەی جابرەوە هاتووە کەباسی حەجی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات و دەڵێت: "...

---

(١) انظر: (فتح الباري) (١/٤٩٩).

ثُمَّ نَفَذَ إِلَى مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ ﷺ، فَقَرَأَ: ﴿وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّىۖ﴾، فَجَعَلَ المَقَامَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ البَيْتِ ... كَانَ يَقْرَأُ فِي الرَّكْعَتَيْنِ: ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ وَ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ ». أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[1].

واتە: پاشان بەرەو مەقامی إبراهیم کەوتە ڕێ و ئەم ئایەتەی خوێند ﴿وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّىۖ﴾، جا مەقامی خستە نێوان خۆی و کەعبەوە و لەو دوو رکعاتەشدا هەردوو سورەتی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ وَ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ ی خوێند.

لە عەمری کوڕی دینارەوە، دەڵێت: پرسیارمان لە ابن عمر کرد سەبارەت بەپیاوێك کە تەوافی کەعبەی تەواو کرد بۆ عومرە و بەڵام سەعی نێوان صەفا و مەروەی نەکرد یان دروستە بچێتە لای خێزانی؟ ئەویش ووتی: " پێغەمبەری خوا ﷺ هات و حەوت تەوافی کەعبەی

(١) **حديث صحيح**: أخرجه مسلم فِي كتاب الحج، باب حجة النَّبِي ﷺ حديث رقم (١٢١٨).

کرد و دو رکعات نوێژی لەپشتی مەقامەوە کرد و سەعی نێوان صەفاو مەروەشی کرد، وە بەڕاستی هەر لە پێغەمبەری خواوە ﷺ پێشەنگ و چاولێکەریەکی باشتان بۆ هەیە". أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ[١].

جا نوێژکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەو دوو رکعاتە لە پشتی مەقامەوە خوێندنی ئەو دوو ئایەتەش بەڵگەن لەسەر واجبێتی ئەو دوو رکعاتە، چونکە نوێژکردنەکەی ڕوونکەرەوەیە بۆ گشتێتی فەرمانی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَٱتَّخِذُواْ﴾. وە روونکردنەوەی موجمەلی واجب هەمان حوکمی هەیە.[٢]

بەڵام بۆ هەر حەوت جار تەوافێك دوو رکعات هەیە، ئەوا کرداری پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵگەیە لەسەر ئەو کارە.

پێشەوا نَافِعٌ دەڵێت: " ابن عمر رضي الله عنهما بۆ هەر حەوت جار تەوافێك

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي كتاب الصلاة، باب قول الله تعالى: ﴿وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّى﴾. حديث رقم (٣٩٥)، وأخرجه فِي مواضع أخرى.

(٢) انظر: (نيل الأوطار) (١٢٥/٥).

دوو رکعات نوێژی دەکرد"[١].

وە إسماعیلی کوڕی ئومەیە دەڵێت: " بە زوهریم ووت: عَطَاء دەڵێت نوێژە فەرزەکە لەبری ئەو دوو رکعاتەی تەواف دەبێت و جێگەی ئەویش دەگرێتەوە؟ ئەویش ووتی: سوننەت باشتــرە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ تەوافێکی حەوت جاری نەکردووە مەگەر لە کۆتاییدا دوو رکعاتی تەوافی کردووە"[٢].

### * ( ٢-١٧-٤ ) لە کوێ ئەو دوو رکعاتە دەکرێت؟ ؟

لەدوای ئەوەی کە موسڵمان تەوافی کەعبە تەواو دەکات، ئەودوو رکعاتە لە پشت مەقامەوە دەکات، جا ئەگەر بۆی نەکرا و نەتوانرا، ئەوا

---

(١) **أخرجه البخاري** معلقًا مجزومًا به فِي كتاب الحج، باب صلى النَّبِي ﷺ لسبوعه ركعتين، (فتح الباري) (٤٨٤/٣)، وأسنده عبد الرزاق فِي (المصنف) بنحوه (٦٠/٥) تحت رقم (٩٠٠٠، ٦٤/٥ رقم ٩٠١٢)، وأسنده أبو القاسم البغوي فِي (الجعديات)، (مسند علي بن الجعد) (ص٢٦٦)، تحت رقم (١٧٥٤).وانظر: (تغليق التعليق) (٧٦/٣).

(٢) **أخرجه البخاري** معلقًا مجزومًا به فِي كتاب الحج، باب صلى النَّبِي ﷺ لسبوعه ركعتين، (فتح الباري) (٤٨٤/٣)، وأسنده عبد الرزاق فِي (المصنف) بنحوه (٥٩/٥) تحت رقم (٨٩٩٤). وانظر: (تغليق التعليق) (٧٦/٣).

**لەهەرشوێنێکدا لە حەرەم دروستە بیکات.**

**بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەمانەی خوارەوەیە:**

**ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرمویێت:** ﴿وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّىۖ﴾ [البقرة:١٢٥].

**لە حومەیدی کوڕی عبدالرحمن ی کوڕی عەوفەوە، کە عبدالرحمن ی کوڕی عَبْدِ القَارِيِّ هەواڵی پێداوە کە : " ئەو لەگەڵ عومەری کوڕی خەتتابدا دوای نوێژی بەیانی تەوافی کەعبەیان پێکەوە کردووە، کاتێك کە عومەر تەوافەکەی تەواوکرد، سەیری کرد نەیبینی کە خۆر هەڵهاتبێت، بۆیە سواری وڵاخەکەی بوو هەت گەیشتە ذِي طُوَى و لەوێدا دوو رکعاتی کرد".** أَخْرَجَهُ مَالِكٌ فِي «**المُوَطَّأ**»(١).

(١) **إسناده صحيح**: أخرجه مالك في (الموطأ) في كتاب الحج، باب الصلاة بعد الصبح والعصر في الطواف، (١/٣٦٨- عبد الباقي)، وصحح إسناده محقق (جامع الأصول) (٣/١٨٥).

له ئوم سەلەمەی رضي الله عنها خێزانی پێغەمبەرەوە ﷺ کەوا پێغەمبەری خوا لە مەککە بوو هێشتا و دەیویست دەربچێت – ئوم سەلەمەش ئەوکات تەوافی نەکردبوو وە دەیویستیش دەربچێت – بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: «إِذَا أُقِيمَتْ صَلَاةُ الصُّبْحِ؛ فَطُوفِي عَلَى بَعِيرِكِ وَالنَّاسُ يُصَلُّونَ». فَفَعَلَتْ ذَلِكَ، فَلَمْ تُصَلِّ حَتَّى خَرَجَتْ. أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ(١).

واتە: " ئەگەر دەست کرا بە ئەنجامدانی نوێژی بەیانی، ئەوا تـۆ لەسەر وشترەکەت تەواف بکەو خەڵکیش نوێژ دەکەن". ئەویش ئەم کارەی کرد، جا هەتا دەرنەچوو نوێژی نەکرد.

جا ئەو بڕگەیەی کە بەڵگەیە بۆ ئەم باسە ئەوەیە کە لە کۆتاییەکەیەوە دەڵێت: «فَلَمْ تُصَلِّ حَتَّى خَرَجَتْ»؛ واتە : لە مزگەوت یان لە مەککە، جا ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دروستێتی ئەنجامدانی دوو

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب الحج، باب من صلى ركعتي الطواف خارجًا من المسجد، حديث رقم (١٦٢٦) واللفظ له، ومسلم فِي كتاب الحج، باب جواز الطواف على بعير وغيره واستلام الحجر بِمحجن ونحوه للراكب، حديث رقم (١٢٧٦)، (جامع الأصول) (٣/٢٠١).

رکعاتی تەواف لە دەرەوەی مزگەوت، چونکە ئەگەر ئەوە مەرج بووایە ئەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەی نەدەدا بەو کارە.

وە زۆربەی زانایانیش ئەو فەرموودەیە دەکەنە بەڵگە بۆ هەرکەسێك ئەگەر دوو رکعاتەکەی تەوافی بیرچوو ئەوا هەرکات بیری کەوتەوە دروستە بیکات ئیتر لە حەرەم بێت یان لە هەرکوێ، ئەوەش وتەی جمهورە[1].

* (٣-١٧-٤) **ئەو قورئانەی کە لەو دوو رکعاتەدا دەخوێنرێت:**

سوننەتە لەو دوو رکعاتەدا هەردوو سورەتی: ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾، و ﴿قُلۡ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَـٰفِرُونَ﴾ بخوێنرێت.

ئەوەش لەبەر ئەو فەرموودەیەی جابر کە پێشتر باسی کرا سەبارەت بە چۆنێتی حەجی پێغەمبەری خوا ﷺ کە کاتێك باسی تەواف و ئەو دوو رکعاتە دەکات دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ لەو دوو رکعاتەدا هەردوو سورەتی﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ و ﴿قُلۡ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَـٰفِرُونَ﴾ ی خوێند ».

---

(1) انظر: (فتح الباري) (٤٨٧/٣).

أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ[١].

## ( ١٨ – ٤ ) نوێژکردن لە مزگەوتی قوباء

**عَنْ أُسَيْدِ بْنِ ظُهَيْرٍ الأَنْصَارِيِّ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ؛ قَالَ: «الصَّلَاةُ فِي مَسْجِدِ قُبَاءَ كَعُمْرَةٍ».** أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ[٢].

**واتە: لە ئوسەیدی کوڕی زەهیری ئەنصاریەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " نوێژێك لە مزگەوتی قوباء وەکو عومرەیەك وەهایە".**

**وَعَنْ سَهْلِ بْنِ حُنَيْفٍ؛ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «مَنْ خَرَجَ حَتَّى يَأْتِيَ هَذَا المَسْجِدَ –مَسْجِدَ قُبَاء– فَصَلَّى فِيهِ؛ كَانَ لَهُ عِدْلَ عُمْرَةٍ».** أَخْرَجَهُ

---

(١) **حديث صحيح**: سبق تخريجه قريبًا.

(٢) **حديث حسن**: أخرجه الترمذي فِي كتاب الصلاة، باب ما جاء فِي الصلاة فِي مسجد قباء، حديث رقم (٣٢٤)، وأخرجه ابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة، باب ما جاء فِي الصلاة فِي مسجد قباء، حديث رقم (١٤١١).

والحديث قال عنه الترمذي: (حديث حسن غريب)، وقال الذهبي فِي (الميزان) (٩٦/٢) عن هذا الحديث: (حديث منكر) اهـ. وتعقبه فِي (تحفة الأحوذي) (٢٦٩/١): (لا أدري ما وجه كونه منكرًا، ويشهد له حديث سهل بن حنيف وحديث كعب بن عجرة) اهـ. وحسنه لغيره محقق (جامع الأصول) (٣٣٧/٩)، وصححه الألباني فِي (صحيح سنن الترمذي) (١٠٤/١).

النَّسَائِيُّ، وَابْنُ مَاجَهْ[١].

**واتە: لە سەهلی كوڕی حونەیفەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: " ئەوەی دەربچێت هەتا دەگاتە ئەم مزگەوتە – قوباء - و نوێژی تێدا بكات ئەوا هاوتای عومرەیەكە".**

**وە ئەو دوو فەرموودەیەش ئاماژە بە فەزڵی نوێژكردن دەكەن لە مزگەوتی قوبائدا[٢].**

**لە ابن عومەرەوە دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ دەهات بۆ**

---

(١) **حديث حسن**: أخرجه النسائي فِي كتاب المساجد، باب فضل مسجد قباء والصلاة فيه (٢/٣٧)، وابن ماجه فِي كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها، باب ما جاء فِي الصلاة فِي مسجد قباء، حديث رقم (١٤١٢).

والحديث حسنه لغيره محقق (جامع الأصول) (٩/٣٣٦)،وصححه الألبانِي فِي (صحيح سنن النسائي) (١/١٥٠).

(٢) **پێشەوا ابن حجر لە كتێبی** (فتح الباري) (٣/٦٩) **دا دەڵێت: " لە فەزڵەكانی مزگەوتی قوباء ئەوەیە كە عمر بن شَبَّة لەكتێبی** (أخبار المدينة) **دا بە سەنەدێكی صحیح لە سەعدی كوڕی أبی وەقاصەوە كە ووتویەتی: " ئەگەر لە مزگەوتی قوباءدا دوو ركعات نوێژ بكەم پێم خۆشترە لەوەی كە دووجار بچم بۆ بيت المقدس, وە ئەگەر ئەو فەزڵ و چاكەیەی لە مزگەوتی قوبائدا هەیە بیانزانیایە ئەوا ووشتریان بۆ دەخستە ڕێ".**

مزگەوتی قوباء بەپێ و بەسواری و دوو رکعات نوێژی تێدا دەکرد".

لە ریوایەتێکی تردا دەڵێت: " پێغەمبەری خوام ﷺ دەبینی کە هەموو شەممەیەك دەهات بۆ مزگەوتی قوباء ". أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[1].

## لە جۆرەکانی نـویـژی سوننەت:

## نوێژی ژن و مێردی تازە بەیەك گەیشتوو لەکاتی سەرجێی

سوننەتە بۆ پیاو کە نوێژ بە خێزانەکەی بکات پێش ئەوەی سەرجێی لەگەڵ بکات، لەبەر هاتنی ئەو کارە لە سەلەفەوە -رِضْوَانُ اللهِ عَلَيْهِمْ-.

لە أبی سەعیدی مەولای أبی ئوسەید دەڵێت: " هاوسەرگیریم کرد و من کۆیلەبووم، جا بانگهێشتی کۆمەڵە کەسێکم کرد لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کە ابن مسعود و ئەبو زەڕ و حوزەیفەیان تێدابوو، دەڵێ:

(1) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع؛ منها فِي كتاب فضل الصلاة فِي مسجد مكة والمدينة، باب إتيان مسجد قباء ماشيًا وراكبًا، حديث رقم (١١٩٤)، وأخرجه مسلم فِي كتاب الحج، باب فضل مسجد قباء وفضل الصلاة فيه وزيارته، حديث رقم (١٣٩٩) واللفظ والرواية له.

قامەت کرا بۆ نوێژ و ئەبو زەر ڕۆیشت بۆ ئەوەی پێش نوێژی بکات و وتیان: تـــۆ ! ئەویش وتی: ئایا وایە؟ وتیان : بەڵێ، دەڵێ: منیش پێشنوێژیم بۆیان کرد و کۆیلەیش بووم بەڵام فێریان کردم، وتیان: ئەگەر خێزانت هاتە ژورەوە بۆ لات دوو رکعات نوێژ بکە و پاشان داوای خێری هاتنە ژورەوەی بکە لە خوا بکە و پەنایش بگرە لەخوا لەشەڕ و خراپەی و پاشان ئیتر خۆت و خێزانت کاری خۆتان بکەن". أَخْرَجَهُ عَبْدُ الرَّزَّاقِ، وَابْنُ أَبِي شَيْبَةَ[١].

لە ئەعمەشەوە ئەویش لە شەقیقەوە دەڵێت: پیاوێك هات ناوی أبو حورەیز بوو، پێی ووتم: کچێکی گەنجم مارە کردووە، وە من ترسی ئەوەم هەیە کە ڕقی لێم بێت، جا عبداللە ی کوڕی مسعودیش ووتی: " خۆشەویستی و پێکەوەبوون لە خواوەیە و ڕق لێبوونی یەکتر لەنێوان ژن وپیاودا لە شەیتانەوەیە و دەیەوێت ئەو شتەی خوا بۆتانی حەڵاڵ کردووە لەپێش چاوتانی بخات و ڕقتان لێی بێت، جا ئەگەر ئەو کچە هات بۆ لات

(١) **أثر صحيح**: أخرجه عبد الرزاق فِي المصنف (٦/١٩١-١٩٢)، تحت رقم (١٠٤٦٢)، وابن أَبِي شيبة (٤/٣١١)، وصححه الألباني فِي (آداب الزفاف) (ص٩٤-٩٥).

**فەرمانی پیێ بکە با لە پشتتەوە دوو رکعات نوێژ بکات"**. أَخْرَجَهُ عَبْدُ الرَّزَّاقِ وَابْنُ أَبِي شَيْبَةَ.

**لە ریوایەتێکدا لای عبدالرزاق لە ئەعمەشەوە دەڵێت: باسی ئەوەم بۆ إبراهیم کرد ئەویش ووتی: عبداللە دەڵێت: " وَقُلِ: اللَّهُمَّ بَارِكْ لِي فِي أَهْلِي وَبَارِكْ لَهُمْ فِيَّ، اللَّهُمَّ اجْمَعْ بَيْنَنَا مَا جَمَعْتَ بِخَيْرٍ، وَفَرِّقْ بَيْنَنَا إِذَا فَرَّقْتَ إِلَى خَيْرٍ "[١].**

**جا ئەم دوو دەقەی کە باس کران بەڵگەن لەسەر مەشروعیەتی دوو رکعات نوێژکردنی پیاو بە خێزانەکەی لەکاتی چوونە لایدا[٢]؛ ئەمەش کە لەو هاوەڵانەوە گێڕراوەتەوە لە بابەتێکە کە بواری بۆچون و تێگەیشتنی کەسی نیە، چونکە هاوشێوەی ئەو بابەتانە بە ڕاوبۆچوون ناوترێت، بۆیە حوکمی رەفع هەڵدەگرێت، جگە لەوەش نازانرێت کە هیچ کەسێك هەبووبێت بەرهەڵستی ئەو بۆچوونە بێت و پێچەوانە و دژی بووبێت.**

---

(١) **أثر صحيح**: أخرجه عبد الرزاق فِي مصنفه (٦/١٩١) تحت رقم (١٠٤٦٠-١٠٤٦١)، وابن أبِي شيبة فِي مصنفه (٤/٣١٢)، وصحح إسناده الألبانِي فِي (آداب الزفاف) (ص٩٤-٩٥).

(٢) وقد بوب عبد الرزاق الصنعانِي : على هذين الأثرين: (باب ما يبدأ الرجل الذي يدخل على أهله) وبوَّب ابن أبِي شيبة -رحمة الله عليهما-: (ما يؤمر به الرجل إذا دخل على أهله).

## نـــویـــژكردن له وادی العقیق

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما يَقُولُ إِنَّهُ سَمِعَ عُمَرَ رضي الله عنه يَقُولُ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ بِوَادِي العَقِيقِ يَقُولُ: «أَتَانِي اللَّيْلَةَ آتٍ مِنْ رَبِّي فَقَالَ: صَلِّ فِي هَذَا الوَادِي المُبَارَكِ، وَقُلْ: عُمْرَةٌ فِي حَجَّةٍ»(١).

واته: له ابن عباسه‌وه رضي الله عنهما ده‌ڵێت له عومه‌ره‌وه رضي الله عنه بیستوویه‌تی كه وتوویه‌تی: له پێغه‌مبه‌ری خوام ﷺ بیستووه كه فه‌رموویه‌تی: " **ئه‌مشه‌و له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگارمه‌وه نێردراوێك هات بۆ لام و وتی: له‌م دۆڵه پیرۆزه نوێژ بكه**".

جا فه‌رمووده‌كه ده‌قێكی حاشا هه‌ڵنه‌گره له‌سه‌ر سوننه‌تێتی نوێژكردن له وادی العقیق كه بریتیه له ناو دۆڵه‌كه له ذِي الحُلَيْفَةِ(٢).

له عبدالله ی كوڕی عومه‌ره‌وه رضي الله عنهما: " پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري في كتاب الحج، باب قول النَّبِي ﷺ: (العقيق وادٍ مبارك). حديث رقم (١٥٣٤).

(٢) وفي وفاء الوفا (٤/١٠٠٢، ١٠٣٧) مزيد بيان عن هذا الوادي.

لەرێگەی دارەکەوە دەردەچوو وەلەرێگەی موعرەسەوە دەهاتە ژورەوە، وە پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەربچووایە بۆ مەککە لە مزگەوتی (الشجرة) نوێژی دەکرد، وە کە بگەڕایەتیشەوە لە (ذي الحليفة) نوێژی دەکرد لەناو دۆڵەکە و لەوێیش دەخەوت هەتا بەیانی"[1].

لە موسای کوڕی عوقبەوە دەڵێت: سالمی کوڕی عبدالله بۆی گێڕامەوە ئەویش لە باوکیەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە بینـراوە لە شوێنێك پێی دەوترێت مەعرەس کەلە(ذي الحليفة) دایە لەناو دۆڵەکەو پێی وتراوە: " **تۆ لە بەتحائی پیرۆزدایت** ".

سالم وەستاندمانی لەو شوێنەی کە عبدالله وڵاخەکەی تێدا یەخ دەدات و دەگەڕا بۆ مەعرەسی پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەویش لە خوارتربوو لەو مزگەوتەی کە دەکەوتە ناو دۆڵەکەوە کەلەنێوان ئەوان و

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي كتاب الحج، باب خروج النَّبِي ﷺ على طريق الشجرة، حديث رقم (١٥٣٣)، ومسلم فِي كتاب الحج باب الإهلال من حيث تبعث الراحلة، حديث رقم (١١٨٧).

ڕێگەکەدا نێوانیان بوو.[1].

جا نوێژکردن لەم دۆڵە پیرۆزە لەکاتی نیەتی ئیحرامدا لە (ذي الحليفة) سوننەتە، فەرموودەکە بەڵگەبوو لەسەری وەکو بینیت، بەڵکو نوێژکردن لەم شوێنە لەکاتی دەرچوون لە حەج یان عومرە سوننەتە، وە پێشەوا مالك دابەزین لەم شوێنە و نوێژکردن تێیدا بەسوننەتی داناوە، و لای وایە کەنابێت بەسەریدا تێپەڕبیت هەتا نوێژی تێدا نەکرێت، جا ئەگەر لەکاتی تێپەڕبووندا کاتی نوێژنەبوو ئەوا تێیدا دەمێنێتەوە هەتا کاتی نوێژ دێت و نوێژی تێدا دەکات.[2].

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه فِي كتاب الحج ، باب قول النَّبِي ﷺ : ( العقيق وادٍ مبارك ) حديث رقم (١٥٣٤)، ومسلم فِي كتاب الحج، باب الإهلال من حيث تبعث الراحلة، حديث رقم (١١٨٧).

(٢) **پێشەوا القاضي عياض ئەوەی لێیەوە نەقلّ کردووە لە کتێبەکەیدا بەناوی :، (إكمال المعلم بفوائد مسلم) (٤/٤٥٦-٤٥٧)، دەڵێت: " دابەزین لە بەتحاء لە(ذي الحليفة) لەگەڕانەوەدا بۆ ئەو کەسەی حەج دەکات یەکێك نیە لە مەناسکی حەج. دەڵێت: ووتراوە: مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ لەمانەوە لە بەتحاء لە(ذي الحليفة) لەکاتی گەڕانەوەیدا و تەنانەت مانەوەشی هەتا ڕۆژ بۆتەوە, بۆ ئەوەیە کە خەڵکی کتوپڕ و لەناکاو**

دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کە کاتی ئەم سوننەتە لە کاتی گەیشتن بە نوێژدا لەم شوێنە ئەوە چاکە نەوەك کات کوشتن و گەڕان بە دوای شوێنەوار و مزگەوتی تردا ئەوا ئەم جۆرە شتانە لەسوننەتدا نیە و سەلەف هۆشداریان داوە لێی.

---

نەچنە ماڵەکانیانەوە, وەکو چۆن ئەو کارە نەهی لێکراوە لە جگە لەم فەرموودەیەدا, ئەوەش بۆ ئەوەیە هەواڵ بگات بە ماڵان و خێزان کەوا مێردەکانیان گەڕاونەتەوە و ئەو ئافرەتەی پرچ شێواوە دایبهێنێت و خۆیان پاك بکەنەوەو ئامادەبن بۆ بەخێرهاتنەوەو پێشوازی لە مێردەکانیان لەسەر شێوازێکی جوان و پاك, ئەوەش لەبەر ئەوەی نەوەك چاوی مێرد بکەوێتە سەر ناشرینیەك لە خێزانەکەیدا و کاریگەری بکاتە سەر پەیوەندی و درز بخاتە نێو خۆشەویستی و یەکبوونیانەوە".

# چەنـد باس و ئەحکامێکی پەیوەست بە نـوێژی سوننەت

* * ئەم بابە ئەم باسانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

(٥-١) نوێژی سوننەت لەماڵەوە چاکترە.

(٥-٢) بەردەوام بوون لەسەر سوننەت چاکترە ئەگەر کەمیش بێت.

(٥-٣) نوێژی سوننەت بەدانیشتانەوە.

(٥-٤) نوێژی سوننەت لەسەفەردا.

(٥-٥) گەیاندنی نوێژی سوننەت بە فەرز.

(٥-٦) نوێژی سوننەت بەسەر پشتی وڵاخەوە.

(٥-٧) نوێژی سوننەت بە کۆمـەڵ.

(٥-٨) قەزاکردنەوەی سوننەتی راتبە لەگەڵ ئەو نوێژەی لەدەست چووە.

(٥-٩) چاکترین نوێژ ئەوەیە کە قورئانی زۆر تێدا بخوێنرێت.

* * * *

## ( ١-٥ ) نوێژی سوننه‌ت له‌ماڵه‌وه چاكتره

له زه‌یدی كوڕی سابته‌وه، كه پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ژوورێكی ته‌رخان كرد- ده‌ڵێت: ( ئه‌و كه‌سه‌ی له زه‌یده‌وه ده‌گێڕێته‌وه) پێم وابوو وتی: ئه‌و ژووره له حه‌سیربوو له ره‌مه‌زاندا، كه شه‌وان نوێژی تێدا ده‌كرد، جا خه‌ڵكانێك له هاوه‌ڵانی به نوێژه‌كه‌ی ئه‌م نوێژیان ده‌كرد له پشتیه‌وه، كاتێك كه پێیانی زانی، دانیشت، چوو بۆ لایان و پێی فه‌رموون: «قد عَرِفْتُ الَّذِي رَأَيْتُ مِنْ صَنِيعِكُمْ، فَصَلُّوا أَيُّهَا النَّاسُ فِي بُيُوتِكُمْ؛ فَإِنَّ أَفْضَلَ الصَّلَاةِ صَلَاةُ المَرْءِ فِي بَيْتِهِ؛ إِلَّا المَكْتُوبَة». أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ(١).

واته: " ئه‌وه‌ی ئه‌نجامتان دا من پێیم زانی، جا ئه‌ی خه‌ڵكینه له‌ماڵه‌كانتان نوێژ بكه‌ن، چونكه باشترین نوێژ نوێژی كه‌سێكه له‌ماڵه‌كه‌یدا، جگه له نوێژه فه‌رزه‌كان".

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب الأذان، باب صلاة الليل، حديث رقم (٧٣١) واللفظ له، وأخرجه مسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب استحباب صلاة النافلة فِي بيته وجوازها فِي المسجد، حديث رقم (٧٨١). وانظر: (جامع الأصول) (١١٨/٦).

* **ده‌ڵێـم: فه‌رمووده‌كه‌ به‌ڵگه‌یه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ نوێژی سوننه‌ت له‌ماڵه‌وه‌ باشتره‌، جگه‌ له‌ فه‌رزه‌كان نه‌بێت.**

**وه‌ ئه‌م چاكێتیه‌ش به‌ڕه‌هاییه‌، ئیتر ئه‌و نوێژه‌ سوننه‌ته‌ بێت كه‌ به‌ جه‌ماعه‌تیش ده‌كرێت له‌ مزگه‌وت یان نا، وه‌كو ڕووكه‌شی فه‌رمووده‌كه‌ وه‌هایه‌.** وَاللهُ أَعْلَمُ.

**ئه‌مه‌ش گێڕراوه‌ته‌وه‌ له‌ ابن عمر و سالم و نافعه‌وه‌ و ووته‌ی مالك وأبی یوسف و شافعیشه‌.**[١].

## ( ٢-٥ ) به‌رده‌وام بوون له‌سه‌ر ئه‌نجامدانی نوێژی سوننه‌ت چاكتره‌ ئه‌گه‌رچی كه‌میش بێت

**له‌ عائیشه‌وه‌ ده‌ڵێت: " پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ حه‌سیرێكی هه‌بوو، كه‌ به‌شه‌وان نوێژی له‌سه‌ر ده‌كرد، خه‌ڵكیش به‌ نوێژه‌كه‌ی ئه‌م نوێژی به‌كۆمه‌ڵیان ده‌كرد، كه‌ به‌ ڕۆژ ڕایده‌خست، جا شه‌وێك خه‌ڵكی هاتن، ئه‌ویش پێی فه‌رموون: " يَاأَيُّهَا النَّاسُ! عَلَيْكُمْ مِنَ الأَعْمَالِ مَا تُطِيقُونَ؛ فَإِنَّ**

---

(١) انظر: (الحوادث والبدع) للطرطوشي (ص١٣٦-١٣٧).

اللهَ لَا يَمَلُّ حَتَّى تَمَلُّوا، وَإِنَّ أَحَبَّ الأَعْمَالِ إِلَى اللهِ مَا دُووِمَ عَلَيْهِ، وَإِنْ قَلَّ». وَكَانَ آلُ مُحَمَّدٍ إِذَا عَمِلُوا عَمَلًا أَثْبَتُوهُ». مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ[1].

**واتە: ئەی خەڵکینە، کارێك بکەن کە لە تواناتاندا هەبێت، چونکە خوای گەورە بێزار نابێت و ئێوە بێزار دەبن، وە خۆشەویستترین کارێکیش بەلای خوای گەورەوە ئەو کارەیە کە بەردەوام بێت لەسەری ئەگەر چی کەمیش بێت. وە خانەوادەی محمد ئەگەر کارێك ئەنجام بدەن بە بەردەوامی دەیکەن و وازی لێ ناهێنن.**

*** دەڵێم: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەسەر موسڵمان پێویستە ئەوکار و خواپەرستیە ئەنجام بدات کە لەتوانایدا هەیە و دەتوانێت، ئەمەش واتە نەهی کردن لە زۆر لەخۆکردن لە خواپەرستیدا**[2]

---

([1]) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب الإيمان، باب أحب الدين إلَى الله أدومه، حديث رقم (٤٣)، وأخرجه مسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، حديث رقم (٧٨٢) واللفظ له. وانظر: (جامع الأصول) (١/٣٠٣).

([2]) (فتح الباري) (١/١٠٢).

**سوودێك: لە کتێبی** (فتح الباري) (١/١٠٣) **نەقڵ کراوە لە ابن الجوزيەوە کە دەڵێت:**

## (٣-٥) ئەنجامدانی نوێژی سوننەت بە دانیشتنەوە

لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە – کە ئەو کات نەخۆشی مەبسور (مایەسەیری)ی هەبوو کە جۆرە نەخۆشیەکە تووشی پاشەوەی مرۆڤ دەبێت- دەڵێت: پرسیم لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی کەسێك بە دانیشتنەوە نوێژ بکات؟ ئەویش فەرمووی: «إِنْ صَلَّى قَائِمًا؛ فَهُوَ أَفْضَلُ، وَمَنْ صَلَّى قَاعِدًا؛ فَلَهُ نِصْفُ أَجْرِ القَائِمِ، وَمَنْ صَلَّى نَائِمًا، فَلَهُ نِصْفُ أَجْرِ

---

( بەردەوامی لەکاردا خۆشویستراوە لەبەر دوو مانا:

**یەکەمیان:** ئەو کەسەی واز لە کارێك دەهێنێت دوای ئەوەی کە چۆتە ناویەوە وەکو ئەو کەسە وەهایە کە خۆی لادەدات دوای ئەوەی کە گەیشتۆتە جێ, کەوابوو زەمی لەسەرە, جابۆیە هەڕەشە هاتووە بۆ کەسێك کە ئایەتێك لەبەردەکات و پاشان بیری دەچێتەوە, کەچی پێش ئەوەی لەبەری بکات ئەوەی لەسەر نیە.

**دووەمیان:** ئەو کەسەی بەردەوامە لەسەر خێر پەیوەستە بە خزمەتەوە, جا ئەو کەسەی کە هەموو ڕۆژێك پەیوەستی دەرگایە وەکو ئەو کەسە نیە کە ڕۆژێکی تەواو پەیوەستی دەرگایە و دواتر واز دەهێنێت ).

**قلت:** قوله: (لهذا ورد الوعيد ... إلخ) متعقب بأنه لم يصح شيء من ذلك كما بينته في (تهذيب وترتيب الإتقان) للسيوطي (ص٢٣٦) في الهامش، لكن النكتة الَّتِي ذكرها مقبولة). والله أعلم.

**القَاعِدِ». **أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ[١].

**واتە: ئەگەر بە پێوە نوێژ بکات ئەوە چاکترە، وە ئەوەی بە دانیشتنەوە نوێژ دەکات ئەوە نیوەی پاداشتی ئەو کەسەی هەیە کە بە پێوە نوێژ دەکات، وە ئەوەشی بە ڕاکشانەوە نوێژ دەکات ئەوە نیوەی ئەو کەسە پاداشتی بۆ هەیە کەبە دانیشتنەوە نوێژ دەکات.**

**پێشەوا (التِّرْمِذِيُّ) لەپاش گێڕانەوەی ئەم فەرموودەیە دەڵێت: "واتای ئەم فەرموودەیە لای هەندێك لە ئەهلی عیلم ئەوەیە کە سەبارەت بە نوێژی سوننەتە".**

**پاشان بەسەنەدی خۆی لە حەسەنەوە دەیهێنێت کە وتویەتی: "ئەگەر کەسێك ویستی نوێژی سوننەت بە وەستانەوە (بەپێوە) بکات یان بەدانیشتنەوە یاخود بە ڕاکشانەوە ئەوا بۆی هەیە".**

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي كتاب تقصير الصلاة، باب صلاة القاعد، حديث رقم (١١١٥) واللفظ له، وأخرجه فِي مواضع أخرى. انظر: (جامع الأصول) (٥/٣١٢).

وقوله: (مبسورًا)؛ يعني: مريض بالبواسير.

زانایان ڕاجیاوازن سەبارەت بە نەخۆشێك کە نەتوانێت بە دانیشتنەوە نوێژ بکات : هەندێك لە زانایان دەڵێن: بەڕاکشانەوە بەلای ڕاستیدا نوێژ دەکات. هەندێکی تریان دەڵێن: بەڕاکشانەوە لەسەر پشت نوێژ دەکات و قاچەکانی ڕوو لە قیبلە دەکات.

**پێشەوا سوفیانی سەوری لەسەر ئەو فەرموودەیەی پێشوو دەڵێت: "** ئەوەی بە دانیشتنەوە نوێژ بکات، ئەوە نیوەی پاداشتی ئەو کەسەی بۆ هەیە کە بەپێوە نوێژ دەکات، دەڵێت: ئەمە بۆ کەسێك کە لەش ساغ وتەندروست بێت، و عوزر وبیانوی نەبێت – واتە بۆ سوننەت- ، بەڵام کەسێك کە عوزری هەبێت وەکو نەخۆشی یان جگە لەوە، ئەوا بە دانیشتنەوە نوێژ دەکات و پاداشتیشی وەکو ئەو کەسە وەهایە کە بەپێوە و وەستانەوە نوێژ دەکات.

وە چەند بڕگەیەکی ئەم فەرموودەیە گێڕراوەتەوە بە هەمان مانای ووتەکەی سوفیانی سەوری"[١]

---

(١) "سنن الترمذي" (٢/٢٠٩-٢١٠).

لە عائیشەوە رضي الله عنها کاتێك کە عبداللە ی کوڕی شەقیق پرسیاری لێ دەکات سەبارەت بە نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ لەشەودا؟ ئەویش دەڵێت: «كَانَ يُصَلِّي لَيْلًا طَوِيلًا قَائِمًا، وَلَيْلًا طَوِيلًا قَاعِدًا، كَانَ إِذَا قَرَأَ قَائِمًا؛ رَكَعَ قَائِمًا، وَإِذَا قَرَأَ قَاعِدًا؛ رَكَعَ قَاعِدًا». أَخْرَجَهُ الشَّيْخَانِ[1].

واتە: بەدرێژی شەو بەپێوە نوێژی دەکرد، وە جاری واش هەبوو بەدرێژی شەو بە دانیشتنەوە نوێژی دەکرد، وە ئەگەر بە پێوە قورئانی بخوێندایە ئەوا بە پێوە رکوعیشی دەبرد، بەڵام ئەگەر بە دانیشتنەوە قورئانی بخوێندایە ئەوا بە دانیشتنیشەوە رکوعی دەبرد.

---

(1) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب تقصير الصلاة، باب إذا صلى قاعدًا ثُمَّ صح أو وجد خفة تمم ما بقي، حديث رقم (١١٨)، ومسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب جواز النافلة قائمًا وقاعدًا وفعل بعض الركعة قائمًا وبعضها قاعدًا، حديث رقم (٧٣٠-٧٣٢). وانظر: (جامع الأصول) (٥/٣١٣).

## ( ٤-٥ ) نوێژی سوننەت لە سەفەردا

ڕێچکە و ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەفەرەکانیدا ئەوە بووە کە زیاتر تەنها فەرزەکانی کردووە و لێیەوە نەهاتووە کە سوننەتەکانی پێش و پاشی نوێژە فەرزەکانی کردبێت، جگە لە نوێژی ویـــتـــر و سوننەتی پێش نوێژی بەیانی، چونکە ئەو دووانە پێغەمبەری خوا ﷺ لە شوێنی خۆی و لەسەفەردا وای لێیان نەهێناوە[١].

وە لێیشیەوە هاتووە کە نوێژی چێشتەنگاو و سوننەتی ڕەهای لەسەفەردا کردووە.

**ئەمانەی خوارەوەش بەڵگەن لەسەر ئەوە:**

ابن عومەر رضي الله عنهما دەڵێت: " هاوەڵێتی پێغەمبەرم کرد ﷺ و نەمبینی لەسەفەردا سوننەتەکان بکات و خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ ﴾ [الأحزاب: ٢١]». واتە: نمونەی

---

(١) انظر: (زاد المعاد) (١/٤٧٣)، (سلسلة الأحاديث الضعيفة) (٣/٣٥٣)، الحديث رقم (١٢٠٩).

جوانتان بۆ هەیە ـ ئەی باوەڕداران ـ لە گوفتار و كردار و هەڵسوكەوتی پەیامبەر ﷺ كە چاوی لێ بكەن ، دەسا دەستبگرن بە سوننەتەكەیەوە.

لە ریوایەتێكی تردا دەڵێت: " لەسەفەردا هاوەڵێتی پێغەمبەری خوام كرد ﷺ نەمبینی نوێژی سوننەت بكات، وە من ئەگەر نوێژە سوننەتەكان بكەم ئەوا نوێژی فەرزیش كورت ناكەمەوەو بەتەواوەتی ئەنجامیان دەدەم، وە خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾ [الأحزاب: ٢١]». واتە: نمونەی جوانتان بۆ هەیە ـ ئەی باوەڕداران ـ لە گوفتار و كردار و هەڵسوكەوتی پەیامبەر ﷺ كە چاوی لێ بكەن ، دەسا دەستبگرن بە سوننەتەكەیەوە. مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ[١].

پێشەوا (ابْنُ القَيِّمِ) دەڵێت: " ئەمەش لە چاكی تێگەیشتن و فیقهی ابن عومەرەوەیە رضي الله عنه ، چونكە خوای گەورە سووكی كردووە لەسەر ڕێبوار و

---

(١) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي كتاب تقصير الصلاة، باب من لَمْ يتطوع فِي السفر دبر الصلاة وقبلها، حديث رقم (١١٠١، ١١٠٢) واللفظ له، ومسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب صلاة المسافرين وقصرها، حديث رقم (٦٨٩) والرواية له. وانظر: (جامع الأصول) (٥/٧٢٧).

گەشتیار کە چوار رکعات بکەن و بۆیە نیوەی لابردووە، جا ئەگەر دوو رکعاتی سوننەتی پێش و پاش مەشروع بوونایە ئەوا هەر بەتەواوەتی ئەنجامدانی نیوەکەی تری لەپێشتر بوو کە بکرایە"(١).

وە پێشتر باسی فەرموودەکەی ئوم هانیء کرا کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەتحی مەککەدا نوێژی چێشتەنگاوی لای ئەو کردووە.

ابن عومەر دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر ولاخەکەی نوێژی سوننەتی دەکرد، جا ڕووی لەهەرکوێ بکردایە و ویتریشی لەسەر دەکرد، جگە لەوەی کە نوێژی فەرزی لەسەر نەدەکرد"مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ(٢).

* **دەڵێم:** ئەم فەرموودەیەی ابن عومەر فەرموودەکەی پێشوو ڕوون دەکاتەوە کە ووتی: " پێغەمبەری خوام ﷺ نەبینی لە سەفەردا نوێژی سوننەت بکات" بۆیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە مەبەست لەوە سوننەتی

---

(١) (زاد المعاد) (١/٣١٦).

(٢) **حديث صحيح**: أخرجه البخاري فِي مواضع منها فِي كتاب تقصير الصلاة، باب ينزل للمكتوبة، حديث رقم (١٠٩٨)، ومسلم فِي كتاب صلاة المسافرين وقصرها، باب جواز صلاة النافلة على الدابة فِي السفر حيث توجهت، حديث رقم (٧٠٠).

ڕەواتبە کە لەسەفەردا نەیبینوە ئەنجامی بدات.

لە عامری کوڕی رەبیعەوە دەڵێت: " پێغەمبەری خوام ﷺ بینی بەسەر وڵاخەکەیەوە نوێژی سوننەتی کرد، کە بەسەری ئاماژەی دەکرد و ڕووی لەهەرکوێ بکردایە، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەی لە نوێژی فەرزدا نەدەکرد".مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ(١).

## ( ٥-٥ ) گەیاندنی نوێژی سوننەت بە نوێژی فەرز

